کوردگاڵ نامەک

"کوردبێژ نامە"

گەنجینە و شاکارێکی بە نرخی مێژووی دێرینەی کورد و بەلوچ

بەرگی یەکەم

پێشکێشە بە:

"ئایرین" کە چاوەڕوانی چاوەڵێنانە

ئاخوەند محەمەد سالّح زەنگەنە بەلوچ

کوردگال نامەک

"کوردبێژ نامە"

گەنجینە و شاکارێکی بە نرخی مێژووی دێرینەی کورد و بەلوچ

بەرگی یەکەم

وەرگێڕانی:

هیوا محەمەد زەندی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئاخوەند محەمەد سالّح زەنگەنە بەلوچ
کوردگال نامەک "کوردبێژ نامە" – بەرگی یەکەم
وەرگێڕانی: هیوا محەمەد زەندی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٢١
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٩٩ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

پێڕست

پێشەکیی وەرگێڕ: کوردگال نامەک: گەنجینەیەکی مێژووی کورد و بەلوچ 13
وتاری مامۆستا جەمال نەبەز: کوردگال نامەک 19
پێشەکیی کورتکراوەی ئاغا نەسیر خان ئەحمەد زەیی بەلوچ بۆ کوردگال نامەک 21
پێشەکیی نادر قەمبەرانی بۆ کوردگال نامەک: دۆزینەوەیەکی مێژوویی نوێ 27

بەشی یەکەم
[سەرەتا] 30
باسی قوتابخانەی ئیسلامی 33
باسی کوردە زەنگەنەکان 36
باسی کوردە براخوێییەکان 38
دەوڵەتی ماد 41
شەڕی نێوان ماد و توران 41
سەرۆکە هاوچەرخەکانی کوردی براخوێی و پاشاکانی ماد 42
ڕووخانی فەرمانڕەواییی بنەماڵەی کوردە مادەکان 44
بنەماڵەی هەخامەنشییەکان 44
هەڵسوکەوتی هەخامەنشییەکان لەگەڵ کوردە مادەکان 45
سەرۆکە هاوچەرخەکانی تیرەکانی کوردی براخوێی و پاشاکانی هەخامەنشی 46
ڕووخانی فەرمانڕەواییی هەخامەنشییەکان 48
هاتنی ئەسکەندەری مەقدۆنی 49
پارچەبوونی سەڵتەنەتی ئەسکەندەر 49

بەشی دووەم
میرنشینی کوردە براخوێییەکان لە توران – خولی یەکەم 51
١– میر میران میر «کیکان» 52
٢– میر میران میر «زوراک» 53
٣– میر میران میر «وشتاب» 55

٤- میر میران میر زگرین 56
٥- میر میران میر «زیبار» 58
٦- میر میران میر «براخم» 59
٧- میر میران میر «گۆران» 62
باسی تیرە «پارسی»یەکان 64
باسی تیرەی هەخامەنشی 65

بەشی سێیەم
میرنشینی کوردە براخۆییەکان لە توران - خولی دووەم 66
٨- میر میران میر «زرشان» 66
٩- میر میران میر «زوراک»ی دووەم 68
١٠- میر میران میر «ئەرجان» 70
١١- میر میران میر «شاموز» 72
١٢- میر میران میر «براخمی دووەم» 74
١٣- میر میران میر «سابول» 76
١٤- میر میران میر «نورگان» 77
١٥- میر میران میر «کیانوش» 79
١٦- میر میران میر «کیکانی دووەم» 80

بەشی چوارەم
[کوردە بەلوچەکان لە سەردەمی یۆنانییەکان و هیندییەکاندا] 81
هێرشی یۆنانییەکان بۆ سەر خاکی ماد و فارس 81
دەستپێکردنی شەڕ 81
هاتنی ئەسکەندەر بۆ هیند 82
گەڕانەوەی ئەسکەندەری مەقدۆنی 82
شەڕی کوردەکانی توران و مەکران لەگەڵ سوپای ئەسکەندەر 83
نەخشەدانانی شەڕ 83
شەڕی کوردە بەلوچەکان لە تەنگەی میلا 84
هاتنی ئەسکەندەر بۆ ناو خاکی توران و داگیرکردنی ئەرمابیل 84
شەڕ لە تەنگەی «حوللین» 85
شەڕی «گلگالا» لە ناوچەی «راس کیچان» 85

کاربەدەستانی ئەسکەندەری مەقدۆنی لە توران و مەکران 86
دەستبەکاربوونی «کساندوس» وەکو فەرمانڕەوای توران و مەکران 86
بارودۆخی نەگونجاوی کوردە بەلوچەکانی توران و مەکران 86
هێرشی سیلوکوس بۆ سەر ولاتی هیند 87
کوردە بەلوچەکان لەژێر دەسەلاتی ولاتی هیند 87
هاتنی تیرە هیندییەکان بۆ ناوچەی توران و مەکران 88
هۆی یارمەتیی کوردەکانی زابلستان 88
شەڕی سەختی «سوهرئابادان» 89
لکاندنی ناوچەی کیکانان بە میرنشینیی زابلستان 89

بەشی پێنجەم
شارستانیی کوردە بەلوچەکان 91
ئاینی کوردە بەلوچەکان 91
چۆنیەتیی دروستکردنی بینای ئارین (پەرستگا) 92
داوونەریتی کوردە بەلوچەکان 92
کشتوکاڵی کوردە بەلوچەکان 94
زمانی کوردە بەلوچەکان 95
ڕێژیمی لەشکریی کوردە بەلوچەکان 96
نوێنەرایەتیی سوپای کوردە بەلوچەکان 97
ڕێژیمی مەدەنیی کوردە بەلوچەکان 98
لادێ و گوند و شارە کوردەکان 98

بەشی شەشەم
[ڕیشەی کوردە بەلوچەکان] 100
ڕیشەی کوردە براخوێییە بەلوچەکان 100
پاشایەتیی بنەماڵەی پیشدادییەکان 105
ڕیشەی کوردە بەلوچەکانی ئەدرەگانی، ماملی و کرمانی 108
پێوەندیی نێوان کوردەکانی توران و مەکران 114

بەشی حەوتەم
[کوردە بەلوچەکان لە سەردەمی پاشاکانی سیلوکیی یۆنانیدا] 115
پیشدادییەکان 115

تیرەکانی سندان 116
سەرکەوتنی جدگالەکان بەسەر توران و مەکران 117
فەرمانڕەواییی پاشاکانی سیلوکیی یۆنانی لە ماد و پارس 118
میری ولایەتی زابلستان میر برسان زەنگەنە 119
شۆڕشەکانی حاکمەکانی بەنەژاد یۆنانی لە ماد و پارس 120
ڕێژیمی نوێی تیرەکانی کوردە بەلوچەکانی توران و مەکران 121

بەشی هەشتەم
[کوردە بەلوچەکان لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا] 123
ئەشکانییەکان 123
پێوەندیی نێوان کوردە بەلوچەکان و پاشاکانی ئەشکانی 124
هێرشی ئەنتیوکوسی سێیەم بۆ سەر سەڵتەنەتی ئەشکانی 125
کوردە بەلوچەکان و یارمەتیدانی پاشای ئەشکانی 125
کۆچی دواییی ئەردەوانی یەکەم 126
پاشابوونی پرپاتیوسی ئەشکانی 126
پاشابوونی فەرهادی یەکەمی ئەشکانی 126
پاشابوونی مەردادی یەکەمی ئەشکانی 126
هاتنی کوردە بەلوچەکان بۆ ناو خاکی توران و مەکران 127
شەڕ لە سوهرئاباداں 127
شەڕ لە کوهیار 128
ڕیشەی تیرەکانی کوردە بەلوچەکان لە دوورەوڵاتی 128
فەرمانڕەواییی کوردە بەلوچەکان لە توران و مەکران – خولی سێیەم 129
میر میران میر بەهرام براخۆیی 129
میر میران میر شەهداد براخۆیی 133
میر میران میر فیروز براخۆیی 134
میر میران میر مهرداد براخۆیی 135
میر میران میر بەهمەن براخۆیی 140
میر میران میر بسسام براخۆیی 141
میر میران میر خەفی براخۆیی 143
میر میران میر شاوش براخۆیی 147
میر میران میر مرادان براخۆیی 151

میر میران میر شاهبورز براخۆیی 152
میر میران میر سەرگیژ براخۆیی 154
میر میران میر شاهمیر براخۆیی 155
میر میران میر بیغ براخۆیی 159
میر میران میر شاهزور براخۆیی 160

بەشی نۆیەم
[کوردە بەلوچەکان لە سەردەمی ساسانییەکاندا] 162
ساسانییەکان 162
پاشابوونی ئەردەشێر 162
میر میران میر بوراک براخۆیی 163
هێرشی ئەردەشێر بۆ سەر خاکی هیند 164
پاشابوونی شاهپوری یەکەم 164
مانی و دینەکەی 164
میر میران میر مهران براخۆیی 165
پاشابوونی هورموزی یەکەم 165
هاتنی ئامۆژیارانی مانی بۆ سکستان و توران و مەکران 165
میر میران میر شادان براخۆیی 167
پاشابوونی بەهرامی یەکەم 167
کوژرانی مانی 167
پاشابوونی بەهرامی دووەم 168
گوێرایەڵکردنی هۆزە ساکایەکان و کوردە بەلوچەکان 168
هاتنی زاوک بۆ دادگەری توران و مەکران 169
پاشابوونی بەهرامی سێیەم 169
پاشابوونی نارسەس 169
شەڕ لەگەڵ ڕۆمەکان 170
پاشابوونی هورموزی دووەم 170
هاتنی ئەرشم بۆ دادگەری توران و مەکران 170
ڕیشەی بنەچەی ساکایەکانی سکستان 171
پاشابوونی شاهپوری دووەم 171
هاتنی مەنوچهر بۆ دادگەری توران و مەکران 172

پاشـابوونی ئەردەشـێری دووەم 172
هاتی ئەربەد بۆ دادگەری توران و مەکران 173
پاشابوونی شاهپوری [سێیەم] 173
پاشـابوونی بەهـرامی چوارەم 173
پاشـابوونی یەزد گـوردی یەکـەم 173
هاتنی میر کیسون بۆ دادگەری توران و مەکران 174
پاشـابوونی بەهـرامی پێنجـەم 174
شـەڕ لەگەڵ سـەڵتەنەتی ڕۆم 174
هاتنی میـر خـیزون بـۆ دادگەری توران و مـەکران 175
هاتنه خـوارێی هۆزەکانی هیتـال 175
شـەڕی هیتـال لەگەڵ بەهرامی پێنجـەم 175
پاشـابوونی یەزد گـوردی دووەم 176
هاتنی میر کراهون بۆ دادگەری توران و مەکران 176
پاشـابوونی فیـروز 176
هاتنی کرکویی بۆ دادگەری توران و مەکران 177
پاشـابـوونی بلاش 177
هاتنی میـر کیـارش بـۆ دادگەری توران و مـەکران 178
پاشـابوونی کبـادی یـەکـەم 178
سـەرکوتکردنی هۆزەکانی خـەزەر 178
هاتنی ئیمام مەزدەک 178
گفتوگۆی مەزدەک لەگەڵ پێشـەوایە زەردەشتییەکان 179
پاشـابوونی تەهمـاسپ 179
پاشـابوونی کبـاد – جاری دووەم 179
هاتنی میر گسـتم بۆ دادگەری توران و مەکران 180
پاشابوونی ئەنوشێروان 180
ڕەشەکوژیـی مەزدەکییـەکان و مەزدەک 181
هاتنی میر یەزەن بۆ دادگەری توران و مەکران 181
لەدایکبوونی پڕ لە شادمانی حەزرەتی محـەمەد مستەفا... 181
پاشابوونـی هورموزی چوارەم 182
هاتنی میر ئەرشب بۆ دادگەری توران و مەکران 183
داگیرکردنەوەی ولایەتەکانی توران و مەکران لە والیی سندان 183

پاشابوونی خەسرۆ پەرویز 183
شەڕی خەسرۆ پەرویز لەگەڵ ڕۆمەکان 183
نامەی حەزرەتی محەمەد مستەفا بۆ خەسرۆ پەرویز 184
پاشابوونی کبادی دووەم 184
موسڵمانبوونی خەڵکی یەمەن 184
سەرزەویی سندان 185
ڕاسڵ دیوانچ 185
دانەدانی لاسایکەرانی مەزدەک 186
ڕاسل سهارس 186
داگیرکردنی ولایەتەکانی توران و مەکران 186
دامەزراندنی میر لە توران و مەکران 186
سیوا سەمەرا میری توران و مەکران 187
بەشدارکردنی کورده بەلوچەکان لە هێزی سەربازی 187
ڕاسل سهاسی 189
سیوا جونین میری توران و مەکران 189
ڕاسل سهارسی دووەم 189
پاشابوونی پوران دوخت 190
کۆچی حەزرەتی محەمەد مستەفا پەیامبەری ئیسلام و مالئاواییان 190
پاشابوونی ئارزمی دوخت 191
ڕاسل سهاسیی دووەم 191
سیوا ئەسیار میری توران و مەکران 191

بەشی دەیەم
[کورده بەلوچەکان لە سەردەمی ئیسلامدا] 192
خیلافەتی میری موسڵمانان ئەبوبەکر (خ) 192
خیلافەتی میری موسڵمانان عومەری کوڕی خەتاب (خ) 192
پاشابوونی یەزد گوردی سێیەم 194
ڕاسل چەچ کوڕی سیلایج 195
شەڕ لەگەڵ ڕانون مهرتون 195
سیوا مایین میر توران و مەکران 195
هێرشی لەشکری ئیسلام بۆ سەر سەجستان و مەکران 196

گوێرایەڵبوونی کورده بەلوچەکان بۆ میری موسڵمانان حەزرەتی عومەری کوڕی... 196
خیلافەتی میری موسڵمانان عوسمان کوڕی عەفان 197
شۆڕشی خەڵکی کابلستان و زابلستان 198
هاتنی عەبدورەحمان کوڕی سەمەرە بۆ مەکران 198
هاتنی عوبێدوڵڵا کوڕی موعەمەر بۆ مەکران 199
خیلافەتی میری موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب 199
سیوا زوراک میری توران 199
هاتنی ساغر کوڕی زەعەر بۆ مەکران 200
بەنی ئومەییە 200
دانیشتنی مەعاویە لەسەر تەختی خەلیفایەتی 201
هاتنی عەبدوڵڵا سوار ئەلعەبدی بۆ مەکران 201
هێرش بۆ سەر توران 202
هاتنی سەنان کوڕی سەلەم بۆ مەکران 203
هاتنی ڕاشد کوڕی عەمر بۆ مەکران 203
هاتنی جارێکی تری سەنان کوڕی سەلەمە بۆ مەکران 204
راسل چەندەر برای چەچ 204
هاتنی مەنزەر کوڕی جارود کوڕی بشر بۆ مەکران 205
هاتنی حەکەم کوڕی مەنزەر بۆ مەکران 205
هاتنە سەر تەختی خەلیفایەتیی عەبدولولک کوڕی مەروان 206
هاتنی سەعید کوڕی ئەسلەم کلابی بۆ مەکران 206
بەڕەنگاربوونەوەی [سەعید] لەگەڵ عەلافییەکان 206
هاتنی مەجاعە کوڕی سعەر کوڕی یەزید کوڕی حەزیفە بۆ مەکران 207
خەلیفەبوونی وەلید کوڕی عەبدولەلیک کوڕی مەروان 207
هاتنی محەمەد کوڕی هارون بۆ مەکران 207
وێنەکان میرانی میرنشینی کورده بەلوچەکان لە بەلوچستان 209
وێنەی کولتووری 238

پێشەکیی وەرگێڕ

"کوردگال نامەک"
گەنجینەیەکی مێژووی کورد و بەلوچ

بۆ بەرەوپێش چوون و دروستکردنی داهاتووی نەتەوەیەک، مێژوو پێوەندییەکی سەلێندراوی هەیە کە بە بیرهێنانەوەی ڕووداو و هەڵبەز و دابەز و سەرکەوتن و ڕووخانی ڕابردوو، هەست و جۆشی نەتەوەکە دەبزوێنێ و بۆ هەوڵدانی ژین توانایە داپۆشراوەکان بە بریقە و تایبەتمەندییەکان خەست دەکاتەوە.[1]

مێژووی بەرجەستەی کورد لە کوردستانی هەنووکە و کوردستانی دێرینە (میدیا) دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هەزار ساڵ بەر لە ئێستا. لە زۆربەی سەردەمەکانی ماوەی پێنج هەزار ساڵی ڕابردوو، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی دێرینە بە گشتی و کوردستانی هەنووکە بە تایبەتی، شارستانیی نەتەوەی کورد لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و فەرهەنگی و ئاینییەوە، سەرەکیترین یان یەکێ لە سەرەکیترین بنیاتنەری مێژووی ئەم قەڵەمڕەوایەتییە بووە. نموونە بەرجەستەکانی ئەم شارستانییە دێرینەیە وەکو گۆتییەکان، لۆلۆییەکان، عیلامییەکان، هوریپەکان، مادەکان، ئەشکانییەکان، ساسانییەکان، شەدادییەکان، ئەیوبییەکان، زەندەکان، براخۆییەکان و میرنشینییەکانی سەدەکانی دوایی ئاشێرەی ئەم ڕاستییە بەڵگەنەویستەن.

شارستانییەکی دێرینە و کاریگەری لەم چەشنە بێگومان دەبێ ئاسەوار و میراتی سیاسی، جوگرافیایی، کولتووری، کۆمەڵایەتی، زانستی، وێژەیی و

۱. میر گول خان نەسیر، مێژووی بەلوچستان، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی قەڵات پەبلیشەرز، کوێتە، ۱۹۹۳، پێشەکیی غەوس بەخش بزنجۆ، لاپەڕە ۱.

فەرهەنگی بەجێ هێشتبێ کە نەوەکانی دوایی بتوانن لێیان سوودمەند بن و شانازیی پێوە بکەن.

مێژوو لێرەدا، بە تایبەتی مێژووی نووسراوە، یەکێ لە ئامرازە سەرەکییەکانی تۆماری ئاسەوارەکانی شارستانییە. ئاسەوارەکانی شارستانیی کوردیش بێگومان دەبێ لەم ڕوانگەیەوە شوێن پەنجەی دیاربێ.

لە بواری تۆماری نووسراوی مێژوویی و شارستانیی نەتەوەی کورد، دەتوانین کۆمەڵێک ئاسەواری بەرجەستە ناو بەرین. "ئاوێستا" و "دین کورد" دوو پەڕتووکی گرانبەهای ئایینی بە کوردی نووسراون. "تەنگ گلو" ناسراو بە "شنگول" لە ساڵی ٧٠٠ پێش زاین پەڕتووکێکی لەمەڕ دین و ئەستێرەناسی بە کوردی نووسی. "ئاریاتە" پزیشکێکی بەناوبانگی کورد لە ساڵی ٦٦٨ی پێش زاین پەڕتووکێکی لەمەڕ زانستی پزیشکی بە ڕێنووسی کوردی نووسی. ئەو پەڕتووکانەی تەنیا بەر لە زاینی مەسیح و ئیسلامدا نووسراون دەتوانین ناوی ئاوێستا، دین کورد، بەندهسەن، داتستان دینیک، ئارتای ویرافنامە، کارنامەی ئەردەشێری بابکان، پاتکار (یادگاری زریران)، داتستان ریدک، خەسرۆ گواتان و خوتای نامە ناو بەرین[٢]. جێی سەرسوڕمانە جگە لە تاکوتوکێک، ئەمانە و ئاسەوارە نووسراوەکانی تر بە گشتی لەناوچوونە یان لە بەردەستدا نین.

هەر بۆیە، لەم بەستێنەدا، دۆزینەوەی پەڕتووکی "کوردگال نامەک" کە لە ساڵی ١٦٥٩ زاینی لەلایەن کوردێکی زەنگەنەی بەلوچ نووسراوە گەنجینە و شاکارێکی مێژوویی بە نرخە و کەلێنێکی گەورە لە مێژووی کورد و بەلوچدا پڕ دەکاتەوە.

گرینگیی کوردگال نامەک

کوردگال نامەک جگە لە تیشک خستنە سەر پەیدابوونی نەتەوەی کورد لە کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی میدیا، بە درێژی باسی بەلوچەکان دەکات کە بە ڕەسەن کوردن و بنەچەیان دەچێتەوە سەر کوردە مادەکان و پاشان چۆن چۆنی لە کوردە مادەکان دابڕان.

کوردگال نامەک باس دەکات کە کاتێک کەیقوباد پاشای مەزنی کوردە مادەکان

٢. فەرهەنگی بابان، شوکرولّلای بابان، ١٣٦١ کۆچی، لاپەڕە ٧–٨.

بناخەی دەوڵەتی کوردیی مادی لە ساڵی ٨٥٣ پێش زاین دامەزراند و پاشان لەگەڵ ئەفراسیابی پاشای توران کەوتە شەڕ، کوردە بەلوچەکان لە پشتگیریی کەیقوباد دژی ئەفراسیاب جەنگان. پاش شکستدانی ئەفراسیاب و داگیرکردنی ناوچەکانی سەڵتەنەتی توران، کەیقوباد کوردە بەلوچەکانی لە ناوچە داگیرکراوەکان واتە بەلوچستانی ئەم سەردەمە کە دەکەوتە ڕۆهەڵاتی سەڵتەنەتی ماد نیشتەجێ کرد.

کوردە بەلوچەکان کە سەرەتا بە کوردی ماد و لەگەڵ ڕەوتی سەردەم بە بەلوچ و براهوی (براخۆیی) ناسران نەگەڕانەوە زێدی باپیرانیان لە کوردستانی دێرین (میدیا) و لە ناوچەکانی بەلوچستانی ئەم سەردەمەدا نیشتەجێ بوون.

کوردگال نامەک بە درێژی تیشک دەخاتە سەر ڕیشەی کوردە بەلوچەکان و لە نشینگە نوێیەکەیان باسی مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، زمان، ئاین، داوونەریت، ڕێکخستنی سەربازی، شێوازی هۆزایەتی و پیشەیان دەکات. باسی پێوەندی و هەڵوێستی کوردە بەلوچەکان لەگەڵ فەرمانڕەواکانی سەردەمە جیاجیاکانی مادەکان، هەخامەنشییەکان، یۆنانییەکان، ئەشکانییەکان، ساسانییەکان، هیندییەکان و ئیسلامییەکان دەکات.

ئەگەرچی هاونەژادی کورد و بەلوچ لە سەرچاوەکانی کۆنی گەڕۆکە ئیسلامییەکان لە سەدەی دەیەم و یازدەمی زاینی ئاماژەی پێ کراوە و لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا کۆمەڵێ توێژەری بیانی و خۆماڵیی بەلوچ لە پەڕاو و توێژینەوەکانیاندا ئاشێرەیان بە هاونەژادی کورد و بەلوچ کردووە، کوردگال نامەک یەکەم سەرچاوەی باوەڕ پێکراوی مێژوواییە کە بە تێروتەسەلی لەسەر ئەم بابەتە مێژوواییە دواوە و چۆنیەتیی دابڕانی کوردە بەلوچەکان لە کوردە مادەکان ڕوون دەکاتەوە.

لە بواری کوردناسیدا ئەم هەواڵ و باسە مێژووییانە نادیار بوون و لە نووسراوە مێژوواییە کوردییەکان ئاماژەیان پێ نەکرابوو. بۆیە ئێمە چۆن سوپاسمەندی شەرەفخانی بەتلیسین لە نووسینەوەی شەرەفنامە و پاراستنی مێژووی نەتەوەی کورد؛ بە هەمان چەشن دەبێ سوپاسمەندی ئاخوەند محەمەد ساڵح بین لە نووسینەوەی کوردگال نامەک و پاراستنی مێژووی کورد و بەلوچ.

دۆزینەوەی کوردگال نامەک

پەڕتووکی کوردگال نامەک پاش ئەوەی دێتە بەرهەم، لەناو بەلوچەکاندا پشت بە پشت پارێزراوە. مێژوونووسی بەلوچ مامۆستا میر نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ لە ساڵی ١٩٤٣ کاتێک لەسەر پلەی میریی جێگری باجگر لە حکوومەتی قەڵاتی بەلوچستان لە شارۆکەی سۆراب کاری دەکرد لەلای قازی عەبدولحەمید ناسراو بە قازی غەوس بەخش بۆ یەکەم جار چاوی بە دەستنووسی کوردگال نامەک دەکەوێت. بە هۆی گرینگیی دەستنووسەکە میر نەسیرخان داوا لە قازی دەکات کە دەستنووسەکەی پێ بدات بەڵام بێ سوود بووە و لەو زەمانەش ئامێری فۆتۆکۆپی نەبووە، بۆیە ناچار دەستنووسێکی تری لەسەر نووسیوەتەوە.

میر نەسیرخان پاشان لێکۆڵینەوە لەسەر کوردگال نامەک ئەنجام دەدات و بەرەنجامی لێکۆڵینەوەکەی لە دوو توێی پەڕتووکێکی بە نرخی مێژووییی هەشت بەرگی بە ناوی "مێژووی بەلوچ و بەلوچستان" چڕ دەکاتەوە. یەکەم بەرگی ئەم پەڕتووکە لە ساڵی ١٩٨٨ لە کوێتە پایەتەختی بەلوچستانی پاکستان بڵاو دەکاتەوە. منیش ئەوە بوو بەرگی یەکەمی ئەم پەڕتووکەم وەرگێڕایە کوردی و لەگەڵ کورتە لێکۆڵینەوەیەکی خۆمدا لەسەر هاونەژادی کورد و بەلوچ لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ڕێگەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر بڵاو کردەوە.

میر نەسیرخان پاشان تێکستە فارسییەکەی کوردگال نامەکی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩١ بە یارمەتیی "بەلوچی ئەکادمی" لە کوێتە بڵاو کردەوە. پاش بڵاوبوونەوەی کوردگال نامەک، پرۆفیسۆر عەبدوڵڵا جان جەمالەدینی و پرۆفیسۆر نادر کەمبەرانی کوردگال نامەکیان وەرگێڕایە سەر ئوردو و لە ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن بەلوچی ئەکادمی بڵاو کرایەوە.

نووسەری کوردگال نامەک ئاخوەند محەمەد سالّح زەنگەنە

ئاخوەند محەمەد سالّح زەنگەنە پەڕتووکی کوردگال نامەکی لە ساڵی ١٠٧٠ کۆچی بەرامبەر بە ١٦٥٩–١٦٦٠ی زاینیدا نووسی. هەروەکو ئاخوەند لە سەرەتای پەڕتووکەکەی لە باسی قوتابخانەی ئیسلامیدا ئاماژەی پێ دەکات، پەڕتووکی کوردگال نامەکی بە یارمەتیی چەندین سەرچاوەی مێژووییی نووسیوە کە لە

کتێبخانەی قوتابخانە ئیسلامییەکەی بنەماڵەکەیان لە "زەرەنج"ی پایەتەختی "زابلستان" (سیستان) پارێزرابوون و لە تاڵان و بڕۆی تەیموور لەنگ ڕزگار کرابوون. تەیموور لەنگ لە ساڵی ١٣٨٣ زاینی هێرشی هێنابووە سەر زەرەنج و داگیری کردبوو.

ئاخوەند لە ساڵی ١٦٥٩ز لە دەرباری میرنشینی براخوێییەکان لە "قەڵات"ی پایەتەختی بەلوچستان لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەلتازی دووەم وەکو کاربەدەستی میری دەستبەکار دەبێ. پاشان بە پلەی وەزیری گەورە بەرز دەکرێتەوە و لەسەر ئەم پلەیە بۆ پێنج فەرمانڕەوای بەلوچ کار دەکات.

ئاخوەند مرۆڤێکی بە هەڵوێست و کردار و دڵسۆز بووە و فەرمانڕەواکانی بەلوچ ڕێزی گەورەیان لێ ناوە. دەگێڕنەوە لە سەردەمی فەرمانڕەوای قەڵات "سەمەندەر برۆهی" دوو برا لە دەسەڵاتداریەتی کەڵهوڕەکانی سند لەلای سەمەندەر برۆهی دەستبەسەر دەبن و سەمەندەر برۆهی فەرمانی کوشتنیان دەدا. لەو کاتەدا ئاخوەند وەزیری سەمەندەر برۆهی دەستار (مێزەر، جەمەدانی)ی سەری خۆی دەهێنێتە خوارێ و دەیکاتە سەر دوو برا دەستبەسەرکراوەکە بۆ ئەوەی سەمەندەر برۆهی لە گیانیان ببووڕێ. لە هەمان کات ئاخوەند بە سەمەندەر برۆهی دەڵێ کوشتنی گرتوو بۆ پاشا جوان نییە و ئەگەر تۆ ئەم سزایەیان بدەی ئەوا لەکەیەکی ناحەز دەچێتە سەر ڕووی حکوومەتی بەلوچەکان. سەمەندەر برۆهیش کە ڕێزێکی زۆری بۆ ئاخوەند هەبوو بە قسەی دەکا و فەرمانی کوشتنەکەیان دەکێشێتەوە.[٣]

ئاخوەند مرۆڤێکی نەترس و بە ئەمەکیش بووە و لەلای فەرمانڕەوا بەلوچەکان جێی باوەڕێکی زۆر بووە. دەگێڕنەوە لە شەڕی عەبدوڵڵا خانی میری قەڵاتی بەلوچستان لە بەرامبەر کەلهوڕەکان لە شەڕی خانپوردا خۆی بە دەستەمۆیی دەبینێتەوە بە هۆی کەمبوونی لەشکرەکەی لە ئاست بە لەشکری دوژمن و دوودڵ دەبێ لە سەرکەوتن. بۆیە ئەو کات کە ئاخوەند محەمەد ساڵحی لەگەڵ دەبێ فەرمانی پێ دەدات کە دەبێ کوڕە بچووکەکانی ئەو لەگەڵ خۆی ببات و بڕوات بۆ ئەوەی کوڕەکان بپارێزرێن و ببن بە حاکم و فەرمانڕەواییی بەلوچەکان بەردەوام

٣. تاریخ سندە، بەرگی شەشەم، سەردەمی کەلهوڕە، بەشی دووەم، غلام رسول "مهر"، بڵاوکراوەی ئەدەبی سندهی، کەراچی، چاپی یەکەم، ١٩٥٨، لاپەڕە ٣٦٠– ٣٦٣.

بێت و ولاتەکەیان لە دەست دەرنەچێت. بەڵام ئاخوەند وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێ من لە هاوکاریکردنی گەورەی خۆم (عەبدوڵڵا خان)دا گیان فیداکردنم لا جوانە و ناڕۆم. بەڵام لەو کاتەدا، عەبدوڵڵا خان و سەردارەکانی تر پێی دەڵێن ئەگەر بێتو محەبەت خانی کوڕی عەبدوڵڵا خان نەبات و نەیکات بە حاکم ئەوا دەسەڵات لە دەست ئەحمەد زەییە بەلوچەکاندا نامێنێ. ئاخوەند ناچار دەبێ کوڕەکەی ببات و لەسەر تەختی قەڵات دای بنێ. عەبدوڵڵا خان خۆی لە شەڕەکەدا شەهید دەبێ.[٤]

لە کۆتایی، هیواخوازم وەرگێڕانی کوردگال نامەک ببێتە هۆی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زیاتر لەسەر پێوەندیی هاونەژادیی کورد و بەلوچ و وشیاریی نەتەوەیی و مێژوویی زیاتر لە نێوان کورد و بەلوچ.

لێرەدا پێویستە سوپاسی شاعیرە و مامۆستای ئەفغانیی بەڕێز نەسیبە ئەکرەم بکەم کە یارمەتیدەرم بوو لە ڕوونکردنەوەی چەندین وشەی ناو دەقە فارسییەکەی کوردگال نامەک، هەروەها سوپاس و پێزانینی بەڕێز کاک بەدران ئەحمەد حەبیبیش بکەم. کە بەگەرمی بەدەنگ داواکەم بۆ بڵاوکردنەوەی کوردگال نامەک هات. ئێستا سەرقاڵی خوێندنی ماستەر لە یاسام لە زانکۆی کوینزلاند.

هیوا محەمەد زەندی

بریزبن، ئوسترالیا – ٢٠١١/٧/١

hiwa_zandi@hotmail.com

٤. تاریخ سندە، بەرگی شەشەم، سەردەمی کەلهورە، بەشی دووەم، غلام رسول "مهر"، بۆردی ئەدەبی سندهی، کەراچی، چاپی یەکەم، ١٩٥٨، لاپەڕە ٣٩٥– ٣٩٦.

کورتکراوەی وتاری مامۆستا جەمال نەبەز لەمەڕ کوردگال نامەک

کوردگال نامەک
دۆزینەوەی دەستنووسی سەرچاوەیەکی زۆر گرینگ
بۆ مێژووی کورد و بەلوچستان

چوارسەد ساڵ لەمەوبەر شەرەفخانی بەتلیسی لە نووسینەوەی "شەرەفنامە" بووەوە و، بەوە بەرهەمێکی گرینگی لەمەڕ مێژووی نەتەوەی کورد پێشکێش بە جیهان کرد. جا ئەگەر "شەرەفنامە" بە سەرچاوەیەکی زۆر گرەنتی دیرۆکی ناسرابێ، ئەوا بێگومان گرینگی "کوردگال نامەک" لە "شەرەفنامە" کەمتر نییە. دەستنووسی "کوردگال نامەک" (کوردگال نامە) لەم ساڵانەی دواییدا لە بەلوچستانی پاکستان دۆزراوەتەوە. نووسینەکەی ئاخوەند محەمەد ساڵح زەنگەنەی کوردی بەلوچ بووە. لە ساڵی ١٠٧٠ی کۆچی واتە "١٦٥٩ – ١٦٦٠ز" نووسراوە.

بەپێی ئەم مێژوونووسە، بنەچە و ڕەچەڵەکی بەلوچەکان کوردە. نووسەر باسی خزمایەتیی خۆی لەگەڵ هۆزی براخۆییی کورد دەکا و هۆزی زەنگەنەش بە بەشێک دادەنێ لە هۆزی بودی. هەردوو هۆزەکەش بە نەوەی دوو کوڕی بود دادەنێ "[براخم] و زەنگان" و دەبێژێ بود حەوتەمین کوڕی میری مادی کورد بووە.

ئاخوەند محەمەد ساڵح زەنگەنە بە دوور و درێژی باسی هۆزە کوردەکانی بەلوچستان دەکا بوو دەبێژێ، کە بەلوچەکان کورد بوون و، لە کوردستانەوە چوونەتە بەلوچستانی کۆن کە ئەو دەمە ناوی "تۆران و مەکران" بووە و، لەوێ نیشتەجێ بوون. ئەمەش لە ساڵی [٨٥٣] ی پێش زایندا بووە. هەروەها دەبێژێ: کاتێ سەرۆکی کوردی ماد کەیقوباد ئیمپراتۆریەتیی خۆی لە ولاتی میدیا و پارسدا دامەزراندووە و بەسەر ئەفراسیاوی پاشای دەوڵەتی "تۆران"دا زاڵ بووە.

ئەوجا کەیقوباد پەلاماری بەڵخی داوە و، کوردی براخۆیی و ئەدرەگانی هەرێمی توران و مەکرانیان گرتووە. دوایی ناوی ئەو هەرێمانە بووە بە بەلوچستان و خەڵکەکەش بە بەلوچ ناو نراون.

ئاغا نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ، کۆنە وەزیری حکوومەتی بەلوچستانی پاکستان لەم دواییەدا پێشەکییەکی نووسیوە بۆ ئەم بەرهەمە بە نرخە و، باسی ئەوەشی کردووە کە "کوردگال نامەک" ڕۆشناییەکی بەهێزی ئاراستەی مێژووی بەلوچستان کردووە و بووەتە هۆی ڕەواندنەوەی ئەو تەمومژ و لە مێژووی براخۆیی و بەلوچستانەوە بڵاو کردوونەتەوە Denys Bray گومانانەی کە ڕۆهەڵاتناسی بەریتانیایی نەسیرخان مامۆستای زمان و فەرهەنگی بەلوچستانە لە زانستگەی بەلوچستانی پاکستان. شایانی باسە کە هەر ئەم نووسەرە، نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ، پەرتووکێکی بە نرخی بە ناوی "مێژووی بەلوچ و بەلوچستان"ەوە بە زمانی ئۆردوو نووسیوەتەوە و لەبەر ڕۆشناییی "کوردگال نامەک" و "مێژووی کورد و کوردستان"ی مامۆستا مەردۆخی کوردستانی لە بەلوچ و ووڵاتی بەلوچستان دواوە. ئەم پەرتووکە لەلایەن قوتابییەکی کوردی قوتابخانەی نێوەندی ڕاوەڵپەندیی پاکستانەوە کە ناوی هیوا محەمەد زەندە کراوە بە کوردییەکی زۆر جوان و ڕەوان. بەڕێز هیوا زەندی وەرگێڕانەکەی خۆی ناردووە بۆم بۆ چاو پێداخشێندنەوە، کە بەڕاستی پێویستی بە دەستکاری نییە. منیش ئەوە بوو لە کاتی کۆنفرانسی شەرەفنامەدا کە لە ١-١٩٩٨/٥/٢ لە بەرلین بەسترا، باسی ئەم وەرگێڕانە کوردییە و "کوردگال نامەک"م کرد... هەروەها سوپاسی هیوا محەمەد زەند دەکەم بۆ ئەو خزمەتە گەورەیەی کردووێتی، هیوام وایە هەوڵ و تێکۆشانی ڕۆشنبیرانەی کورد سەرکەوتوو بێ لە پێناوی خزمەتی مێژوو و کولتووری نەتەوەی کورددا.

جەمال نەبەز
مانگنامەی سەکۆ
ژمارە ٢٠، حوزەیرانی ١٩٩٨

پێشەکیی کورتکراوەی

ئاغا نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ بۆ کوردگال نامەک

کوردگال نامەک پەڕتووکێکی مێژوویییە کە ئاخوەند محەمەد سالّح کوردی زەنگەنەی بەلوچ بە زمانی فارسی لە سالّی ١٠٧٠ کۆچی بەرامبەر ١٦٥٩ زاینی نووسیوێتی. ناوبراو لە بەشی یەکەمی پەڕتووکەکەیدا باسی بنەچەی خۆی دەکا کە لە تیرەی کوردە زەنگەنەکانە و زەنگەنەش تیرەیەکە لە هۆزی "بودی". هەروەها، خزمایەتیی خۆی لەگەلّ کوردە براخوّییەکان نیشان داوە کە ئەم دوو تیرەیە نەوەی دوو کوڕی "بود"، "براخم" و "زەنگان"ن. بود خۆی حەوتەم کوڕی میر ماد کوردە.

ئەم پەڕتووکە باسی مێژووی بەلوچەکان دەکات کە لە ڕووی نەژادەوە کوردن، بەلاّم لە دوایی دا بە هۆی نیشانی سەربازییان کە "پۆپیتەی کەلّەباب" بوو و لە زمانی فارسیی کۆن و کوردی "بەلوچ"ی پێ دەلّێن بە "بەلوچ" ناسران.

بەپێی کوردگال نامەک، کوردە بەلوچەکان لە سالّی ٨٥٣ی پێش زاین هاتنە ناو خاکی بەلوچستانی کۆن، "توران" و "مەکران". ئەوەش لە کاتێکدا کە کەیقوباد میری ماده کوردەکان لە ماد و فارس بناخەی سەلّتەنەتی خۆی دامەزراند و ئەفراسیاو پاشای سەلّتەنەتی تورانی شکاند.

سەلّتەنەتی توران لەم پێنج ناوچەیە پێک هاتبوو: سوغدستان (سەرزەوییەکانی ناوەڕاستی ئاسیا: ئوزبەکستان، تاجیکستان، کەرغێزستان و تورکمانستان)، کابلستان، زابلستان (ئەفغانستانی ئێستا) و توران و مەکران (بەلوچستانی ئێستا).

کاتێک کەیقوباد پاشا لە باکورەوە هێرشی هێنایە سەر "بەلخ"، پایەتەختی سەلّتەنەتی توران، سەربازانی کوردە بەلوچە "براخوّیی" و "ئەدرەگانی"یەکان لەژێر فەرمانی ئەو هێرشیان بردە سەر توران (بەرزاییەکانی قەلّات) و مەکران و ئەم ناوچانەیان داگیر کرد. پاش داگیرکردنی ناوچەکانی سەلّتەنەتی توران، کەیقوباد

پاشـای کـوردی مـاد ناوچه جـۆرەوجـۆرە داگـیـرکـراوەکـانی لە نـێـوان دەسـتـە هۆزایەتییەکاندا دابەش کرد. بەم چەشنە، کوردە براخۆییـیەکان ناوچەی توران (بەرزاییـیـەکـانـی قـەڵات)یان بـەرکـەوت و کـوردە ئەدرەگـانـیـیـەکـانیش نـاوچەی مەکرانیان بەرکەوت. ئەم دەستە هۆزایەتییانە لە ناوچە بەخشراوەکانیان بۆ هەموو کات نیشتەجێ بوون و لەو کاتەدا کوردە زەنگەنەکانیش زابلستـان (ئەفغانستانی ئێستا)یان داگیر کرد و کردیان بە نشینگەی هەتاهەتاییان.

باپیـرانـی نووسـەری کـوردگـال نامـەک فـەرمـانڕەوای زابلسـتـان بـوونە و پاش دەرکەوتنی ئیسـلام باپیرەیەکی شکۆداری لە سـەردەمی دەسـەڵاتداریی خەلیفەکانی بەنی عـەباس لە "زەرەنج" پایەتەختی زابلستان قـوتابخـانەیەکی ئاینیی دامـەزراند. ئەم قـوتابخـانەیە دوای ڕووخـانـی سـەردەمی فـەرمـانڕەواییی خـەلیـفـەکانـی بەنی عـەباس و لەگـەڵ گـەشـەسـەندنی هێـزی مـەنگۆڵەکـان بـە تایبـەت لـە شـەڕ و داگیرکارییەکانی میر تەیموور گورگان لە سـاڵی ١٣٨٣ی زاینی خـاپوور کرا. لە ئەنجـامی ئەم کـارەسـاتانـە، گـەرچی بنەمـاڵەی نووسـەر لە دەسـەڵات کـەوتن بەڵام ئەندامـانی بنەمـاڵەکە دەستیان لە پیشە زانستییەکەیان هەڵنەگرت. بۆیە نـووسـەر لەگـەڵ چەند قـوتابی هـاوڕێی بە مـەبەسـتی بـەدەسـتـهێنانی خـوێندنی بـاڵا دەچێتـە شیراز و پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی هاتەوە "زابل"، نشینگەی باپیرانی.

لەو سـەردەمـەدا، تیـرەی "میـروانی"ی بـەلوچ لە ناوچەی توران (بەرزاییـیـەکـانی قەڵات) لە سـاڵی ١٤١٠ی زاینی بە سـەرۆکایەتیی میر "مـیرو" میروانی میری مەزنی کوردە بەلوچەکان فـەرمـانڕەواییی چوارەمی بەلوچەکانیان پێک هێنابوو. لە کاتی نووسـینی پەڕتووکـەکەی ئـاخـوەند مـحـەمـەد سـاڵحدا، ئـەم حکوومـەتـەی بەلوچ بە ڕێبـەرایەتیی میر ئەحمـەدی مـەزن (١٦٦٦ – ١٦٩٥) زاینی کە پازدەم جێنشـینی میر میرو میروانی بوو گەیشتبووە ئەوپەڕی سـەرکەوتن.

ئـاخـوەند مـحـەمـەد سـاڵح کـوردی بەلوچ بوو و هەر بـەم بۆنەیەوەش هاتە قـەڵات پایەتەختی بەلوچستان و لە سـاڵی ١٦٥٩ی زاینی لە دەربـاری قـەڵات دامـەزرا و بوو بە کارمـەندی میر "ئەلتازی دووەم" باوکی ئەحمـەدی مـەزن. ئـاخوەند مـحـەمـەد سـاڵح جگە لەوەی زانایەکی پایـەبـەرز بوو، خاوەن کـەسـایەتییـەکی وردەکـاریی گـەورە و بە تەگبیـر و سـیـاسـەتوان بوو. دوای چەند سـاڵ کارکردن، ئەحمـەدی گـەورە لەسـەر

پلەی وەزیری باڵای دامەزراند. لەم ئەزموونەدا، ڕاژەکاریی پێنج فەرمانڕەوای کورد براخۆییە بەلوچەکانی کرد کە ناوەکانیان بەم چەشنەیە: ئەحمەدی گەورە، مەهراب سەرمچار، سەمەندەر سەخی، ئەحمەد پارسا و عەبدوڵڵا وەقاب کوهی. ئاخوەند محەمەد ساڵح پاشان بە بێ کوڕ کۆچی دواییی کرد لەبەر ئەوە ئامۆزاکەی، ئاخوەند محەمەد حەیات کوڕی ئاخوەند شەهداد بوو بەجێنشینی.

ئاخوەند محەمەد ساڵح بەسەرهاتی مێژوویی گرینگ و جێگەی ڕێزی کوردە بەلوچەکانی بەلوچستانی کۆنی خستووەتە بەرباس کە دەربارەی تا ئێستا کەس ئاگەدار نەبوو و لە تاریکاییی مێژوودا ون بوو.

هەر بۆیە، لە دنیای مێژوودا، دۆزینەوەی دەستنووسی کوردگال نامەک لە ڕاستیدا بایەخێکی تایبەتی هەیە.

ئەگەر دەستنووسی کتێبەکە نەدۆزرابایەتەوە ئەوا زۆرێک لە ڕاستەقینە مێژووییەکانی بەلوچستانمان لێ شاراوە دەبوو. زۆر ڕووداوی مێژوویی کە ئاخوەند محەمەد ساڵح لە پەرتووکەکەیدا باسی کردووە زۆر سەرنج ڕاکێشن و پاش خۆی توێژەرانی مێژوویی دنیای نوێ پشتڕاستیان کردووەتەوە. نموونەی ئەم پشتڕاستکردنەوانە لە خوارەوە بەم چەشنەیە:

یەکەم:

ئاخوەند بە درێژە باسی ڕووداوی شەڕەکانی بەلوچەکان لەگەڵ سەربازەکانی ئەسکەندەری مەزن دەکات کە کاتێک بەرەو نیشتمانەکەی دەگەڕایەوە و لە خواروی بەلوچستانەوە تێپەڕ دەبوو. کاتێک ئینگلیزەکان بەلوچستانیان داگیر کرد و ئەفسەرە سیاسییەکانیان لەمەڕ پارێزگاکانی بەلوچستان فەرهەنگۆکی جوگرافییان نووسی. لەم نێوانە، نووسەری فەرهەنگۆکی جوگرافی "لەسبێلە" ئێم. ئار. هیوز بولەر ئای. سی. ئێس. لە بەشی مێژوودا بابەتی ئاخوەند محەمەد ساڵح لەبارەی شەڕی بەلوچەکانەوە لەگەڵ سەربازەکانی ئەسکەندەری مەزن پشتڕاست دەکاتەوە.

درێژەی باسی فەرهەنگۆکە جوگرافییەکە بەم چەشنەیە: " لێرە "نەرچس" سەربازگەی دامەزراند و هەر لەم بەشەی وڵاتەکەدا "لیوناتوس" توانی "ئوریتی"یەکان و هاوکارەکانیان لە شەڕێکی گەورەدا شکست بدات کە تێیدا

شەش هەزار کەسی هۆزایەتییەکان کوژران. دوای ئەم سەرکەوتنە، ئەسکەندەری مەزن لێرە نەریتی تاجی زێر لەسەرنانی لیوناتوسی بەڕێوە برد". فەرهەنگۆکی جوگرافی لەسبێلە، لاپەڕە ٢١٩.

هەردوو گێڕەوەکە تەنیا لەسەر یەک خاڵ یەک ناگرنەوە کە ئەویش ژمارەی هۆزایەتییە کوژراوەکانی مەیدانی شەڕە. بەپێی ئاخوەند محەمەد ساڵح لەم شەڕەدا دە هەزار شەڕوانی کوردی بەلوچ کوژران، بەڵام مێژوونووسەکانی ئەسکەندەر ژمارەی کوژراوەکانی هۆزە ئۆریتییەکان بە شەش هەزار دەگێڕنەوە.

دووەم:

لە دەستنووسە مێژووییەکەی ئاخوەند محەمەد ساڵح باسی ڕیشەی میرەکانی هەشت تیرەی کوردە براخۆییە بەلوچەکان: کیکانی، گۆرانی، سارونی، غوزداری، مشکانی، ئەرمیلی، بۆلانی و گریشکانی کراوە. لە ناوچەی توران (بەرزاییەکانی قەڵات)دا ئێستاش چیا و لووتکە و دۆڵ و ڕووبار و گوند و شاری وا هەن کە هەر بەو ناوانەوە دەناسرێن کە لە ڕیشەی میرەکاندا باس کراوە. هەر بەم چەشنە، لە ناوچەی مەکرانیش چیا و لووتکە و دۆڵ و ڕووبار و گوند و شاری وا هەن کە تا ئێستاش بەو ناوانەوە دەناسرێن کە لە ڕیشەی میرە کوردە بەلوچەکانی هۆزەکانی ئەدرەگانی و مااملی و کرمانیدا باس کراون. پێش دۆزینەوەی کوردگال نامەک ئەو ناوانە بۆ ئێمە مەتەڵ بوون، هەر بۆیە ئێمە سوپاسمەندی ئاخوەند محەمەد ساڵحین کە ئەم مەتەڵەی بۆ شی کردینەوە.

سێیەم:

کوردگال نامەک ڕۆشناییی زۆری خستووەتە سەر پێوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی نێوان دانیشتوانی کۆنی بەلوچستان و سند کە لەبارەیانەوە زانایەکان بە گشتی بێ ئاگا بوون. ئاخوەند بە درێژە باسی سێ دەستە هۆزی سند: بنیان و تاکین و مومیدان دەکات. ئەو زانیارییانەی ئاخوەند باسی کردوون لە ڕووی مێژووییەوە بە ڕادەیەکی زۆر ڕاست و دروستن. لەبەرئەوەی، هەموو مێژوونووسەکانی سەردەمەکانی دواییی سند لەوانە عەلی کوفی نووسەری چەچ نامە، میر مەعسوم نووسەری مێژووی مەعسومی و میر عەلی شێر قانع

تەهتەهۆیی نووسەری تۆحفەتولکرام لە پەڕاوە مێژووییەکانیاندا ئەم سێ دەستەی هۆزەکانی سندیان بە دانیشتووی ڕەسەنی سند باس کردووە.

چوارەم:

لە بەلوچستان کارمەندێکی سیاسیی ئینگلیز دێنس برەی کە لە ماوەی کارەکەیدا چوار ساڵی لە بەلوچستان بەسەر برد و لە چاو پێشڕەوەکانی سەربەستانە لێکۆڵینەوەی لەسەر زمانی "براهوی" دەست پێ کرد. ئەو لە پێشەکیی پەڕتووکەکەیدا بەم چەشنە دەدوێ: "پێناسە و سەرف و نەحوی زمانی براهوی... براهوی کێن و کەی هاتوونەتە بەلوچستان لەو چەشنە پرسیارانەن کە بۆ وەڵامەکانیان تا ئێستا چاوەڕوانین". لە ڕاستیدا دوورکردنەوەی بە هەڵەداچوونەکانی دێنس برەی لەمەڕ ڕەسەنایەتیی نەژادیی هۆزە براهوییەکان و زمانەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کارنامەی بەرزی نووسەری "مێژووی مەردۆخ" شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی و نووسەری کوردگال نامەک ئاخوەند محەمەد سالّح کوردی بەلوچی زەنگەنە.

..... بۆیە ئێمە لە ڕادەبەدەر سوپاسمەندی شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی نووسەری مێژووی مەردۆخ و ئاخوەند محەمەد سالّح نووسەری کوردگال نامەکین کە پەردەی تاریکییان لەسەر ئەم گرفتە مێژووییە گرینگە هەڵدایەوە کە بە هۆیەوە لێکۆڵەرانی زانست پەرێشان بوون.

بۆیە بە بوونی ئەم دوو بەڵگەنامە مێژووییانە ئێمە لەو قۆناخەداین بە ڕاستی بزانین هۆزەکانی براخۆیی (براهوی) کێن و لە کوێوە هاتنە سەر زەوی بەلوچستانی ئێستا و بە چ چەشنێک ئەم دەستە گەورەی نەژادی بەلوچ لەم ماوە دوور و درێژەدا بە ناوی براخۆییی بەلوچەوە ناسران و هاتنە کایەوە.

بەپێی ئەم نووسەرە، کوردە براخۆییە بەلوچەکان کە ناوچەی تورانی سەڵتەنەتی تورانیان داگیر کرد، لەم ناوچەیە لە سەردەمی سەرەتای دامەزراندنی سەڵتەنەتی تورانییەوە ٢٢ هۆزی تورک لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون و سەریان بۆ میری براخۆییە بەلوچە سەرکەوتووەکان دانەواند.

بەم چەشنە، کوردە براخۆییە بەلوچەکان و هۆزە تورکەکان تێکەڵاو بوون و لە سۆنگەی ئەمەش زمانی تورکی لە ئەنجامی کاریگەرییەکانی زمانی بەلوچی

شێوازی ئەمڕۆی زمانی براهوی هەڵبژارد.

ئەم خاڵە مێژووییە گرینگانەی دەستنووسی کوردگال نامەکمان بە کورتی باس کرد بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەران.

ئاغا نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ
١٨ شەقامی سەریاب، کوێتە.
مێژووی ١٩٩١/٨/٢٧

پێشەکیی نادر قەمبەرانی بۆ کوردگال نامەک

دۆزینەوەیەکی مێژوویی نوێ

"کوردگال نامەک" گەرچی نزیکەی چوارسەد ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، لەم زووانە دۆزراوەتەوە و دۆزینەوەی ئەم سەرچاوەیە بۆ بەلوچستان و نەتەوەی بەلوچ لە گەنجینەیەکی گرانبەها کەمتر نییە.

ئەم پەڕتووکە لەمەڕ مێژووی نەتەوەی بەلوچ دەروازەیەکی نوێی بۆ وردبوونەوە و بیرکردنەوە لە بەردەم توێژەران و خوێندکارانی مێژوو کردووەتەوە. تا ئێستا دێرۆکنووسان و لێکۆڵەرەوانان مێژووی بەلوچستان و نەتەوەی بەلوچیان بە نەتەوەکانی قاڕەی بچووکەوە پێوەند کردووە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەوڵ و کۆششێکی بێ بەر و بێ ئەنجام بووە. بەڵام ئەم کتێبە ئاراستەی پشکنینی مێژووی بەلوچستان و نەتەوەی بەلوچی بەرەو ناوەڕاستی ئاسیا و نەتەوەکانی ئێران وەچەرخاندەوە کە بێگومان ڕووگە و ئاراستەیەکی ڕاست و دروستە. لەبەرئەوەی بەلوچ و کورد پێوەندییان بە یەک نەژادەوە هەیە و لە سەردەمانێک لێک دابڕاون و یەکێکیان لە ڕۆهەڵات و ئەوی تریشیان لە ڕۆئاوا، بگرە لە باکوری ڕۆئاوا ئاوا بوونە. ئەم دوو نەتەوەیە لە نەژادی ئارییەکانن بەڵام لە ئاست نەتەوە ئارییەکانی تر نزیکایەتیی نێوانیان زۆر فراوانترە.

نەتەوەی بەلوچ لە ناوچەی ڕۆهەڵات واتە سیستان و زابل و بەلوچستانی ئێستا کە لە کرمانەوە تا کەنارە ڕۆئاواییەکانی ڕووباری سند دەگرێتەوە بڵاو بوونەتەوە و بە هۆی کەوشەنی سیاسیی جوگرافیاییی پاکستان و ئێران و ئەفغانستان لەیەک جیا جیا دەژین. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە ڕووی مێژوو و زمان و کولتوورەوە لە یەک نەتەوەن. هەر بەم چەشنە نەتەوەی کوردیش لە ڕۆئاوای ئاسیا لە سووریا و عێراق و ئێران و تورکیا بە هۆی سنووری سیاسیی جوگرافیایی لەیەک جیا جیا دەژین و پەرش و بڵاو بوونەتەوە.

بەپێی کوردگال نامەک بەلوچیش بەشێکی نەتەوەی مەزنی کوردە، لەبەرئەوەی ئەو هۆزانەی لەناو بەلوچدا هەن بە هەمان شێوە لەناو کوردەکانیش بە هەمان ناوەوە هەن و تەنانەت لەناو بەلوچەکاندا ئێستاش هۆزێکی گەورە هەیە بە ناوی "کورد"ەوە بەناوبانگە. گەرچی ئاخوەند محەمەد سالّح چوارسەد سالّ لەمەوبەر ئەم پەڕتووکەی نووسیوە، هەموو ئەو کارەسات و ڕووداوانەی مێژووی ئاسیای ناوەڕاست و ئێرانی وەکو خۆی نووسیوەتەوە و هیچ جیاوازییەکیان تێدا بەدی ناکرێت.

کوردگال نامەک تازە ئاغا میر نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ دۆزیوەتییەوە و "ئەکادمی بەلوچی" دەقە فارسییەکەی بلاّو کردووەتەوە.

جێگەی سەرنجە کە لەسەر مێژووی نەتەوەی بەلوچ تا ئێستا کتێبێکی زۆر بلاّو کراونەتەوە بەلاّم هەموویان یان زۆربەیان دانراو و پێوانەن. مێژوونووسەکانی ئێمەش زۆربەیان دانراوەکانی مێژوونووسەکانی ڕۆئاوایان بە باوەڕپێکراو تەماشا کرد و کردیان بە بناخەی لێکۆڵینەوەی خۆیان. تا ئێستا هەر چەند مێژوو لەمەڕ نەتەوەی بەلوچەوە نووسرابێ، لەمەڕ چاوگە و سەرچاوەگرتنی بەلوچەکان هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ بەدەست نەهاتووە کە تینووێتیی خوێنەران و خوێندکارانی مێژوو بشکێنێ. هەڵبەتە، دۆزینەوەی "کوردگال نامەک" ئاراستەی نوێی توێژینەوەی هێناوەتە کایەوە. ئیتر مێژوونووسان و خوێندکارانی مێژوو دەتوانن بچنە بنج و بناوانی مێژووی کۆنی ئاسیای ناوەڕاست و ئێران و لەبارەی نەتەوەی بەلوچەوە ڕاستیی باوەڕپێکراوی زیاتر بە دەست بهێنن.

نادر قەمبەرانی
زانکۆی بەلوچستان، کوێتە.
٦ ئۆکتۆبەری ١٩٩٣

تێبینی: پاش ئەوەی کوردگال نامەک دەقە فارسییەکەی لە شاری کوێتەی بەلوچستانی پاکستان چاپ کرا، پرۆفیسۆر عەبدوڵلاّ جەمالەدینی ئەرکی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ئوردو گرتە ئەستۆ، لەبەرئەوەی بەلوچەکانی پاکستان بە گشتی فارسی نازانن کە بتوانن ئەم پەڕتووکە بە نرخە بخوێننەوە و لە مێژوو و ڕابردووی نەتەوەکەیان بگەن. بە داخەوە لە ماوەی وەرگێڕانەکەدا نەخۆش دەکەوێت و داوای لە پرۆفیسۆر نادر

قەمبەرانی کرد کە کاری وەرگێڕانی پەڕتووکەکە تەواو بکات. ئەم بابەتەی سەرێ کورتکراوەی ئەو پێشەکییەی مامۆستا نادر قەمبەرانییە کە بۆ چاپە ئوردووەکەی کوردگال نامەکی نووسیوە. من ئەو خۆشبەختییەم هەبوو کە لە ساڵی ١٩٩٦ لە کاتی سەفەرم بۆ کوێتە بۆ بینینی مامۆستا میر نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ نووسەری مێژووی بەلوچ و بەلوچستان لە نزیکەوە چاوم پێی بکەوێ. شایانی باسە مامۆستا نادر پیاوێکی زۆر ڕووخۆش و دڵسوزە. ئەو کات لە زانکۆی بەلوچستان لە کوێتە سەرۆکی بەشی زمانی فارسی بوو و وانەی بە قوتابیانی ماستەری زمانی فارسی دەگوتەوە. جگە لەمانە مامۆستا نادر پیاوێکی خەباتگێڕیش بوو و زۆرجار لەسەر خەباتی ئازادیخوازانەی بەلوچ زیندانی کراوە و ماوەیەکیش بۆ ئەفغانستان دوور خراوەتە. بەپێی ئەوەی لە هۆزی کەمبەرانی (قەمبەرانی)یە ئەویش لە نەوەی کوردە براخۆییەکانە. (وەرگێڕ).

بەشی یەکەم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدالله رب العالمين وسبحان الذي احاط بكل شيء علمه ونفه في كل موجود حكمه، وظهر في جميع الامور حكمته وبان في كل مصنوع لطيفه صنعه، نحمده على نعمته غمرنا بموهبة العقل الذي اختصنا من ساير الحيوان به، فوجب علينا بذلك حجتة ولزمنا معه عبادته والاقرار بربوبيته [ما] وصلى الله على محمد عبده ورسوله وعلى آله من اهله.

سەرەتا

من ئاخوەند سالّح کوڕی ئاخوەند سلێمان کوڕی ئاخوەند مەحموود کوڕی ئاخوەند مووسا کوڕی ئاخوەند موبارەک کوڕی ئاخوەند ئەحمەد کوڕی مستەفا کوڕی لەیس کوڕی حەبیب کوڕی خەلەف کوڕی قەیسەر کوڕی عوسمان کوڕی ئەلیاس کوڕی عومران کوڕی یەعقوب کوڕی عیسا کوڕی سەنجەر کوڕی بەهادور کوڕی شاهبێگ کوڕی مەلیک کوڕی بەهمەن کوڕی ئەیبەک کوڕی یول بێگ کوڕی ئەحمەد کوڕی سەنان کوڕی حارس کوڕی سیراج کوڕی برسان کوڕی جابر کوڕی موعین کوڕی مەدان کوڕی حەکەم کوڕی باشار کوڕی ئەحمەد کوڕی ئابان کوڕی توراب کوڕی عوبەید کوڕی عیسا کوڕی سەعید کوڕی بەکر کوڕی خەلەف کوڕی سەوید کوڕی ئەورام کوڕی تیرداد کوڕی بەیکەر کوڕی شاگان کوڕی سەران کوڕی سەلەم کوڕی گرشاب کوڕی کوباد کوڕی رەسان کوڕی گودورز کوڕی تیرداد کوڕی ڕۆستەم کوڕی مهرداد کوڕی بوراک کوڕی شێربورز کوڕی بەهرام کوڕی ئیزبوک کوڕی روان شێر کوڕی مەردان کوڕی بەدلیس کوڕی مهران کوڕی بیسوت کوڕی شاهمیر کوڕی نوزەر کوڕی وەندان کوڕی سیاوش کوڕی فەرهاد

کوڕی بیدار کوڕی سیامەک کوڕی نۆجەهان کوڕی مەهران کوڕی بورگان کوڕی کورەنگ کوڕی ئیسپیبود کوڕی فیروز کوڕی بەرسان کوڕی پاتاک کوڕی باکیل کوڕی مەرزەک کوڕی فرکی کوڕی کازان کوڕی شوانک کوڕی زرکان کوڕی دیزە کوڕی خانی کوڕی باجەل کوڕی مانور کوڕی حورموز کوڕی سابول کوڕی نەدران کوڕی سەوید کوڕی رامین کوڕی رشوان کوڕی زاخو کوڕی شوهان کوڕی زینل کوڕی پازو کوڕی کوساد کوڕی گیل کوڕی راسن کوڕی باشمان کوڕی ئارین کوڕی دلفان کوڕی سەلدوز کوڕی کولک کوڕی شبان کوڕی عەزیر کوڕی تور کوڕی زەنگان کوڕی بود کوڕی ماد کوڕی جیگ کوڕی تاگاز کوڕی مەنگور کوڕی گاور کوڕی کاد کوڕی پازو کوڕی سوبار کوڕی میران کوڕی وان کوڕی گورەک کوڕی شوهان کوڕی شکاک کوڕی سەنجار کوڕی ساسون کوڕی زاران کوڕی خۆشناو کوڕی حەکار کوڕی دراج کوڕی زەنگان کوڕی راسن کوڕی چەرکەش کوڕی مادی گەورە کوڕی غوران کوڕی شود کوڕی تێرحان کوڕی پشدەر کوڕی بولگار کوڕی دەخوو کوڕی سور کوڕی رودین کوڕی گیوەر کوڕی ئارین کوڕی میتان کوڕی بوغاز کوڕی کارداک کوڕی خەزەر کوڕی تورک کوڕی کومەر کوری یافس کوڕی نوح سلاوی لێ بێ، لە هۆزی کوردی زەنگەنەم کە تیرەیەکی هۆزی "بودی"یە و لە ڕووی نەژادییەوە لە کورده براخۆییەکانەوە نزیکە. باپیرە گەورەی ئەم دوو تیرەیە "بود"ە و هۆزی "بودی"یش یەکێکە لە حەوت تیرەی هۆزی "ماد". بود دوو کوڕی بە ناوی براخم و زەنگان هەبووە. سەرەتا نەوەی ئەم دوو کوڕەی بود بە ناوی تیرەی بودییەوە ناوبانگیان دەرکرد بەڵام لە دواییدا بە هۆی فراوانبوونی بەرەیان تیرەی بودی بەسەر دوو تیرەی گەورەی براخۆیی و زەنگەنەدا دابەش بوو.

بێژەرەکانی[٥] کورد دەگێڕنەوە کە "کورد" خەڵکانێکن سەرەتا چەند هەزار ساڵ بەر لە زاینی مەسیح، هاتوونەتە ئەو ناوچانەی کەوتووەتە خواروی "ئەرمەنستان" و ئێستا بە "ئازەربایجان" دەناسرێ. ئەو ناوچانە بە هۆی نیشتەجێبوونی ئەوان لەو سەردەمەدا بە ناوی "ماد"ەوە ناسرا و ناوبانگی دەرکرد. پاشان کوردەکان لێرەوە بەرەو ناوچەکانی ڕۆهەڵات، ڕۆئاوا و خواروو پەرت و بڵاو بوونەوە و نشینگەی ئێستایان کە کەوتووەتە خواروی ئازەربایجان بە "کوردستان"

٥. لە دەقی فارسییەکەدا "راوی" نووسراوە.

دەناسرێ. بێژەرەکان لەسەر ئەم بۆچوونە هاوبیرن کە نشینگەی سەرەتاییی کوردەکان ناوەڕاستی "ئاسیا" بووە و لەوێوە هاتوونەتە کەنارەکانی باشووری دەریای "خەزەر". پاشان لەوێوەش وردە وردە لەگەڵ ڕەوتی سەردەم بەرەو لای زنجیرە چیاکانی"زاگرۆس" کە کەوتووەتە خواروویِ "ماد" و لەلای ڕۆژهەڵاتەوە لە ناوچەی "دیجلە" بڵاو بوونەتەوە و نیشتەجێ بوونە.

سەرەتا پێوەندیی کوردەکان پێش دەسەڵاتدارێتیی "کەیقوباد" و دروستبوونی دەوڵەتی "ماد"، بە دەسەڵاتدارێتیی "شومیر"، "ئەکاد"، "کلدە". "ئاشور" و "عیلام" و دوای ئەوانیش بە "پیشدادی"یەکانەوە پێوەست بووە. کوردە مادەکان دوای ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوای ئێران کۆچیان کرد و لەو شوێنانەدا نیشتەجێ بوون، لە سەدەی سییەمی پێش زاین تاوەکو دەوروبەری سەدەی بیست و یەکەمی پێش زاین، بە شێوەی دەستە دەستە ژیانیان بەسەر بردووە. هەر دەستەی خاوەنی سەرۆکێکی تایبەت بووە و بە گشتی لە بارودۆخێکی ناتەبا و پاشاگەردانیدا بوونە. هەر هۆزەی لەلایەک نیشتەجێ بووە و لەژێر دەسەڵاتداریی فەرمانڕەوایەک ژیانیان بەسەر بردووە.

کاتێک بنەماڵەی "پیشدادی"یەکان لە "ماد" و "پارس" دەسەڵاتداریی خۆیان پێک هێنا، مادە کوردەکان بە بنەماڵەی ئەوانەوە پێوەند بوون و لەژێر دەسەڵاتدارێتیی فەرمانڕەواکانی ئەوان ژیانیان بەسەر دەبرد. بەڵام لە سەدەی نۆیەمی پێش زاین، کاتێ دوا پاشای بنەماڵەی "پیشدادی"، گرشاسپ کوڕی وشتاب کوڕی تەهماسپ کوڕی مەنوچهر کوڕی ئیرەج کوڕی فەرەیدون کوڕی ئەپتیان کوڕی جەمشید کۆچی دواییی کرد و هێرش و شاڵاوی پاشاکانی "ئاشوور" بۆ سەر وڵاتی ماد و پارس دەستی پێ کرد، دەستەکانی کوردە مادەکان لە هەمبەر دەوڵەتی دەستدرێژکەر و توندڕۆی ئاشووری، ناچار بوون بۆ پاراستنی وڵاتەکەیان، سەڵتەنەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن. بۆ ئەم مەبەستە، سەران و سەردارانی "مادی گەورە" و "مادی بچووک" و کوردەکانی "پارس"، "گیل"، "دیلەم" و "خەزەر" بە گشتی لە دانیشتنێکدا کۆ بوونەوە و دوای ڕاوێژکاریی درێژخایەن، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە "کەیقوبادی کورد" کە سەرۆکی یەکێ لە هۆزەکانی ماد بوو و لە ڕووی ئاوەزی، زانست، دادپەروەری و کارزانییەوە بێ هاوتا و بەناوبانگ بوو، بکەن بە فەرمانڕەوای سەڵتەنەتەکەیان.

"ئەفراسیاب" پاشای "توران" بە هۆی نزیکی و خزمایەتیی لەگەڵ پیشدادییەکان، خۆی بە فەرمانڕەوا و میراتگری ڕەسەنی سەڵتەنەتی ماد و پارس دەزانی. ئەمەش لەبەرئەوەی کە لە ڕووی بنەچەوە لە بەرەی "تور" بوو و زنجیرەی بنەچەی "تورانی"یەکانیش دەگاتەوە پیشدادییەکان. لەبەر ئەم هۆیە، ئەفراسیاب پاشایەتیی کەیقوبادی نەسەلماند و دەستی بە دژایەتیکردنی کرد. لە ئەنجام، شەڕ لە نێوان "توران" و "ماد" و "پارس" هەڵگیرسا، کەیقوباد توانی هێزی ئەفراسیاب بشکێنێ و ووڵاتی تۆران داگیر بکات. سەڵتەنەتی توران لە ناوچەکانی: "سوغدستان"، "کابلستان"، "زابلستان"، "توران" و "مەکران" پێکهاتبوو. کەیقوباد پاش داگیرکردن و سەرکەوتن، هۆزە کوردەکانی لەم ناوچانەدا نیشتەجێ کرد. لەم نێوانە، زابلستانی دا بە کوردە "زەنگەنە"کان، تورانی دا بە کوردە "براخۆیی"یەکان، مەکرانی دا کوردە "ئەدرەگانی"، "ماملی" و "کرمانی"یەکان، بەو مەبەستەی پارێزگاری و چاودێریی سنوورەکانی ڕۆهەڵاتی سەڵتەنەتی ماد بکەن و لە کاتی پێویست و شۆڕش و ڕاپەڕینی گێتی، ببنە بەربەست و جڵەو لە دوژمن بگرن. ئەم هۆزانە، لەم ناوچانەدا، بۆ هەموو کات نیشتەجێ بوون و خەریکی پارێزگاریکردنی سنوورەکانی سەڵتەنەتی ماد بوون.

باسی قوتابخانەی ئیسلامی

لە سەردەمی کۆندا، "زەرەنج" پایەتەختی زابلستان بوو و نیشتەجێبووانی زابلستان پاش هاتنی ئیسلام، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان هەڵبژارد. لە سەردەمی خەلیفایەتیی حەزرەتی "عومەر"دا، زەرەنج بە دەستی "عاسم کوڕی عومەر" کە لەلایەن حەزرەتی عومەرەوە بۆ داگیرکردنی "سەجستان" ڕاسپێردرابوو، داگیر کرا. لەم بەستێنەدا، میر "ئەورام" سەرداری هۆزی کوردە "زەنگەنە"کان کە بە پشت ٤٩یەمین باپیرە گەورەی بنەچەمەی نووسەری ئەم پەرتووکەیە لەگەڵ باپیرانم پاش ئەوەی ئایینی ئیسلامیان قەبووڵ کرد، دەستیان بە پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوەی ئیسلام کرد.

لە سەردەمی دەسەڵاتداریی میر "مەحموود غازی" کوڕی "سوبەکتگین"، میری "غەزنە" لە ساڵی ٣٩٩ی کۆچیدا، وڵاتەکەی بەرینتر کردەوە و زابلستانی هێنایە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتداری خۆی. لەو کاتەدا، سەرۆکی کوردە زەنگەنەکان میر

"سیراج" کە بە پشت ٣٣یەمین باپیرمە، لە زەرەنج بناخەی قوتابخانەیەکی ئیسلامی دامەزراند بە مەبەستی ئەوەی خەڵک لە ڕێبازی ئیسلام ئاگەدار بکەنەوە و لە دیاردەی بێ دینی بیانپارێزن کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی "عەباسی"یەکاندا لە هەموو لایەک سەری هەڵدابوو. قوتابخانەکە لەژێر بەڕێوەبەرایەتیی سەرۆکە کوردە زەنگەنەکان لە بڵاوکردنەوەی ڕێبازی ئیسلام، ناوبانگی زۆری پەیدا کرد و قوتابییە دەرچووەکانی دوای تەواوکردنی زانستە ئیسلامییەکان، تیشک و پەروەردەی ئیسلامیان بە هەموو دەوروبەردا بڵاو کردەوە. زنجیرەی وانەدانەوە و فێرکردنی قوتابخانەکە تا کاتی میر "تەیموور گورگان" بەردەوام بوو کە لە ساڵی ٧٨٥ی کۆچیدا لە ناکاو لە ماوەلنەهرەوە هێرشی کردە سەر زابلستان کە لەگەڵ ڕەوتی سەردەم بە "سیستان" ناسرا.

شەڕێکی سەخت لە نێوان میر تەیموور و دەسەڵاتداری زابلستان میر "قوتبەدین" لە زەرەنج پایەتەختی سیستان ڕووی دا. میر تەیموور گەمارۆی زەرەنجی دا و پاش پێکدادانێکی سەخت، سیستانییەکانی شکست دا و داروودەستەکەی، ڕەشەکوژیی خەڵکی شارەکەیان کرد. لەم شەڕەدا، باپیرە گەورەم، میر "قەیسەر زەنگەنە"ش کوژرا.

بینای قوتابخانەکە کە لەناو شار بوو تاڵان و وێران کرا. زۆربەی بەشی کتێبخانەکەش زیانی پێ گەیشت و زنجیرەی وانەدانەوە و فێرکردن کۆتاییی پێ هات. پاش نەمانی شەڕ و کوشت و کوشتارگە، میر "خەلەف" کوڕی میر "قەیسەر" لەگەڵ خزم و کەسوکارەکەیدا چووە شارۆکەی "زابل" و بۆ هەموو کات لەوێ نیشتەجێ بوون. لێرەش قوتابخانەیەکی بچووکی کردەوە و سەرقاڵی وانەدانەوەی ئیسلامی بوو. هەندێ پەرتووکی ئاینی و بەڵگەنامەی مێژوویی کە لە دزی و تاڵان و بڕۆی سەربازەکانی تەیموور مابوونەوە لەگەڵ خۆی هێنابوو.

زنجیرەی وانەدانەوە و فێرکردن لەم قوتابخانەیە تا سەردەمی دەسەڵاتداریی بنەماڵەی "سەفەوی"یەکان درێژەی کێشا و پاشان کۆتاییی پێ هات. ئەمەش لەبەرئەوەی ناوچەی "قەندەهار" بەردەوام سەرچاوەی گێرمە و کێشە و شەڕ و پێکدادان بووە لە نێوان سەڵتەنەتی ئێران و وڵاتی مەغۆڵی هیندستان.

لە ساڵی ١٠٥٠ی کۆچیدا لە نێوان "شا عەباسی دووەمی سەفەوی"ی

فەرمانڕەوای ئێران و "شا جەهان" پاشای مەغۆلی هیند شەڕ و کێشەی دوور و درێژ ڕووی دا و لە ئەنجام شا عەباس سەرکەوت و شا جەهان نەیتوانی ناوچەی قەندەهار دووبارە بهێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی. بەمجۆرە، هەرێمی قەندەهار دووچاری پاشاگەردانی بوو و ئاشتی و ئاسایشی شار و شارۆکەکانی دەوروبەریش مەترسیی تێ کەوت. ئەمانە بە گشتی بوونە سۆنگەی پچڕانی زنجیرەی وانەدانەوە و فێرکردنی قوتابخانەکەی زابل.

پاش وەستانی وانە و خوێندن لە قوتابخانەی زابل، ئەو دەرفەتەم بۆ ڕێک کەوت کە خامەی جەوهەردار بەگڕ بخەم و داستانی کۆن و مێژووی دێرینەی کوردە بەلوچەکانی زابل و توران و مەکران، کە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا تۆمار کرابوون و بە سوودوەرگرتن لەو چەند سەرچاوانەی کە لە هێرش و شالاوی تەیموور گورگان لە لەناوچوون ڕزگار بووبوون، جارێکی تر لە شێوەی نووسین دەربهێنم. ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانم خۆشەویستی و دڵگرێی خۆم لە هەمبەر سەران و میرانی کوردە بەلوچەکان نیشان بدەم و وەکو ئەستێرەکانی گەردوون ڕۆشناییی هەمیشەیی بە کردەوە و چاکەکاریی سەرباز و ناودارانی کوردە بەلوچەکانی زابل و توران و مەکران بدەم. بۆ ئەوەی خووڕەوشتی شایانی ستایش و ڕاژەکاریی مەزن و کردارەکانیان لە خانەی فەرامۆشکاریدا نەمێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، بەپێی توانا ئەوەندەی لێی بە ئاگا بووم و زانیوم، لە مێژووی ١١ی ڕەبیعولسانیی ساڵی ١٠٧٠ی کۆچیدا، کۆتاییم بە نووسینیان هێنا. ناوی ئەم کتێبەشم نا "کوردگال نامەک"، لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکە لە سەرەتا تا کۆتایی باسی مێژووی ئەو دەستەیەی کوردە مادەکان دەکات کە لە نزیکەی ٨٥٠ ساڵ پێش زاین، پاش دروستبوونی سەڵتەنەتی ماد، هاتوونەتە ئەم ناوچانە و تێیدا نیشتەجێ بوونە. ئەم دەستەیەی کوردە مادەکان لە تیرەکانی: "زەنگەنە"، "براخوێی"، "ماملی"، "ئەدرەگانی" و "کرمانی" پێک هاتبوون و بۆ یەکەم جار بە هاوەڵی پاشای ماد، کەیقوبادی کوردی ماد هاتنە ناوچەکانی "زەرەنگ" (زەرەنج)، "توران" و "مەکران".

باسی کوردە زەنگەنەکان

کوردی "زەنگەنە" لەو بەشەی کوردن کە بە کوردی "ڕۆهەلاتی" دەناسرێن و ناوبانگیان دەرکردووە. کوردی ڕۆهەلاتیش ئەو دەستەیەی کوردن کە لە ڕۆهەلاتەوە هاتنە "ماد" و لێرەوە بەرەو باشوور و ڕۆئاوا کۆچیان کرد و لە ناوچەی ئەم سەردەمە کە بە "کوردستان" دەناسرێ نیشتەجێ بوون. بەپێی مێژووی کۆن، دەستەی ڕۆهەلاتی کە بە "ماد" دەناسرێن لە حەوت تیرە: "پارتاسنی"، "بوز"، "ئەستروشات"، "ئاری زانت"، "بودی"، "ماژ" و "دیلمان" پێک هاتوون. تیرەی بودی لەگەڵ ڕەوتی سەردەم بەسەر دوو تیرەی "زەنگەنە" و "براخوێیی"دا دابەش بوو کە لە دوو کوڕی "بود": "زەنگان" و "براخم"ەوە سەرچاوەیان گرت و بە بۆنەی ئەوانەوە نەوەکانیان بە "زەنگەنە" و "براخوێیی" ناوبانگیان دەرکرد.

ڕیشەی زەنگەنە بەم چەشنە دەست پێ دەکات: حەزرەتی نوح سڵاوی لێ بێ، یافس، کومەر، تورک، خەزەر، کارداک، بوغاز، میتان، ئارین، گیوەر، رودین، سور، دەخوو، بولگار، پشدەر، تێرحان، شود، غوران، مادی گەورە، چەرکەش، راسن، زەنگان، دراج، حەکار، [خۆشناو، زاران، ساسون، سەنجار، شکاک، شوهان]، گورەک، وان، میران، سوبار، پازو، کاد، گاور، مەنگور، تاگاز، جیگ، مادی بچووک.

مادی بچووک حەوت کوڕی هەبوو کە ناوەکانیان بەم چەشنەیە: پارتاسن، ئەستروشات، ئاری زانت، بوز، ماژ، بود و دیلمان. بود دوو کوڕ: زەنگان و براخمی لە پاش بەجێ ما. ڕیشەی بنەچەی زەنگان کە لە دوایی بە تیرەی زەنگەنە ناسران بەم شێوەیە: مادی بچووک، بود، زەنگان، تور، غدیر، شەبان، کولک، سەلدوز، دلفان، ئارین، باشمان، راسن، گیل، کوساد، پازو، زینل، شوهان، زاخو، رشوان، رامین، سەوید، نەدران، سابول، حورموز، باجەل، خانی، دیزە، زرکان، شوانک، کازان، فرکی، مەرزەک، باکیل، پاتاک، برسان، فیروز، ئیسپیبود، کورنگ، بورگان، مەهران، نوجەهان، سیامەک، بیدار، فەرهاد، سیاوش، وەندان، نوزەر، شاهمیر، بیسوت، مەهران، بەدلیس، مەردان، روان شێر، ئیزبوک، بەهرام، شێربورز، بوراک، مهران، ڕۆستەم، تیرداد، گودورز، رەسان، کوباد، گرشاسپ، سەلەم، سەران، شاگان، بەیکەر، تیرداد، ئەورام، سەوید، خەلەف، بەکر، سەعید،

عیسا، عوبەید، توراب، ئابان، ئەحمەد، باشار، حەکەم، مەهران، موعین، جابر، برسان، سیراج، حارس، سەنان، ئەحمەد، یول بێگ، ئەیبەک، بەهمەن، مەلیک، شاهبێگ، بەهادور، سەنجەر، عیسا، یەعقوب، عومران، عوسمان، قەیسەر، خەلەف، حەبیب، لەیس، مستەفا، ئەحمەد، موبارەک، موسا، مەحموود، داود، سلێمان، سالّح.

کاتێک کەیقوباد فەرمانڕەوای ماد و فارس میرنشینی زابلستانی دا بە کورده زەنگەنەکان، میر "سەوید" سەرۆکی تیرەی زەنگەنە بوو و بنەماڵەکەی تا سەردەمی هاتنی ئەسکەندەر پاشای ولایەتی "مەقدۆنیا"ی یۆنان لە زابلستان فەرمانڕەواییان کردووە. دوای میر سەوید، کوڕەکەی، "نەدران، کوڕەکەی، سابول، کوڕەکەی، حورموز، کوڕەکەی، باجەل، کوڕەکەی، خانی، کوڕەکەی، دیزە، کوڕەکەی، پاتاک و کوڕەکەی، برسان یەک لە دوای یەک لەسەر تەختی زابلستان فەرمانڕەواییان کردووە. درێژەی مێژوو و سەردەمی ئەم سەرۆکانەی کورده زەنگەنەکان لە سەردەمی هێرش و شالاوی میر تەیموور گورگان، لە سالّی ٧٨٥ی کۆچیدا لەناو چوونە. لەبەرئەوە، لەم بارەیەوە هیچ سەرچاوە و نووسراوێکمان لە بەردەستدا نییە کە بتوانین لە ڕوویانەوە درێژەی بارودۆخیان باس بکەین. هەڵبەتە، ئەوەندە دەزانین کە لە سەردەمی داگیرکردنی فارس، "ئەسکەندەری مەقدۆنی" کاتێ بە شوێن "دارا"دا دەگەڕا و ڕووی کردە ولایەتەکانی ڕۆئاوا، میر برسان میری ولایەتی زابلستان بوو و جگە لە گوێڕایەڵبوونی دەسەلاتی ئەسکەندەر هیچ چارەیەکی تری بۆ نەما. ئەسکەندەریش بە خەلاتی گرانبایی نەوازشی لەگەڵ کرد و لەسەر فەرمانڕەواییی زابلستانی هێشتەوە و بە هاوکاریکەری خۆی هەژمارد. مێژوونووسە یۆنانییەکان ناوچەی زابلستانیان بە "زەرەنگیانا" کە لە "زەرەنگ"ەوە وەرگیراوە ناساندووە.

ئەسکەندەر لە سالّی ٣٢٣ی پێش زاین، هاتەوە "بابل" و هەر لەوێش کۆچی دواییی کرد. دوای مردنی ئەو، لە نێوان سەرلەشکرەکانی کێشە و دژایەتی و پێکدادانێکی زۆر لەسەر جێنشینی ئەو بەرپا بوو و لە ئەنجام سەڵتەنەتە پان و بەرینەکەیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد. بەشی ڕۆهەڵاتی سەڵتەنەتەکە کە لە ماد و پارس پێک هاتبوو، درایە دەستی سەرلەشکر "سیلوکوس" . سیلوکوس و بنەماڵەکەی، میر برسان و نەوەکانیان لەسەر میرنشینی زابلستان هێشتەوە. بۆیە

دوای میر برسان، کوڕەکەی، فیروز، کوڕەکەی، ئیسپیبود، کوڕەکەی، کورنگ و کوڕەکەی، بورگان یەک لە دوای یەک لەسەر تەختی زابلستان فەرمانڕەواییان کردووە و بە هۆی کرداری دادپەروەرانەیان بەناوبانگ بوونە.

پاشان میر "ئەشک" دەسەلاتداری "بەلخ"، کە یۆنانییەکان بە "باختریا" ناویان بردووە، لە ساڵی ٢٤٥ی پێش زاین، بناخەی فەرمانڕەواییی خۆی دامەزراند و بنەماڵەکەی بە ناوی "ئەشکانی" بەناوبانگ بوون. کوڕەزای میر ئەشک، "تیردادی یەکەم" پاشماوەی ناوچەکانی سەڵتەنەتی ماد و پارسی داگیر کرد و هێنایە ژێر ڕکێفی دەسەلاتداریی خۆی. بەمجۆرە، زابلستانیش هاتە ژێر دەسەلاتی ئەشکانییەکان و فەرمانڕەواییی کورده زەنگەنەکان لە زابلستان کۆتاییی پێ هات. هۆی ئەمەش ئەوە بوو کە لە سەردەمی فەرمانڕەواییی پاشای ئەشکانی "مەهردادی یەکەم"دا، هەندێ لە میرەکان ئالای یاخیبوونیان بەرز کردبووەوە و دژایەتییان دەکرد. دوای تێکشکانی ئەم شۆڕشانە، بارودۆخی فەرمانڕەوایە گوێڕایەڵ و ژێردەستەکان گوماناوی بوو و مەهردادی یەکەم فەرمانڕەوای ولایەتە دوورەکان و دەسەلاتداره خۆماڵییەکانی لەسەر کار لادا و لە جێگەی ئەوان شازاده ئەشکانییەکانی دامەزراند. لەبەر ئەم هۆکاره، فەرمانڕەواییی بورگانی کوردی زەنگەنەش لە زابلستان کۆتاییی پێ هات و شازادەیەکی ئەشکانی، "سناربار" هاتە سەر تەختی ولایەتەکە و زنجیرەی فەرمانڕەواییی ئەو و بەرەکەی لە زابلستان دەستی پێ کرد. بەم شێوەیە، دوای کۆچی دواییی سناربار، کوڕەکەی، گوندوس هاتە سەر تەختی میرنشینی. دوای کۆچی دواییی ئەویش، کوڕەکەی، گودا دەسەلاتی میرنشینی گرتە دەست. بەم چەشنە، دوای "گودا"ش، ئەرشم، هۆشەنگ، سناربارى دووەم و گرشاسپ یەک لە دوای یەک تا کاتی هاتنی تورکە "کۆشانی"یەکان، لەسەر تەختی میرنشینی زابلستان فەرمانڕەواییان کردووە.

باسی کورده براخۆییەکان

کورده براخۆییەکان یەکێ لەو تیرە گەورانەی کوردن کە لە سەرتاسەری دنیا شێوازی شەڕی و ولاتگیرییان وەکو تیرەکانی تری کورد ناوبانگی دەرکردووە و تەنانەت خامەی " بۆنی عەنبەر"یش لە نووسین و ستایشی خەسڵەتی چاکیان زیز و دەستەمۆیە. کورده براخۆییەکان لە دەوروبەری ساڵی ٨٥٠ی پێش زاین، پاش

دروستبوونی سەڵتەنەتی مادە کوردەکان لە ماد و پارس کە لە دواییدا بە ناوی سەڵتەنەتی ماد و پارس ناوبانگی دەرکرد، بۆ یەکەم جار بە پشتیوانیی کەیقوباد پاشای مادە کوردەکان پایان نایە سەر خاکی "بەلوچستان" و دەسەڵاتداریی ئەو سەرزەوییەیان هێنایە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان. پاش نیشتەجێبوونیان لەو ناوچانەدا، لەلایەن ئەو خەڵکانەی کە بەر لە هاتنی ئەوان لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوون، بە "کوردگال" ناسران، ئەمەش بە مانای "ئەوانەی بە کوردی دەپەیڤن" دێت. هەر بۆیە سەرەتا ئەم تیرەی کورد بە "کوردگال" ناوبانگیان دەرکرد.

بنەچەی کورد براخۆییەکان بەم شێوە ی خوارەوەیە:

گێڕەوە ئاینییەکان دەگێڕنەوە کە دوای تۆفانی نوح سڵاوی لێ بێ، سێ کوڕەکەی: حام، سام و تافس لە گێژەن ڕزگاریان بوو و هەموو مرۆڤی دنیا بە نەوەی ئەم سێ کوڕەی پەیامبەر نوح سڵاوی لێ بێ دەزانن. دەڵێن نەژادی ئەم سێ کوڕە لە دواییدا ئەوەندە زۆر بووە کە بۆ گوزەرانیی ژیان بە هەموو پەنا و قوژبنێکی دنیادا بڵاو بوونەوە. یەکەم جار ڕوویان کردە ناوچەکانی باکوری ڕۆهەڵاتی گردایی زەوی و لەوێ نیشتەجێ بوون و پاشان هەندێکیان بەرەو خوارووو کۆچیان کرد و لە ناوچەی ئەم سەردەمەیان نشینگەیان دامەزراند. حەزرەتی یافس هەشت کوڕی هەبوو و یەکێکیان ناوی کومەر بوو. زنجیرەی بنەچەی کورد لە کومەرەوە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

یافس، کومەر، تورک، خەزەر، کارداک، بوغاز، میتان، ئارین، گیوەر، رودین، سور، دەخوو، بولگار، پشدەر، تێرحان، شود، غوران، مادی گەورە، چەرکەش، راسن، زەنگان، دراج، حەکار، خۆشناو، زاران، ساسون، سەنجار، شکاک، شوهان، گورەک، وان، میران، سوبار، پازو، کاد، گاور، مەنگور، تاگاز، جیگ، مادی بچووک.

مادی بچووک حەوت کوڕی هەبوو، واتە: پارتاسن، ئەستروشات، ئاری زانت، بوز، ماژ، بود و دیلمان. لەم حەوت کوڕەی مادی بچووک، حەوت تیرەی کورد دروست بوو و هەریەکەی بە ناوی باپیرە گەورەی خۆیەوە ناسرا. ئەم تیرانەی کورد بە "کوردی ڕۆهەڵاتی" دەناسرێن، لەبەرئەوەی ئەوان لەلای ڕۆهەڵاتەوە هاتوونەتە [ماد] و فارس.

کورده براخۆییەکان لە نەوەی "بود"ن و بنەچەکەیان دوای بود بەم شێوەیە: بود، براخمی گەورە، جاگین، پوران، حوتان، دوسەک، ئاروک، زوراک. براخمی بچووک باپیرە گەورەی هەشت تیرەی "براخۆیی"یە. لە زمانی کوردیدا "براهیم" بە "براخم" بێژە دەکرێ، لەبەرئەوە نەوەکانی برخم بە "براخۆیی" ناسران. براخمی بچووک هەشت کوڕی هەبوو کە ناوەکانیان بەم شێوەیە: کیکان، گۆران، سارون، غوز، مشکان، ئەرمیل، بۆلان و گریشکان. لەگەڵ ڕەوتی سەردەم نەژادی کوڕەکانی براخمی بچووک ئەوەندە زۆر بوون کە هەشت تیرەی جیایان لە براخۆییەوە دروست کرد و هەر تیرەیەک بە ناوی باپیریەوە ناسرا و ناوبانگی دەرکرد. بەم شێوەیە نەوەی کیکان بە کیکانی، نەوەی گۆران بە گۆرانی، نەوەی سارون بە سارونی، نەوەی غوز بە غوزداری، نەوەی مشکان بە مشکانی، نەوەی ئەرمیل بە ئەرمیلی، نەوەی بۆلان بە بۆلانی و نەوەی گریشکان بە گریشکانی ناسرا.

کوردی براخۆیی وەکو تیرەکانی تری کورد لە "ماد" ژیانیان دەبردە سەر و سەرەتا لە سەردەمێکی نادیار واتە چەند هەزار پێش زاین هاتوونەتە ئەو ناوچانەی کە کەوتووەتە باشووری ماد و بە "کوردستان" دەناسرێت. کیکان کوڕی هەرە گەورەی براخمی بچووک بوو، لەبەرئەوە پلەی سەرداری و سەرۆکایەتیی کورده براخۆییەکان لای کیکان بوو. ڕیشەی هەشت کوڕی براخمی بچووک بەم شێوەی خوارەوەیە:

ا- کیکان، زوراک، سەنگین، ئارین، پندران، داخور، زیبار، ئومران، سەنگین، خومان، کیکان.

ب- گۆران، شیدان، باشمان، دلوت، زینل. تەکش، کاش، شیدان، کوساد، باشمان، گۆران.

پ- سارون، زیدەک، باشوک، کورتی، لاسین، مامش، دوسەک، سارم، باسیر، داخور، زاخو.

ت- غوز، ئەورام، راسن، دوغان، کاتێن، گیوەر، غوز، گوروس، ماهەک، روچاپ، مهران.

ج- مشکان، ئەیلە، ئوکی، مشک، ئەیلە، باشار، مرداس، گیلەک، توراب، کویان، مشکان.

چ- ئەرمیل، مەرزەک، زروان، کویان، مەنگور، سابول، مەرزەک، زروان، کاش، شاول، ئەرمیل.

ح- بۆلان، زینل، بوزیک، کازان، مەلیل، کارچی، شاگان، شوهان، کرماج، بوزیک، بۆلان.

خ- گریشکان، بەروز، باسیر، گیژ، بولاک، بەروز، گریشکان، کرەجک، ماخان، چرموک، لەرزین.

دەوڵەتی ماد

کاتێ "گرشاسپ" دوا پاشای بنەماڵەی پیشدادییەکان دنیای فانیی بەجێ هێشت، وڵاتی ماد و پارس دووچاری باری شڵەژاوی و بێهێزی و پاشاگەردانی بوو. ئەم بارودۆخە بووە هۆی پەشۆکاوی و ترسانی سەرۆک هۆزەکانی ماد و پارس. لە ئەنجام، هەموو سەران و سەرداران و ریشسپییەکان لە دانیشتنێکدا کۆ بوونەوە و دوای ڕاوێژکاری لەناو خۆیاندا بە گشتی بڕیاریان دا کە کەیقوبادی کوردی ماد کە سەرۆکی گشتیی هۆزەکانی ماد بوو، لە جێگەی گرشاسپ لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی جێنشین بکەن.

بەم شێوەیە، کەیقوباد لە ساڵی ٨٥٣ی پێش زاین، هاتە سەر تەختی ماد و پارس. لەو کاتەدا، کوردە براخۆییەکان بە تیرەیەکی بەهێز و ئازای کورد دەژمێردرا و میر کیکان وەکو سەرۆکەکانی تری کورد، سەرۆکی گەورەی هۆزەکەی واتە کوردی براخۆیی بوو و لەگەڵ حەوت سەرۆکی تری تیرەکانی کوردی براخۆیی، واتە: میر گۆران گۆرانی، میر زاخو سارونی، میر مەهران غوزداری، میر مشکان مشکانی، میر ئەرمیل ئەرمیلی، میر بۆلان بۆلانی و میر لەرزین گریشکانی، هەموو کات بۆ هاوکاریی کەیقوبادی پاشای ماد ئامادەساز بوون و لە ئیشوکاری سەڵتەنەتەکەدا، یارمەتی و هاوەڵییان دەکرد.

شەڕی نێوان ماد و توران

ئەفراسیاب پاشای توران لە ڕووی میراتەوە خۆی بە میراتگری ڕەوای سەڵتەنەتی پیشدادییەکان کە لە ماد و پارس پێک هاتبوو دەزانی و زۆری پێ قەڵس بوو کە کەیقوبادی کوردی ماد بە فەرمانڕەوای ماد و پارس هەڵبژێردراوە. هەر بۆیە،

ئالآی دژایەتیکردنی بەرز کردەوە و لە ئاکامدا شەڕی توران لەگەڵ ماد دەستی پێ کرد. کەیقوبادیش کاتێ دەسەڵاتی فەرمانڕەواییی گرتە دەست، بەر لە هەموو شتێک بۆ لەناوبردنی ئەفراسیاب بەڕێ کەوت و لە یەک شەڕدا توانی شکستی پێ بدات و ئەفراسیاب داوای ئاشتی بکات. دوای ئاشتی، کەیقوباد لە تەک سەربازەکانی لە "بەلخ" پایەتەختی سەڵتەنەتی تورانەوە گەڕایەوە ماد.

لەم شەڕەدا، هەموو تیرە و هۆزەکانی کورد هاوکاری و هاوەڵیی کەیقوبادیان کرد. کاتێک کەیقوباد گەیشتە "زەرەنگ"، فەرمانی بە سەرۆکەکانی کوردە "براخۆیی"یەکان دا هێرش بەرنە سەر ولایەتی توران و سەرۆکەکانی کوردە "ئەدرەگانی" و "مەملی" و "کرمانی"یەکان هێرش بەرنە سەر ولایەتی مەکران و بە زەبری شمشێر داگیریان بکەن. ئەم دوو ولایەتە هەردووکیان لە ولایەتەکانی ولآتی توران بوون.

پاش ئەوەی ئەم سەرۆکانەی باسمان کردن ئەم ولایەتانەیان داگیر کرد و سەرکەوتن و کامەرانییان بەدەست هێنا، کەیقوباد میرنشینی تورانی دا بە میر کیکان براخۆیی و میرنشینی مەکرانی دا بە میر ئەیلە ئەدرەگانی. کوردە براخۆیی و ئەدرەگانییەکان تا ڕووخانی سەڵتەنەتی دەستەی ماد لەم ولایەتانە فەرمانڕەواییان دەکرد.

دەستەی کوردە مادەکان تا شەش پشت لەسەر تەختی سەڵتەنەتی ماد و پارس فەرمانڕەواییان کرد کە ناوەکانیان بەم چەشنەیە: کەیقوباد، کەیکاووس، توس کە بە "کەیخەسرۆ"ش ناسراوە، فەریبورز، کواکسار و ئازدیاک.

سەرۆکە هاوچەرخەکانی

تیرەکانی کوردی براخۆیی و پاشاکانی ماد

کەیقوباد یەکەم پاشای بنەماڵەی ماد بوو و لە سەردەمی سەرەتاییی فەرمانڕەواییەکەدا، ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی بوون: میر کیکان کیکانی، میر گۆران گۆرانی، میر زاخو ساروونی، میر مهران غوزداری، میر مشکان مشکانی، میر ئەرمیل ئەرمیلی، میر بۆلان بۆلانی و میر لەرزین گریشکانی.

بەپێی ئەوەی کەیقوباد تەمەنی درێژ بووە، سەردەمی فەرمانڕەواییەکەیشی لە ماوەیەکی دوور و درێژ پێک هاتووە. بۆیە، لە دوا سەردەمی فەرمانڕەواییەکەیدا ئەم میرانەش لە تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی بوون: میر زوراک کیکانی، میر کرەجک گۆرانی، میر سەلدوز ساروونی، میر کیتون غوزداری، میر مرداس مشکانی، میر مشکان ئەرمیلی، میر باجەل بۆلانی و میر تادی گریشکانی.

دوای ئەوەی کەیقوباد کۆچی دواییی کرد، کوڕەکەی، کەیکاووس هاتە سەر تەختی سەلْتەنەت و ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی بوون: میر وشتاب کیکانی، میر شادین گۆرانی، میر شاگین ساروونی، میر کاشک غوزداری، میر کرەجل مشکانی، میر خومان ئەرمیلی، میر پوران بۆلانی و میر زیدان گریسکانی. کەیکاووس بە وەجاخ کوێری کۆچی دواییی کرد، لەبەرئەوە هۆزەکانی کوردی ماد "توس"ی کوڕی فەریبورزیان بە سەرۆکی گشتیی سەلْتەنەتی ماد هەلْبژارد. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی ئەو بوون: میر زگرین کیکانی، میر کاش گۆرانی، میر سابول ساروونی. میر کیچان غوزداری، میر گلّباگ مشکانی، میر کلەجک ئەرمیلی، میر خومان بۆلانی و میر بروش گریشکانی.

دوای ئەوەی توس دنیای فانیی بەجێ هێشت، کوڕەکەی، "فەریبورز" هاتە سەر تەختی سەلْتەنەت. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی بوون: میر زیبار کیکانی، میر رامین گۆرانی، میر سورچن ساروونی، میر مانور غوزداری، میر توراب مشکانی، میر کرماج ئەرمیلی، میر کیتون بۆلانی و میر پازو گریشکانی. فەریورز لە شەڕی "ئاشووری"یەکاندا کوژرا. پاشان سەرانی کورد "کواکسار"یان هێنایە سەر تەختی فەرمانڕەوایی کە پێنجەمین پاشای بنەماڵەی کوردە مادەکان بوو لەسەر تەختی فەرمانڕەواییی ماد و پارس فەرمانڕەوایی بکات. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی بوون: میر براخم کیکانی، میر بوغاز گۆرانی، میر مانی ساروونی، میر گاور غوزداری، میر مانور مشکانی، میر گورەن ئەرمیلی، میر ترمان بۆلانی و میر تاپین گریشکانی.

دوای ئەوەی کواکساریش کۆچی دواییی کرد، کوڕەکەی، "ئازدیاک" هاتە سەر تەختی سەلْتەنەتی ماد کە دوا پاشای بنەماڵەی کوردە مادەکان بوو و بە هۆی لێنەهاتوویی تەختەکەی لە دەست دا. ئەم تیرانەی کوردی براخۆیی هاوچەرخی

بوون: میر گۆران کیکانی، میر راسن گۆرانی، میر شوهان سارونی، میر مهران غوزداری، میر بەیکەر مشکانی، میر کوساد ئەرمیلی، میر حەکار بۆلانی و میر خیزان گریشکانی.

ڕووخانی فەرمانڕەواییی بنەماڵەی کوردە مادەکان

بنەماڵەی ماد لە ماد و پارس نزیکەی ٣٠٠ ساڵ فەرمانڕەواییان کرد. کەیقوباد بناخەی سەڵتەنەتەکەی دامەزراند و کەیکاووس، توس، فەریبورز و کواکسار پلە و پایە و مەزنایەتیی ولاتەکەیان بە لووتکە گەیاند. بەڵام ئازدیاک بووە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتی بنەماڵەکە. ئەمەش لەبەرئەوەی کەسێکی لێنەهاتوو و بێهێز بوو و نەیدەتوانی ئیشوکاری سەڵتەنەتەکە بەڕێوە ببات. لەگەڵ ئەوەشدا، ستەمکاری و ئازاردانی خەڵکی بە بەشێک لە ڕابواردنی خۆی دەزانی. خەڵک بە دەستییەوە دەیان نالاند و خۆشیان نەدەویست. بە بینینی ئەمە، میران و سەردارانی ماد و پارس لەگەڵ یەکتردا ڕاوێژیان کرد و بڕیاریان دا ئازدیاک لەسەر کار لابەرن و لەبەرئەوەی ئازدیاک هیچ کوڕی نەبوو بە "کوورش"ی هەخامەنشی کە کچەزای ئازدیاک بوو پێوەست بوون.

بەم شێوەیە، دەوڵەتی ماد کە بە هۆی هەنگاو و کردەوەکانی کواکسار بەوپەڕی شکۆمەندی و دەسەڵات گەیشتبوو ئازدیاکی جێنشینی نەیتوانی خۆی بە شایانی ئەم هەموو مالّ و داراییە بسەلێنێ. بۆیە ستەمکارییەکانی ورده ورده لە ڕادەبەدەر چوو، سەرۆکەکانی سوپاش دڵیان لێ سارد بووەوە. لە ئەنجام، لەبەرئەوەی ئازدیاک کوڕی نەبوو، کوورشی هەخامەنشییان هێنایە سەر تەختی ماد.

بنەماڵەی هەخامەنشییەکان

"هەخامەنش" یەکەم پاشای زنجیرەی پاشایەتیی بنەماڵەی هەخامەنشییەکان بوو و بە هۆی ناوی ئەوەوە بنەماڵەکەی بە ناوی "هەخامەنشی" ناوبانگی دەرکرد. لە سەرەتا، ئەم بنەماڵەیە لە "پارس" پاشایەتییان دەکرد و باجدەری دەوڵەتی ماد بوون. لە سەردەمی پاشایەتیی ئازدیاکدا، "کەمبوجی"ی هەخامەنشی فەرمانڕەوای پارس بوو کە ئازدیاک کردی بە زاوای خۆی و لەم نێوانەدا کوڕێک چاوی بە دنیا

هەڵهێنا کە ناوی "کوورش"یان لێ نا.

لەو کاتەدا، وەزیری ئازدیاک، "ئەرپاک"، بینی کاروباری ولاتەکەی بەرەو ڕووخان دەچێت و لە ئازدیاک پارایەوە و داوای لێ کرد کاروباری سەڵتەنەتەکە بهێنێتەوە سەر باری ئاسایی. بەڵام ئەو مرۆڤێکی نەشیاو بوو، هەموو کات خەریکی ڕابواردن و یاری بوو و هۆشی نەدەدایە کاروباری ولاتەکە. ئەرپاکیش دڵی لێی ڕەش بوو و خۆی لە بەرهەڵستکارەکانی ئازدیاک نزیک کردەوە. لە ئەنجام، سەران و میران و گەورانی کوردی ماد و پارس لە دانیشتنێکی تایبەتدا بە ئیمزای خۆیان نامەیەکی نهێنییان بۆ کوورش کوڕی کەمبوجی و نەوەی ئازدیاک نووسی و تێیدا بۆ فەرمانڕەواییکردنی ماد و پارس بانگهێشتنیان کرد. لە نامەکەدا پێیان ڕاگەیاند کە بە سوپایەکی بچووکەوە خۆی بگەیەنێتە نزیکی "ئەکباتان" پایەتەختی ماد، بۆ ئەوەی لەشکری کوردەکان بەگەڵی بکەون و پاشان لەسەر تەختی پاشایەتیی دابنێن.

کاتێک ئازدیاک ئاگەداری ئەم هەواڵە بووەوە، زۆر تووڕە بوو و خۆی بە لەشکرێکی زۆرەوە بەرەو پایەتەختی کوورش کەوتە ڕێ. شەڕێکی سەخت لە نێوان هەردوولا دەستی پێ کرد، بەڵام ئازدیاک هەر لە سەرەتای شەڕەوە شکستی خوارد و گرتیان. بەم شێوەیە، دەوڵەتی ماد ڕووخا و پاشایەتیی ماد و پارس لە مادەکانە و هاتە دەست هەخامەنشییەکان و زنجیرەی فەرمانڕەواییی هەخامەنشی لەسەر وڵاتی ماد و پارس دەستی پێ کرد.

هەڵسوکەوتی هەخامەنشییەکان لەگەڵ کوردە مادەکان

دوای ئەوەی کوورش دەسەڵاتی سەڵتەنەتی ماد و پارسی گرتە دەست، بەپێی ئەوەی دایکی کورد بوو و پێوەندیی خوێنی لەگەڵ کوردەکاندا هەبوو، پێوەندیی دۆستانە و برایانەی لەگەڵ کوردەکانی ماد بەست. لەمەش زیاتر، کوردەکانی بە قۆڵ و بازووی بەهێزی خۆی سەیر دەکردن، پلە و پایەی بەرزی شایانەی دایە کەسانی بنەماڵەی پاشاییی ماد و شازادەکانی مادی لەناو سوپای خۆیدا بە پلەی سەرداری بەرز ڕاگرت. هەروەها، کچە پووری خۆی واتە کچی "ئەریتما"ی زاوای ئازدیاکی بە ژن خواست.

جگە لەمانە، کوورش هەموو شێوە ڕێکخراوەییەکانی مادی وەکو خۆیان هێشتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی هەست و بیری بێگانەیی و جیاوازی لە نێوان کوردە مادەکان و هەخامەنشییەکاندا پەیدا نەبێت. هەروەها، ڕێز و نەوازشی لە سەران و سەردارانی ماد گرت و پلەی زۆربەیانی بەرز کردەوە. لەم نێوانە، دانی فەرمانڕەواییی کوردە براخۆییەکان لە توران و کوردە ئەدرەگانییەکان لە مەکران نا. بەم شێوەیە، دووەم سەردەمی فەرمانڕەواییی کوردە براخۆیی و ئەدرەگانییەکان لە توران و مەکران دەستی پێ کرد و تا کاتی دەست بەسەرداگرتنی "دارا" لەلایەن "ئەسکەندەر"ەوە، دەوامی هەبوو.

سەرۆکە هاوچەرخەکانی

تیرەکانی کوردی براخۆیی و پاشاکانی هەخامەنشی

کوورش بناخەی سەڵتەنەتی هەخامەنشیی لە ماد و فارس دانا. ئەو ئەم سەڵتەنەتەی لە ئەنجامی هاوکاریی کوردە مادەکان بەدەست هێنابوو، لەبەرئەوە نەوازش و ڕێزی لە سەران و میرەکانیان گرت. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی کوورشی گەورە یەکەم پاشای هەخامەنشییەکان بوون: میر زرشان کیکانی، میر ناگان گۆرانی، میر نێرمان سارونی، میر شیشار غورداری، میر گورگین مشکانی، میر باهور ئەرمیلی، میر بوغا بۆلانی و میر سەمبان گریشکانی.

پاش کۆچی دواییی کوورش، کوڕەکەی، کەمبوجی هاتە سەر تەخت و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی بوون: میر زرشان کیکانی، میر ناکان گۆران، میر نێرمان سارونی، میر شیشار غورداری، میر گورگین مشکانی، میر باهور ئەرمیلی، میر بوغا بۆلانی و میر سەمبان گریشکانی.

دوای مردنی کەمبوجی، "دارا" بووە پاشا و ئەم میرانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی بوون: میر زوراک کیکانی، میر دوج گۆرانی، میر هینار سارونی، میر کاشک غوزداری، میر بولور مشکانی، میر ئاماچ ئەرمیلی، میر دەرنیل بۆلانی و میر زیدەک گریشکانی. دوای مردنی، کوڕەکەی، "خشایارشا"

بووە جێنشینی و ئەم میرانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی بوون: میر ئەرجان کیکانی، میر چرموک گۆرانی، میر کابو ساروونی، میر دیلەم غوزداری، میر توتک مشکانی، میر کەمبیل ئەرمیلی، میر خیزان بۆلانی و میر پیلار گریشکانی.

دوای کوژرانی، خشایارشا، کوڕەکەی، "ئەردەشێری یەکەم" هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی و ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی بوون: میر شاموز کیکانی، میر کازان گۆرانی، میر مرداس ساروونی، میر خەرزان غوزداری، میر دوغان مشکانی، میر باسیر ئەرمیلی، میر مشکان بۆلانی و میر ماخان گریشکانی. دوای ئەوەی ئەردەشێری یەکەم دنیای فانیی بەجێ هێشت، کوڕەکەی "خشایارشای دووەم" هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی کە تەنیا چل و پێنج ڕۆژی ڕەبەق پاشایەتیی کرد، لەبەرئەوەی برای خۆی ئەوی کوشت. بەمجۆرە، لە جێگەی ئەو، "دارای دووەم"ی برای هاتە سەر تەخت. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی ئەم دوو پاشایەی هەخامەنشییەکان بوون: میر براخم کیکانی، میر زینل گۆرانی، میر ریگان ساروونی، میرکوساد غوزداری، میر کاتین مشکانی، میر بولاک ئەرمیلی، میر سیکران بۆلانی و میر سارم گریشکانی.

دوای ئەوەی دارای دووەمیش کۆچی دواییی کرد، کوڕەکەی، "ئەردەشێری دووەم" هاتە سەر تەختی فارس و ئەم میرانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی بوون: میر سابول کیکانی، میر گۆران گۆرانی، میر کیتون ساروونی، میر مشکان غوزداری، میر زروان مشکانی، میر ئەورام ئەرمیلی، میر ساسون بۆلانی و دارون گریشکانی. دوای مردنی ئەردەشێری دووەم، کوڕەکەی، "ئەردەشێری سێیەم" هاتە سەر تەخت. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی بوون: میر نورگان کیکانی، میر مهران گۆرانی، میر باشوک ساروونی، میر بیفل غوزداری، میر بوزیک مشکانی، میر ئوکی ئەرمیلی، میر کەلغل بۆلانی و میر نوغێ گریشکانی. ئەم میرانەی تری تیرەکانی کوردی براخۆیی لە دوا سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەردەشێری سێیەم هاوچەرخی بوون: میر کیانوش کیکانی، میر گیشتار گۆرانی، میر ئیناخ ساروونی، میر زەرین ئەرمیلی، میر لاکور بۆلانی، میر بلباس گریشکانی، میر کرەجل غوزداری و میر براخم مشکانی.

"باگواس" که کەسێکی خەسێنراو بوو، ژاری دەرخواردی ئەردەشێری سێیەم دا و دوای کوشتنی، هەر لە بنەماڵەی هەخامەنشییەکان پیاوێکی بە ناوی "کدمان" بە نازناوی "دارای سێیەم" هێنایە سەر تەختی فەرمانڕەوایی. ئەم میرانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی بوون: میر کیکان کیکانی، میر روشی گۆرانی، میر جاگین سارونی ، میر شادین غوزداری، میر راسن مشکانی، میر نورگان ئەرمیلی، میر بەروز بۆلانی و میر ئاچاک گریشکانی.

ڕووخانی فەرمانڕەواییی هەخامەنشییەکان

کوورشی مەزن دوای تەختنشینبوونی، بنەماڵەکەی بە ناوی هەخامەنشییەوە ناوبانگی دەرکرد. ئەم بنەماڵە پاشاییە تاکو نۆ پشت فەرمانڕەواییان کرد و ناوی پاشاکان بەم چەشنەیە: کوورشی گەورە، کەمبوجی، دارای یەکەم، خشایارشای یەکەم، ئەردەشێری یەکەم، خشایارشای دووەم، دارای دووەم، ئەردەشێری دووەم و ئەردەشێری سێیەم.

پاشاکانی هەخامەنشی توانییان سەڵتەنەتەکەیان زۆر بەرین بکەنەوە و ناوبانگی زۆر دەربکەن. لەگەڵ یۆنانییەکاندا هەموو کات لە شەڕدا بوونە. "فیلقوس" فەرمانڕەوای ولایەتی "مەقدۆنیا" کە یەکێ لە فەرمانڕەوا خۆماڵییەکانی ولایەتەکانی یۆنان بوو، هاوکار و هاوسەرۆکەکانی لەگەڵ خۆی هاودەنگ کرد و یەکەتی و تەباییی پەرە پێ دا و ویستی شەڕ لەگەڵ هەخامەنشییەکان دەست پێ بکات. بەڵام خۆی لە ساڵی ٣٣٧ی پێش زاین لە شەڕێکی ناوەخۆی یۆناندا کوژرا. پاشان کوڕەکەی، ئەسکەندەر لە جێگەی ئەو هاتە سەر تەختی مەقدۆنیا و لەگەڵ وڵاتی پارس شەڕی دەست پێ کرد و سەرکەوتن و کامەرانیی بەدەست هێنا.

"دارای سێیەم" دوا پاشای بنەماڵەی هەخامەنشییەکان دوای شکست خواردن بەدەستی ئەسکەندەر، لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر ڕای دەکرد و ئەسکەندەری مەقدۆنیش بەردەوام بەدوایەوە بوو. لە ئەنجام، دارا میر و هاوکارەکانی خۆی لێی بێزار و دڵتەنگ بوون و بۆ ئەوەی لە دەست ئەسکەندەر ڕزگاریان بێت خۆیان بە کوشتیان دا. بەم چەشنە، ئەسکەندەر سەڵتەنەتی فارسی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی و فەرمانڕەواییی بنەماڵەی هەخامەنشییەکان کۆتاییی پێ هات.

هاتنی ئەسکەندەری مەقدۆنی

ئەسکەندەر دوای کۆچی دواییی فیلقوسی باوکی، هاتە سەر تەختی ولایەتی مەقدۆنیا کە یەکێ لە ولایەتەکانی یۆنان بوو. سەرەتا ولایەتەکانی دەوروبەری هێنایە ژێر دەسەلاتی خۆی و کردنی بە هاوپەیمان و هاودەنگی خۆی. پاشان لە ساڵی ٣٣٤ی پێش زاین ڕووی کردە فارس و دەستی بە داگیرکردنی ناوچەکان کرد. هێزەکانی دارای پاشای هەخامەنشییەکانی یەک لە دوای یەک شکست دا و گەیشتە ولاتی "هیند".

دوای هاتنە ناو هیند، ناوچەی "پەنج ئابە"[٦]ی هیندی داگیر کرد و ویستی بەرەوپێش بڕوات و ناوچەکانی تری هیند داگیر بکات. بەڵام ئاواتەکەی نەهاتە دی، لەبەرئەوەی سەربازەکانی بە هۆی بڕینی ماوەیەکی درێژ و شەڕی پەیتا پەیتا، ماندوو و بێزار بووبوون و نکوولّییان لە چوونە پێشەوە کرد. ئەسکەندەری مەقدۆنیش ناچار بوو بەرەو نیشتمانەکەی خۆی بگەڕێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، لە ڕێگەی "توران"ەوە هاتە فارس و لەوێوەش چووە ناو "بابل". لە بابل نەخۆش کەوت و هەر لە هەرەتی لاوێتی دنیای فانیی بەجێ هێشت و ئەو سەڵتەنەتە پان و بەرینەی کە خۆی هێنابوویە ژێر دەسەلاتی خۆی، بە بێ سەرۆک بەجێ هێشت.

پارچەبوونی سەڵتەنەتی ئەسکەندەر

مردنی کتوپڕی ئەسکەندەر و نەبوونی میراتگرێکی تەختەکەی، بووە هۆی کێشەیەکی دوور و درێژ لە نێوان سەرلەشکرەکانی ئەسکەندەر. ئەم کێشەیە تا ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو و سەرلەشکرەکان لە نێوان خۆیاندا چەند شەڕێکی سەختیان کرد و لە ئەنجام گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە سەڵتەنەتە پان و بەرینەکەی ئەسکەندەر لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن.

---

٦. ناوی کۆنی "پەنجاب"ە، مانای "سەرزەویی پێنج دەریا" دەگەیەنێ کە ناوەکانیان بەم چەشنەیە: دەریای سند، بیاس، ستلەج، جێهلەم و چەناب. ئەم ناوچەیە لە سەردەمەکانی کۆندا بە ناوی جیاجیا ناسراوە، وەکو: سەپەت سندهو، هەفت سندهو، پەنجنەد، پەنج ئابە و دوا ناویش پەنجاب. ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٤٧ ئەم ناوچەیەیان بەسەر ولاتانی هیند و پاکستاندا دابەش کرد (وەرگێڕ).

بەشی ڕۆهەڵاتی سەڵتەنەتەکە کە لە ناوچەکانی ماد، پارس، توران، مەکران، زابلستان و کابلستان پێکهاتبوو، بەخشرایە سەرلەشکر "سیلوکوس". سەرلەشکر سیلوکوس لە ساڵی ٣١٠ی پێش زاین دەسەڵاتی ئەم ولاتەی گرتە دەست و تا ماوەیەکی درێژ لەم ناوچانە فەرمانڕەواییی کرد.

بەشی دووەم

میرنشینی کوردە براخۆییەکان لە توران – خولی یەکەم

کەیقوباد سەرۆکی کوردە مادەکان لە نزیکەی ٨٥٠ ساڵ پێش زاین، دەوڵەتی ماد و پارسی دامەزراند. کەیقوباد لەبەرئەوەی ئەم وڵاتەی بە هێزی قۆڵی شمشێروەشێنە کوردەکانی خۆی بەدەست هێنابوو، تیرە ئازا و خۆبەختکەرە کوردەکانی گواستەوە ئەو ناوچە دوورانەی کە لە سنووری وڵاتەکانی ترەوە نزیک بوون. ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی کە بە خاترجەمی پارێزگاری سنووردکانی وڵاتەکەیان بکەن و لە هەموو لایەکەوە بە زووبی بەرگری لە هاتنە پێشی دوژمنانی دەوڵەت بکەن و دەستدرێژیی دوژمن بنکۆڵ بکەن و سەڵتەنەتەکەیان لەم چەشنە زیانانە بپارێزن.

کەیقوباد تیرەکانی مادی بەرەو گشت لایەکی وڵاتەکەی بڵاو کردەوە. تیرەی "پارتاسنی" بۆ ناوچەی لێوارەکانی دەریای "خەزەر" گواستەوە و لەوێ نیشتەجێیانی کرد، تیرەی "بوز" بە فەرمانی ئەو لە ناوچەی "هەمەدان" نیشتەجێ بوون، تیرەی "ئەستروشات" لە ناوچەی "سەمەرقەند" و "خارەزم" نیشتەجێ بوون، تیرەی "ئاری زانت" لە "ئازەربایجان" نشینگەی خۆیان پێک هێنا، تیرەی "بودی" کە لە دوو تیرەی براخۆیی و زەنگەنە پێکهاتبوو بەرەو لای خواروویی ڕۆئاوا کۆچیان کرد و لە ناوچەی "توران" و "مەکران" کە لکاوە بە ناوچەی "سندان"ەوە نیشتەجێ بوون. سێ تیرەی تری کورد کە بە ناوی "ئەدرەگانی"، "ماملی" و "کرمانی" دەناسران هاتنە مەکران و لەوێ نیشتەجێ بوون.

کەیقوباد دوای شکستدانی ئەفراسیاب پاشای توران و ڕووخاندنی دەسەڵاتداری ئەو لە وڵاتەکەیدا، زۆربەی هەرێمەکانی ئەم وڵاتەی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی و کوردی لەو شوێنانەدا ئاوا کرد. ئەوە بوو کوردە براخۆییەکانی لە توران و کوردە ئەدرەگانی، ماملی و کرمانییەکان لە مەکران نشینگەیان پێک هێنا و بۆ هەموو کات نیشتەجێ بوون. تیرەی کوردی براخۆیی لەو کاتەدا لە

بەرەی هەشت کوڕی براخمی بچووک، واتە: کیکانی، گۆرانی، ساروونی، غوزداری، مشکانی، ئەرمیلی، بۆلانی و گریشکانی پێکهاتبوو. کیکان کوڕی گەورەی براخمی بچووک بوو، لەبەرئەوە پلەی سەرۆک و سەرداریی تیرەی کوردە براخۆییەکان درا بە بنەماڵەی "کیکان". هەروەها، کاتێ دەوڵەتی ماد دامەزرا، بەڕێوەبەرایەتیی تورانیش لەلایەن کەیقوبادەوە درا بە ئەوان واتە بە میر کیکان کیکانی کە لەو کاتەدا میری مەزنی کوردە براخۆییەکان بوو.

١- میر میران میر "کیکان"

دیوانی بولک:

کاتێک میر کیکان دەسەڵاتی میرنشینی تورانی گرتە دەست، بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکاری دەوڵەتی، "دیوان"ی دەسەڵاتداریی بە ناوی "دیوانی بولک" دامەزراند. لەم دیوانەدا، سەرۆکی هەموو تیرەکانی براخۆیی، واتە کیکانی، گۆرانی، ساروونی، غوزداری، مشکانی، ئەرمیلی، بۆلانی و گریشکانی ئەندام بوون.

یارمەتیدانی کەیقوباد پاشا:

کەیقوباد دوای هاتنە سەرکاری، ویستی وڵاتەکەی لە ستەم و کارە ناڕەواکانی پاشاکانی "ئاشوور" ڕزگار بکا. بۆ ئەم مەبەستە، لەگەڵ "بلازیس" پاشای "کلدانی" کە ئەویش لە دەست دەستدرێژیی ئاشوورییەکان هەراسان بووبوو یەکیان گرت و هەردوو پاشا بە نیازی لەناوبردنی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان و تاڵانکردنی پایەتەختی ئاشوور واتە "نەینەوا" بەڕێ کەوتن.

پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکا، میر کیکان میری توران هەواڵی پێ گەیشت و لەشکرێکی لە سەربازانی کوردە براخۆییەکان کە لە سەربازی تیرەی کیکانی و هەروەها سەربازی تیرەکانی ئەدرەگانی، ماملی و کرمانی پێکهاتبوو بۆ یارمەتیدانی کەیقوباد بەڕێ کرد. ئەم لەشکرە لە دەرەوەی شاری نەینەوا ڕووبەڕووی لەشکری ئاشوورییەکان بووەوە و سێ جار شەڕ کرا و هەرسێ جاریش لەشکری ئاشوورییەکان شکستی خوارد. کەیقوباد بە سەرکەوتوویی و کامەرانی گەڕایەوە. خەڵکانی ئەم تیرانەی کوردە براخۆییەکان نەگەڕانەوە توران و مەکران، بگرە لەگەڵ کەیقوباد چوونە "ماد" و هەر لەوێش نیشتەجێ بوون.

چاککردنەوەی قەڵای "کیکان" و "مساتنک":

لە کاتی شەڕی نێوان تورانییەکان و مادەکان، قەڵای "کیکان"، "غوزدار"، "نغان"، "مساتنک" و "گل گالا" تێک درابوون. میر کیکان وێرانەی ئەم قەڵایانەی چاک کردەوە، چونکە نهێنیی پاراستن و بەهێزیی بەرگری لە قەڵای پتەودایە. پاشان میر کیکان سەربازی تێیاندا دامەزراند.

میر کیکان هاوچەرخی کەیقوباد پاشای ماد بوو و ئەم میرانەی تیرەکانی تری کوردی براخۆییش هاوچەرخی بوون: میر گۆران گۆرانی، میر زاخو سارونی، میر مهران غوزداری، میر مشکان مشکانی، میر ئەرمیل ئەرمیلی، میر بۆلان بۆلانی و میر لەرزین گریشکانی.

٢- میر میران میر "زوراک"

دوای کۆچی دواییی میر کیکان، کوڕەکەی، میر زوراک هاتە سەر تەختی میرنشینی توران. میر زوراک زۆر زانا و تێگەیشتوو بوو و لە بەڕێوەبەرایەتیی ئیشوکاری وڵات بێ هاوتا بوو. کاتێ میرنشینی توران هاتە ژێر دەسەڵاتی ئەو، بە مەبەستی ڕاژەکاریی جوانتری هەڕێمەکانی توران، تیرەکانی کوردی براخۆیی لە ناوچە جۆرەوجۆرەکانی توران بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی خەریکی کشتوکاڵ بن و ببنە هۆی ئاسوودەیی دانیشتوانی توران.

دابەشکردنی هەرێمەکانی توران

میر زوراک ناوچەی سەرووی توران کە بە "بنجیر" دەناسرا دایە تیرەی کیکانی و گۆرانی، دوای نیشتەجێبوونی ئەوان، ناوچەکە بە "کیکانان" ناوبانگی دەرکرد. ناوچەی ناوەڕاستی توران کە بە "کوهینار" دەناسرا دایە تیرەکانی غوزداری، سارونی، گریشکانی و مشکانی. دوای نیشتەجێبوونی ئەم تیرانە، شارەکە بە "غوزدار" ناوبانگی دەرکرد. ناوچەی خواروویی توران کە بە "سناربیل" دەناسرا دایە تیرەی ئەرمیلی و لەگەڵ ڕەوتی سەردەم و بە هۆی نیشتەجێبوونی ئەوان، ئەم ناوچەیە بە "ئەرمابیل" ناوبانگی دەرکرد. هەروەها، تەنگەی "دەرەنگان" کە کەوتووەتە شاخاویی "کیکانان" دایە تیرەی بۆلانی و دوای نیشتەجێبوونی ئەوان، ناوی "دەرەنگان" گۆڕا و بوو بە "بۆلان".

کۆچی دواییی کەیقوباد پاشای ماد و پارس:

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی میر زوراک، کەیقوباد پاشای ماد و فارس لە ساڵی ٧٥٩ی پێش زاین کۆچی دواییی کرد و پێنج کوڕی لە دوای خۆیدا بەجێهێشت کە ناوەکانیان بەم چەشنەیە: کەیکاووس، کیاپو، کیاشهر، کیارمین و کیابشین. میر و گەورانی ولّات، کوڕە گەورەکەی واتە کەیکاووسیان لەسەر تەخت جێنشین کرد.

هێرشی فەرمانڕەوای "سندان" بۆ سەر توران و شکست خواردنی:

فەرمانڕەوای "سندان"، "سنگهار" بە کتوپڕی لە تەنگەی "دەرەنگان"ەوە هێرشی هێنایە سەر "کیکانان" ناوچەی سەرووی توران. لەشکری کورده براخۆییەکان لە نیوەی ڕێگە لە تەنگەی دەرەنگان ڕێگەیان لە دوژمن گرت. دوای شەڕێکی سەخت، شکستیان دان و جگە لەوانەی هەلّاتن و بە سەلامەتی دەرچوون، هەموو ئەوانی تریان کوشت.

باسی ڕۆستەمی پالّەوان:

گێڕەوەکان دەگێڕنەوە کە "ڕۆستەم"ی پالّەوان هاوچەرخی میر کیکان و میر زوراک بووە. "زالّ"ی باوکی و "سام"ی باپیری میری "زابلستان" بوونە. ڕۆستەمی پالّەوان سەرەتا لەگەلّ ئەفراسیاب پاشای توران پێوەندیی دۆستانەی هەبووە و لە سەرەتای سەلّتەنەتی "ماد" و "پارس"یشدا پشتیوانیی لە ئەفراسیاب کردووە و دژی کەیقوباد پاشای ماد جەنگاوە. زالّ باوکی ڕۆستەم لە سەردەمی دەسەلّاتداریی خۆیدا بە دەستی کەیقوباد شکستی خواردبوو و پەنای بۆ ئەفراسیاب بردبوو.

زالّ لەگەلّ ڕۆستەمی کوڕی ماوەیەک لای ئەفراسیاب دەمێننەوە، بەلّام لەم نێوانە ئەفراسیاب لە زالّ زیز دەبێ و زالّیش ڕوو لە کەیقوباد دەکاتەوە. کەیقوباد دەیکاتە هاوڕێی خۆی و لە دوا شەڕی نێوان ماد و توران، زالّ یارمەتیی کەیقوبادی دا و دژی لەشکری تورانییەکان جەنگا. ولّاتی توران لەم شەڕەدا شکستی خوارد و کەیقوباد لە زالّ ڕەزامەند دەبێت و میرنشینی میراتیی زابلستانی دەداتەوە دەست.

هێرشی میری سندان بۆ جاری دووەم:

"سنگهار مومیدان" فەرمانڕەوای "سندان" لە شکستی جاری یەکەمی پەندی وەرنەگرت و جارێکی تر هێرشی هێنایە سەر خاکی توران. ئەمجارەیان لە تەنگەی "جالیران"دوە هاتە ناو خاکی توران و لە دۆڵی جالیران شەڕێکی سەخت لە نێوان کوردە براخۆیی و لەشکری "جدگال"ەکان ڕووی دا. دوای پێکدادانێکی سەخت، شەڕەکە دەبێتە تەن بە تەن و میر زوراک فەرمانڕەوای سندان میر سنگهار لە سواری هەسپ فڕێ دەداتە خوارێ، سەری دەبڕێ و بە نێزەکەی بەرزی دەکاتەوە. لەشکری دوژمن کاتێ میرەکەیان بە سەربڕاوی دەبینن، لە شەڕ بێ دڵ دەبن و ڕادەکەن. لەم شەڕەدا، زۆربەی سوپای دوژمن کوژران و لەناوچوون.

کۆچی دواییی میر زوراک:

میر زوراک هاوچەرخی کەیقوبادی کوردی ماد و پاشای ماد بوو و چەند ڕۆژ دوای کۆچی دواییی کەیقوباد، ئەویش دنیای فانیی بەجێ هێشت. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی میر زوراک کیکانی و کەیقوباد پاشا بوونە: میر کرەجک گۆرانی، میر سەلدوز سارونی، میر کیتون غوزداری، میر مرداس مشکانی، میر مشکان ئەرمیلی، میر باجەل بۆلانی و میر تادی گریشکانی.

۳- میر میران میر "وشتاب"

میر زوراک دوای ٤٤ ساڵ فەرمانڕەوایی، کۆچی دواییی کرد و کوڕەکەی، میر "وشتاب" هاتە سەر تەختی توران. وشتاب پیاوێکی بە ڕەوشت و ئاکار چاک بوو، دادپەروەریی کردبووە ڕێبازی خۆی و لەگەڵ خەڵکدا زۆر چاکەی دەکرد. بەم شێوەیە، هەموو تەمەنی خۆی لە خزمەتی خەڵکدا بەسەر برد و بۆ ماوەی ٤٥ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد.

میر وشتاب هاوچەرخی کەیکاووس فەرمانڕەوای ماد و پارس بوو و ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاونەژاد و هاوپلە و هاوەم و هاوچەرخی بوون: میر شادین گۆرانی، میر شاگین سارونی، میر کاشک غوزداری، میر کرەجل مشکانی، میر خومان ئەرمیلی، میر پوران بۆلانی و میر زیدان گریسکانی.

٤- میر میران میر "زگرین"

پاش کۆچی دواییی میر وشتاب، سەرۆکەکانی کوردی براخۆیی میر "زگرین" کوڕی میر وشتابیان به پلەی میر میران هەڵبژارد. له سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەودا، کەیکاووس پاشای ماد به وەجاخ کۆچی کۆیری کۆچی دواییی کرد و له نێوان کوردەکان لەمەڕ هەڵبژاردنی پاشای ماد جیاوازیی بیروڕا و ناکۆکی پەیدا بوو و تیرە کوردەکان به یەکدا هەڵچوون. ئەمەش لەبەرئەوەی دوای مردنی کەیکاووس، دوو کەس: "لهراسپ" زاوای کەیکاووس و "توس" کوڕی "فەریبورز" له ژیاندا بوون و کوردەکان کێشە و حەفت و هەشتی ئەوەیان بوو کێ لەم دوو کەسە به سەرۆکی سەڵتەنەتی ماد هەڵبژێرن.

له نێوان ئەم دوو کەسەدا، لهراسپ هەرچەند نەوەی کوڕی کەیقوباد و زاوای کەیکاووس بوو، بەڵام مرۆڤێکی به ئەزمون و کارزان و لێهاتوو نەبوو و له سیاسەت و بەڕێوەبردنی سەڵتەنەت سەری دەرنەدەبرد. ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی لەنێو کۆمەڵگەدا مرۆڤێکی پەسندکراو بەدەنگ نەبێت. به پێچەوانە، توس کوڕی فەریبورز مرۆڤێکی زانا و ڕۆشنبیر و سیاسەتوان بوو و کوردەکان ئەویان به سەرۆکی سەڵتەنەت هەڵبژارد. لهراسپ له ڕووی میراتەوە خۆی به حەقتر و له پێشتر دەزانی و ملکەچی فەرمانڕەواییی توس نەبوو.

له ئەنجام، کوردەکان ئەم دووانەیان بەو چەشنە لەگەڵ یەک هاودەنگ کرد کە بڕیاریان دا فەرمانڕەواییی هەرێمی "باختەر" و "کابلستان" بدەنە لهراسپ. پاش ئەوەی دەسەڵاتی ئەم دوو هەرێمەیان به لهراسپ سپارد، کێشەی نێوان لهراسپ و توس کۆتاییی پێ هات و کە لهارسپیش کۆچی دواییی کرد، پاشایەتیی ئەم هەرێمانە له ڕووی میراتەوە جارێکی تر هاتنەوە ژێر دەسەڵاتی توس.

کورده براخۆییەکانی توران و کورده ئەدرەگانی، ماملی و کرمانییەکانی مەکران لەم کێشەیەدا پشتیوانی و لایەنگریی توس پاشایان کرد و هیچ پێوەندییەکیان به لهراسپەوە نەبوو.

هێرشی دادگەری سندان بۆ سەر توران:

نیو سەدە بەر له تەختنشینی میر زگرین، میر سنگهار مومیدان هێرشی هێنایە

سەر توران، لە شەڕ شکستێکی ئابڕووبەرانەی خواردبوو و ڕێگەی هەڵاتنی گرتبووە بەر. "ماتان" کە کوڕی نەوەو ئەو بوو لە سەردەمی میر زگرینداا دەیویست ئەو پەڵە ئابڕووبەرانەی باپیری لابدات و تۆڵەی شکانەکەی بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، زۆر بە نهێنی خۆی بۆ شەڕ ئامادە کرد. لەو کاتەدا، هەواڵدەرانی کوردە براخۆییەکان کە لەسەر سنووورەکانی توران دامەزرابوون، میر زگرینیان لە مەبەستی ماتان ئاگەدار کردەوە.

میر زگرین لەگەڵ سەرۆکەکانی تیرەکانی کوردی براخۆیی راوێژی کرد و سەربازە کوردەکانی لە دەوروبەری هەموو ئەو سنووورانەی توران کە بە سنووری سندانەوە لکابوو بڵاو کردەوە. میر زگرین ئەم گواستنەوە و دامەزراندنەی بە نهێنی ئەنجام دا بۆ ئەوەی نەزاندرێ کە کوردەکان بە مەبەستی شەڕ لە دەوروبەری سنووورەکان بڵاو بوونەتەوە. سەرهەنگانی لەشکر تیرهاوێژی بە ئەزموونیان لە تەنگەکانی سەر سنوور دامەزراند و ئەم پیلانە شەڕپەیان دانا کە کاتێک لەشکری سندان هاتە ناو خاکی توران، کوردەکان ڕابکەن، بۆ ئەوەی دوژمن وا گومان بکەن کە کوردەکان شکستیان هێناوە و بە خاترجەمی و بێ ترس بێنە ناوەوەی وڵات و گەمارۆدانیان ئاسان بێت.

لە ئەنجام، لە وەرزی گەرمای ساڵی ٧٠٠ی پێش زاین، ماتان لەگەڵ لەشکرەکەی هێرشی هێنایە سەر خاکی توران و لەشکری کوردەکان پاشەکشەیان کرد. ئەم فێڵەی کوردەکان سەری گرت و سەربازەکانی دوژمن هەستیان پێ نەکرد و بە شوێنی کوردەکان کەوتن تا هاتنە ناو کەژەکان. ئینجا کوردە براخۆییەکان لێیان وەرگەڕانەوە، وەکو کوللە و مێرووڵە ڕژانە سەر جدگالەکان، لە هەموو شوێنێکەوە گەمارۆیان دان و ماتان و گشت سەبازەکانیان کوشت. کاتێ کوڕی ماتان، "بەنگان" کە لە دەوروبەری "ئەرمابیل" خەریکی شەڕ بوو ئەم هەواڵەی بیست، لەباری پەشۆکاویدا، مەیدانی شەڕی بەجێ هێشت و بەرەو سندان هەڵاتەوە. هەرچەند میر کلەجک ئەرمیلی، میر سابول ساروونی و میر کیچان غوزداری ڕێگەی هەڵاتنیان لێ گرتبوو، بەڵام ژیان هێشتان لە چارەنووسیدا مابوو و توانی لەگەڵ چەند خۆبەختکەرێکی خۆی بە بریندارای هەڵبێ و بە سەلامەتی گەیشتەوە وڵاتەکەی خۆی.

ئەم شەڕە سەختە بە شێوەیەک ترسی دڵێری و ئازایی و بە وڕەیی و قارەمانی و جوامێریی کوردە براخۆییەکانی خستە دڵی فەرمانڕەواکانی سندان کە لە سەردەمەکانی دوایی خوو و نەریتی شەڕ و پێکدادان لەگەڵ کوردەکان واز لێ بهێنن و پێوەندیی دۆستانەیان لەگەڵدا ببەستن. ئەمەش لە ئاکام بووە هۆی ئەوەی هاتوچۆ و بازرگانی لە نێوان کوردەکان و جدگالەکان دەست پێ بکات.

کۆچی دواییی میر زگرین:

میر زگرین دوای بەسەربردنی ٣٥ ساڵی شەڕوانانە، بارگەی لە دنیای فانی پێچایەوە. میر زگرین لەگەڵ توس کە بە "کەیخەسرۆ"ش دەناسرێ هاوچەرخ بووە. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی براخۆییش هاوچەرخی بوون: میر کاش گۆرانی، میر سابول سارونی. میر کیچان غوزداری، میر گڵباگ مشکانی، میر کلەجک ئەرمیلی، میر خومان بۆلانی و میر بروش گریشکانی.

٥- میر میران میر "زیبار"

دوای کۆچی دواییی میر زگرین، کوڕەکەی، میر "زیبار" هاتە سەر تەختی میرنشینی توران. میر زیبار پیاوێکی زانا و زیرەک و زرنگ و کارا بوو و لە هونەری شەڕدا شارەزاییی تەواوی هەبوو. میر زیبار نەیدەویست ڕووداوی وەک ئەو شەڕانەی کە لە سەردەمەکانی پێشوودا لە نێوان توران و سندان ڕووی دابوو جارێکی تر ڕوو بدەنەوە و نەتەوەی کوردی توران بۆ هەموو کات لەم چەشنە دەستدرێژکەرییانەی هێرشهێنەری دەرەکی سەلامەت بن. بۆ ئەم مەبەستەش، لەسەر سنووڕەکانی ڕۆهەڵاتی توران کە لکابوون بە سنووری سندان، سەرا و سەنگەری دروست کرد و سەربازی کوردی تێدا نیشتەجێ کرد کە شەو و ڕۆژ ئێشکیان دەگرت و هەردەم پاسەوانیی ناوچەکەیان دەکرد.

کۆچی دواییی توس (کەیخەسرۆ) پاشای ماد:

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی میر زیبار، توس پاشای ماد و پارس جیهانی فانیی بەجێ هێشت و کوڕەکەی، "فەریبورز"، هاتە سەر تەختی سەڵتەنەت.

دروستکردنی پەرستگەی "زۆراک" لە کیکان:

کاتێک کە میر زیبار میر میرانی توران بوو، فەریبورز پاشای ماد و پارس بوو. فەریبورز دووربین و دوورئەندێش و سەخی و بە تەگبیر بوو. پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئاینەکەیدا هەبوو و ناوەندی ئاینی "زەردەشت" کە تا سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەو لە "بەلخ" بوو، گواستەوە "ئەکباتانا" پایەتەختی ماد.

میر زیبار لە بیرەوەریی گواستنەوەی ئەم پەرستگەیە زەردەشتییە، لە شاری "کیکان" پایەتەختی توران یەکەم پەرستگەی دروست کرد. شێوێنی دروستکردنەکەیشی لەسەر بەرزترین لووتکەی زنجیرە چیای "زاوک" هەڵبژارد کە کەوتووەتە ٥ فەرسەخی خواروویی شاری کیکان. پەرستگەکەیشی بە ناوی "زوراک" ناساند کە لە زمانی کوردیدا مانای توانا و بەهێز دەگەیەنێت.

کۆچی دواییی میر زیبار:

میر زیبار بە بۆنەی جەژنی "نەورۆز" هاتبووە "غوزدار" و لەم جەژنەدا لە کاتی پێشبڕکێی نێزەبازی لە هەسپ کەوتە خوارێ و مرد. دوای ناشتنی میر زیبار، دەستاڕی میرنشینییان لەسەر میر "براخم" ی کوڕیان پێچا.

ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هاوچەرخی میر زیبار بوون: میر رامین گۆرانی، میر سورچن ساروونی، میر مانور غوزداری، میر توراب مشکانی، میر کرماج ئەرمیلی، میر کیتون بۆلانی و میر پازو گریشکانی.

٦- میر میران میر "براخم"

میر براخم دوای مردنی باوکی، هاتە سەر تەختی میرنشینی توران. میر براخم کوردەکانی خۆش دەویست و خوازیار بوو هەموو کارێکی میرنشینییەکە لەژێر چاودێریی خۆیدا ئەنجام بدرێ. بۆ ئەم مەبەستەش، هەموو کات لە گەشتکردن دابوو، هەموو کونج و قوژبنێکی هەرێمی تورانی بەسەر دەکردەوە، لە هەواڵی تیرەکانی کوردی دەپرسییەوە و داواکاری و پێداویستییەکانیانی بۆ جێبەجێ دەکردن. مرۆڤێکی ئایندۆست و یەزدانپەرست بوو، لەبەر ئەوە پرۆپاگەندەی دینەکەی دەکرد و هەوڵی دەدا خەڵک لە ڕێگەی ئاینەکەیان دەرنەچن.

دروستکردنی پەرستگەی "حەلوان" لە غوزدار:

میر براخم بە مەبەستی بەهێزکردنی ئاینپەرستی، لە غوزدار لەسەر لووتکەی چیایەک کە کەوتووەتە ١٠ فەرسەخی لای ڕۆهەڵاتی شارەکە، پەرستگەیەکی دروست کرد و ناویان لێ نا "حەلوان". حەلوان لە زمانی کوردی مانای دڵگیر دەگەیەنێت. لەبەر ئەم پەرستگەیە زنجیرە چیاکەش بە ناوی "حەلوان"ەوە ناسرا.

کۆڕانی فەریبورز پاشای ماد لە شەڕی ئاشوور:

فەریبورز لە ساڵی ٦٢٥ پێش زاین قەڵەمڕەوی سەڵتەنەتەکەی لەلایەکەوە تا ڕووباری "جیحون" و لەلایەکی ترەوە تا "هیند" بەرین کردەوە. دوای ئەوە، بە لەشکرێکی گەورەوە کە لە هۆزی جۆرەوجۆرەوە پێک هاتبوو بۆ شەڕی ئاشوورییەکان بەڕێ کەوت.

لە ئەنجامدا، لەشکرەکەی شکستی خوارد و خۆیشی لە شەڕەکەدا کوژرا. کوردەکان ترسی ئەوەیان لێ پەیدا بوو کە نەوەکا لەم بارودۆخە ناهەمواردا وڵاتی ماد و پارس بێتە ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان. لەبەر ئەوە بە خێرایی سەرۆکی تیرەکانی کورد جارێکی تر کۆ بوونەوە و کوڕی فەریبورز، "کواکسار"یان هێنایە سەر تەخت.

ماف پێدانی بەشدارینەکردنی کوردە براخۆیی و ئەدرەگانییەکان لە شەڕە نەتەوەییەکان:

کاتێک "توس" هاتە سەر تەختی ماد و پارس، مافی بە کوردە براخۆییەکانی توران و کوردە ئەدرەگانی، ماملی و کرمانییەکانی مەکران دا لە شەڕە نەتەوەییەکان بەشداری نەکەن. ئەمەش لەبەرئەوەی کە ولایەتەکانی ئەوان لە پایەتەختەوە زۆر دوور بوو و بەرپرسی چاودێریکردنی سنوورەکانی ڕۆهەڵات بوون. لە دۆخێکدا ئەوان لە ولایەتەکانیاندا ئامادە نەبوایەن، ترسی ئەوە پەیدا دەبوو کە وڵاتە بێگانەکان دەستدرێژی و هێرش بکەنە سەر ولایەتەکانیان. لەبەر ئەم هۆیە، مافیان پێ درا لە شەڕی نەتەوەیی بەشداری نەکەن.

پاشابوونی کواکسار:

دوای کوژرانی فەریبورز، کواکساری کوڕی هاتە سەر تەختی ماد و پارس. کواکسار ئەو میراتەی کە لە باوکیەوە بۆی بەجێ مابوو دەلالەتی لەوە دەکرد کە بەو چەشنە تۆڵە لە ئاشوورییەکان بکاتەوە. هەر بۆیەش، کواکسار کەوتە ڕێکخستنی سەربازی و سوپاسازی.

تۆڵەسەندنەوەی کواکسار لە ئاشوورییەکان:

کواکسار دوای ئەوەی لەشکرێکی مەزنی ئامادە کرد، بە مەبەستی تۆڵەکردنەوەی باوکی، هێرشی کردە سەر ولاتی ئاشوور. ئاشوورییەکان بە سەختی بەرگرییان کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کواکسار شکستیانی دا و شاری "نەینەوا"یشی گەمارۆ دا. "شاراکو" پاشای ئاشوور کاتێ زانی ئومێدی بەرگریکردنی نەماوە، لە کۆشکی پاشایی ئاگرێکی کردەوە و خۆی و بنەماڵەکەی تێدا سووتان.

هێرشی "سیت"ەکان بۆ سەر خاکی ماد:

کواکسار لە شەڕی ئاشووردا لە ناوچەی "نێوان دەریاکان" (بین النهرین) خەریکی شەڕ بوو کە هەواڵی ئەوەی پێ گەیشت کە "سیت"ەکان هێرشیان کردووەتە سەر خاکی ماد و دوای تێپەڕاندنی زنجیرە چیای "قەفقاز"، گەیشتوونەتە ناوچەکانی باکوری ماد و شەڕ و پێکدادانێکی نەبڕاوەیان بەرپا کردووە. کواکسار ناچار دەستی لە شەڕی ئاشوورییەکان هەڵگرت و بۆ پارێزگاریکردنی ولاتەکەی گەڕایەوە. لە سەرووی زرێبارێ "ئورومیە" شەڕێکی سەختی لەگەڵ سیتەلان ئەنجام دا، بەڵام توانای بەرگرتنیانی نەما و ئاشتیی لەگەڵیاندا کرد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ماد و باقیی ولایەتەکانی دەوروبەری ببنە بازاڕی تاڵان و برۆ و زیانکاریی سیتەکان تا ئەو کاتەی کواکسار بە پیلان سەران و میرانی سیتەکانی بۆ مێوانداریەکی میری بانگهێشتن کرد و ئەوەندەی مەی دەرخوارد دان کە تەواو سەرخۆش بوون و لەم بارودۆخەدا یەکە بە یەکە کوشتنی. بەم چەشنە، باقیی سیتەکانیشی لە ولاتی ماد کردە دەرەوە.

کۆچی دواییی میر براخم:

میـر براخم دوای ٤٤ سـاڵ فـەرمـانڕەوایی کـردن، کـۆچی دواییی کـرد. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی هـاوچەرخی بوون: میر بوغاز گۆرانی، میر مانی ساروونی، میر گاور غوزداری، میر مانور مشکانی، میر گورەن ئەرمیلی، میر ترمان بۆلانی و میر تاپین گریشکانی.

۷- میر میران میر "گۆران"

میر گۆران دوای ئەوەی باوکی کۆچی دواییی کرد، هـاتە سـەر تەختی میرنشینی توران و دادپەروەرانە ڕێڕیمی میرنشـینییەکەی بەڕێوە برد. مرۆڤێکی چاکەکار بوو و چاکـەی لەگـەڵ هـەمـوو کـەسـێکدا دەکـرد. لە سـەردەمی فـەرمـانڕەوایـیی ئەودا کواکسار پاشای ماد کۆچی دواییی کرد.

پاشابوونی ئازدیاک:

دوای مردنی کواکسـار، "ئازدیاک"ی کوڕی هاتە سـەر تەختی مـاد. ئەم پاشـایە پیـاوێکـی لێـهـاتوو نەبوو و نـەیتـوانی بەڕێوەبـەرایـەتیی قـەڵەمڕەوە پان و بـەرینەکـەی بکات کـە لە مـیـراتدا بۆی بەجـێ مـابـوو. مـەبـەست و بنەمـای ژیانی خـۆی لەسـەر ڕابوردن و خـــۆشگوزەرانـی و مـــەیخـــواردنـەوە دانابـوو. بەزم و شـــادیی بـەســـەر دەسـەڵاتداری و شـەڕ دا زاڵ کردبوو و ئازاردانـی خـەڵکی کردبووە شـێوەی خـۆی. لەبەر ئەم هۆیانە، خەڵک خۆشیان نەدەویست و لێی دڵڕەنجاو بوون.

لە پاشایەتی دەرکردنی ئازدیاک:

دەوڵەتی مـاد کە بـە هـۆی کردار و هـەنگاوەکـانی کواکسـار گـەیشـتبووە ئەوپـەڕی شکۆداری و بەهێزی، لە سـەردەمی ئازدیاکدا ڕووی لە ڕووخـان و نەگبـەتی کرد. لە سـەردەمی پاشایەتیـی ئازدیاک، هـیچ کەسـێکی وا نـەمـابوو کـە بتوانێ دەوڵەتی مـاد بەڕێوە ببـــات و تـەنانـەت گـــەورە و هـەڵکـەوتەکـــانـی دەوڵەتـی مـــادیش خـــۆیان بە خـــۆشگوزەرانـیـــیـــەوە وێڵ کـردبـوو. لەلایەکـی تر، خـــاترجـــەمی و ئاسـووەیـیی لە ڕادەبـەدەری خـــەڵک بووبـووە هـــۆی تووڕەبـوونـی پاشـــا و ئـەمـــەش پـاشـــای لە ستەمکارییەکانی خۆی زیاتر گەرمتر کردبوو.

بەم چەشنە، پێوەندیی نێوان دەوڵەت و خەڵک ساردتر بووەو لەم بارودۆخەدا، وەزیری ئازدیاک کە ناوی "ئەرپاک" بوو لەگەڵ سەرۆک و میرەکانی کورد ڕێک کەوت و دوای ئەوەی لە دانیشتنێکی تایبەت لەمەڕ دەرکردنی ئازیاک ڕاوێژی لەگەڵ کردن، بە نهێنی نامەیەکی بۆ "کوورش"، کوڕی "چش پشی دووەم"ی فەرمانڕەوای فارس و کچەزای ئازدیاک، نووسی و لە ڕێگەی کەسێکی باوەڕپێکراوەوە بە نهێنی ناردی بۆ "پارساگرد" ناوەندی ولاتی پارس. لە نامەکەدا، کوورشی بانگهێشتن کرد کە بە سوپایەکی کەمەوە خۆی بگەیەنێتە نزیکی "ئەکباتانا"، بۆ ئەوەی لەشکری کوردی ماد لەگەڵ سەرۆکەکانیان پێیەوە پێوەست بن. کوورشیش بە بینینی ئەم نامەیە، لەگەڵ سەران و سەردارانی سوپای خۆی بەرەو ئەکباتانا بەڕێ کەوت.

شەڕی ئازدیاک لەگەڵ کوورش:

ئازدیاک بە بیستنی ئەم هەواڵە سوپایەکی گەورەی بە سەرۆکایەتیی ئەرپاک بۆ سەرکوتکردنی کوورش نارد. ئەرپاک لە دووەم هێرشدا، خۆی دەبەزێنێت و لەگەڵ لەشکری ماد بە کوورشەوە پێوەست دەبن. ئازدیاک بەم ڕووداوە چاوەڕواننەکراوە تووڕە بوو و ئەمجارەیان خۆی بە لەشکرێکی تروەوە بەرەو لای کوورش بەڕێ کەوت. ئازدیاک هەر لە سەرەتای شەڕ شکستی خوارد و گەڕایەوە ئەکباتانا و لەوێ داڵدەی گرت. لە ئەنجامدا، سوپای کوورش هاتنە ناو ئەکباتانا و ئازدیاکیان گرت و سەڵتەنەتی مادیان کۆتا پێ هێنا.

هەڵسوکەوتی کوورش لەگەڵ باقیی کورد:

کوورش دوای ئەوەی ئەکباتانا پایەتەختی مادی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی و تەختی پاشایەتیی بە دەست هێنا، ڕەفتاری میهرەبانانەی هەڵبژارد و ڕێز و نەوازشی لە بنەماڵەی ئازدیاک گرت. لەبەر ئەو پێوەندییە خوێنییەی کە لەلای دایکەوە لەگەڵ کوردەکان هەیبوو، لەناو سوپاکەیدا پلەی سەرداریی دایە شازادەکانی ماد. هەروەها، "سەپنەوی"ی کچی "ئاریتمار"ی زاوای ئازدیاک و کچە پووری خۆی بە ژن خواست. هەموو ڕێکخستن و دامەزراوەییی سەڵتەنەتی مادی وەک خۆی هێشتەوە، بۆ ئەوەی هەستی جیاوازی و بێگانەیی لە نێوان کورد و

پارسەکاندا دروست نەبێت. سەران و سەردارانی کورد لە هەر ناوچەیەک بوونایە نەوازشی کردن و پلەی بەرزتری پێ ڕاسپاردن.

لەبەر ئەم هۆیانە، کوردە براخۆییەکان لەسەر میرنشینی تووران و کوردە ئەدرەگانییەکان لەسەر میرنشینی مەکران مانەوە و بەردەوام بوون. بە هەمان شێوە، لە هەر شۆڕشێک کورد پلەی بەرزیان بەدەستەوە بوایە، لەسەر پلەکانی خۆیان مانەوە و تەنانەت کوورش ئەو وڵاتەی کە بە دەستی هێنابوو بە "ماد" و "پارس"ەوە ناساندی و لە پێناسەکەی هیچ گۆڕانکارییەکی نەکرد.

کۆچی دواییی میر گۆران:

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی میر گۆراندا، پاشایەتیی ماد و پارس لە بنەماڵەی مادەوە هاتە دەست بنەماڵەی "هەخامەنشی"یەکان و کوورش بوو بە دەسەڵاتداری تەختی ماد و فارس. چەند مانگ دوای هاتنە سەر تەختی کوورش، میر گۆران کۆچی دواییی کرد.

ئەم سەرۆکانەی تیرانەی کوردی براخۆیی: میر راسن گۆرانی، میر شوهان ساروونی، میر مهران غوزداری، میر بەیکەر مشکانی، میر کوساد ئەرمیلی، میر حەکار بۆلانی و میر خیزان گریشکانی هاوچەرخی بوون.

تیرە "پارسی"یەکان

بەپێی گێڕانەوە، ناوی تیرە پارسییەکان بەم شێوەیە: پارساگرد، مارافین (مارافی)، مارسپین (ماسپیانی)، پانشیانی، دروسیانی (دروزی)، درۆپیکی، ساگارتی، گرمانی (ژرمنانی)، ماردی (مردی) و دایی (دارانی). لە ناویاندا، شەش تیرەی: پارساگرد، مارافین، مارسپین، پانشیانی، دروسیانی و گرمانی گوندنشین و شارنشین بوونە و تیرەکانی: دروپیکی، ساگارتی، ماردی و دایی چادرنشین و کۆچەر بوونە.

لە نێوان تیرە شارنشینەکانیشدا، پارساگرد و مارافین و مارسپین بەرجەستەترین و بەرچاوترین هۆزی پارسییەکان بوونە و سەران و سەردارانی ئەوان بەسەر تیرە پارسییەکانی تر کە لە سەرەوە باسمان کردن بالادەست بوونە و فەرمانڕەواییان بەسەردا کردوون.

تیرەکانی پارساگرد، مارافین و مارسپین لە هۆزی فەرمانڕەوای پارسییەکان بوون و تیرەی هەخامەنشیش شاخێکی هۆزی پارساگردە. کوورش میری ئەم تیرەیە، بناخەی فەرمانڕەواییی هەخامەنشییەکانی لە ماد و فارس دامەزراند.

"هەخامەنش" باپیری کوورش سەرداری هۆزی پارساگرد بوو و تیرە پارسییەکانی لە چوارچێوەی ڕێژیمێکدا دا کۆ کردەوە و بناخەی فەرمانڕەواییی خۆی لە پارس دامەزراند. شارێکی بە ناوی "پارساگرد" دروست کرد و کردی بە پایەتەختی فەرمانڕەوایەتییەکەی. پاش مردنی، کوڕەکەی، چشپش، کوڕەکەی، کەمبوجیی یەکەم، کوڕەکەی، کوورشی یەکەم و کوڕەکەی چشپشی دووەم، یەک لە دوای یەک فەرمانڕەواییی فارسیان کردووە.

لە سەردەمی چشپشی دووەمدا، ولاتی "ئیلەم" بە هۆی هێرش و دەستدرێژییەکانی "ئاشوور بەنی پال" پاشای ئاشوور ڕووی لە ڕووخان کردبوو و ڕێژیمی ولاتەکە بێهێز بووبوو. چشپش بە سوودوەرگرتن لەم بارودۆخە، هێرشی کردە سەر "ئەنشان" پایەتەختی ئەو ولاتە، توانی داگیری بکات و ولاتی ئیلەم (عیلام) بهێنێتە ژێر دەسەلاتی خۆی. چشپش دوو کوڕی بە ناوی "ئاریامان" و "کوورش" هەبوو و کوورش لە سکی کچی ئازدیاک پاشای ماد و پارس بوو. کاتێک کە چشپش تووشی نەخۆشیی کوشندە[۷] هاتبوو، فەرمانڕەواییی "پارس"ی دایە ئاریامان و فەرمانڕەواییی "ئەنشان"یشی بە کوورش ڕاسپارد. ئەم دوو ولاتە هەردووک باجدەری پاشای ماد بوون.

ئازدیاک پاشای ماد و پارس بە هۆی لێنەهاتوویی، میر و سەرۆکەکانی کورد لەسەر کاریان لادا و لە جێگەی، کچەزای، کوورشی هەخامەنشییان هێنایە سەر تەخت. بەم چەشنە، فەرمانڕەواییی بنەماڵەی هەخامەنشی بەسەر ماد و پارس دەستی پێ کرد. بنەچەی دوو کوڕی چشپشی دووەم بەم چەشنەیە: کوورشی گەورە کوڕی چشپشی دووەم کوڕی کوورشی یەکەم کوڕی کەمبوجیی یەکەم کوڕی چشپشی یەکەم کوڕی هەخامەنش. ئاریامان کوڕی چشپشی دووەم کوڕی کوورشی یەکەم کوڕی کەمبوجیی یەکەم کوڕی چشپشی یەکەم کوڕی هەخامەنش.

۷. لە دەقەکە فارسییەکەدا "موت و زیست" نووسراوە.

بەشی سێیەم

میرنشینی کوردە براخۆیییەکان لە توران – خولی دووەم

دوای ڕووخانی بنەماڵەی کوردە مادەکان، سەران و سەرداران و میرانی تیرەکانی ماد و پارس کەنیشکەزای ئازدیاکی پاشای ماد و پارس کە بە کووڕشی هەخامەنشی دەناسرا هێنایانە سەر تەخت. کووڕش پاش هاتنە سەر تەختی، هیچ چەشنە گۆڕانکارییەکی لە دامەزراوەیی سەڵتەنەتی کوردی ماددا نەکرد و وەکو شێوەی جارانی هێشتەوە. لەبەر ئەم هۆیە، میرنشینیی کوردە براخۆییەکان لە توران و کوردە ئەدرەگانییەکان لە مەکران وەکو جاران مایەوە و لەژێر سێبەری سۆزی هەخامەنشییەکان بۆ جاری دووەم بناخەی فەرمانڕەواییی خۆیان دامەزراند.

٨- میر میران میر "زرشان"

کاتێک میر گۆران کۆچی دواییی کرد، سەرۆکەکانی کوردە براخۆییەکان میر "زرشان"ی کوڕی ئەویان هێنایە سەر تەختی میرنشینی. میر گۆران دوو کوڕی هەبوو: میر "زین" و میر "زرشان". میر زین کوڕی گەورەی بوو، بەڵام لە سەردەمی ژیانی خۆیدا کۆچی دواییی کردبوو. بۆیە میر زرشان بوو بە جێنشین کە مەیلی زۆری لەگەڵ کشتوکاڵدا هەبوو.

دروستکردنی بەربەستی ئاو:

میر زرشان خوازیار بوو بۆ ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیی خەڵکەکەی زەوییە بێبەرەکان سەرسەوز و ئاوا بکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە ئاسانییە ئاوییەکان وەربگرێ. ئەوە بوو لە بانووە[٨] بێ ئاو و گیا شاخاوییەکان بەربەستی

٨. بانو: زەویی دەشت و بڵند، بان.

ئاوی زۆری دروست کرد و لە ڕێگەی ئاوی باراناو ئاویاری بەربەستەکانی دەکرد. دوای ئەوە، ئەم شێوازە کشتوکاڵییە لە توران پەرەی سەند، دانیشتوانی توران لە سوودی کشتوکاڵ بەهرەمەند بوون و دارایی و ماڵ و سامانێکی زۆریان بە دەست هێنا.

هێرشی فەرمانڕەوای سندان:

گۆڕانکاریی پاشایەتی لە بنەماڵەی مادەوە بۆ بنەماڵەی هەخامەنشی بووە هۆی هێرشی دادگەریی سندان بۆ سەر توران. "باگارم" فەرمانڕەوای سندان گومانی کردبوو کە بە هۆی ئەم بارودۆخە نوێیەی گۆڕانکاریی پاشایەتییە، بەڕێوەبەرایەتی و کاروباری سەڵتەنەت هێشتان تەواو بناخەی دانەناوە و بەهێز نەبووە و دەبێ دەست بەسەراگرتنی خاکی توران ئاسان بێت.

بەم چەشنە، لە دووربینی سوودی وەرنەگرت و لە ڕێی "ئەرمابیل"ەوە هێرشی کردە سەر خواروی توران. ئێشکگرانی سەنگەرە سەر سنووریەکان ڕێگەی هاتنە پێشیان لێ گرتن و هەواڵی هێرش و دەستدرێژیی دادگەری سندانیان بە میر زرشان گەیاند کە ئەویش لەگەڵ سەربازە هۆزایەتییەکانی تیرەکانی کیکانی، غوزداری، ئەرمیلی، ساروونی و مشکانی هاتە مەیدانی شەڕ و بە چابوک دەستی هێرشی کردە سە سەربازگەی دادگەری سندان. دەستە تیرهاوێژەکانی کورد بە چەشنێک تیربارانیان کرد کە لەشکری سندان لەباری پەشۆکاوی ڕێگەی هەڵاتنیان هەڵبژارد. تیربارانەکە ئەوەندە توندوتیژ بوو کە دوژمن نەیتوانی تەنانەت چەکە زەخیرە کراوەکانی خۆشیان ببەن و بەم چەشنە لەم شەڕەدا کوردەکان دەسکەوتێکی زۆر و بێ ئەندازەیان بەدەست هێنا.

کۆچی دواییی کوورشی مەزن:

کوورش دوای هاتنە سەر تەخت، بایەخی زۆری بە وڵات داگیرکردن دا و سەڵتەنەتەکەی زۆر بەرین کردەوە و بە نازناوی کوورشی مەزن ناوبانگی دەرکرد. بەڵام لە سەردەمی شەڕەکانی ولایەتەکانی ڕۆهەڵات کوژرا.

پاشابوونی "کەمبوجی"ی هەخامەنشی:

دوای مردنی کوورشی مەزن، کوڕەکەی، "کەمبوجی" هاتە سەر تەخت و ئەو ولایەتانەی گوێڕایەڵی خۆی کردن کە شۆڕشیان بەرپا کردبوو و یاخی بووبوون. کەمبوجی تووشی نەخۆشیی "فێ" هاتبوو، لەبەر ئەوە هەندێ جار زەبروزەنگی بەوپەڕی زیادی دەگەیشت. کەمبوجی لە دواییدا بۆ داگیرکردنی "میسر" بەڕێ کەوت و توانی داگیری بکات.

خۆ کوشتنی کەمبوجی:

کەمبوجی دوای داگیرکردنی میسر، بە سەرفرازی و کامەرانی گەڕایەوە و هێشتا لە "سووریا" بوو کە هەواڵی پێ گەیشت کە پەرستگەیەکی زەردەشتی ئاڵای شۆڕشی بەرز کردووەتەوە. بە بیستنی ئەم هەواڵە ناخۆشە زۆر خەمبار بوو و لەبەرئەوەی نەخۆشیی فێی هەبوو هاوسەنگیی مێشکی تێک چوو و خۆی کوشت.

کۆچی دواییی میر زرشان:

میر زرشان دوای ٣١ ساڵ فەرمانڕەوایی، کۆچی دواییی کرد کە هاوچەرخی کوورشی مەزن و کەمبوجی بوو. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی: میر ناگان گۆرانی، میر نێرمان سارونی، میر شیشار غوردارى، میر گورگین مشکانی، میر باهور ئەرمیلی، میر بوغا بۆلانی و میر سەمبان گریشکانی هاوچەرخی بوون.

٩- میر میران میر "زوراک"ی دووەم

دوای کۆچی دواییی میر زرشان، کوڕەکەی، میر زوراکی دووەم هاتە سەر تەختی توران. میر زوراکی دووەم وەکو باوکی مەیلی کشتوکاڵی هەبوو. زنجیرەی دروستکردنی بەربەستەکانی بەردەوام کرد و ئەو بەربەستانەی کە لە سەردەمی باوکی بە ناتەواوی مابوونەوە، کارەکانی بە ئەنجام گەیاندن و تەواوی کردن.

باوکردنی دابی "حەشەر":

زوراکی دووەم یەکەم میری توران بوو و لە سەردەمی میرنشینیی خۆیدا، دابی "حەشەر"ی برەو پێ دا. کارە گەورە و بایەخدارەکان لە ڕێگەی ئەم دابەوە بە

خێرایی ئەنجام دران، بەربەستی زۆر لە سەرتاسەری ناوچە بانووەکانی توران دروست کران و کشتوکاڵ بەرەوپێش چوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دانیشتوانی توران بەهرەی فراوان بە دەست بهێنن و بارودۆخیان ئاسوودە بێت.

شیکردنەوەی دابی حەشەر:

"حەشەر" بە مانای دەستەیەکی گەورە دێت، واتە کارێک کە دەستەیەکی گەورە یان ژمارەیەکی زۆری خەڵک بە هەرەوەزی ئەنجامی بدەن پێی دەڵێن ئەم کارە لە ڕێگەی "حەشەر"ەوە ئەنجام درا. دوای باوبوونی ئەم دابە، لە هەموو شار و شارۆکە و گوندەکانی میرنشینی توران خەڵک کۆ دەبوونەوە و کارەکانیان ئەنجام دەدا. لەگەڵ ڕەوتی سەردەم، ئەم چەشنە کارکردنە بە ناوی "حەشەر" ناسرا.

پاشابوونی "دارای یەکەمی" هەخامەنشی:

کەمبوجی وەجاخ کوێر بوو، لەبەر ئەوە وەزیر و میرەکانی دەربارى سەڵتەنەت "دارا" کە لە نەوەی "ئاریامان"ی هەخامەنشی بوو هێنایە سەر تەخت. دارا بە زانایی، بەهێزی، لێهاتوویی و دادپەروەرییەوە ناوبانگی دەرکردبوو، لە سیاسەت و ڕۆشنبیریدا بێ هاوتا بوو، بەوپەڕی بەهێزی و مەزنایەتییەوە فەرمانڕەواییی کرد و توانی وڵاتەکەی بە لووتکەی شکۆمەندی بگەیەنێ.

لەم نێوانە، بۆ سەرکوتکردنی پارێزگاری پەرستگە[9] کە لە هەموو ناوچەیەکی وڵات ئاڵای یاخیگەری و شۆڕشی بەرز کردبووەوە کەوتە ڕێ کە لە ئەنجام دەسگیری کرد و کوشتی. دوای ئەوە، دەستی بە وڵات داگیرکردن کرد.

کۆچی دواییی میر زوراک:

میر زوراکی دووەم دوای ٣٤ ساڵ فەرمانڕەوایی، کۆچی دواییی کرد. هاوچەرخی دارای یەکەم بوو و ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی: میر دوج گۆرانی، میر هینار سارونی، میر کاشک غوزداری، میر بولور مشکانی، میر ئاماچ ئەرمیلی، میر دەرنیل بۆلانی و میر زیدەک گریشکانی هاوچەرخی بوون.

---

٩. لە تێکستە فارسییەکەدا نووسراوە "گومات معبد".

١٠- میر میران میر "ئەرجان"

میر ئەرجان دوای کۆچی دواییی باوکی، هاتە سەر تەختی توران کە پیاوێکی چاکەکار و خووڕەوشت جوان بوو و بە دادپەروەرییەوە بەناوبانگ بوو. لە شاسواری تاک بوو و دەڵێن لە کاتی سەفەردا سێ قاتری زینکراو لە پێشی دەڕۆیشتن و یەک هەسپیان توانای سواریی ئەوی نەبوو. هەروەها، مرۆڤێکی کارا و بە کردەوە بوو و هەر کارێکی دەست پێ بکردایە بە ئەنجامی دەگەیاند.

دامەزراندنی لەشکری ئێشکچی:

میر زرشان لە سەردەمی فەرمانڕەواییی خۆیدا لەسەر سنووری هاوبەشەکانی توران و سندان چەندین سەنگەری دروست کردبوو و تێیدا بە مەبەستی پاسەوانیکردن سەربازی نیشتەجێ کردبوو. میر ئەرجان کاتێک هاتە سەر تەخت، لەشکرێکی جیای ئێشکچیی دروست کرد کە بەردەوام لەناو سەنگەرەکاندا ئێشکیان دەگرتن و چاودێریی سنووری‌کانیان دەکرد.

پاشابوونی "خشایارشا"ی هەخامەنشی:

دارای یەکەم کاتێک تووشی نەخۆشیی کوشندە هات، "خشایارشا"ی کوڕی کە لە سکی "ئاتوسا"ی کچی کوورش بوو بە شازادەی وەرگری تەخت هەڵبژارد و دوای مردنی هاتە سەر تەخت. لە سەرەتای دەسەڵاتداریدا، دانیشتوانی پارس لە دڵەوە دەیانویست و پەسندی کۆمەڵگە بوو.

داگیرکردنی "میسر" و "بابل":

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی خشایارشادا، ولاتی "میسر" و "بابل" شۆڕشیان بەرپا کردبوو و خۆیان لە ژێردەستی ولاتی پارس ڕزگار کردبوو. لەبەر ئەوە، خشاریارشا بەرەو میسر بەڕێ کەوت و دوای شەڕێکی سەخت، میسرییەکانی شکست دا و ئاگری یاخیبوونەکەی کوژاندەوە.

دوای ئەوە، خشاریارشا ڕووی کردە بابل و شارەکەی گەمارۆ دا و سەربازانی ناو شار ناچار بوون چەک فڕێ بدەن و خۆیان بدەنە دەستییەوە.

هێرشی [خشایارشا] بۆ سەر یۆنان:

خشایارشا کاتێ لەم داگیرکردنانە دەستی بەتاڵ بوو، سەرنجی بۆ هێرشکردنە سەر یۆنان ڕاکێشا. بۆ ئەم مەبەستەش، سوپای ئاوی و وشکاییی کۆ کردەوە و بە لەشکرێکی گەورەی پڕ چەک و ئامادەی شەڕ هێرشی کردە سەر خاکی یۆنان.

ئەم شەڕە درێژەی کێشا و لە کۆتادا لە شەڕی "سلاس" نەوەکانی پارس شکستیان خوارد. خشایارشا دوای ئەم شکستە، سەردارییی لەشکری بە "مەردونیا" دا و خۆی بەرەو پارس گەڕایەوە.

کوژرانی "پندران" برای میر ئەرجان:

لە سەردەمی میرنشینی میر ئەرجان، دەستەیەک لە ڕێگران و تاوانبارانی جدگالەکانی سندان بە نهێنی چووبوونە شاخاویی نێوان شاری "کیکان" و "بلبلان" و لەسەر بڵندترین لووتکە چیای شاخاوییەکە مۆڵگەیان دامەزراندبوو. ئەم کەمینگەیە نشینگە و پەناگەیان بوو و کاتێ خەڵکانی ڕێبوار و کاروانەکان بە سەفەر دەڕۆیشتن، ڕێگەیان لێ دەگرتن و تاڵانیان دەکردن.

میر ئەرجان برای خۆی میر "پندران"ی بۆ سەرکوتکردنی ئەم دەستەیە هەڵبژارد کە ئەویش شەو بە کتوپڕی هێرشی کردە سەریان. بەڵام لە شەڕەکە بریندار بوو و زامەکەی ئەوەندە کاریگەر بوو کە گیانی دەرباز نەبوو و مرد. بە هۆی ئەم ڕووداوەوە، دۆڵەکە بە ناوی "پندران" بەناوبانگ بوو.

کوژرانی خشایارشای هەخامەنشی:

کاتێک خشایارشا لە شەڕی یۆنان گەڕایەوە و هاتەوە پارس، دەبوو تۆڵەی شکست خواردنەکەی لە ولاتی یۆنان بکردایەتەوە و خۆی بۆ شەڕ ئامادە بکردایە. بەڵام بە پێچەوانە ژیانی خۆی بۆ ڕابواردن و خۆشگوزەرانی و زۆر مەیخواردنەوە تەرخان کرد. دانیشتنەکانی بەزمی بەسەر ئامادەکاریی شەڕ و شەڕکردندا زاڵ کرد و دووچاری ترسنۆکی، بێدڵی و تەمبەڵی بوو.

لەبەر ئەم هۆیانە، میر و ئەندامانی دەوڵەت و میرەکانی سوپا لێی زیز و بێزار بوون. لەو کاتەدا، "ئەردەوان" میری سەربازانی ئامادەساز لەگەڵ گەورانی دەوڵەت و خەسێنراوی کۆشکی پاشایی ڕێک کەوت و خشایارشایان کوشت.

کۆچی دواییی میر ئەرجان:

میر ئەرجان ٢٥ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و تووشی نەخۆشیی زەردوویی هات و کۆچی دواییی کرد. هاوچەرخی خشایارشای پاشای هەخامەنشی بوو و ئەم میرانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی: میر چرموک گۆرانی، میر کابو سارونی، میر دیلەم غوزداری، میر توتک مشکانی، میر کەمبیل ئەرمیلی، میر خیزان بۆلانی و میر پیلار گریشکانی هاوچەرخی بوون.

١١- میر میران میر "شاموز"

میر "شاموز" لە جێگەی باوکی هاتە سەر تەختی توران کە پیاوێکی زانا و هۆشمەند بوو و هیچ کارێکی بێ ڕاوێژی سەرخێڵانی کورد نەدەکرد. سەرۆکەکانی تیرەکانی کوردی براخۆیی هەموو کات هاوکاری بوون و لە دیوانی ئامادەییان هەبوو. میر شاموز لە شمشێربازیدا بێهاوتا بوو و لە شەڕکردندا دوو شمشێری بە دەستەوە دەگرت و قەڵغانی بەکار نەدەهێنا.

پاشابوونی "ئەردەشێری یەکەم"ی هەخامەنشی:

"ئەردەوان" خشایارشای لە ژووری حەوانەوەیدا کوشت و خواستی "ئەردەشێر" کە شازادەیەکی کەم تەمەن بوو تەختنشین بکات و لەم ڕێگەیەوە دەسەڵاتی وڵاتەکە بگرێتە دەست خۆی. بەڵام بە بوونی "دارا" کوڕی گەورەی خشایارشا ئەمە نەشیاو بوو. بۆیە ئەردەوان، ئەردەشێری هان دا و واداری کرد کە دارای برا گەورەی کە باوکی خۆی کوشتبوو لە تۆڵەی تاوانەکەی بکوژێ.

بەم چەشنە دارا کوژرا و دوای ئەوە ئەردەوان بە خێرایی دژی ئەردەشێری تازە پاشا یاخی بوو و کۆششی دەکرد ئەویش لەناو ببات. بەڵام ئەردەشێر لە پیلانەکەی وریا بووەوە، سەری بڕی و وڵاتەکەی لە ئاژاوەگێڕی و کینەپەروەری و بەدئەندێشی ئەو ڕزگار کرد.

هێرشی میری سندان بۆ سەر تەنگەی "میلا":

"کندابوج" میری سندان لەگەڵ سەربازی پیادەڕۆ و سواریی جەنگاوەکان کە هەموو چەکدار و زرێپۆش بوون لە "کندابیل" پایەتەختی "بودها"وە کە کەوتووەتە

دەمی تەنگەی "مـیـلا" بەرەو خـاکی توران کـەوتە ڕێ و هـاتە تەنگەی مـیـلا. لەوێ سـەنگەری پاسـەوانیی سـەربازە کـوردەکانی داگـیـر کـرد و هـەمـوو ئێشـکـگرەکـانی کـوشت و تەنیـا یەکـێکیـشـیـان بە زیندوویـی نەمـایـەوە کـە هـەواڵی ئەم هێـرشـەی لەشکری سندان بگەیەنێتە میری توران.

دوای چەند ڕۆژ، هـەواڵدەرەکـانی کـوردە براخـۆیـیـیـەکـانی غـوزدار هـەواڵی ئەم ڕووداوە دڵتـەزێنەیان بە مـیـر شـامـوز گـەیاند کـە ئەویش بە بیـسـتنی زۆر دڵتـەنگ و تووڕە بوو، لەشکری هـۆزایەتیی کـوردەکـانی بە خـێـرایی کـۆ کـردەوە و لە کـیـکانەوە هـاتە غـوزدار. لەوێ لەگەڵ مـیـرەکـانی سـەربازی ڕاوێژی کـرد و لەشکرەکەی بـەسـەر سـێ قۆڵ[10]، قـۆڵی ڕاست و قـۆڵی چەپ و قـۆڵی نـاوەند دابەش کـرد. سـەرۆکـایەتیی قۆڵی یەکەمی دایە میر مرداس سـارونی، هـی دووەمی دایە میر خەرزان غوزداری و خۆیشی سـەرۆکـایەتیی قۆڵی سـێیـەمی گـرتە ئەسـتۆ و بەرەو تەنگەی میلا کەوتە ڕێ. کـاتێک لەشکری براخـۆیـیـیـەکـان نزیکی سـەربازگەی جـدگاڵەکـان بوونەوە، دەسـتـەی سـەرەکیی سوپای سندان بە شێوەی چوار گۆشەیی خۆیان ڕێک خست. کـوردەکـان هێـشـتـان ژمـارە و هێـزی دوژمنیـان بۆ ڕوون نـەبووبووەوە، لـەبەر ئەوە سـەرەتا دەسـتـەی پێـشـڕەو (پێش قـەرەوڵ) لـە پێـشـاوپێـشـی سـوپاکـە شـوێن خـۆیان گـرت. دەسـتـەی سـەرەکیی شەڕوانی براخـۆیـیـیـەکـان کـە هـەمـوو چەک و زرێپـەکانیان لەژێر بەرگی خوریدا شاردبووەوە لە ناوەندی مەیدان بـوون و بە یەک ئاماژەپێکردنی مـیـر ئەم سـەربازە سـوارانە بەرگەکـەیان فڕێ دا و بە هـاواری سامناک و دەنـگی تەپڵەوە هێـرشیـان کـردە سـەر ڕیزەکـانی جـدگاڵەکان. کـنـدابـوج مـیـری سـندان تەنانەت پێش ئەوەی سـەر لەو ترس و سـەرسـوڕمـانیـیـە بهێـنێـتـە دەر، خـۆی لە نێـوان لەشکری کـوردی براخـۆیـیـدا بە گـەمـارۆدراوی دیتـەوە. تـیـرهـاوێژەکـانـی کـورد لەشـکری پیادەڕۆی جدگاڵەکانیان لە هـەموو لایەکەوە گەمارۆ دا و تیربارانی مەرگیان کردن.

لە ئەنجام، شەڕی تەن بە تەن لە نێـوان جدگاڵەکان و کوردەکـان دەستی پێ کرد، کـنـدابـوج مـیـری سندان زامـدار بوو و بەرەو دواوە کـشـایـەوە. هـەندێ سـەربازی جدگاڵەکان لە گردێکی بچووک سەنگەریان گرت و قەڵغانەکانیان لە پێش خۆیان بۆ پاراستن دانا و بـەرگـریـیـان لە خـۆیان کرد تا ئەو کـاتەی هـەمـوویان کـوژران. مـیـر

---

۱۰. بە مانای باڵ یان بەشی سوپا.

شاموز سەری کندابوجی لە لەشی جیا کردەوە، بە نووکی نێزەکەی بەرزی کردەوە و دووبارە ڕووی کـردە قـۆڵی ناوەندی لەشکری جـدگـالەکـان. سـەربازەکـانی جـدگـالەکـان شکسـتـیـان خـوارد و ڕوویان لە هـەڵاتن کـرد. بەڵام لەلایەن کـوردە براخۆییـیەکانەوە لە هەموو لایەکەوە ڕێگەیان لێ بەستراوبوو، لەبەر ئەوە ڕوویان لە هەر لایەک دەکرد بەرەو ڕووی شمشێری کوردەکان دەبوونەوە و دەکوژران.

ئەم شـەڕە لە سـاڵی ٤٥٤ی پێش زاین ڕووی دا و نزیکەی ١٥٠٠٠ سـەربازی جدگالەکان کوژران. کوردەکان لە یادی ئەم سەرکەوتن و کامەرانییە، ناوی شوێنی شـەڕەکەیان بـە ناوی میر شـاموزەوە ناسـاند. ئەم تیرانەی خـوارەوەی جدگالەکان لەم شـەڕەدا لە پشـتیـوانیی کندابـوج میـری سـندان بەشـداریـیان کردبوو: لوهـانی. سـتـهـونانـی، ئەبرانی، مـاچانی، بەمـبی، چـەخـاوەری، جـانبی، دەنداوەر، کلواری، مانجهوی، نسوری، پوهوری، رونجهایی، گونگو، مانگی، ئەنگاری، رادی، راندانی، جاموس، دهور، موندر، بورادی، سوماری، بهاتی، کهرلی، لاکە و کهوکهری.

کۆچی دواییی ئەردەشێری یەکەم:

ئەردەشـێـر دوای ٤٠ سـاڵ فـەرمـانڕەوایی، کـۆچی دواییی کـرد. لـە سـەردەمی فـەرمـانڕەواییی ئەودا سـەڵتـەنـەتی هـەخـامـەنشی بەرەو ڕووخـان دەچوو و باری پاشاگەردانی لە ولاتەکەدا ڕیشەی چاندبوو. لەگەڵ ئەم هەموو بێهێزی و ناڕێکی و ناڕاستی و نەزانییـەدا، سـەردەمی فـەرمـانڕەواییی ئەردەشـێری یەکـەم درێژخـایـەن بوو.

کۆچی دواییی میر شاموز:

دوای مـردنی ئەردەشـێری یەکـەم، مـیـر شـامـوزیش کـۆچی دواییـی کـرد. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی: میر کازان گۆرانی، میر مرداس ساروونی، میر خـەرزان غوزداری، میر دوغان مشکانی، میـر باسیر ئەرمیلی، میر مشکان بۆلانی و میر ماخان گریشکانی هاوچەرخی بوون.

١٢- میر میران میر "براخمی دووەم"

دوای مـردنی مـیـر شـامـوز، کـوڕەکەی، مـیـر "براخـمـی دووەم" هـاتە سـەر تەختی مـیـرنشـینی تـوران. مـیـر براخم پیـاوێکی خـووڕەوشت باش و وتار باش و سـروشت

باش و ڕابردوو باش بوو. هەردەم ژیانی پڕ لە ئاسوودەیی بۆ تیرەکانی کوردی براخۆیی دابین دەکرد و بۆ چاکە و ئاسایشیان تێ دەکۆشی. هەروەها، پەرەی بە ئاسانکاری و ئامرازی کشتوکاڵ دا.

هەڵکۆڵینی "کاریز":

میر براخمی دووەم لە سەردەمی فەرمانڕەواییی خۆیدا سوودی لە سەرچاوەیەکی تری ئاو وەرگرت کە پێی دەڵێن "کاریز". لە ڕێگەی ئەم سەرچاوەیەوە توانیان زەخیرەی ئاوی ژێر زەوی بهێننە سەر زەوی و بۆ ئیشوکاری کشتوکاڵ بەکاری بهێنن. بەم چەشنە، لە سەردەمی میر براخمی دووەم دابی هەڵکۆڵینی کاریز بە شێوەیەکی بەرفراوان بڕەوی سەند و لە هەر شوێنێک شیاو بوایە خەڵکی ناوچەکە کاریزیان هەڵکۆڵی و ئاوەکەیان بەکار دەهێنا.

دابەشکردنی دەسکەوتەکانی شەڕ:

ئەو دەسکەوتانەی لە شەڕی کندابوج فەرمانڕەوای سندان کەوتبووە دەست کوردەکان ئەوەندە زۆر بوون کە میر شاموز لە سەردەمی فەرمانڕەواییی خۆیدا نەیتوانی دابەشیان بکات، لەبەرئەوەی چەند ڕۆژ دوای شەڕەکە کۆچی دواییی کرد. پاشان میر براخمی دووەمی کوڕی ئەم دەسکەوتانەی لە نێوان مافدارەکاندا دابەش کرد.

پاشابوون و کوژرانی "خشایارشای دووەم":

دوای مردنی ئەردەشێری یەکەم، کوڕەکەی، "خشایارشای دووەم" هاتە سەر تەختی سەڵتەنەت و تەنیا ٤٥ ڕۆژ فەرمانڕەواییی کرد. لەبەرئەوەی "سفدیانو"ی برای کە لە سکی کەنیزێک بوو و ئێرەییی پێ دەبرد، لە دانیشتنێکی شەوانەدا ئەوەندەی مەی دەرخوارد دا کە سەرخۆش بوو و بێهۆش کەوت و لەباری بێهۆشی دا کوشتی.

پاشابوونی "دارای دووەمی" هەخامەنشی:

کاتێک سفدیانو، خشایارشای کوشت، "ئوخوس" فەرمانڕەوای "بەلخ" بوو. ئەندامانی دەوڵەت بە هۆی ئەو کرداره ناشیرینە، لە سفدیانو دڵڕەنجاو بوون. بۆیە

لەگەڵ ئوخوس یەکیان گرت و سفدیانویان دەسبەسەر کرد. پاشان لە تۆڵەی خوێنی ناڕەوای برایەکەی کوشتیانەوە.

ئوخوس نازناوی "دارا"ی هەڵبژارد و هاتە سەر تەختی سەڵتەنەت کە پیاوێکی بەدکردار و خۆپەروەر و تەمبەڵ و بێهێز بوو. ئیرادەی بەهێز نەبوو و دەسەڵاتی حکوومەتەکەی لەژێر دەستی شاژن و سێ کەسی خەسێنراو دابوو. لەبەر ئەوە، لە سەرتاسەری وڵات شۆڕش و یاخیگەری بەرپا بوو. نائارامی دروست بوو و لە هەموو شوێنێک شەڕ و پێکدادان دەستی پێ کرد. ئەم بارودۆخە بووە هۆی بێهێزیی دەوڵەت و بنەماڵەی هەخامەنشی. بەڵام دارای دووەم لەگەڵ ئەو هەموو بەدکاری و تاوانبارییەدا تا ٢٠ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و پاشان کۆچی دواییی کرد.

کۆچی دواییی میر براخمی دووەم:

میر براخمی دووەم دوازدەم فەرمانڕەوای میرنشینیی توران بوو و ٢٤ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و پاشان کۆچی دواییی کرد. ئەم سەرۆک تیرانەی کوردی براخۆیی: میر زینل گۆرانی، میر ریگان ساروونی، میرکوساد غوزداری، میر کاتین مشکانی، میر بولاک ئەرمیلی، میر سیکران بۆلانی و میر سارم گریشکانی هاوچەرخی بوون.

کۆچی دواییی دارای دووەم:

دارای دووەم نزیکەی ٢٠ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و کۆچی دواییی کرد. پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات "ئەرشک"ی کوڕی بە شازادەی تەخت وەرگر هەڵبژارد کە ئەویش پاشان بە نازناوی ئەردەشێری دووەمەوە هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی.

١٣- میر میران میر "سابول"

دوای مردنی میر براخمی دووەم، کوڕەکەی، میر سابول هاتە سەر تەختی توران. میر سابول پیاوێکی دادپەروەر و دووربین و دوورئەندێش بوو. لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەودا باری بێهێزی، بێ یاسایی، نائارامی و ناتەبایی لە وڵاتی

فـارس پەرەی سـەندبوو و مـیـرەکـانی دەوڵـەت بە دوای شـەڕەنگێـزی و شـەڕ و پێکدادان دەگـەڕان. مـیـر سـابول ئامـادە نەبوو باری نـاتەبایی و بـێ یاسـایی لە ولایەتی ئـەویشـدا پەرە بسـێنی. لەبەر ئـەوە، ولایەتی توران و مـەکـرانی لە شـەڕ و زیانکاری و بەدخوو و بەدئەندێشان پاراست.

کۆچی دواییی میر سابول:

مـیـر سـابول کـیـکانی دوای ٣١ سـاڵ فـەرمـانڕەوایی کـۆچی دواییی کـرد کـە هـاوچەرخـی دارای دووەمی هەخـامـەنـشی پاشـای پارس و مـاد بـوو. ئەم سـەرۆک تیرانەی کوردی براخۆیی: مـیر گۆران گۆرانی، مـیر کیـتون سـارونی، میر مـشکان غوزداری، مـیر زروان مشکانی، میر ئەورام ئەرمیلی، میر سـاسون بۆلانی و دارون گریشکانی هـاوچەرخی بوون.

پاشابوونی "ئەردەشێری دووەم":

ئەردەشـێـری دووەم دوای مـردنی باوکی هـاتە سـەر تـەخـتـی پـارس و ٤١ سـاڵ فەرمـانڕەواییی کرد. ئەردەشێر مـرۆڤێکی لەسـەرخـۆ و میهرەبان بوو و هـەمـوو کات بە بـورین و چـاوپۆشـی کـــاری دەکـــرد. ئەمـــەش دەبـووە هـۆی ئـەوەی مـــیـــران و بەرپرسانی دەوڵەت سەرپێچی لە فەرمانەکانی بکەن.

لە سـەردەمی دەسـەڵاتداریی ئەودا ڕاپەرین و یـاخـیـگەرییـەکی زۆر لە کـایەدا بوو. دەڵێن ژمارەی ژنەکانی ٣٦٠ بووە و ١١٥ کوڕ و کچی هەبووە. زۆربەی منداڵەکانی لە سـەردەمی ژیانی خـۆیدا مردوون و چوار کوڕی بـە ناوی دارا، ئەریاسپ، ئەرسام و ئـۆکس لە پاش خـۆیدا بەجـێ مـاون و لەوانە کـوڕە گـەورەکـەی بە شـازادەی وەرگری تـەخت هـەڵبـژارد. دەڵێن ئەدەشـێری دووەم ٦٤ سـاڵ فـەرمانڕەواییی کردووە. **١٤-**

١٤- میر میران میر "نورگان"

دوای ئەوەی مـیـر سـابول کـۆچی دواییی کـرد، سـەرۆکەکـانی کوردی براخـۆیی کـوڕەکـەی ئـەویان کـە ناوی "نورگـان" بـوو هێنایە سـەر تـەخـتـی مـیـرنشـیـنی توران. کـاتێک مـیـر نورگـان دەسـەڵاتداریی مـیـرنشـیـنی تورانی گـرتـە دەست، بارودۆخی ناوچەکانی دەوروبەر نەگونجـاو و ناسـازگـار بوو و بازاڕی شـەڕ و ئاژاوە لە گشت لایەکی وڵاتی ماد و پارس گەرم بوو. میرانی دەوڵەت لەگەڵ یەکتردا شـەڕیان دەکرد

و هەر کامیان دەیویست لە بەرامبەرەکەی بەهێزتر بێت و ولایەتی زۆرتر بهێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

میر نورگان مرۆڤێکی زیرەک و تێگەیشتوو بوو، لەبەرئەوە ڕێژیمی میرنشینییەکەی خۆی لەم جۆرە ئاژاوە و تەنگوچەڵەمانە پاراست و کوردەکانی بە بەرگریی تورانەوە خەریک کرد.

دروستکردنی قەڵای "نورگان":

دوای هێرشە گەورەکەی میری سندان بۆ سەر تەنگەی "میلا" لە سەردەمی میر شاموزدا، ئەم ڕاستییە ڕوون بووەوە کە بەرگریکاریی تەنگەکە لاواز بووە. لەبەرئەوە، میر نورگان لە دۆڵی "سویندرون" کە لەلای باکوری تەنگەی میلاوە دەست پێ دەکات، قەڵایەکی پتەو و گەورەی دروست کرد. بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بەخێرایی بەرگریی تەنگەکە بکرێ. ئەم قەڵایەی لە نزیک کانییەک لەسەر لووتکەی چیایەک دروست کرد و سەربازی کوردی تێدا بۆ ئێشک گرتن نیشتەجێ کرد. دوای دروستکردنی ئەم قەڵایە، ناوچەکە بە ناوی "نورگان"ەوە ناوبانگی دەرکرد و ناسرا.

کۆچی دواییی ئەردەشێری دووەم:

ئەردەشێری دووەم دوای ٦٤ ساڵ فەرمانڕەوایی کردن، کۆچی دواییی کرد و چوار کوڕی لە پاش بەجێ ما کە ناویان دارا، ئەریاسپ، ئەرسام و ئوکس بوو. هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی خۆیدا "دارا"ی بە شازادەی وەرگری تەخت هەڵبژاردبوو. میر سابول میر میرانی توران هاوچەرخی ئەو بوو.

پاشابوونی "ئەردەشێری سێیەم":

دوای کۆچی دواییی ئەردەشێری دووەم، کوڕە بچووکەکەی، ئوکس نازناوی ئەردەشێری سێیەمی بۆ خۆی هەڵبژارد و هاتە سەر تەخت. بەڵام مرۆیەکی کردار و خوو خراپ، سروشت خراپ و دەروون پیس بوو و لە نێوان مرۆی خراپدا پەروەردە کرابوو. هەر بۆیە سروشت و هەڵسوکەوتی ئەوانی هەڵگرتبوو و چووبووە ڕیزی ئەوان.

دارای برا گەورەی کە شازادەی وەرگری تەخت بوو هەر لە سەردەمی ژیانی باوکیدا بە فێڵ و پیلان کوشت. "ئەریاسپ"ی برایشی کە مرۆیەکی خووباش و ڕەفتارباش و ڕووخۆش و زمانخۆش بوو و پەسندکراوی ئەندامانی دەوڵەت بوو، هەڵسا ئەویشی لەناوبرد. هەروەها، هەموو خزم و کەس و نزیکەکانیشی کوشت، بۆ ئەوەی کەس لە داواکارانی تەخت و تاجی سەڵتەنەتەکە نەمێنێ.

کۆچی دواییی میر نورگان:

میر نورگان هاوچەرخی ئەردەشێری سێیەم بوو و ئەم سەرۆک تیرانەی کوردی براخۆییش: میر مهران گۆرانی، میر باشوک ساروئی، میر بیفل غوزداری، میر بوزیک مشکانی، میر ئوکی ئەرمیلی، میر کەلغل بۆلانی و میر نوغێ گریشکانی هاوچەرخی بوون.

١٥- میر میران میر "کیانوش"

دوای مردنی میر نورگان، سەرۆکەکانی کوردی براخۆیی میر "کیانوش"ی کوڕیان هێنایە سەر تەختی میرنشینیی توران کە لە سەردەمی فەرمانڕەواییی خۆیدا بۆ تەبایی و یەکەتیی ڕیزەکانی تیرەکانی کورد تێ دەکۆشا. هەوڵدانی ئەو نەیهێشت شیرازەی کوردەکان تێک بچێ و لێک جیا ببنەوە و کێشە لە نێوانیان دروست ببێت. بە پێچەوانە یەکگرتوویی و پێوەستبوونیانی زیاتر پتەو کرد. ئەمەش زۆر پێویست بوو لەبەرئەوەی لە هەموو ناوچەکانی ماد و پارسدا ئاژاوەگێڕی و یاخیگەری پەرەی سەندبوو. دادگەری ولایەتەکان لە قووڵاییی ڕووخاندا بوون و کاروباری ڕێژیمی ولاتی ماد و پارس دووچاری ناکۆکی و پاشاگەردانی هاتبوو.

کوشتنی ئەردەشێری سێیەم:

"باگواس" خەسێنراوی خزمەتکاری باوەڕپێکراوی ئەردەشێر بوو و هەوەسی پاشایەتی لە مێشکیدا چەقەرەی کردبوو. ئەو بەوە دڵی ئاوی نەدەخواردەوە کە دەسەڵاتی هەموو سەڵتەنەتەکەی لە دەست دابوو و بەڕێوەبەری ڕەش و سپیی ولاتەکە بوو. بە هۆی ئەم هێڤییە ژاری دەرخواردی ئەردەشێر دا و کوشتی.

کۆچی دواییی میر کیانوش:

میر کیانوش دوای ١٢ ساڵ فەرمانڕەوایی کردن، لە کاتی لاوێتیدا تووشی نەخۆشیی ئاوڵە هات و کۆچی دواییی کرد. میر کیانوش هاوچەرخی ئەردەشێری سێیەم بوو و ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆییش: میر گیشتار گۆرانی، میر ئینا خ ساروونی، میر زەڕین ئەرمیلی، میر لاکور بۆلانی، میر بلباس گریشکانی، میر کرەجل غوزداری و میر براخم مشکانی هاوچەرخی بوون.

١٦- میر میران میر "کیکانی دووەم"

دوای کۆچی دواییی میر کیانوش، کوڕەکەی، میر "کیکانی دووەم" هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران. لە سەردەمی هاتنە سەر تەختی ئەودا باری ناڕێکی و شێواوی لە ماد و پارس بە لووتکە گەیشتبوو و پاشاگەردانی لە هەموو لایەک گەرم بوو. میر کیکان خۆی لە چوارچێوەی ئەم کێشانەدا بە گەمارۆدراوی بینی. بۆیە خۆی خەریکی ڕێکوپێککردنی ڕێژیمی نەتەوەیی و مەشق پێدانی لەشکری تیرەکانی کورد کرد.

پاشابوونی "دارای سێیەم":

باگواس کاتێک ژاری دەرخواردی ئەردەشێری سێیەم کرد، کەسێکی لە بنەماڵەی هەخامەنشی کە ناوی "کدمان" بوو و ژیانی گۆشەنشینانەی بەسەر دەبرد و کوڕەزای "ئاستن"ی برای ئەردەشێری سێیەم بوو بۆ سەر تەختی سەڵتەنەت هەڵبژارد. کدمان کاتێک هاتە سەر تەخت، نازناوی "دارا"ی بۆ خۆی هەڵبژارد.

دارا مرۆڤێک بوو شایانی پاشایەتی بوو و لە هێما و ئیشوکاری سەڵتەنەت شارەزا بوو. هەروەها، مرۆڤێکی بەخشندە و دلێر بوو و لە پێشرەوەکانی خۆی زۆر لێهاتووتر بوو. کاتێک باگواس ئەم ڕەفتار و خووڕەوشتە باشانەی لەم هەڵبژێردراوەی خۆی بەدی کرد، ترسی لێ هەستا و بڕیاری دا ئەویش بە ژار لەناو ببات. بەڵام دارا لە پیلانەکەی ئاگەدار بووەوە و ناچاری کرد خۆی ژار بخوا و بمرێ.

بەشی چوارەم

[کوردە بەلوچەکان لە سەردەمی یۆنانییەکان و هیندییەکاندا]

هێرشی یۆنانییەکان بۆ سەر خاکی ماد و فارس:

ولاتی یۆنان لە دوورگەی جۆرەوجۆری گەورە و گچکە پێکهاتووە و هەر دوورگەیەک لەژێر دەسەلاتی فەرمانڕەوایەکدا بووە. ئەم فەرمانڕەوایانە لەناو خۆیاندا یەکگرتوو و تەبا نەبوونە، بگرە هەموو کات هێرشی تالانکەرانەیان بۆ سەر یەکتر هێناوە. لەبەر ئەم هۆیە، پاشاکانی ماد و پارس بەسەریاندا زاڵ بوونە.

مەقدۆنیا ولایەتێکی گەورەی ولاتی یۆنان بوو کە پاشاکەی ناوی "فیلقوس" بوو و دەیویست ولایەتەکانی یۆنان یەکگرتوو بکات و هێرش بکاتە سەر خاکی ماد و پارس. لەوەش ئاگەدار بوو کە تا ئەو کاتەی چەک و ئامرازی شەڕیی لە دوژمن باشتر و بالاتر نەبێت ناتوانێ بەسەر ئەوان واتە مادەکان و پارسییەکاندا زاڵ بێ. بەڵام کاتێک دەستی بە نوێسازیی چەکەکان و ئامادەکاریی شەڕ کرد، پیاوێک بە ناوی "پاسانیاس" بۆ چارەسەرییەکی یاسایی ڕووی لە دەرباری فیلقوس کرد و کێشەکە لە بەرژەوەندیی ئەو بڕیاری لەسەر نەدرا، بۆیە دڵی لە فیلقوس ڕەنجا و لە هەلێکدا کوشتی. دوای ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە، "ئەسکەندەر"ی کوڕی فیلقوس هاتە سەر تەختی مەقدۆنیا و ئیشوکارەکانی شەڕی کە باوکی دەستی پێ کردبوو گرتە دەست خۆی.

دەستپێکردنی شەڕ:

ئەسکەندەر لە ساڵی ٣٣٤ی پێش زاین سەرەتای شەڕی کردەوە و بۆ داگیرکردنی ولاتەکانی ئاسیا بەڕێ کەوت. سەرەتا سووریا و میسری داگیر کرد و پاشان ڕووی کردە ناوچەکانی ماد و پارس و یەکەم شەڕ لەگەڵ ولاتی ماد و پارس لە لێواری دەریای "کرینوکوس" (گرانیک) ڕووی دا. دووەم شەڕ لە ناوچەی "ئیسوس" ئەنجام درا. لەم شەڕەدا، سەربازانی مادەکان و پارسییەکان شکستیان

خـوارد و بەرەو دواوە پاشـەکـشـەیان کـرد. ئەسکەندەر بە شـوێن دارا کـەوت و شـارۆکە و ولایەتەکانی وردە وردە داگیر کرد تا گەیشـتە ناوچەی "گـاگـا میـلان" و لێرەش دوای شـەڕێکی سەخت، دارای شکست دا.

لە ئاکـامی ئـەم شکسـتـەدا، دارا بێـدڵ بوو و ناوچەکـەی بەجـێ هێـشت و بەرەو ڕۆئـاوا هـەڵات. لە ئەنجـام، "بسوس" فـەرمانڕەوای بەڵخ و "برسـان" میـری سیـستـان لە ناوچەی "دمغان" دارایان بە دیل گرت. ئەسکەندەر زۆر بە خێرایی خۆی گەیاندە ناوچـەی ئەوان و کـاتێک بسـوس هـەواڵی هاتنی ئـەسکەندەری بیـسـت، لەگـەڵ هاوکـارەکانی خـۆی دارای کوشت و بەم چەشنـە خۆی لە چنگی ئەسکەندەر ڕزگـار کرد و چرای سـەردەمی بنەماڵەی هـەخامەنشیی کوژاندەوە.

هاتنی ئەسکەندەر بۆ هیند:

ئەسکەندەری مـەقدۆنی دوای داگیرکردنی ولایەتەکانی ڕۆئاوای مـاد و پارس، تا دوو سـاڵ گەشـتی ئەم سـەرزەوییە داگیرکراوانەی دەکرد. هـەر چـەند هـەمـوو ولاتی مـاد و پارسـی هێنـابووە ژێر دەسـەڵاتی خـۆی، سـروشـتـی بزۆزی ولاتگیـرانەی تینـووێتی بەم سـەڵتـەنەتە پان و بەرینەدا نەشکاند و چڵـێـسی ولات داگیـرکـردن دیسان واداری کرد کە داگیرکردنی ئەم ولاتانەی کەوتبوونە ڕۆهـەڵاتی ماد و پارس هـەڵسـێ و بیـانهـێنێتـە ژێر دەسـەڵاتی فـەرمانڕەواییی خـۆی. بۆ جـێبـەجـێکردنی ئەم مـەبەسـتـەش، زنجـیـرە چیـای "هندوکـوش"ی تێ پەڕاند و هاتـە ناو خـاکی هیند و ولایەتی "پـەنجـاب"ی داگیـر کـرد. بە نیـاز بـوو هـێـشـتـان بەرەوپێش بڕوات و ئەو ولایەتـانەی کـە کـەوتبـوونـە ڕۆهـەڵاتی پـەنجـاب داگـیـر بکات. بـەڵام سـەربازە یۆنانییەکان سەرپێچییان لە فەرمانەکەی کرد و بەرەوپێش نەچوون.

گەڕانەوەی ئەسکەندەری مەقدۆنی:

کاتێ ئەسکەندەر هەستی بەوە کرد کـە سـەربازەکانی لە شـەڕ و هێـرشکردنی بەردەوام بێزار و بێـدڵ بوونە، بە ناچاری و دەست داماوی بڕیاری گەڕانەوەی دا. سـەرەتا بەرەو باشـوور کـەوتە ڕێ و هاتە ناو خـاکی سندان و لە لێـواری ڕووباری سندان[11] سـەربـازگەی دامەزراند. لەوێ سوپاکەی بـەسـەر دوو بەشدا دابـەش کرد،

۱۱. دەبێ مەبەست "ڕووباری سند" بێ کە سەرچاوەی هەرە گەورەی ئاودانی پاکستانە =

بەشـێکی کـە لە سـامـان و باری گـران و سـەربازی بریندار پێکهـاتبـوو بە سەرۆکایەتیی سەرلەشکر "کرایتوراس" لە ڕێگەی تورانەوە بەرەو زابلستان نارد و خۆیشی لەگەڵ سـوپاکەی لەوێوە چووە بەندەرگـای "دیول". لێرە بۆ جاری دووەم سـوپاکـەی بەسـەر دوو بەشـدا دابەش کـرد و بەشـێکیـانی بە سـەرۆکـایەتیی "نیارکوس" میری دەریا بە کەشتی و بەلەم بە ڕێگای ئاویی دەریای "عومان" بەرەو پارس نارد. بەشـەکـەی تریشی بـە سـەرۆکـایەتیی خـۆی بە ڕێگەی وشکیـدا بەرەو پارس بەڕێ کـەوت. سـەرەتا هاتە نـاوچەی "ئەرمـابیل"ی خـواروویی توران و دوای تێپەڕاندنی چەند ناوچەیەک گەیشتە ولایەتی مەکران. لە مـەکرانەوە چووە پارس و لەوێشـەوە هـاتە بابل. لە بابل تووشی نـەخـۆشی هـات و لە سـەردەمی لاوێتی لە تەمەنی ٣٢ سالّیدا کۆچی دواییی کرد.

شەڕی کوردەکانی توران و مەکران لەگەڵ سوپای ئەسکەندەر:

کـاتێک کـوردە بـەلوچەکـانی توران و مـەکـران هـەواڵی ئەوەیان پـێ گـەیشت کـە ئەسـکەندەری مـەقـدۆنـی لەگـەڵ سـوپاکـەی لە خـواروویی تـوران و مـەکـرانەوە دەگەڕێتەوە پارس، سەرۆکەکانی کوردی توران و مەکران لەگەڵ یەک ڕاوێژیان کرد و بڕیاریـان دا بە لە بەرچاو گـرتنی نەریتی جـوامێـریی کـوردە بـەلوچەکـان لەگـەڵ دوژمن بجەنگن. بۆ ئەوەی دوژمن ئەو گومانە نەکات کە دانیشتوانی خاکی توران و مـەکـران بـێ هیچ بەرهەڵستکاری و خـوێن ڕشتنێک خـاکی خـۆیان دەدەنە دەست دوژمنەوە.

نەخشەدانانی شەڕ:

ئەسکەندەر هێـشـتـان لە خـاکی سندان بەڕێوە بـوو کـە سـەرۆکـەکـانی کـوردە بـەلوچەکانی توران و مەکران لە ناوچەی "مـەنگور"دا کۆ بوونەوە و پیلانی شـەڕیان دانا و شێوازی بەرگریکاریی ناوچەکانیان ڕێک خست. تیرەکانی بۆلانی و گۆرانی

= و لە هیندستانەوە سەرچاوە دەگرێ، بە نێو هەرێمەکانی پاکستان تێپەڕ دەبێ و لە کـۆتاییـدا دەڕژێتە نـێـو ئۆقـیـانووس. بەپێی پـەیمانی "سندتاس" کـە لەژێر چـاودێریی بانکی نێودەوڵەتی لە سـاڵی ١٩٦٠ ئەنجام درا، ئاوی ئەم ڕووبارە پاکستـان بەکاری دەهێنێ.

لەگەڵ سەردارەکانیان میر بەروز بۆلانی و میر روشی گۆرانی بەرگریی تەنگەی بۆلانیان پێ ڕاسپێردرا. میر شادین غوزداری و میر راسن مشکانی لەگەڵ تیرەکانیان بەرگریکردنی تەنگەی میلایان پێ ڕاسپێردرا. میر کیکان لەگەڵ تیرەکانی کیکانی، سارونی، ئەرمیلی و گریشکانی و هەروەها میر لبوسان لەگەڵ دەستەکانی تیرەکانی ئەدرەگانی، مەملی و کرمانی هاتنە ئەرمابیل و لەسەر ڕێگەی تێپەڕبوونی ئەسکەندەر سەنگەریان دروست کرد و چاوەڕێی هاتنی بوون.

شەڕ و دەرچوونی کورده بەلوچەکان لە تەنگەی میلا:

کاتێک کرایتوراس سەرلەشکری یۆنانی لە لێواری ڕووباری سندانەوە گەیشتە دەشتی "بەدهان" و لەوێوە هاتە تەنگەی میلا، تیرەکانی کوردی بەلوچ شەڕی لێدان و دەرچوونیان دەست پێ کرد، شەوانە هێرشیان دەکردە سەر سەربازگەکەیان و سەربازانی دوژمنیان دەکوشت. کرایتوراس زۆر بە سەختی و دژواری تەنگەی میلای تێ پەڕاند و هاتە دۆڵی "کوهیرانی". لە بەردەم ئەم دۆڵە لە ناوچەی "زیدان" شەڕێکی سەخت لە نێوان کورده بەلوچەکان و یۆنانییەکان ڕووی دا. میر راسن مشکانی کوژرا و میر شادین لەباری زامداریدا خۆی ڕزگار کرد و بەرەو ئەرمابیل بۆ یارمەتیدانی کورده بەلوچەکان بەڕێ کەوت.

هاتنی ئەسکەندەر بۆ ناو خاکی توران و داگیرکردنی ئەرمابیل:

لەو کاتەدا، ئەسکەندەری مەقدۆنی لە وڵاتی سندانەوە هاتە ناوچەی ئەرمابیلی توران و لە دۆڵی "ئەرمیلان" سەربازگەی دامەزراند. لێرەدا کورده بەلوچەکان و یۆنانییەکان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و کورده بەلوچەکان شەڕی لێدان و دەرچوونیان دەست پێ کرد. دوای شەڕێکی سەخت، لەشکری کورده بەلوچەکان بەرەو دواوە کشایەوە. میر جاگین سارونی و میر نورگان ئەرمیلی لەگەڵ دەستەسەربازەکانی خۆیان هاتنە ناو قەڵای ئەرمابیل و سەنگەریان بەست. ئەسکەندەر بە خێرایی بە دوایاندا گەیشتە ئەوێ، شارەکەی گەمارۆ دا و سەربازەکانی لە هەرچوار لاوە هێرشیان بردە سەر قەڵاکە و داگیریان کرد. لەم کوشت و کوشتارەدا لاوی شەڕوانی زۆری کورده بەلوچەکان کوژران.

شەڕ لە تەنگەی "حوللین":

دوای داگیربوونی شاری ئەرمیلان، تیرەکانی کوردی ساروونی و ئەرمیلی ڕایان کردە تەنگەی "حوللین" کە لێرەدا تیرەکانی تری کوردی توران و مەکران بۆ شەڕکردن لەگەڵ یۆنانییەکان کۆ بووبوونەوە. ئەسکەندەر لەگەڵ سەربازەکانیدا بە زوویی بە شوێنیاندا گەیشتە ئەوێ. پێکدادانێکی خوێناوی لە نێوانیاندا ڕووی دا و یۆنانییەکان بەسەر کوردەکان زاڵ بوون. لە ئاکام کوردەکان پاشەکشەیان کرد و لەنێو کەژەکاندا بڵاو بوونەوە. دوای ئەوە، هەموو تیرەکانی کوردی بەلوچ لە دۆڵی "گلگالا" کۆ بوونەوە و خۆیان بۆ شەڕێکی گەورە ئامادە کرد.

شەڕی "گلگالا" لە ناوچەی "راس کیچان":

ئەسکەندەر لەگەڵ سوپاکەی زۆر بە سەختی تەنگەی حوللینی تێ پەڕاند و لە دۆڵی گلگالا سەربازگەی دامەزراند. ئەم دۆڵە کەوتووەتە نێوان ڕووباری "پورال" و زنجیرە چیای "حوللین" کە مەیدانێکی پان و بەرینە. ئەسکەندەر لێرە مایەوە و چاوەڕێی دەکرد کە سوپایە ئاوییەکەی بگاتە لێواری "راس کیچان" کە بە دۆڵی گلگالاوە لکابوو و لەنگەر بهاوێن، پاشان لەشکری وشکایی و ئاوی پێکەوە ڕاوێژ بکەن و دوای کۆکردنەوەی تۆشەی ڕێگە، بەڕێ بکەونەوە.

کوردە بەلوچەکان کە لە کەژەکانی دۆڵی گلگالادا کۆ بووبونەوە دەستیان کردە سەر هێرشبردنە سەر لەشکرگەی ئەسکەندەر. شەڕی لێدان و دەرچوونیان تا پێنج شەو و ڕۆژ بەردەوام کرد. سێ شەو لەسەر یەک هێرشیان بردە سەر لەشکرگەی ئەسکەندەری مەقدۆنی، بەرەبەیان دەگەڕانەوە کەمینگەکانیان و لەناو دۆڵ و شاخەکاندا خۆیان دەشاردەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی سەربازە یۆنانییەکان ناخۆشیی شەکەتی و بێ خەوی بچێژن. لەباری بێ خەویدا بمێننەوە و هێزی بەرگرتنیان تێک بچێ. ڕۆژی پێنجەم سەرلەشکرەکانی کوردە بەلوچەکان بەرەبەیان بە ٢٥ هەزار سەربازی سوار لە سێ قۆڵەوە شاڵاویان بردە سەر لەشکرگەی ئەسکەندەری مەقدۆنی و بە شێوازی ریزبەندی شەڕیان دەست پێ کرد. سەرەتا ڕیزی یەکەم هێرشی بردە سەر دوژمن، پاشان ڕیزی دووەم جوولایەوە و ڕیزی سێیەمیش بە دوای ڕیزی دووەم بەڕێ کەوت. هەموو تێکڕا

هێرشیان بردە سەر دوژمن و ڕۆژێکی زۆر سەختیان بەسەر سەربازە یۆنانییەکاندا کردەوە. ئێوارە شەڕ کۆتاییی پێ هات و ١٠ هەزار پاڵەوان و لاوی کوردی بەلوچ کە شەڕکەر و ئازا و بە ئەزموون و ڕێزشکێن و خۆبەختکەر بوون بۆ بەرگری و پارێزگاریی نیشتمانەکەیان وەکو پێشمەرگە هاتنە مەیدان و گیانیان لەدەست دا. لەم شەڕە خوێنڕێژ و ترسناک و دڵپێک و دڵبڕین و دڵازارەدا، ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی: میر جاگین ساروونی و میر ئاچاک گریشکانی گیانی خۆیان لەدەست دا و لە مێژووی فیداکاریدا ناوی خۆیان تۆمار کرد.

کاربەدەستانی ئەسکەندەری مەقدۆنی لە توران و مەکران:

کاتێک ئەسکەنەری مەقدۆنی ناوچەی خواروویی توران واتە ئەرمابیلی داگیر کرد، یەکێ لە سەردارانی لەشکرەکەی کە ناوی "هیفی سون" بوو لەو ناوچەیە بەجێ هێشت، بۆ ئەوەی ڕێژیمی بەڕێوەبردنی ئەم ناوچە تازە داگیرکراوانە بە شێوە و نەریتی یۆنانی بەڕێوە ببات. ئەسکەندەر پاشان هاتە ناو خاکی مەکران و سەرلەشکر "ئەپالی فانیس"ی بە فەرمانڕەوای ئەم ولایەتە دانا.

دەستبەکارووونی "کساندوس" وەکو فەرمانڕەوای توران و مەکران:

دوای ئەوەی ئەسکەندەری مەقدۆنی کۆچی دواییی کرد، سەرلەشکرێکی بە ناوی "سیلوکوس" هاتە سەر تەختی دەسەلاتداریی ماد و پارس. ئەویش لەلای خۆیەوە پلەدارێکی لەشکری، "کساندوس"ی بە دادگەری توران و مەکران هەڵبژارد. دوای ئەوە کساندوس هاتە مەکران و دەسەلاتی حکوومەتی ئەم دوو ولایەتەی گرتە دەست.

بارودۆخی نەگونجاوی کوردە بەلوچەکانی توران و مەکران:

دوای ڕووخانی پاشایەتیی هەخامەنشییەکان، فەرمانڕەوایە یۆنانییەکان لە گشت ولایەتەکان هاتنە سەر کار، گۆڕانکارییان بەسەر شێوەی ڕێکخستنی هەخامەنشییەکاندا هێنا و لە جیاتیدا شێوە و دابی ڕێکخستنی یۆنانییان بە زۆر بەسەر ماد و پارسدا داسەپاند. هەر دەستە و لایەنێک سەرپێچیی لێ بکردایە، ئەوا دەسەلاتدار و کاربەدەستە یۆنانییەکان هێرشیان بۆ سەر دەبردن. لەبەر ئەم

هۆیە، بەگشتی لە ولاتی ماد و پارس ئاسایش و ئاشتی بەدی نەکرا و بازاڕی شەڕ و پێکدادان و کوشت و برین بەردەوام بوو.

کوردە بەلوچەکانی تووران و مەکرانیش لە پەیڕەوکردنی شێوازی بەڕێوەبەرایەتیی یۆنانییەکان بێدڵ و ڕەنجاو بوون و ئامادە نەبوون ملکەچی بن. هەر ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی یۆنانییەکان لێیان دڵڕەش و بە قین بن و لەم بارودۆخە نالەبار و بێ چارەییەدا ژیان بەسەر بەرن.

هێرشی سیلوکوس بۆ سەر ولاتی هیند:

سیلوکوس سەرلەشکری یۆنانی ماوەیەکی درێژ بەسەر فەرمانڕەواییەکەی لە ماد و پارس تێپەڕی نەکردبوو کە نازی بە بەهێزی و پتەویی خۆیەوە کرد و بە هۆی فراوانیی ئامراز و کەرەستە لە سەڵتەنەتە پان و بەرینەکەیدا لەخۆبایی بووبوو و خۆی لە ولاتی هیند بە تواناتر دەزانی. ئەمەش وای کرد بە بێ هیچ تێڕامان و بیرکردنەوەیەک بەخێرایی هێرش بکاتە سەر هیند. بەڵام "چەندەران گوپتان مۆریان" شکستی دا و کاتێ زانی توانای بەرەنگاربوونەوەی نەماوە و هەستی بە هەڵە و باری ناهەمواریی خۆی کرد، داوای ئاشتیی کرد و هەرێمەکانی ڕۆهەلاتی سەڵتەنەتی ماد و پارس کە لکا بوون بە ولاتی هیندەوە وەکو تاوانی شەڕ دایە پاشای هیند. بەم شێوەیە ولایەتی تووران و مەکران لەژێر دەسەلات و فەرمانڕەواییی ولاتی ماد و پارس دەرهات و هاتە ژێر دەسەلاتی ولاتی هیند.

کوردە بەلوچەکان لەژێر دەسەلاتی ولاتی هیند:

ئەم گۆڕانکارییە سیاسییە، فەرمانڕەواییی کوردە بەلوچەکانی ڕووبەڕووی کێشە و ناکۆکی و سەختی جۆرەوجۆر کرد. لەبەرئەوەی لە سەردەمی کۆندا ولاتە سەرکەوتووەکان ئەم نەریتەیان بەکار هێناوە کە کاتێ ولایەتێکی نوێ بهاتبوایە ژێر دەسەلاتیان، ئەوا دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچانەیان دەگواستەوە ولاتەکەی خۆیان و لە جێگای ئەوان نەتەوەی خۆیانیان لێ نیشتەجێ دەکرد. لەم بارودۆخەدا، کوردە بەلوچەکان دوو ڕێگەیان لەدەست دابوو: یەکەم، خۆیان بدەنە دەست دەسەلاتدارە هندییەکان و ملکەچی دەسەلاتی هۆزە هندییەکان بکەن. دووەم، بەپێچەوانە، سەربەخۆییی خۆیان بە پتەوی بپارێزن و لەدەستی نەدەن و بۆ

بەردەوامبوونی کۆشش بکەن. کورده بەلوچەکان ڕێگەی دووەمیان هەڵبژارد و بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی سەربەستیی خۆیان، دەستیان بە تێکۆشان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک کرد.

هاتنی تیرە هندییەکان بۆ ناوچەی توران و مەکران:

کاتێک بەرپرسە هندییەکان دەسەڵاتداریی بەڕێوەبەرایەتیی میرنشینەکانی توران و مەکرانیان گرتە دەست، هاتنی تیرە هندییەکان بۆ ناوچەی توران و مەکران دەستی پێ کرد. کورده بەلوچەکان لە سەردەمی کۆندا بەو تیرانەی "سندان"یان دەگوت "جدگال". ئەم تیرانە وەکو کوللە و مێروولە هێرشیان هێنایە سەر خاکی توران و مەکران و کورده بەلوچەکانیان بە تەواوی لە مەکران دەرکرد. هەرێمەکانی ناوەند و خواروویی تورانیشیان کە بە "غوزدار" و "ئەرمابیل" دەناسران داگیر کرد و کورده بەلوچەکانیان لەوێش بەدەرنا. بەڵام نەیانتوانی هەرێمی باکوری توران کە بە ناوی کیکانان دەناسرا داگیر بکەن، لەبەرئەوەی هەموو ئەو تیرانەی کوردی بەلوچ کە شکستیان خواردبوو، لەم هەرێمەدا کۆ بووبوونەوە و تیرەکانی کوردی زابلستانیش واتە: سەباحی، سنجاوی، سفاری و زەنگەنە، بۆ یارمەتی و هاوەڵیی برا بەلوچەکانیان هاتبوونە ناوچەی کیکان. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هێزی بەرگرییان پتەوتر بێت و جدگالەکان ئەو هیمەتەیان نەبوو شاڵاو بەرنە سەر کورده بەلوچەکان.

هۆی یارمەتیی کوردەکانی زابلستان:

لە ڕۆهەڵات و باشووروەوە سنووری زابلستان بە توران و مەکرانەوە لکا بوو و فەرمانڕەوای زابلستان میر برسان لە نەژادی کورد بوو و کاتێ ئەم بارودۆخە نەگونجاوەی کوردەکانی توران و مەکرانی بەدی کرد، دڵی سووتا و لەناوچوونی ئەوانی بە بێهێزیی نەژادی کورد زانی. هەروەها، لەوەش ئاگەدار بوو کە بە لەناوچوونی تەواوی کوردەکانی توران و مەکران، ورەی جدگالەکان بەرز دەبێتەوە و هانیان دەدا هێرش بۆ سەر زابلستانیش بهێنن. لەبەر ئەم هۆیانە، خۆی بۆ هاوەڵیکردنی کورده بەلوچەکان ئامادە کرد و بەڕێ کەوت.

شەڕی سەختی "سوهر ئاباداں":

دوای داگیرکردنی ولایەتی مەکران و ناوچەی باشوور و ناوەندی ولایەتی توران، جدگالەکان لە سوهر ئاباداں کۆ بوونەوە و سەرۆکەکەیان میر "ئەگماراں" لە قەڵای "نغان" لەگەڵ تیرەکانی: بنیان، مویدان و تاگین نیشتەجێ بووبوو و لەگەڵ کاربەدەستەکانی خۆی لەم بگرە و بەستەدا بوون کە چۆن هێرش بۆ سەر کیکان پایەتەختی توران بەرن. کورده بەلوچەکان هەواڵی ئەم پیلانەیان پێ گەیشت و زۆر بەچاپووک دەستی هێرشیان بردە سەر سوهر ئاباداں و لە ڕووبەڕووی سەربازگەی جدگالەکان لەشکری خۆیان بۆ شەڕ ڕیزبەندیی کرد. بەرەبەیان هەموو تێکڕا هێرشیان بردە سەر سەربازگەی دوژمن و شەڕیان دەست پێ کرد. میری زابلستان میر برسان لەگەڵ تیرەکانی کوردی سەباحی ، سنجاوی، سفاری و زەنگەنە هێرشیان بردە سەر قۆڵی ڕاستی دوژمن، میری توران میر کیکان لەگەڵ تیرەکانی کوردی براخوێیی هێرشیان بردە سەر قۆڵی لای ناوەندی لەشکری دوژمن و میری مەکران میر کباد لەگەڵ تیرەکانی ئەدرەگانی، ماملی و کرمانی شاڵاویان بردە سەر قۆڵی چەپی لەشکری جدگالەکان.

ئەم شەڕە تا سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، جدگالەکان شکستیان خوارد و پاشەکشەیان کرد. پاشان میری جدگالەکان هێزی بەرگریکردنی لە خۆدا نەبینی و داوای ئاشتیی کرد و بەپێی پەیمانی ئاشتی دۆڵی سوهر ئاباداں کرا بە سنووری نێوان ناوچەی کورده بەلوچەکان و جدگالەکان. دەڵێن ئەم شەڕە لە ساڵی ٢٩٠ی پێش زاین ڕووی داوە.

لکاندنی ناوچەی کیکانان بە میرنشینیی زابلستان:

دوای هاتنی یۆنانییەکان و تیرەکانی جدگالەکانی سندان، شیرازەی "بولکی" (هۆزایەتی)ی کورده بەلوچەکان لە مەکران و توران تێک چووبوو و لە بناخە دەرچووبوو. سەران و سەردارانی کورده بەلوچەکان کە دنیادیتە و بە ئەزمون و کارزان و تێگەیشتوو بوون، لە شەڕەکانی یۆنانی و جدگالەکاندا گیانیان بەخشیبوو. میر راسن مشکانی لە چەنگی "کرایتوروس"ی سەرلەشکری یۆنانی لە تەنگەی "میلا"دا کوژرابوو، لەلایەکی تر میر جاگین سارونی، میر ئاچاک

گریشکانی، میر بۆلان ماملی و میر توران کرمانی له شەڕی ئەسکەندەر پاشای یۆنانی شەهید کرابوون و هەروەها میر شادین غوزداری، میر نورگان ئەرمیلی و میر بەروز بۆلانی له شەڕی خۆیناویی سوهر ئابادان کوژرابوون. لەناو سەرۆکەکانی کورده بەلوچەکان تەنیا میر کیکان کیکانی و میر روشی گۆرانی لەم لێدان و کوشت و کوشتارانەدا به ساغی مابوونەوه و شەهید نەکرابوون. ئەمەو لەبەرئەوەی شێوەی ڕێکخستنی هۆزایەتیی کورده بەلوچەکان تێک چووبوو، نەیاندەتوانی سیاسەت و بەڕێوەبەرایەتیی خۆیان بێ یارمەتی و هاوەلێی لایەنی تر بەڕێوه بەرن. بۆیە هیچ چارەیەکی تریان نەدۆزییەوه جگە لەوەی ناوچەی کیکانان به میرنشینیی زابلستانەوه بلکێنن و پێیەوه پێوەست بن.

بەشی پێنجەم

شارستانیی کوردە بەلوچەکان

ئاینی کوردە بەلوچەکان:

ئاینی کوردەکان بەر لە کۆچکردنیان بۆ ناوچەکانی ماد، زۆر تاریک و نادیارە. بەڵام دوای هاتنیان بۆ ناوچەکانی ماد، لە شوێنەوار و نیشانەکان وا دەردەکەوێت کە ئاهوراپەرست واتە ڕۆشنایی پەرست بوونە، ڕووناکییان خۆش ویستووە و لە تاریکی ترساون و پێی دڵتەنگ بوونە.

وشەی ئاهورا لە "ئا" و "هور" پێک هاتووە. هور مانای "ئاگر" دەدات و "ئا"ش مانای "هاتوو" دەگەیەنێت واتە ڕاستییەک کە لە ئاگرەوە هاتبێت. ئەم ڕاستییەش چییە؟ "ڕووناکی"یە. کوردەکان ئاگریان بە هێمای ئەو ڕاستییە زانیوە. واتە ڕووناکییان بە پیرۆز زانیوە و دەیانپەرست. ڕۆژیشیان هەر بەم بۆنەیەوە کە نیشاندەری ڕاستیی ڕووناکییە بە پیرۆز زانیوە و دەیانپەرست.

کاتێک کوردە بەلوچەکانیش لە توران و مەکران نیشتەجێ بوون، ئاینی خۆیان بردە پێ دا و ئاینی بتپەرستیی تورانییەکانیش کە بەر لە هاتنی کوردەکان لەم ولایەتانە باوی هەبوو تەرک کرا.

نەریتی ئاینی کوردەکان زۆر سادە و ئاسان بووە. لە ڕۆژێکدا سێ جار، لە کاتی ڕۆژ هەڵهاتن و ڕۆژ ئاوابوون و چاشت یان نیوەڕۆدا، ئاگریان دەپەرستی. پەرستگەکەیان بە "ئارین" کە لە "ئار"ەوە هاتووە ناو بردووە. بە پاسەوانی ئاگردانی پەرستگەکەیان دەگوت "ئاریوان". بە گشتی لە هەر شار و لادێیەکدا ئاگردانێک هەبووە.

لە ولایەتی توران دوو پەرستگەی گەورە بە ناوی "ئارین زاوک" و "ئارین حەلوان" هەبووە کە فەرمانڕەواکانی کوردە بەلوچەکان لە شاری کیکان و غوزدار دروستیان کردبوو. ئەم دوو پەرستگەیە لەسەر لووتکەی چیای زاوک و حەلوان دروست

کرابوون. کورده بەلوچەکان ئەم دوو پەرستگەیەیان زۆر بە پیرۆز دەزانی و لە ساڵێکدا دووجار، لە وەرزی بەهار و پایزدا، لە هەموو لایەکی توران و مەکرانەوە بۆ زیارەتی ئەم پەرستگەیانە دەهاتن. لەگەڵ هاتنی خۆشیاندا، دیاری و خواردنێکی زۆریان دەهێنا و چەندین ڕۆژ لەم پەرستگەیە پیرۆزانەدا دوعایان دەکرد و خەریکی پەرستنی یەزدان دەبوون.

چۆنیەتیی دروستکردنی بینای ئارین (پەرستگە):

لەبەرئەوەی داوونەریتی ئاینی کورده بەلوچەکان زۆر سادە بووە، چۆنیەتیی دروستکردنی پەرستگەکەشیان لە ڕووی ڕازاندنەوە و نەخشاندنەوەی دەرەکی پاک بووە.

کورده بەلوچەکان لە دینداری دڕێغییان نەکردووە. هەر بۆیە بینای پەرستگەکەیان پان و بەرین بووە و بە شێوەی لاکێشەیی دروست کراوە و تێیدا شەو و ڕۆژ ئاگر کراوەتەوە و خەڵک بۆ پەرستنی یەزدان کە ڕووناکییان بە نووری ئەو دەزانی دەهاتنە ژووری پەرستگەکە. لە ناوەندی ژووری پەرستگەکەدا بازنەیەک هەبووە کە تێیدا سێ ئاگردان هەبووە هەموو کات ئاگریان تێدا دەسووتا. خەڵکانی پەرستیاریش لە دەوری ئەم بازنەیەدا دادەنیشتن و نووری یەزدانیان دەپەرستی.

داوونەریتی کورده بەلوچەکان:

أ. کورده بەلوچەکان باوەڕیان بە ژیانی پاش مردن نەبووە و مەرگیان بە هۆی پچڕانی پێوەندیی بەردەوامی لە ئەهریمەن زانیوە. سەرەتا لاشەی مردوویان نەناشتووە و لەسەر بەرد یان لە جێگەی بەرزدا بەجێیان هێشتووە بۆ ئەوەی باڵندە و ئاژەڵ بیانخۆن و دووبارە ببنەوە بەشێک لە جەستەی گیانەوەران. بەڵام لە دواییدا، ئەم نەریتەیان تەرک کرد و مردوویان لەناو جەڕەی گەورە داناوە و لەناو کێوەکاندا ناشتوویانن.

ب. نەریتی مارەبڕین لە نێوانیاندا باو نەبووە. بۆ ئەنجامدانی زەماوەند، تەنیا ڕەزامەندیی هەردوولا واتە ژن و پیاو و باوک یان سەرۆکی بنەماڵە پێویست بووە.

ج. فرەژنی لەناو کوردەکاندا یاساخ نەبووە، بەڵام پێک گەیشتنی ناشەرعی (زینا) بە سەختی یاساخ بووە.

چ. دایک و کچ و خوشکیان بە ژن نەهێناوە و زەماوەند لەگەڵیاندا حەرام بووە.

ه. نەریتی خەتەنەکردنیان لەناو باو نەبووە.

و. کچەکان تا کاتی باڵغی شەلواریان لە پا نەکردووە.

ز. کوردەکان تا تەمەنی باڵغبوون پشتێنیان لە پشت نەکردووە و لە شەڕدا کوشتنیان یاساخ بووە.

ج. کوردە بەلوچەکان لە ڕووی پیشەوە کۆچەر و ڕەوەدار بوونە. مێگەل و مەڕومااڵتی زۆریان هەبووە و بە گالیسکە بزاون.

ح. کوردە بەلوچەکان خوویان بە نیشتەجێبوونی یەک جێیی نەبووە، هەر بۆیەش کۆێستان و گەرمیانیان کردووە.

ی. پاشان کە ژیانی شاریان هەڵبژارد، دەستیان بە پیشەی کشتوکاڵ، باخەوانی و دارچاندن کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ زەخیرەکردنی ئاو، بەنداوی وایان دروست کرد کە بە دیتنی مرۆڤ سەری دەسوڕمێ.

ک. دەسەاڵتی بنەماڵە لای باوک و گەورەی بنەماڵەکە بووە. پاشان سەرۆک هۆزەکانیش لە چارەسەری کێشە گرینگەکان بڕیاردەر بوونە. لە هەموو کێشە ناوەخۆییەکانی تر، دەسەاڵتی چارەسەرکردن بە تەواوی لە دەست سەرۆک هۆز و ڕیشسپییەکاندا بووە.

ل. کاتێک لەژێر دەسەاڵتی سوڵتانێکدا بوونایە، تەنیا سەرۆک هۆزەکان الیەنی پێوەندیکار لەگەڵ سوڵتاندا بوونە. ئەم الیەنە پێوەندیکارییەش پێوەندیی بە ئیشوکاری سیاسی و میریی وەکو شەڕ، ئاشتی، باج، لەشکر و نموونەی ئەوانە بووە.

م. لەگەڵ دراو ئەوەندە ئاشنا نەبوونە. پێداویستییەکانی خۆیان تەنیا لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی کەلوپەلەوە بەدەست هێناوە.

ن. جلوبەرگ و کەوشیان زۆر بە سادەیی لە خووری و پێستی ئاژەڵی خۆماڵی یان کێوی دروست کردووە.

س. ژنەکان لە ئیشوکاری ڕۆژانەدا شان بەشانی پیاوەکان کاریان کردووە.

ع. چەکی کوردە بەلوچەکان لە تیروکەوان، گورز، شمشێر، خەنجەر، گوریسی ڕاو و بەردەقانی پێکهاتووە.

غ. نەریتی "حاڵ گرتن"[١٢]. نەریتی حاڵ گرتن لەناو کوردە بەلوچەکاندا باو بووە. کاتێک کەسێکی غەریب هاتووەتە ناو شارێک یان گوندێک و چووەتە ماڵی کەسێک، خاوەن ماڵ پاش بەخێرهاتن، هەواڵی سەفەرەکەی لێ پرسیوە. لەم ڕووەوە خاوەن ماڵ هۆی هاتنی کەسەکەی بۆ دەرکەوتووە.

ش. نەریتی حول. کوردە بەلوچەکان لەشکری هەردەم ئامادەیان نەبووە. لەبەرئەوە، لە کاتی شەڕدا لە ڕێگەی جارچییانەوە هەواڵی شەڕیان بە ناو ووڵاتدا باڵاو کردووەتەوە و سەربازە کوردە بەلوچەکانیان ئاگەدار کردووەتەوە. بەمجۆرە هەواڵ گەیاندنەیان گوتووە "حول". حول وشەیەکی کوردییە کە بە مانای ئاشکراکردن دێت. لە کاتی نەریتی حولدا، شوێنی کۆبوونەوەی سەربازەکانیشیان دیاری کردووە. بەمجۆرە، سەربازی لەشکری کوردە بەلوچەکانیش لەو شوێنانە کۆ دەبوونەوە.

کشتوکاڵی کوردە بەلوچەکان:

سەرەتا کاتێک کوردە بەلوچەکان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە کۆچیان کرد و هاتنە ماد، وەکو پیشە کۆچەر و ڕەوەدار بوونە و ماڵ و سەروەت و سامانیان لە مێگەل و مەڕومااڵت پێکهاتووە. بە کشتوکاڵ تامەزرۆ نەبوونە و بە گالیسکە سەفەریان کردووە.

بەاڵم ئەم جۆرە ژیانە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت کاتێک لە ساڵی ٨٥٠ی پێش زاین میری مەزنی کوردەکان "کەیقوباد" بنەمای سەڵتەنەتی مادی دانا و هێرشی کردە سەر وڵاتی توران و توانی لەناوی ببات و ووڵایەتەکانی لێ داگیر بکات کە پێک هاتبوون لە: سوغدستان، کابلستان، زابلستان، توران و مەکران. کەیقوباد پاشان تیرەکانی کوردی بەلوچی لەوانە براخوێیی، ئەدرەگانی، ماملی و کرمانی لە

١٢. نووسەر ئەم نەریتەی بە "حاڵ گرتن" پێ ناساندووە کە لە کوردی ئەم سەردەمەش هەر بە حاڵ گرتن یان هەواڵ پرسین دێت.

ولایەتەکانی توران و مەکران بڵاو کردەوە. ئەم تیرانە لە توران و مەکران نیشتەجێ بوون و پاشان دەستیان بە کاری کشتوکاڵی کرد. بۆ ئەم مەبەستەش کارێزیان هەڵکەند و بەربەستی ئاویان هەڵبەستا و سوودی زۆریان لە بەروبوومی کشتوکاڵ بەدەست هێنا.

زمانی کوردە بەلوچەکان:

کوردە ڕۆهەڵاتییەکان واتە کوردەکانی ماد بە هەمان زمان وتووێژیان کردووە کە ئاوێستای پێ نووسراوە. کاتێک کوردە براخۆیی، ئەدرەگانی، کرمانی و ماملییەکان هاتنە ناو خاکی توران و مەکران، هەر بەو زمانە گفتوگۆیان دەکرد. لەبەر ئەم هۆیە، خەڵکە خۆماڵییەکان ناویان لێ ناون "کوردگاڵ" واتە ئەو خەڵکانەی کە بە زمانی کوردی دەئاخڤن.

بێژەرەکان دەگێڕنەوە کە کاتێک کەیقوباد پاشای ماد وڵاتی تورانی داگیر کرد و کوردەکان دەسەڵاتی ولایەتی توران و مەکران و زابلستانیان گرتە دەست، هەندێک لە هۆزە تورانییەکان تورانیان بەجێ نەهێشت و نەچوونە سوغدستان کە نیشتمانی ڕەسەنی باپیرانیان بوو و فەرمانڕەواییی کوردەکانیان قەبووڵ کرد. ئەو هۆزە تورکانە کە کۆچیان نەکرد ناوەکانیان بەمجۆرەی خوارەوەیە:

گرگاوی،

گندارچی،

هەنگاسارتی،

موجارک،

ڕەزنداک،

سەمیغان،

سورغان،

مەندغار،

داهیماک،

ڕەتگاسارتی،

میموجاندک،

جوگمان،
هوناک،
جەسفاک،
بەزنجەک،
ئەلیاتون،
کاوکان،
ئەرزنگی،
سارغون، و
کالداش.

ئەم هۆزە تورانییانە بە زمانی تورکی وتووێژیان دەکرد و دوای ئەوەی ملکەچی دەسەڵاتی کوردەکان بوون، تێکەڵاوییان لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردەکان دروست کرد و پێیانەوە پێوەست بوون. ئەمەش بەو مەبەستەی پێوەندیی برایەتیی نێوانیان بەهێزتر بێت.

ئەم تێکەڵاوبوونەی کورد براخۆییەکان لەگەڵ هۆزە تورانییەکان بووە هۆی گۆڕینی زمانەکەیان. ئەم دوو زمانە، واتە کوردی و تورکی، کارتێکەرییان لەسەر یەک دانا و لەگەڵ ڕەوتی سەردەم، کورد براخۆییەکان پەیڤینیان بە کوردی و تورکی برەو پێ دا.

ڕێژیمی لەشکریی کورد بەلوچەکان:

لە سەڵتەنەتی ماد بۆ پارێزگاری و بەرگری و ئاسایشی ناوەخۆی وڵات، لە هەموو ولایەتەکان شێوازی لەشکریی کوردەکان وەکو یەک و یەکسان بووە. سوپا لە پیاو پێکهاتووە و گەنجانی هۆزە کوردەکانیان بە سەرباز وەردەگرت و سەرۆک و سەردارانی بەسالاچوو و دنیادیتە و ڕێکخەر و بە ئەزموونی شەڕ دەبوونە بەڕێوەبەریان.

ئەو دەستەیەی هۆزەکانی کورد کە پیر و ڕیشسپی بوون و بە هۆی بێهێزی توانای بەشداریکردنی شەڕیان نەبوو، لە کاتی شەڕ چاودێریی ژن و منداڵ و شاژنەکانیان دەکرد. هەروەها، ئەرکی پاسەوانیکردنی مەڕومالات و چوارپێی

بارهەڵگر و کێڵگە و زەویوزاریشیان لە ئەستۆدا بوو.

نوێنەرایەتیی سوپای کوردە بەلوچەکان:

سوپای کوردەکانی توران و مەکران بەسەر چەند بەشدا دابەش بووە. بە هەر بەشێکی لەشکریان گوتووە "بولک" کە ناوەکانیان بەم شێوەیە بووە: کیکان بولک، گۆران بولک، سارون بولک، غوزدار بولک، مشکان بولک، ئەرمیل بولک، بۆلان بولک، گریشکان بولک، ئەدرەگان بولک، مامل بولک و کرمان بولک. لەسەر ئاڵاکەیان وێنەی سەری پڵنگ کێشراوە.

بولک لە چەندین تیرە (تایفە)، تیرە لە چەندین بەرەباب (عەشیرە)، بەرەبابیش لە چەندین "شەلوار"ەوە پێکهاتووە. بە خێزانی باوکێک کە چەندین منداڵی هەبووە گوتووە شەلوار. بەمجۆرە، شەلوار لە گەنجانی چەند شەلوارێکی یەک باوکەوە پێکهاتووە. لە سەربازانی چەند شەلواری تیرە و بەرەبابەوە "پارین"یان پێک هێناوە. لە سەربازانی چەند پارینی تیرەوە "جوک" پێک هاتووە و لە جوکەکانی هۆزیش "بولک"یان پێک هێناوە.

لەشکری کوردەکانی توران و مەکران بە سەر دوو بەشدا دابەش بوونە: سەربازانی پیادەڕۆ و سوارە. بەم دوو بەشەیان گوتووە "پایی" و "سوارەس"ی لەشکر. لەشکری پیادەڕۆ لە سێ دەستە: تیرهاوێژ، شمشێروەشێن و بەردەقانیهاوێژ پێکهاتووە. لە شەڕ شمشێروەشێنەکان لە دوای تیرهاوێژەکانەوە ڕادەوەستان و هاوکارییان دەکردن. لە پاش ئەمانیشەوە بەردەقانیهاوێژەکان لە کەمین دەوەستان. بەردەقانیهاوێژەکان ئەو دەستەیەی لەشکر بوونە کە بە بەردەقانی دوژمنیان بەردباران کردووە. خەڵکانی ئەم دەستەیە ئەوەندە بە چاپووکی بەردبارانیان کردووە کە دوژمن خۆیان پێ ڕانەگیراوە و شکاون.

لەشکری سوار لە دوو دەستە: سوارانی بارسووک و سوارانی بارگران پێکهاتووە. سوارانی بارگران هەموو جۆرە چەکێکیان هەڵگرتووە و سوارانی بارسووکیش تەنیا تیروکەوان یان نێزەیان هەڵگرتووە.

کوردە بەلوچەکان هیچ لەشکریی هەموو کات ئامادەیان نەبووە، هەڵبەتە هێزێکی بچووکی سەربازییان هەبووە کە بە ناوی پاسەوانانی سندان دەناسران و لە تیرەکانی کوردە بەلوچەکان پێکهاتبوون. ئەم هێزە لەسەر سنووری هاوبەشی

توران و سندان دامەزرابوو و ئەرکیان ئێشکگرتنی ئەو سنوورانە بووە، بۆ ئەوەی لە کاتی هێرشی دوژمن هەلی بەرگریکردن ئاسان بێت.

ناوی پلەدارەکانی لەشکری کوردەکان بەمجۆرە بووە:

سەران میران،

سەران بولک،

سەران جوک،

سەران پارین، و

سەران شەلوار.

ڕێژیمی مەدەنیی کورد بەلوچەکان:

ڕێژیمی لەشکری و مەدەنیی کوردەکانی مەکران و توران هاوچەشن بووە. جیاوازییان تەنیا ئەوەندە بووە کە ڕێژیمی لەشکری پێوەندیی بە بەرگریکردنی ولات لە هێرشی دوژمن و ڕێژیمی مەدەنیش پێوەندیی بە بەڕێوەبەرایەتیی مەدەنییەوە بووە.

ڕێژیمی مەدەنیی کوردەکان لەسەر بناخەی پێوەندیی برایانەی نێوان هۆزەکان دامەزراوە. هۆز لە تیرە، تیرە لە چەند بەرەباب و بەرەبابیش لە چەند بنەماڵە یان "حەلەک"ەوە پێک هاتووە. بە هۆزیان گوتووە "تمن" یان "بولک"، بە تیرەیان گوتووە جوک، بە بەرەبابیان گوتووە پارین، هەر پارینێکیش لە چەند شەلوار یان حەلەکەوە پێکهاتووە.

لە ڕێژیمی مەدەنیدا، هۆزەکان لەژێر دەسەلاتی سەرکردەیەکی مەزندا بوونە کە بە نازناوی "میر میران" بەناوبانگ بووە. هەر هۆز و تیرە و بەرەباب و شەلوارێکیش سەرۆکی تایبەتی خۆی هەبووە کە کوردەکان پێیان گوتوون: میران، سەرگوڵ، کماش و واجە. هەر بەم شێوازە ڕێژیمی مەدەنیی کوردە بەلوچەکان بەڕێوە براوە.

لادێ و گوند و شارە کوردەکان:

لە سەردەمی کۆندا، لە کاتی دەسەلاتداریی ماد، ولایەتەکانی توران و مەکران و

زابلستان زۆر سەرسەوز و تەڕ و بە پیت بووە و خەڵکەکانیان ئاسوودە و خۆشحاڵ بوونە. لە هەموو لایەکی ئەم سەرزەوییانە، لادێ و گوند و شارەکان ئاوەدان و بە ڕۆنەق بوونە.

لە شارە کۆنەکان ئێستاش هەندێکیان بە ئاوەدانی ماونەتەوە، هەرچەندە ناوەکانیان گۆڕاوە. بەڵام زۆربەی لادێ و گوند و شارەکان لەگەڵ ڕەوتی سەردەم وێران و کاول بوونە و لەناو چوونە و ئێستا تەنیا شوێنەوارەکانیان ماوە و پێیان دەڵێن "تەپە".

بەشی شەشەم

ڕیشەی کوردە بەلوچەکان

ڕیشەی کوردە براخۆییە بەلوچەکان:

بەپێی سەرچاوە و بەڵگەنامە مێژووییەکان، کورد بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبن. بەشی یەکەم ئەو کوردانەن کە لەلای ئارارات و زنجیرە چیای جودییەوە هاتوون و لە درێژاییی ناوچەی دیجلە و فورات لە ڕۆئاوا تا سووریا و کەنارەکانی دەریای ڕۆم و لە ڕۆهەڵات تا کەنداوی فارس و لێوارەکانی دەریای عومان بلاو بوونەتەوە. تیرە ڕەسەنەکانی ئەم بەشە لە لۆلۆ، گوتی، کاسو و سوباری پێکهاتوون. ئەم تیرە کوردانە لەبەرئەوەی لەلای ڕۆئاوای دەریای خەزەرەوە هاتوون بە کوردی ڕۆئاوایی دەناسرێن.

بەشی دووەم ئەو کوردانەن کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو ڕۆهەڵاتی ئێرانی ئەم سەردەمە هاتوون و لەوێوەش بە ڕۆهەڵاتی دەریای خەزەرەوە تێ پەڕین و لە باشووری ئەم گۆماوە لە ناوچەی ئەتروپان بلاو بوونەتەوە و نیشتەجێ بوونە. تیرە ڕەسەنەکانی ئەم بەشەش لە ماد، ناهیری و کاردۆخ پێکهاتوون. ئەم ولاتە پان و بەرینەشی کە تێیدا نیشتەجێ بوون بە بۆنەی ناوی مادەوە بە مادایی یان میدیا ناساند. ئەم حەوت تیرەیە، تیرە ڕەسەنەکانی کوردن و لە دواییدا تیرەی فەرعیی تریان لێ جیا بووەتەوە و هەریەک لەم فەرعانەش بۆ خۆی گۆڕاوە بە تیرە یان هۆزێک. ئەم بەشەی دووەمی کوردەکان بە کوردی ڕۆهەڵاتیشیان پێ دەڵێن.

کوردی براخۆیی و ئەدرەگانی و ماملی و کرمانی لە هۆزی ماد جیا بوونەتەوە. لەبەر ئەوە لێرە درێژە بە باسکردنی بنەچەی تیرەکانی تری کورد نادەین و دێینە سەر باسکردنی ڕیشەی هۆزی ماد.

لە باسکردنی ڕیشەدا، لە حەزرەتی نوحەوە، سڵاوی لێ بێ، دەست پێ دەکەین کە دوای تۆفانەکە باوکە ئادەمی دووەمی مرۆڤایەتی بووە:


نوح سڵاوی لێ بێ
سام
حام
یافس
١
٢
٣
٤
٥
٦
٧
کومەر
یادان
قتوبال
عیراش
ماشخ
مازایێ
ماغوع
تورک
راسن
سەنجار
خۆشناو
ساسون
دراج
باپیرە گەورەی راسنی
باپیرە گەورەی خۆشناوی
باپیرە گەورەی ساسونی
باپیرە گەورەی سەنجاری
حەکار
خۆشناو
دراج
حەکار
شکاک
زاران
باپیرە گەورەی دراجی
باپیرە گەورەی حەکاری
باپیرە گەورەی شکاکی
شوهان
شکاک
سەنجار
ساسون


کرماج
باپیرە گەورەی کرماج
شاد
باپیرە گەورەی شادلو
ئارتوس
باپیرە گەورەی ئارتوسی
بەراز
باپیرە گەورەی
بارزان
باپیرە گەورەی
میران
باپیرە گەورەی
گورەک
وان
میران
سوبار
جودەک
باپیرە گەورەی جودەکی
پازو
کاد
گاور
مامش
باپیرەی گەورەی مامشی
جاف
باپیرە گەورەی جاف
مەنگور
تاگاز
جیگ
مادی بچووک
102


دیلمان
ماژ
پارتاسن
بوز
ئەستروشات
ئاری زانت
باپیرە گەورەی دیلمانی
باپیرە گەورەی ماژی
باپیرە گەورەی پارتاسانی
باپیرە گەورەی بوزی
باپیرە گەورەی ئەستروشانی
باپیرە گەورەی ئاری زانتی
بود
ئەدرەگانی
ماملی
کرمانی
زەنگان
براخمی گەورە
باپیرە گەورەی زەنگەنە
جاگین
پوران
حوتان
دوسەک
ئاروک
بوزیک
ئالیک
راسن
جیگ
زوراک
باپیرە گەورەی بوزیکانی
باپیرە گەورەی ئالیکانی
باپیرە گەورەی راسنی
باپیرە گەورەی جیگانی



میر براخمی بچووک هەشت کوڕی هەبوو: کیکان، گۆران، سارون، غوز، مشکان، ئەرمیل، بۆلان و گریشکان. بە هۆی زیادبوونی نەوەی نەژادی ئەم هەشت کوڕەی براخمی بچووک، هەشت تیرەی کوردی براخۆیی دروست بوو بە ناوی: کیکانی، گۆرانی، سارونی، غوزداری، مشکانی، ئەرمیلی، بۆلانی و گریشکانی ناسران. ڕیشەی ئەم هەشت تیرەی هۆزی براخۆیی بەم چەشنەی خوارەوەیە:

ا. کیکان. زوراک. سەنگین. ئارین. پندران. داخور. زیبار. ئومران. سەنگین. خومان. کیکان.

ب. گۆران. شیدان. باشمان. دەلوت. زینل. تەکش. کاش. شیدان. کوساد. باشمان. گۆران.

ج. سارون. زیدەک. باشوک. کورتی. لاسین. مامش. دوسەک. سارم. باسیر. داخور. زاخو.

د. غوز. ئەورام. لاسین. دوغان. کاتین. گیوەر. غوز. گوروس. ماهەک. روچاپ. مهران.

خ. مشکان. ئەیلە. ئوکی. مشکان. ئەیلە. باشار. مرداس. گیلەک. توراب. کویان. مشکان.

و. ئەرمیل. مەرزەک. زروان. کویان. مەنگور. سابول. مەرزەک. زروان. کاش. شاول. ئەرمیل.

ز. بۆلان. زینل. بوزیک. کازان. مەلیل. کارچی. شاگان. شوهان. کرماج. بوزیک. بۆلان.

س. گریشکان. بەروز. باسیر. گیژ. بولاک. بەروز. گریشکان. کرەجک. ماخان. چرموک. لەرزین.

پاشایەتیی بنەماڵەی پیشدادییەکان:

کاتێک مادەکان بەرەو ناوچەی ئەتروپان خواروویی گۆماوی خەزەر کۆچیان کرد و و لەوێ نیشتەجێ بوون، بە هۆی نیشتەجێبوونیان ناوچەکە بە ناوی ماد ناسرا و ناوبانگی دەرکرد. ئەم ناوچەیە کەوتووەتە دەوروبەری باکور و باشووری ئەسبەهان (ئەسفەهان) و ئەکباتان (هەمەدان).

ئەم دەستەیەی کوردەکان سەرەتا بەش بەش بوونە و هەر بەشێکیش خاوەنی سەرۆکی تایبەتی خۆی بووە. پیشەیان ئاژەڵداری بووە و خۆیان بە چالاکیی سیاسییەوە سەرقاڵ نەکردووە و لەژێر دەسەڵات و فەرمانڕەواییی کلدە، ئاشوور، بابل و عیلام ژیانیان بەسەر بردووە. بەڵام دوای ڕووخانی فەرمانڕەواییی ئەم بنەماڵانە، ولاتی ماد و پارس لەژێر دەستی ئەوان ڕزگاری بوو و بۆ یەکەم جار بنەماڵەیەکی خۆماڵیی ماد و پارس ناسراو بە "پیشدادی" پاشایەتیی خۆیان لە ماد و پارس دامەزراند و تا شەش پشت فەرمانڕەواییان کرد.

چەمشید دامەزرێنەری دەوڵەتی پیشدادییەکان بوو و ناوی پادشاکانی ئەم بنەماڵەیە بەمجۆرەیە: جەمشید، ئەپیتان، فەریدوون، مەنوچهر، تەهماسپ، وشتاپ و گرشاسپ. گرشاسپ دوا پاشای زنجیرەی فەرمانڕەواکانی بنەماڵەی پیشدادی بووە. دوای مردنی ئەو، ولاتی ماد و فارس دووچاری بێهێزی و بۆشاییی دەسەڵاتی بووە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە لە بنەماڵەی پیشدادییەکان کەسێکی وا نەبووە شایستەی تەختی سەڵتەنەتەکە بێت.

لەو کاتە، ئەفراسیاب لە توران پاشا بووە و خەڵکانی هۆزەکانی کورد و هۆزەکانی تری ماد و فارس بەڕێوەبەرایەتی و دەسەڵاتداریی ئەویان پەسند نەبووە. لەبەرئەوەی ئەفراسیاب پاشایەکی بەدکردار و بەدخوو و سروشت خراپ بووە. هەموو میر و سەرۆک و سەردارانی ماد و فارسیش خواستیاری ئەوە بوون ولاتی ماد و پارس لە هێرش و ڕەفتاری خراپ و لە ڕادەبەدەری ئاشوور ڕزگاری بێت. هەر بۆیە کەیقوباد سەرۆکی مەزنی مادە کوردەکان کە بە زانایی و دادپەروەری بەناوبانگ بوو خستە سەر تەختی سەڵتەنەتی ماد. لە ئاکامی ئەم بەرخۆدانە، پاشایەتیی سەڵتەنەتی ماد و پارس لە بنەماڵەی پیشدادییەوە هاتە دەست مادەکان.

مێژووناسەکان ناوچەی مادیان بە "کیان" و بنەماڵەی مادیان بە "کیانی"ش ناساندووە. پاش ڕووخانی دەسەڵاتی پیشداددییەکان، سەران و سەردارانی هۆزی کوردە مادەکان بە گشتی و سەرۆکەکانی هۆزەکانی پارس، گیل، دیلم و خەزەر دوای پرس و ڕا و ڕاوێژکاریی دوور و درێژ بەم ئاکامە گەیشتن کە سەرۆکی مەزنی مادە کوردەکان کەیقوباد کە بە ئاوەزی و دادپەروەری و کارزانی بەناوبانگ بوو بە دەسەڵاتداری تەختی سەڵتەنەت هەڵبژێرن. لەو کاتە، کوردی براخۆیی تیرەیەکی بەتوانا و مەزنی نەتەوەی کورد بووە و لەگەڵ ڕەوتی مێژوو هەشت بەرەبابی گەورەی لێ بەدی هاتووە کە ناوەکانیان بەم چەشنەیە: کیکانی، گۆرانی، سارونی، غوزداری، مشکانی، ئەرمیلی، بۆلانی و گریشکانی.

میری گەورەی ئەم تیرانە میر کیکان بووە کە لە تیرەی کیکانییەکان بووە. هەر یەکێک لە تیرەکانی تری هۆزی براخۆیی خاوەنی سەرۆکێکی تایبەتی بووە کە ناوەکانیان بەم شێوەیە: میر گۆران، سەرۆکی تیرەی گۆرانی، میر زاخو سەرۆکی تیرەی ساروکی، میر مەهران سەرۆکی تیرەی غوزداری، میر مشکان سەرۆکی تیرەی مشکانی، میر ئەرمیل سەرۆکی تیرەی ئەرمیلی، میر بۆلان سەرۆکی تیرەی بۆلانی و میر لەرزین سەرۆکی تیرەی گریشکانی.

ئەم تیرانە وەکو هۆزەکانی تری کورد لە ناوچەی ماد نیشتەجێ بوونە. کاتێک کەیقوباد میری مەزنی مادە کوردەکان هاتە سەر تەختی سەڵتەنەتی ماد و بنەماڵەکەی تا شەش پشت پاشایەتیی کرد، لە سەردەمی ئەم پاشایانەی بنەماڵەی ماد کە هەندێ مێژوونووسی کۆن بە بنەماڵەی کیانیشیان نووسیوە، واتە کەیقوباد، کەیکاووس، توس، فەریبورز، کواکسار و ئازدیاک، ڕیشەی میرەکانی تیرەکانی کوردی براخۆیی بەم چەشنەی خوارەوە بووە:

ا. تیرەی کیکانی: کیکان. زوراک. وشتاب. زگرین. زیبار. براخم. گۆران.

ب. تیرەی گۆرانی: گۆران. کرەجک. شادین. کاش. رامین. بوغاز. راسن.

ج. تیرەی سارونی: زاخو. سەلدوز. شاگین. سابول. سورچن. مانی. شوهان.

د. تیرەی غوزداری: مهران. کیتون. کاشک. کیچان. مانور. گاور. مهران.

ه. تیرەی مشکانی: مشکان. مرداس. کرەجل. گلّباگ. توراب. مانور. بەیکەر.

و. تیرەی ئەرمیلی: ئەرمیل. مشکان. خومان. کلەجک. کرماج. گورەن. کوساد.

ز. تیرەی بۆلانی: بۆلان، باجەل، پوران، خومان، کیتون، ترمان، حەکار.

خ. تیرەی گریشکانی: لەرزین، تادی، زیدان، بەروش، پازو، تاپین، خیزان.

دوای ٣٠٠ ساڵ، پاشایەتیی بنەماڵەی ماد کۆتاییی پێ هات و فەرمانڕەواییی بنەماڵەی هەخامەنشی دەستی پێ کرد و کوورشی مەزن میری تیرەی هەخامەنشی هاتە سەر تەختی سەڵتەنەتی ماد و فارس. پاشایەتیی ئەم بنەماڵەیە تا ٢٣٠ ساڵ فەرمانڕەواییان کرد و لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەوان ڕیشەی سەرۆکەکانی تیرەکانی کوردی براخۆیی بەم شێوەیە بووە:

ا. تیرەی کیکانی: زرشان، زوران، ئەرجان، شاموز، براخم، سابول، نورگان، کیانوش، کیکان.

ب. تیرەی گۆرانی: ناگان، دوج، چرموک، کازان، زینل، گۆران، مهران، گیشار، روشی.

ج. تیرەی سارونی: نێرمان، هینار، کابو، مرداس، ریگان، کیتون، باشوک، ئیناخ، جاگین.

د. تیرەی غوزداری: شیشار، کاشک، دیلم، خەرزان، کوساد، مشکان، بیفل، کرەجل، شادین.

ھ. تیرەی مشکانی: گورگین، بولور، توتک، دوغان، کاتین، زروان، بوزیک، براخم، راسن.

و. تیرەی ئەرمیلی: باهور، ئاماچ، کەمبیل، باسیر، بولاک، ئەورام، ئوکی، زەرین، نورگارن.

ز. تیرەی بۆلانی: بوغا، دەرنیل، خیزان، مشکان، سیکران، ساسون، کەل غەل، لاکور، بەروز.

ح. تیرەی گریشکانی: سەمبان، زیدەک، پیلار، ماخان، سارم، دارون، نوغێ، بلباس، ئاچاک.

کاتێک ئەسکەندەری مەقدۆنی پاشای یۆنان هێرشی کردە سەر سەڵتەنەتی ماد و پارس و فەرمانڕەوایەتیی بنەماڵەی هەخامەنشییەکانی کۆتا پێ هێنا، ئەم میرانەی تیرەکانی کوردی براخۆیی دژی سوپای یۆنانییەکان لە مەکران و توران

جەنگان:

میری مەزن میر کیکان کیکانی، میر روشی گۆرانی، میر جاگین سارونی، میر شادین غوزداری، میر راسن مشکانی، میر نورگان ئەرمیلی، میر بەروز بۆلانی و میر ئاچاک گریشکانی.

ڕیشەی کورد بەلوچەکانی ئەدرەگانی، ماملی و کرمانی:

دوای باسکردنی ڕیشە و نەژادی کورد زەنگەنەکانی زابلستان و کورد براخۆییەکانی توران، دێینە سەر باسی ڕیشەی کورد ئەدرەگانی، ماملی و کرمانییەکانی مەکران. ئەم تیرانەش لە دەستەی کوردەکانی ڕۆهەڵاتن و باپیرە گەورەی ئەمانیش وەکو تیرەکانی براخۆیی و زەنگەنە مادی بچووکە.

مادی بچووک حەوت کوڕی هەبوو کە ناوەکانیان: پارتاسن، ئەستروشات، ئاری زانت، بوز، ماژ، بود و دیلمان بووە. لەگەڵ ڕەوتی زەمانەدا، نەژادی ئەم حەوت کوڕە ئەوەندە زیاد بوو کە حەوت تیرەی گەورەی کوردی مادیان دروست کرد و بە ناوی: پارتاسنی، ئەستروشاتی، ئاری زانتی، بوزی، بوزی، ماژی، بودی و دیلمی ناوبانگیان دەرکرد.

باپیرە گەورەی هۆزی براخۆیی، براخم لەگەڵ باپیرە گەورەی هۆزی زەنگەنە، زەنگان برا بوونە و کوڕی بودی مادی بچووک بوونە. هەر بەم شێوەیە، باپیرە گەورەی تیرەی ئەدرەگانی، ئەدرەگان و باپیرە گەورەی تیرەی ماملی، مامل و باپیرە گەورەی تیرەی کرمانی، کرمان برا بوونە و کوڕی یەکێ لە حەوت کوڕەکانی مادی بچووک ئەستروشاتن. کەواتە لە ڕووی ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە کوردەکانی هۆزی براخۆیی و زەنگەنە لەگەڵ کوردەکانی هۆزی ئەدرەگانی، ماملی و کرمانی نەوەی دوو برا بود و ئەستروشاتن کە ئەوانیش دوو کوڕی مادی بچووکن.

سەرەتای ڕیشەی تیرەکانی ئەدرەگانی و ماملی و کرمانی لە حەزرەتی نوحەوە دەست پێ دەکەین:


نوح سڵاوی لێبێ
سام
حام
یافس
ئەرکش
عەللان
چەرکە
فور
یەمەک
غز
ئەشبا
قنچان
توغز
ریغان
هیاتال
تغرغر
ئارین
میتان
بوغاز
کارداک
خەزەر
گیوەر
رودین
سور
دەخوو
بولگار
پشدەر
غوران
شود
تێرحان
کاردۆخ
ناهیر
مادی گەورە
باپیرەی گەورەی ناهیری
باپیرە گەورەی کاردۆخی
کۆچەر
چەرکەش
باپیرە گەورەی کۆچەری


تێرحان
راسن
باپیرە گەورەی تێرحانی
زەنگان
دراج
ساسون
خۆشناو
سەنجار
راسن
حەکار
باپیرە گەورەی خۆشناوی
باپیرە گەورەی راسنی
باپیرە گەورەی ساسونی
باپیرە گەورەی سەنجاری
خۆشناو
زاران
شکاک
حەکار
دراج
باپیرە گەورەی شکاکی
باپیرە گەورەی حەکاری
باپیرە گەورەی دراجی
زاران
ساسون
سەنجار
شکاک
شوهان


کرماج
شاد
ئارتوس
بەراز
بارزان
میران
باپیرە گەورەی کرماج
باپیرە گەورەی شادلو
باپیرە گەورەی ئارتوسی
باپیرە گەورەی بەرازی
باپیرە گەورەی بارزانی
باپیرە گەورەی میرانی
سوبار
میران
وان
گورەک
جودەک
پازو
باپیرە گەورەی جودەکی
کاد
گاور
جاف
مامش
مەنگور
باپیرە گەورەی جاف
باپیرەی گەورەی مامشی
تاگاز
جیگ
مادی بچووک



ئەستروشات سێ کوڕی هەبوو: ئەدرەگان، مامل و کرمان کە لەگەڵ ڕەوتی زەماندا بەرەیان زۆر بوو و سێ تیرەیان لێ بەدی کرا بە ناوی ئەدرەگانی، ماملی و کرمانی. ڕیشەی ئەم سێ تیرەیە بەم شێوەی خوارەوەیە:

ا. ئەدرەگان. خەسان. کلچار. پارکان. جاگین. سەمەک. داخور. شاهەک. باهو. نودو. مەتەک. سابول. چونگ. شیکورد. مندگار. سندوان. ڕومبەر. دارون. ئەیلە.

ب. مامل. جلابین. سەمەک. چومبەر. حوتان. زوراک. ئوشاب. زینل. موڕاک. کاتین. بەمبەکان. کازان. ندامان. هوتکار. سارون. هیجوان. ماکول. ئونکار. زونگ.

ج. کرمان. کودان. شەمبەد. چلکان. دوشەک. پندران. دەرابیل. گامون. لاسین. بورک. نوتان. مەرزەک. لەوزا. کلزان. گۆران. پروکر. ڕاغ. کەسەتک. هوشار.

کاتێک سەران و گەورانی هۆزەکانی کورد میری مەزنی ماده کوردەکان

کەیقوبادیان لەسەر تەختی ماد دانیشاند، میر ئەیلە سەرۆکی تیرەی ئەدرەگانی، میر زونگ سەرۆکی تیرەی ماملی و میر هوشار سەرۆکی تیرەی کرمانی بوونە. لە شەڕی نێوان پاشای ماد کەیقوباد و پاشای توران ئەفراسیابدا هاوکاری پاشای ماد بوونە. کەیقوباد لەم شەڕەدا ئەفراسیابی شکست دا و سەڵتەنەتی تورانی دابەش کرد.

لەم شەڕدا، ولایەتی مەکران لەلایەن میری تیرەکانی ئەدرەگانی و ماملی و کرمانی ئازاد کرابوو، هەر بۆیە کەیقوباد دەسەڵاتداریی ئەم ولایەتەی دایە دەست میری گەورەی ئەدرەگانی.

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی بنەماڵەی ماد، ڕیشەی سەرۆکی تیرەکانی کوردی ئەدرەگانی و ماملی و کرمانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ا. ئەیلە. شیتاب. بوسا. مونحان. ئەبدا. موبرکان. سەمەک.

ب. زونگ. سول. پژگان. شاهول. شەخەل. توهو. نوکەف.

ج. هوشار. تگران. سوران. لادی. ئەورام. کنداف. ساتک.

لە سەردەمی میر سەمەک ئەدرەگانی، میر نوکەف ماملی و میر ساتک کرمانی دەسەڵاتی بنەماڵەی کوردی ماد کۆتاییی پێ هات و بنەماڵەی هەخامەنشی شوێنی ئەوانیان گرتەوە کوورشی مەزن بناخەی فەرمانڕەواییی هەخامەنشیی لە ماد و پارس دانا. کوورش پێوەندیی نەژادیی لەگەڵ کورده مادەکان هەبوو بەپێی ئەوەی دایکی لە بنەماڵەی پاشاییی کورده مادەکان بوو. لەبەر ئەم هۆیە، ئەو کوردەکانی بە بازووی شەمشێروەشێن و هاوڕێی نزیکی خۆی دەزانی و شێوەی بەڕێوەبەرایەتیی ڕێژیمی دەوڵەتیی بنەماڵەی مادی لە شێوەی جارانیدا هێشتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی هەستی بێگانەیی و جیاوازی لە نێوان کوردەکان و بنەماڵەی هەخامەنشیدا دروست نەبێت. لە سۆنگەی ئەمە، فەرمانڕەواییی میرەکانی تیرەی کوردەکانی ئەدرەگانی و ماملی و کرمانی لە ولایەتی مەکران هاوچەنی میرەکانی تری کورد مایەوە. لەم سەردەمەدا، بنەچەی سەرۆکەکانی تیرەی کوردی ئەدرەگانی و ماملی و کرمانی بەم شێوەیە:

ا. سەمەک. جادی. هونران. جیسان. سوسن. پرتوس. تیبار. نوتار.

ب. نوکەف. تگێ. هیرەند. موندان. گرسان. توفان. مەلان. بتو.

ج. ساتک. مەکال. شاهول. بوژیر. هەلیلان. جیسان. سەرەنگان. شربان. ئادمان. توران.

پێوەندیی نێوان کوردەکانی توران و مەکران:

کوردە براخۆییەکانی توران و کوردە ئەدرەگانی، ماملی و کرمانییەکانی مەکران هاونەژاد بوون. لەبەر ئەم هۆیەش، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتییاندا، پێوەندی و هاموشۆی نێوانیان زۆر نزیک و برایانە و هاوڕێیانە بووە. ئەم پێنج تیرەیە نەوەی یەک باپیر بوونە کە ئەویش مادی بچووکە. واتە ئەمانە نەوەی دوو کوڕی مادی بچووک، بود و ئەستروشاتن. تیرەی براخۆیی و زەنگەنە نەوەی دوو کوڕی بود، براخم و زەنگانن. تیرەکانی ئەدرەگانی، ماملی و کرمانیش لە بەرەی سێ کوڕی ئەستروشات، ئەدرەگان و مامل و کرمانن.

ئەم تیرانەی کورد، نزیکەی پێنج سەدە لە مەکران و توران لە دوو سەردەمی پاشاکانی بنەماڵەی ماد و هەخامەنشتی دا فەرمانڕەواییان کردووە، لەم سەرەمە دوورووەدرێژەدا، دووچاری هەوراز و نشێوی زەمانە و شۆڕش و ڕووداوی جۆەوجۆری ڕۆژگار بوونە. لەگەڵ ئەوەشدا، پشووەدرێژی و دلێری و بوێری و شەهامەت و جوامێرییان لەدەست نەداوە بەرەنگاری ئەم سەختی و ناحەزییانە بوونەتەوە. توانیویانە ئاژاوە و شەڕ بنبڕ بکەن و لەگەڵ یەک پێوەست و یەکگرتوو بن. بەم چەشنە، بە هاوبەشی فەرمانڕەواییی توران و مەکرانیان کردووە و هیچ کات لە نێوان خۆیان ڕێگەیان بە ناکۆکی و دووڕوویی و بێگانەبوونیان نەداوە.

ئەم کوردانە نەژاد و زمان و ئاین و داوونەریتیان وەکو یەک بووە و خاوەنی کۆمەڵگەیەکی هاوچەشن بوونە.

لە کاتی تەنگانە و بەڵا و ناحەزی و ئازاردا بۆ دەربازبوون دەستگرۆیی و هاوکاریی یەکتریان کردووە.

بەشی حەوتەم

کوردە بەلوچەکان لە سەردەمی پاشاکانی سیلوکیی یۆنانیدا

پیشداددییەکان:

دەگێڕنەوە کیومەرس بناخەی فەرمانڕەواییی پیشداددییەکانی لە ماد و پارس و ئاریان تورکستان دانا و دوای ئەو کوڕەزاکەی نەوەی، هۆشنگی کوڕی سیامەک هاتووەتە سەر تەختی ولاتەکە. دوای ئەو تەهمورس هاتووەتە سەر تەخت. دوای ئەوەی تەهمورس کۆچی دواییی کرد، جەمشید بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەتی گرتە دەست. پاش ئەو، ئاپتیان هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی و پاش ئەوەی ئەویش کۆچی دواییی کرد، کوڕەکەی، فەرەیدوون هاتە سەر تەخت کە توانی زوحاکی تازی١٣ شکست بدا و لە زیندان بەندی بکات و خەڵک لە ستەم و دەستدرێژییەکانی رزگار بکات.



١٣. تازی بە فارسی بە مانای عەرەب یان تانجی دێت.

فەرەیدوون دوو کوڕی بە ناوی تور و ئیرەج هەبوو و سەڵتەنەتەکەی لە نێوانیان دابەش کرد. لەم دابەشکردنەدا، تورکستان و خزرانی دایە تور و ماد و پارس و ئاریانیشی دایە ئیرەج. زنجیرەی ڕیشەی پیشداددییەکان بەم شێوەیە:

تیرەکانی سندان:

دەگێڕنەوە کە حام کوڕی نوح چەندین کوڕی هەبووە. یەکێ لەم کوڕانە ناوی سندان بووە و بە مەبەستی دۆزینەوەی ژیوار هاتووەتە سەرزەویی سندان و تێیدا نیشتەجێ بووە. ناوچەکە بەهۆی نیشتەجێبوونی ئەوەوە بە ناوی سندانەوە ناوبانگی دەرکردووە. لەگەڵ ڕەوتی سەردەم، ژمارەی نەوەکانی سندانی کوڕی حام ئەوەندە زۆر بووە کە بە سەر سێ تیرەی گەورەیدا دابەش بوونە و بە ناوی بنیان و تاکین و مومیدان ناوبانگیان دەرکردووە و لە ناوچەی جیاوازی سندان بڵاو بوونەتەوە.

ناوچەی توران و سندان هاوسنوور بوون و لە چاخی کۆنەوە خەڵکانی ئەم دوو ولایەتە بە یەکەوە پێوەندییان هەبووە. بۆیە پێویستە باس لەوانیشەوە بکەین. لە سەردەمی کەیقوبادی کوردی ماد کە کوردە براخۆییەکان ولایەتی تورانیان داگیر کرد و تێیدا نیشتەجێ بوون، ئەم تیرانەی سندان بوون کە ناوی "کوردگال"یان لە کوردەکان نا و کوردەنیش ناوی "جدگال"یان لێ نان کە لە ئەنجام هاموشۆ و مامەڵە لە نێوانیان دەستی پێ کرد.

لە نیشتمانی سندان سەرۆکەکانی ئەم تیرانە فەرمانڕەواییان کردووە و

ڕیشەی ئەم تیرانە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ڕیشەی بنیان: نوح سڵاوی لێ بێ. حام. سندان. بنیان. لانگان. ماچان. ناهر. داهر. ماهر. دهاری. سهتان. ئەبران. جوکان. سودان. ئەنران. جونا. سامرا. ئەبرا. بمبان. چوخران. هنبی. بورا. هرچەندەر. سنگهار. سیاکر. ماتان. بنگان. وسایو. ئەسیار. بولڕا. باگارم. جوبن. بجرا. کندابوج. ککسو. گوپی. پرمیل. جەشەڵ. جبین. ئاگماران.

ڕیشەی تاکین: نوح سڵاوی لێ بێ. حام. سندان. تاکین. بونگان. سنگار. راتور.

داماچ. دەکیا. دیتان. جسودان. ماچ. سومر. مەستون. کلوار. ئەتار. درگ. مایین. بوتتی. سیالا. ئەرین. جویا. ئاوان. خەرەل. کتپەر. بەنگەر. کرپال. تونیان. منجون. چاچر. ئیری. کرار. سامت. درپال. سوپران. جەتتان. مەسەن. ئوتران. سیانچ. میسرو.

ڕیشەی مومیدان: نوح سلاوی لێ بێ. حام. سندان. مومیدان. ئەنگاران. مومدرا. گونگا. بوردی. شاهوک. سەخان. رونجان. وچان. دودا. بەخرا. بورا. جاماتی. شاپت. موتک. گدورا. مونا. واهو. چەتتا. ئەنگیر. ئەچرا. پەلال. کورک. وچانی. گوردان. دندو. دکهیر. گەججەر. هەری پال. کوری پال. ئودانا. هودکر. واچر. سومەر. سەببرا. موندر. گدران.

سەرکەوتنی جدگالەکان بەسەر توران و مەکران:

کاتێک ئەسکەندەری مەقدۆنی سەڵتەنەتی ماد و پارسی داگیر کرد و فەرمانڕەواییی بنەماڵەی هەخامەنیی کۆتا پێ هێنا، لە گەڕانەوەی بەرەو یۆنان، لە بابل کۆچی دواییی کرد و لەبەر نەبوونیی جێنشینێک، سەرلەشکرەکانی سەڵتەنەتی پان و بەرینی ئەویان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد. لەم دابەشکردنەدا، سیلوکوس بەشی ڕۆهەڵاتی سەڵتەنەتەکەی کە بریتی بوو لە ولایەتەکانی ماد، پارس، توران، مەکران، کابلستان و زابلستان بەرکەوت و بوو بە پاشای ئەم سەڵتەنەتە. بەڵام حەزی ولاتگرتن بەرچاوی سیلوکوسی ڕەش کرد و بێ دووربینی هێرشی بردە سەر هیندستان و شکستی خوارد. لە ئەنجامی ئەم شکست خواردنە، سیلوکوس ولایەتەکانی توران و مەکران و کابلستانی وەکو تاوانی شەڕ دایە پاشای ولاتی هیند چەندەران گوپتان مۆریان.

ئەم گۆڕانکارییە فەرمانڕەواییە، جدگالەکان، تیرەکانی سندانی هان دا بڕۆێنە ناو خاکی توران و مەکران. لەگەڵ هێرشهێنان بۆ سەر ئەم ولایەتانە لەگەڵ کوردەکان کەوتنە شەڕ. کوردەکان زۆر بە جوامێری و خۆڕاگری داکۆکییان لە خاکی خۆیان کرد و لە هەردوولا خەڵکێکی زۆر بریندار بوو و کوژران. ژمارەی جدگالەکان بە چەشنێ زۆر بوو کە کوردەکان نەیانتوانی سەربکەون و جدگالەکان

هەموو ولایەتی مەکران و خواروویی ناوەڕاستی توران تا مەڵبەندی دۆڵی سوهر ئابادانیان داگیر کرد و کوردەکانیان لەم ناوچانە وەدەرنا.

کوردە بەلوچەکانی مەکران و توران لە ناوچەی باکوری توران، کیکانان کۆ بوونەوە. لەو کاتە، کوردەکانی زابلستان بۆ پشتگیری و دەسگرۆییی برا کوردەکانیان هاتنە کیکانان و بە یەکەوە هێرشیان بردە سەر لەشکرگەی جدگالەکان لە سوهر ئابادان و دوای شەڕێکی سەخت تواناییان شکستیان بدەن. لە ئەنجام، جدگالەکان هیچ چارەیەکیان بۆ نەما و داوای ئاشتییان کرد و دۆڵی سوهر ئابادان بوو بە هێڵی سنووریی نێوان ناوچەکانی جدگال و کوردەکان.

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی بنەماڵەی کوردە مادەکان، ئەم فەرمانڕەوایانەی سندان هاوچەرخی پاشاکانی ماد بوونە:

میر هرجەندەر. میر سنگهار. میر سیاکر. میر ماتان. میر بنگان. میر وسایو. میر ئەسیار. میر بولڕا.

دوای دەسەڵاتداریی کوردە مادەکان، لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا ئەم سەرۆکانەی جدگالەکان لە سندان فەرمانڕەواییان کردووە:

میر باگارم. میر جوبن. میر بجرا. میر کندابوج. میر ککسو. میر گوپی. میر پرمیل. میر جەشەل. میر جبین. میر ئاگماران.

فەرمانڕەواییی پاشاکانی سیلوکیی یۆنانی لە ماد و پارس:

ئەسکەندەری مەقدۆنی دوای داگیرکردنی وڵاتەکانی ڕۆهەڵات، لە گەڕانەوەی بەرەو یۆنان، لە بابل کۆچی دواییی کرد. بە نەبوونی میراتگرێک لە دوای خۆی، سەڵتەنەتە پان و بەرینەکەی کەوتە بەردەست سەرلەشکرەکانی و ئەوانیش لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کرد.

چارەنووس لە بەرژەوەندیی مێری ڕێژیم سیلوکوس بوو و ڕۆهەڵاتی سەڵتەنەتەکەی کە بریتی بوو لە ماد، پارس، توران، مەکران، کابلستان و زابلستان بەر کەوت. سیلوکوس سەڵتەنەتەکەی بەرینتر کردەوە و توانی دەشتەکانی دەوروبەر بهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و تا ٣٠ ساڵ بە شکۆداری فەرمانڕەواییی کرد. هەرچەندە دوای ئەو، نەوەکانی نەیانتوانی ئەم وڵاتە بەرینە بەڕێوە بەرن.

سیلوکوس له دوا ساتەکانی ژیانیدا خواستی بچێتەوە مەقدۆنیای نیشتمانی باپیرانی. بەڵام له ڕێگە به دەستی پیاوێک به ناوی کیرانوس کوژرا. دوای ئەم ڕووداوە، ئەنتیوکوس هاته سەر تەختی باوکی و تا ١٨ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد پاشان کۆچی دواییی کرد. له شوێنی ئەو کوڕەکەی، ئەنتیوکوسی دووەم بوو به پاشا و له کاتی فەرمانڕەواییی ئەودا، دیودتوس دادگەری باختەر یاخی بوو و نازناوی شای بۆ خۆی هەڵبژارد. میرەکانی پارس چاویان به سەرکەوتنی دادگەری[١٤] باختەر کەوت، ئازایەتی هاته لەشیانەوە و ئالای شۆڕش و یاخیگەرییان هەڵدا. له ئەنجامدا ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی ولاتی ئەشکانی سەرهەڵدات و دامەزرێت.

دوای مردنی ئەنتیوکوسی دووەم، فەرمانڕەواییی بنەماڵەی سیلوکی له ماد و پارس بێهێز بوو و شەک و شۆکی تێ کەوت. له ئەنجام، میر ئەشک، میری گەورەی پارس بناخەی فەرمانڕەواییی بنەماڵەی ئەشکانی له ماد و پارس دانا.

جێگەی سەرنجە کە فەرمانڕەواکانی بنەماڵەی سیلوکیی یۆنانی خووڕەوشتی دۆستانەیان له تەک خەڵکی ماد و پارس بەکار هێناوە و خزمایەتییان لەگەڵ دەوڵەمەندەکاندا دروست کردووە. هەروەها، میرەکانی مادیان لەسەر پلەی بەرز داناوە و لەنێو سوپای خۆیاندا خەڵکی ماد و پارسیان به سەرباز وەرگرتووە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، خەڵکی ماد و پارس لەژێر دەستەییی ئەوان خۆیان ڕزگار کرد.

میری ولایەتی زابلستان میر برسان زەنگەنە:

میر برسان میری گەورەی تیرەی کورده زەنگەنەکان بوو و له سەردەمی فەرمانڕەواییی هەخامەنشییەکاندا وەک میرەکانی تری کورد خاوەن پله و پایه بوو و له ولایەتی زابلستان دەسەڵاتداریی کردووە. کاتێک ئەسکەندەری مەقدۆنی سەڵتەنەتی ماد و پارسی هێنایه ژێر دەسەڵاتی خۆی و سەرکەوت بەسەر بنەماڵەی هەخامەنشییەکاندا، دارای سێیەم دوا پاشای بنەماڵەی هەخامەنشی بوو و هاوکار و هاودەمەکانی له ترسی به دواگەڕانی ئەسکەندەری مەقدۆنی به کوشتیان دا.

١٤. نووسیار وشەی یۆنانی "ستراب"ی بەکار هێناوە کە مانای دادگەر "حاکم" یان فەرمانڕەوا دەگەیەنێت.

بەم شێوەیە، دەسەڵاتداریی میر برسانیش لە زابلستان لەق بوو و دووچاری کێشە و ناخۆشیی جۆرەوجۆر هات. بەڵام چونکە پیاوێکی دانا و زیرەک بوو، سوودی لە ئاوەزی خۆی وەرگرت و خۆی دایە دەست ئەسکەندەر پاشای یۆنانییەکان و ئەسکەندەریش ئەوی لەسەر پلە و پایە و دەسەڵاتداریيەکەیدا هێشتەوە.

دوای ئەوەی ئەسکەندەر کۆچی دواییی کرد و سیلوکوسی سەرلەشکری هاتە سەر تەختی سەڵتەنەتی ماد و پارس، میر برسان گوێرایەڵی ئەویشی کرد. لەبەر ئەوە سیلوکوس ئەوی بە لایەنگری خۆی هەژمارد و میرنشینییەکەی لە زابلستان ددان پێ دانا. دوای کۆچی دواییی میر برسان، کوڕەکەی، میر فیروز ئەرکی دەسەڵاتداریی میرنشینیی زابلستانی گرتە دەست کە هاوچەرخی ئەنتیوکوسی یەکەمی کوڕی سیلوکوس بوو. دوای کۆچی دواییی میر فیروز، میر ئیسپیبود هاتە سەر تەختی میرنشینیی زابلستان و دڵسۆزانە خزمەتی ئەنتیوکوسی دووەم پاشای بنەماڵەی سیلوکوسی کرد. ئەنتیوکوس بە جوانیی نوێنەرایەتیکردنەکەی شاد بووە و خەڵاتی گرانبەهای پێشکێش کردووە.

دوای کۆچی دواییی میر ئیسپیبودیش، کوڕەکەی، میر کورنگ بەڕێوەبەرایەتیی میرنشینیی زابلستانی گرتووەتە دەست. لە سەردەمی میرنشینیی ئەودا، فەرمانڕەواییی بنەماڵەی سیلوکی لە ماد و پارس دووچاری شڵەژاوی و کێشمەکێش بووە و لە قۆناخی ڕووخاندا بووە. ئەم سەرکێشی و شۆڕشانە لە ماد و پارس بووە هۆی دەرکەوتنی میرانی ئەشکانییەکانی پارس و بە چەشنێ کە بتوانن هێز پێک بهێنن و بەسەر فەرمانڕەواییی یۆنانییەکان زاڵ بن و لە وڵاتەکەیان دەریان بکەن.

شۆڕشەکانی حاکمەکانی بە نەژاد یۆنانی لە ماد و پارس:

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەنتیوکوسی دووەم، کوڕی نەوەی سیلوکوس، حاکمەکانی یۆنانی کە لە ولایەتەکانی ماد و پارس بریکار بوون، لە سەرۆکی خۆیان هەڵگەڕانەوە و زنجیرەی یاخیگەرییان دەست پێ کرد. سەرەتای ئەم سەرکێشی و یاخیگەرییە، حاکمی باختەر دیودتوس دەستی پێ کرد.

ئەنتیوکوس کە ئاگەداری ئەم شۆڕشە کرایەوە بە خێرایی ڕووی کردە ماد و پارس بۆ ئەوەی ئاگری ئەم شۆڕشە بکوژێنێتەوە. بەڵام نەیتوانی بەسەر دیودتوس

سەرکەوێت و لە ئەنجام دیودتوس توانی لە هەوڵی دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ سەرکەوێت. کردەوەی دیودتوس کارتێکەریی دژکاری لەسەر سەڵتەنەتی بنەماڵەی سیلوکی بەجێ هێشت و ڕووداوەکە ئاگری سۆزی سەربەخۆییی لە دڵی خەڵکانی ماد و پارس هەڵکرد. لەم چوارچێوەیەدا، یەکەم جار دانیشتوانی خوراسان دەستیان بە خەبات و تێکۆشان کرد.

ڕێژیمی نوێی تیرەکانی کورده بەلوچەکانی توران و مەکران:

دوای لکاندنی ناوچەی باکوری توران واتە کیکانان بە میرنشینیی زابلستانەوە، کوردەکانی توران و مەکران لە کیکانان کۆ بووبوونەوە و بە هۆی هێرش و شاڵاوی ئەسکەندەری مەقدۆنی ڕێژیمی هۆزایەتیی ئەم کورده بەلوچانە تێکوپێک چووبوو و زەبوونحاڵ و بێ سەروسامان بوون. بەڵام خۆشبەختانە خۆیان هێنایە ژێر ئاڵای فەرمانڕەواییی کورده زەنگەنەکان و لە ستەم و زۆرداریی زۆری جدگالە بێ ویژدان و بەدکار و ناحەزەکانی سندان ڕزگاریان بوو.

کوردەکان لە کاتی مانەوەیان لە زابلستان بایەخی زۆریان بە ڕێکخستنی ڕێژیمی مەدەنی و هۆزایەتی و لەشکریی خۆیان دا کە بە هۆی هێرشەکانی یۆنانییەکان و جدگالەکانی سندان لە دۆخێکی شپرزەدا بوون. تیرەکانی کورد لەگەڵ بلاوبوونەوە و نیشتەجێبوونیان بە ناوچەی جۆرەوجۆری زابلستان، دەستەیەکی بەهێز و توانای کوردیان دامەزراند کە لە سەردەمەکانی دواییشدا هیچ گۆڕانکارییەکی ناوەخۆی وڵات نەیتوانی زیانیان پێ بگەیەنێ. فەرمانڕەوایە تازە هاتووەکانیش بە بینینی یەکەتی و تەباییی ئەوان خواستیاری هاوەڵی و پشتیتوانیی ئەوانیان دەکرد.

بەم شێوەیە، لەم بەڕێوەبەرایەتییە نوێیەی کورده بەلوچەکان، ئەم تیرانەی خوارەوە خۆیان لەسەر بنەمای یەکگرتن ڕێک خست و گەشەیان بە برایەتیی نێوان خۆیان دا: ئەدرەگانی، براخۆیی، ئیشکەنە، زەنگەنە، ماملی، کرمانی، درمانی، سەباحی، سنجاوی، سەففاری، خانی خەللی، باشاری، شاماری، سەنجانی، شیرکباری، موتلسانی، بازیجانی، سورانی، سریانی، بابینی، ماککی، توکانی، ئاسکانی، سەلاحی، شینوانی، گورجین، جەلابوک، هوتکاری، کوکانی، شەککانی، ندامانی، شوون، موجارانی، موڕایی، قەنجانی، کیشانی، شەمبەد، جادی،

خاوەری، کدەک، جەمماک، سوهانی، دینوری، جەسفانی، سویانی، حەسرانی، دیگانی، گوجاری، شاهولی، ئەتوانی، شەنبیانی، سالمانی، ئونیزی، شاهەکی، بیوانی، سارولی، سەمەدینی، ئیلزاری و کرما.

ئەم تیرانەی کوردی بەلوچ لەژێر سایەی سۆزی میر برسان کوردی زەنگەنە لە میرنشینیی زابلستان ژیانیان بەسەر دەبرد و میر برسان میرەکانیانی بە سەرچاوەی هێز و توانای خۆی دەزانی.

ڕێکخستنی لەشکریی کوردە بەلوچەکان بەم شێوە بووە: لەشکری کورد بەسەر پێنج بەشدا دابەش بووە. بە هەر بەشێکی لەشکریان گوتووە "یەسەل". ناوی ئەم پێنج بەشەی لەشکر بەم شێوەیە بووە: براخین یەسەل، زەنگین یەسەل، ئەدرەگین یەسەل، مامڵین یەسەل و کرمین یەسەل. مانای ئەم ناوانە بەم شێوەیەیە: بەشی لەشکری تیرەی براخوێی، بەشی لەشکری تیرەی زەنگەنە، بەشی لەشکری تیرەی ئەدرەگانی، بەشی لەشکری تیرەی مامڵی و بەشی لەشکری تیرەی کرمانی. بە کۆی لەشکری تیرەکانی کوردیان گوتووە "بولک–ی تیرەکان". میرەکانی ئەم تیرە گرینگانەی کورد واتە میر کیکان براخوێی، میر برسان زەنگەنە، میر لبوسان ئەدرەگانی، میر کیشان مامڵی و میر ئەننو کرمانی سەرلەشکری ئەم بەشە لەشکرانەی خۆیان بوونە. میری زابلستانیش سەرلەشکری هێزی بولکی تیرەکان بووە. ئەم پێنج میرەی تیرەکانی کوردە بەلوچەکان بە ناوی "میرانی تیرەکانی پێنجینە" ناسرابوون.

میر برسان زەنگەنە، میر کیکان براخوێی، میر لبوسان ئەدرەگانی، میر کیشان مامڵی و میر ئەننو کرمانی هاوچەرخی سیلوکوس، یەکەم پاشای بنەماڵەی سیلوکیی یۆنانی بوونە. میر فیروز زەنگەنە، میر مهراب براخوێی، میر منگیپ، ئەدرەگانی، میر گنجان مامڵی و ماهداد کرمانی لە سەردەمی ئەنتیوکوسی یەکەم سەرۆکی تیرەکانی خۆیان بوونە. هەروەها، میر ئیسپیبود زەنگەنە، میر مهراب براخوێی، میر منگیپ ئەدرەگانی، میر بەسران مامڵی و میر ماکەک کرمانی هاوچەرخی ئەنتیوکوسی دووەم بوونە.

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی سیلوکوسی دووەم میر کورنگ زەنگەنە میری زابلستان بووە و میر سام براخوێی، میر بەختیار ئەدرەگانی، میر بەسران مامڵی و میر ماکەک کرمانی سەرۆکی تیرەکانی خۆیان بوونە.

بەشی هەشتەم

کورده بەلوچەکان لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا

ئەشکانییەکان:

کاتێک دیودتوس حاکمی باختەر دژی ئەنتیوکوسی دووەم پاشای بنەماڵەی سیلوکی شۆڕشی بەرپا کرد، ئەنتیوکوسی دووەم هەرچەند سەرکوتی کرد بەڵام نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و بەسەریدا کۆچی دواییی کرد. پاشان کوڕەکەی، سیلوکوسی دووەم بوو بە جێنشینی و هاتە سەر تەختی ماد و پارس. لەم سەردەمەدا، حاکمی پارتیا، ئاندراگوراس هەڵەیەکی گەورەی کرد و برای میری پارس، تیردادی لە کۆشکی خۆی لەسەر خزمەتی میری سەرکۆنە کرد و سووکایەتیی پێ کرد.

میر ئەشک ئەم کردەوەی حاکمی پارتیای بە سووکایەتی و شەرەفبردنی بنەماڵەکەی خۆی تەماشا کرد و بڕیاری دا تۆڵەی بکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش خۆی ئامادە کرد. ئەم دوو برایە لە ئاکام بە نهێنی لەگەڵ پێنج کەس لە هاوڕێیانی خۆیان یەکیان گرت و حاکمی پارس، ئاندرا گوراسیان بە کوشت دا و خەڵکی پارسیان بۆ شۆڕش و سەرهەڵدان ئامادە کرد.

دیودتوس حاکمی باختەر لەگەڵ ئەم دەستەیە یەکی گرت و فەرمانڕەواییی ئەشکی پەسند کرد. میر ئەشک لە شارێک بە ناوی ئەساک کە لە نزیک کوچان کەوتووەتە دۆڵی دەریای ئەترەک تاجی پاشایەتیی لە سەر نا.

لەبارەی پێناسەی چۆنیەتیی نەژادی ئەشکانییەکانەوە لە دیرۆکنووسە کۆنەکانەوە زانیاریمان بەدەست دەگات کە ئەوانە مرۆڤی بیاوان گەرۆک و نیوە کۆچەری بوونە و لە دەشتە پان و بەرینەکان گەشەیان کردووە.

هەر دیرۆکنووسەکان دەڵێن کە پارتەکان بەشێکن لە دەستەی پارنی کە ئەوانیش بۆ خۆیان بەشێکن لە هۆزە بەدوییەکان و بەناوی داها ناساندوویانن.

ئەم خەڵکانە لە سەردەمی گەڕانی بیاواندا بە پارس نەناسراون بگرە کاتێ بەرەو باشوور هاتن و لە پارس لە هەرێمی پارساوا پێگەیان پەیدا کرد بە ناوی پارسی ناسراون. لەگەڵ ڕەوتی سەردەم، سەرخێڵەکانیان لە پارس سەرمایە و پلە و پایەیان بەدەست هێنا.

لە ئەنجامدا، ئەشک میری مەزنی پارسەکان، بناخەی سەڵتەنەتی ئەشکانیی دانا. ئەشک بۆ پتەوکردنی سەڵتەنەتەکە لە ساڵانی سەرەتاییدا، هەموو کات سەرقاڵی شەڕ بوو و هەر لە کاتی ئەم شەڕ و کێشانەدا گیانی خۆی لە دەستدا. دوای ئەو، برایەکەی، تیرداد بوو بە پاشا و هێرشی بردە سەر ناوچەی هەرکانیە و هێنایە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

تیرداد پاشان خۆی بە پتەوکردنی فەرمانڕەواییەکەی خەریک کرد و بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەی سوپاکەی زیاد کرد و چەند قەڵایەکی دروست کرد. لەگەڵ ئەمەشدا، شارەکانی پتەو کرد و شارێکی نوێی بە ناوی دارا لە دەڕەی گزکوە ئاپورتوان دروست کرد کە هەڵکەوتێکی ستراتیجیی زۆر بەهێز و نەگری هەبوو.

تیرداد دوای ٣٣ ساڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد و تەختەکەی بۆ ئەردەوانی کوڕی بەجێ هێشت. لە سەردەمی ئەردەوانی یەکەمدا، ئەتیوکوسی سێیەم کە شەشەم پاشای بنەماڵەی سیلوکی بووە کەوتووەتە داوی چڵێسییەوە و بڕیاری داوە ولاتەکانی ڕۆهەلات کە لە دەستی باپیرانی چووبوون جارێکی تر بیانهێنێتەوە ژێر دەسەلاتی خۆی. بۆ ئەم مەبەستەش، دەستی بە ئامادەکاریی شەڕ کرد.

پێوەندیی نێوان کورد بەلوچەکان و پاشاکانی ئەشکانی:

ئەشک بناخەی دەوڵەتی ئەشکانیی دانا و بۆ بەهێزکردنی سەڵتەنەکەی بەردەوام تێ کۆشاوە و لەگەڵ دوژمنان لە بەربەرەکانێدا بووە و لەم نێوانە گیانی خۆی لەدەست داوە. پاشان برایەکەی، تیرداد، لە جێگەی دەبێت بە جێنشینی تەختی فەرمانڕەواییی ئەشکانی.

میر کورنگ کوردی زەنگەنە و میر میرانی کاتێ ئەم بارودۆخەی بینی، بە مەبەستی ڕاوێژکاری میرەکانی تیرەکانی پێنجینەی کورد بەلوچەکان میر سام براخۆیی، میر بەختیار ئەدرەگانی، میر بەسران ماملی و میر ماکەک کرمانیی بۆ

لای خۆی بانگ کرد. لە ئاکامدا، میرەکانی کوردی تێکڕا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە پشتیوانی لە بنەماڵەی ئەشکانی بکەن. ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئەوان هاونەژاد و هاونیشتمانی کوردەکان بوون.

هەر بۆیە کاتێک تیرداد هاتە سەر تەخت میرانی پێنجینەی کوردە بەلوچەکان بەڵێن و پەیمانی دۆستانەیان لەگەڵ بەست و پشتیوانیی کوردەکانیان پێ ڕاگەیاند. تیردادیش لە بەرامبەر ئەم هاوکاری و پێوەندە دۆستانەیەدا، مافی دەسەڵاتداریی میرنشینیی زابلستانی دایە میر کورنگ.

هێرشی ئەنتیوکوسی سێیەم بۆ سەر سەڵتەنەتی ئەشکانی:

دوای کۆچی دواییی تیردادی یەکەم، ئەردەوانی یەکەمی کوڕی هاتە سەر تەخت و لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەودا ئەنتیوکوسی سێیەم کە شەشەم پاشای بنەماڵەی سیلوکی بوو و لە سووریا فەرمانڕەواییی دەکرد، بە تەماحی ئەوە کەوت کە ناوچەکانی سەڵتەنەتی ڕۆهەڵاتی ماد و پارس جارێکی تر بهێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی. بۆ ئەم مەبەستە، ڕووەو ڕۆهەڵات کەوتە ڕێ تا گەیشتە پەرستگەی ئاناهیتا و تاڵانی کرد و دەستی بەسەر زەخیرەی ماڵ و دارایی پەرستگەکەدا گرت.

دوای ئەوە، بە لەشکرێکی گەورەوە بەرەو هەرکانیا چوو و پاش داگیرکردنی ناوچەکە هاتە دەوروبەری دەمغان. سەربازە ئەشکانییەکان و هاوکارانی لەشکری کوردە بەلوچەکان لە بەرزاییەکانی شاخەکانی دەمغان دامەزرابوون و لە ناکاو هێرشیان دەبردە سەر دوژمن.

لە ئەنجام، ئەنتیوکوس نەیتوانی بەسەر ئەشکانییەکاندا سەر بکەوێ و زۆربەی سەربازە یۆنانییەکان لەناو چوون. ئەنتیوکوس لە شاخاویی دەمغان لە هەرچوار لاوە گەمارۆ درا. بۆیە بە چاکی زانی ئاشتی لەگەڵ ئەردەوان پاشای ئەشکانییەکان بکات و پەیمانی یەکەتیی لەگەڵ بەست.

کوردە بەلوچەکان و یارمەتیدانی پاشای ئەشکانی:

کوردە بەلوچەکان لە شەڕی ئەنتیوکوسی سیلوکیدا پشتیوانیی ئەردەوانی یەکەمی پاشای ئەشکانییان کرد و دژی یۆنانییەکان جەنگان. میرەکانی کورد

لەوانە میر کورنگ زەنگەنە، میر سام براخۆیی، میر بسول ئەدرەگانی، میر ئەرجان مـاملی و میر گۆران کرمـانی بە ٤٠٠٠٠ سـەربازی شـەڕوانی کـوردە بـەلوچەکـانـەوە لە شـەڕگە شان بـەشـانی سـەربـازانی ئـەشـکـانییـەکان لەگـەڵ دوژمن دەجـەنگان.

کۆچی دواییی ئەردەوانی یەکەم:

ئەردەوانی یەکەم دوای ١٩ سـاڵ فەرمانڕەوایی کـردن دنیای فانـیی بـەجـێ هـێشت و دەسـەڵاتدارانی سـەڵتەنەت "پرپاتیوس"ی کوڕیان لە جێگەی ئەو کرد بە پاشـا.

پاشابوونی پرپاتیوسی ئەشکانی:

دوای ئەوەی پرپاتیـوس هـاتە سـەر تەختـی باوکی، بۆ ماوەی ١٦ سـاڵ پاشـایەتیی کرد و پاشان کۆچی دواییی کرد. پرپاتیوس دوو کوڕی لە پاش بەجـێ مـا: فەرهـاد و مـهـرداد. فـەرهـاد کـوڕی گـەورە بـوو و بـەپێی نـەریتی پارسـەکـان هـاتە سـەر تەختـی باوکی.

پاشابوونی فەرهادی یەکەمی ئەشکانی:

کاتێک فەرهادی یەکـەم هـاتە سـەر تەختـی پاشـایی، کـێونشـینەکانی ئـەلبـورز لێی یاخی بـوون و شـۆڕشـیان بـەرپـا کـرد و لە خـوارووی دەریـای خـەزەر دەسـتیان بـە شـەڕ کـرد. فـەرهـاد کـۆمـەڵێک لە نێـوانیـان کـە بـە مـەرەوییـەکـان بـەنـاوبـانگ بـوون و زۆر سـەرکێش بـوون گـواسـتـەوە نـاوچـەی "چـەرخ"ی لێـوارەکـانی دەریـای خـەزەر و لەوێ نیـشـتـەجـێیـانی کـرد. مـاوەیـەک دوای ئـەم سـەرکـەوتنانـە کـۆچی دواییی کـرد و لە جێگەی ئەو، برایەکەی، مـهـرداد کـە لەلای زۆر خـۆشـەویست بـوو هـاتە سـەر تەخـت.

پاشابوونی مـهـردادی یەکەمی ئەشکانی:

دوای کـۆچـی دواییی فـەرهـاد، مـهـردادی یەکـەمی بـرای هـاتە سـەر تەخـتی ئەشکانی. بە دەستپێکردنی دەسـەڵاتداریی مـهـرداد، مـەزنترین سـەردەمی مێژووییی ئەشکانییەکان دەستی پێکرد.

لە دەوروبـەری ١٧٥ سـاڵ بـەر لـەدایکبـوونی مـەسـیح، یـوکـراتیـدس دەسـتی بـە هـەڵگیرساندنی شـەڕ و گێرمـە و کێشـە کـرد. مـهـرداد کـاتێک هـەسـتی بـەم شـلەژاوی و لاوازییـەی کـاروبـاری وڵاتی بـاختـەر کـرد، هێرشـی بـردە ئـەو سـەرزەوییـە و تـاپـوریـا و

ماوەرالنەهری داگیر کرد.

دوای ئەم سەرکەوتنانە، مەهرداد داگیرکردنەکانی خۆی بەردەوام کرد و لە خەواروویی زابلستانەوە تا دەوروبەری پورالین و ناوچەکانی ئاریان، توران و مەکرانیشی هێنایە ژێر دەسەلاتداری خۆیەوە.

مەهرداد شەشەم سوڵتانی بنەماڵەی ئەشکانی بووە.

هاتنی کوردە بەلوچەکان بۆ ناو خاکی توران و مەکران:

مەهرداد پاش داگیرکردنی ولایەتەکانی ماوەرالنەهر، ڕووی کردە سەرزەوییەکانی خەواروویی زابلستان واتە توران و مەکران کە لە سەردەمی فەرمانڕەواییی یۆنانییەکاندا، سیلوکوس پاشا بە تاوانی شەڕ دابوونی بە پاشای هیند چەندران گوپتان مۆریان. ئەم ولایەتانە، نیشتمانی باپیرانی کوردە بەلوچەکان بوو. کوردە بەلوچەکان چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەم چەشنە بوون کە بتوانن دووبارە نیشتانی باپیرانیان وەرگرنەوە. لەبەر ئەوە کوردە بەلوچەکان بە دڵ و گیان هاوکاری و هاوەلێی مەهرداد پاشای ئەشکانیان کرد.

کاتێک مەهرداد پاشای ئەشکانی هێرشی بردە سەر توران و مەکران، میر بورگان میر میرانی زابلستان لەگەڵ سەرۆکی تیرە پێنجینەکانی کورد، واتە میر بەهرام براخۆیی، میر گنزان ئەدرەگانی، میر کالانچ ماملی و میر ئەستال کرمانی لەم شەڕەدا لەگەڵ مەهرداد پاشای ئەشکانی بەشداریییان کردووە.

شەڕ لە سوهر ئابادان:

کوردە بەلوچەکان لەگەڵ هەموو تیرەکانی خۆیان شالاویان بردە سەر خێوەتگەی جدگالەکان لە سوهر ئابادان. لەبەرئەوەی، هێرشەکە لە ناکاو بوو، جدگالەکان نەیانتوانی بە نەبەردی بەرهەڵستکاریی بکەن.

سەرلەشکری جدگالەکان پوران ویدا لەگەڵ چەند سەرهەنگێکی خۆی بە ناوی بالرا، موندرا و دگیا لە مەیدانی شەڕ کوشتران و لەشکری کوردە بەلوچەکان و ئەشکانییەکان گەیشتنە دەوروبەری کوهیار پایەتەختی توران.

شەڕ لە کوهیار:

هەواڵی هێرشی ئەشکانییەکان بە میری سوپای جدگالەکان گەیشتبوو لەبەرئەوەی ئەوان سەربازێکی زۆریان لە کوهیار کۆ کردبووەوە و بە سەرۆکایەتیی سەرلەشکرەکەیان رادەهان ڕووبەڕووی لەشکری ئەشکانییەکان و کورده بەلوچەکان بوونەوە.

لە کاتی شەڕدا، ڕێکخستنی لەشکریی ئەشکانییەکان و کورده بەلوچەکان بەم چەشنە بووە: ڕێبەرایەتیی بەشی ناوەندی لەشکر میر سۆران میری قشونی ئەشکانییەکان دەیکرد، سەرۆکایەتیی باڵی ڕاستی سوپا میر بەهرام براخۆیی کردوویەتی و باڵی چەپیش میر گنزان ئەدرەگانی سەرۆکایەتیی کردووە.

کاتێک دەنگی تەپڵی شەڕ بەرز بووەوە، پێکدادانێکی دڕێژخایەن دەستی پێ کرد. جدگالەکان لە ئاکام شکستیان بە تەوێڵی خۆیانەوە بینی و ڕوویان لە هەڵاتن کرد. سوپای ئەشکانییەکان و کورده بەلوچەکان تا دەوروبەری گۆمی پورالین و دەریای عومانیان داگیر کرد.

لەم کاتەدا، میر بورگان میر میرانی زابلستان ناوچەی مەکرانی داگیر کرد و سەرلەشکری جدگالەکان "برهمابسین"ی کوشت. لەشکری برهمابسینیش هەموو لەباری پەشۆکاویدا لەناوچوون.

دوای ئەم سەرکەوتن و کامەرانییە، مەرداد کورده بەلوچەکانی کە هاونەژادی بوون بۆ جارێکی تر لە ولایەتەکانی باپیرانیان واتە توران و مەکران نیشتەجێ کردەوە. هەروەها، دووبارە دەسەڵاتداریی توران و مەکرانی دایەوە ئەم تیرانەی کورده بەلوچەکان کە لە سەردەمی پاشایەتیی مادەکان و هەخامەنشییەکانیش دەسەڵاتداریی ئەم ناوچانەیان کردبوو.

بەم شێوەیە، میر بەهرام براخۆیی لەسەر تەختی میرنشینی توران و میر گنزان ئەدرەگانی لەسەر تەختی میرنشینی مەکران دانیشاند و فەرمانڕەواییەکانی ددان پێ دانا.

ڕیشەی تیرەکانی کورده بەلوچەکان لە دوورەوڵاتی:

ڕیشەی تیرەکانی کورده بەلوچەکان لە کاتی دوورەوڵاتی بەم شێوەیە بووە:

أ. کوردی براخۆیی: میر کیکانی دووەم، میر بەختیار، میر مەهراب، میر سام، میر شاهەک، میر بەهرام.

ب. کوردی زەنگەنە: میر برسان، میر فیروز، میر ئیسپیبود، میر کورنگ، میر بورگان، میر مەهران.

ج. کوردی ئەدرەگانی: میر لبوسان، میر شاهەک، میر منگیب، میر بەختیار، میر بسول، میر گنزان.

د. کوردی ماملی: میر بۆلان، میر کیشان، میر کنجان، میر بەسران، میر ئەرجان، میر کالانج.

ھ. کوردی کرمانی: میر توران، میر ئەننو، میر ماهداد، میر ماکەک، میر گۆران، میر ئەستال.

فەرمانڕەواییی کوردە بەلوچەکان لە توران و مەکران

خولی سێیەم

کاتێک بنەماڵەی ئەشکانی دەسەڵاتداریی بنەماڵەی سیلوکیی بەنەژاد یۆنانییان لە ماد و پارس کۆتا پێ هێنا و یۆنانییەکان لە وڵات کردە دەر و فەرمانڕەواییی خۆیان ڕاگەیاند، سەرۆکەکانی تیرەکانی پێنجینەی کوردە بەلوچەکان میر بەهرام براخۆیی، میر گنزان ئەدرەگانی، میر کالانج ماملی و میر ئەستال کرمانی لە دوورەوڵات بوون و لە ولایەتی زابلستان ژیانیان بەسەر دەبرد. ئەم سەرۆکانە پێوەندیی برایانەیان لە تەک ئەشکانییەکان دروست کرد و بۆ جاری سێیەم خۆیان بە لووتکەی دەسەڵات گەیاند.

بەم شێوەیە، میر بەهرام براخۆیی لەسەر تەختی میرنشینیی توران دانیشت و میر گنزان ئەدرەگانی دەسەڵاتی میرنشینیی مەکرانی گرتە دەست. بەم شێوەیە، بۆ جاری سێیەم فەرمانڕەواییی کوردی براخۆیی لە توران و کوردی ئەدرەگانی لە مەکران دەستی پێ کرد.

میر میران میر بەهرام براخۆیی

میر بەهرام دوای ئەوەی هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران، خۆی سەرقاڵی

بەهێزکردنی پێگەی دەسەڵاتداریيەکەی کرد. لەم بەستێنەدا، ژمارەی سوپای تیرەکانی زیاد کرد و لەم شارانە: نفان، دەشتی سوهر ئابادان، کیکان، غوزدار و ئەرمائیل چەند قەڵای سەخت و بەهێزی دروست کرد.

میر بەهرام دەیخواست غوزدار بکاتە پایەتەختی میرنشینیی توران، بەڵام ئەم خواستەی سەری نەگرت. ئەمەش لەبەرئەوەی لە سەردەمەکانی پێشوودا، پایەتەختی میرەکانی کوردە براخۆییيەکان لە ناوچەی باکوری توران، لە شاری کیکان بووە. هەڵکەوتی ئەم شارە زۆر بەهێز و نەگر بووە.

کۆچی دواییی مهردادی یەکەم:

مهردادی یەکەم ٣٣ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد. لە سەردەمی خۆیدا سەڵتەنەتی ماد و پارسی بەرین کردەوە و فەرمانڕەواییيەکەی بە ئاستی هێز و شکۆی جیهانی گەیاند و ناوبانگی ڕۆشناییی هەتایی پێ دا. پاشان دنیای فانیی بەجێ هێشت و کۆچی دواییی کرد.

هێرشی هۆزەکانی ساکا بۆ سەر کەوشەنی ماد:

مهردادی یەکەم لە سەردەمی فەرمانڕەواییی خۆیدا کاتێک سەرقاڵی داگیرکردنی ولایەتەکانی توران و مەکران بوو، هەواڵی هاتنی ساکایەکانی پێ گەیشت کە لە ناوچەی خۆیانەوە هاتوونەتە تورکستان و لەوێشەوە ڕوویان لە باشوور کردووە و گەیشتوونەتە نزیکی سنوورەکانی پارس.

مهرداد پاش دەست بەسەراگرتنی ولایەتەکانی توران و مەکران، بە پەلە بەرەو هەرکانیا بەڕێ کەوت و هێرشی بردە سەر ڕێی هێرشی ساکایەکان کە لە شارێی گەورەی مەرۆ و هاتم پیلوسەوە بەرەو ئەکباتانا ڕوویان هێنابوو. مهرداد بەم چەشنە لەگەڵیان سەرقاڵی شەڕ بوو.

ساکایەکان کاتێک بەرەو ڕووی بەرهەڵستکاری و خۆڕاگری بوونەوە، بەرەو خواروو چوون و لە ڕێگەی مەرۆ و هیرات و زابلستانەوە ڕێگەی هیندیان گرتە بەر.

پاشابوونی فەرهادی دووەم:

فەرهاد دوای کۆچی دواییی باوکی هاتە سەر تەختی ئەشکانی. پاشای

سیلوکی دیمتردس لەژێر دەستی باوکی بەند بوو. فەرهاد کە بوو بە پاشا وەکو باوکی خوورەوشتی میهرەبانانەی لەگەڵ ئەم دیلە پاشاییە بەکار هێنا.

لەو کاتەدا، ئەنتیوکوس برای دیمتردس بەسەر ناحەزەکەی، تریفون، سەرکەوت و پاشایەتیی سووریای هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی. پاش ئەم سەرکەوتنە، بە مەبەستی ئازادکردنی دیمتردسی برای لە بەندیی ئەشکانییەکان، بە لەشکرێکی گەورەوە بەرەو ماد هێرشی هێنا. دوای سێ شەڕ، ئەنتیوکوس سوپای ئەشکانیی شکست دا. زستان داهات و ئەنتیوکوس دەبوو بگەڕێتەوە سووریا بەڵام ئەوەی نەکرد و لە دەوروبەری ماد مایەوە. فەرهادیش ڕووی لە پاشەکشە کرد.

ئەنتیوکوس پاشای سیلوکی سەربازی زۆری هەبوو بۆیە ناچار بەسەر شارە جیاوازەکانی دابەش کرد. ئەمەش بێگومان بووە هۆی بارگرانی لەسەر شانی خەڵکە شارنشینە خۆماڵییەکان و ڕق و کینەیان زۆڕ لە دوای زۆڕ زیاد دەبوو. هەروەها سەربازانی سیلوکیش بە هۆی چەند مانگ مانەوەیان بە بێکاری، بێهێز و تەوەزەل بووبوون. ئەمە جگە لەوەی بە هۆی بڵاوبوونەوەیان بە دەوری شارە جیاوازەکان باڵادەستییان لە هەمبەر هێزەکانی ئەشکانییەکان لەدەست دا.

ئەنتیوکوس لەم بارودۆخەدا ویستی شەڕ دەست پێ بکات و بۆ ئەم مەبەستە خێرا چوو نزیکترین دەستەی هێزەکانی بەسەر بکاتەوە. بەڵام کاتێک گەیشتە شوێنی مەبەست بۆی دەرکەوت کە فەرهاد لەمەیان لەو زووتر بەخۆ کەوتووە. سەردارەکانی ئامۆژگارییان کرد کە لەگەڵ سوپای دوژمن کە ژمارەیان لەوان زیاترە نەکەوێتە شەڕ و واز لە پاشای ئەشکانی کە بۆ پێویست لە کێوەکانی دەوروبەر سەنگەری گرتبوو بهێنێ.

ئەنتیوکوس پێی نەنگ بوو لە ئاست دوژمنێک کە پێشتر خۆی شکستی دابوون ڕوو لە هەڵاتن بکات و هێرشی هێنایە سەر سوپای ئەشکانی. سەربازانی سیلوکی کە لە ڕووی چەک و قەوارەوە بێهێز و لاوازتر بوون لە بەرامبەر سوارەکانی ئەشکانییەکان تێک شکان و هەڵاتن. ئەنتیوکوس بە تاک و تەنیایی مایەوە ئەشکانییەکان کوشتییان و سوپاکەشیان بە تەواوی لەناو برد.

کوژرانی فەرهاد بە دەستی ساکایەکان:

لە شەڕی پێشووی ئەنتیوکوسدا، فەرهاد سەربازی لە هۆزەکانی ساکایەکان

بەکـرێ گـرتبـوو بـەڵام سـەربازەکـان لە کـاتـی شـەڕ نەگـەیشـتن و هـەر بـۆیەش ئەنـتـیـوکـوس فـەرهادی شکست دابوو. بـەڵام ئەمـجـارەیـان پاش ئەوەی فـەرهاد دوژمنی شکست دا داوای کرێیەکەی لە ساکایەکان کردەوە.

سـاکـایـەکـان لە بەرسـڤـدا گـوتیـان سـەربـازەکـانمان بۆ شـەڕ ئـامـادەن. بەڵام لەبەرئەوەی کاتی شـەڕ تێ پەڕیبوو، فەرهاد سـەرۆکی سـاکـایەکانی قـەبووڵ نەکرد لەبەر ئـەم هۆیەش سـاکـایەکـان دەسـتـیـان بە یاخـیگەری و تاڵان و بـڕۆی ناوچە پارێزراوەکـانی ئەشکانییـەکـانیان کـرد. لەم شـۆڕش و یاخـیگەرییـەدا، بەشـێکی هۆزەکـانـی سـاکـایەکـان کـە بە ئوکـا بـەناوبانگ بوون بـە تەمـاحی چـەپاوکـردن و داگیرکردنی ناوچەکان لە پێش پێشەوە بوون.

فـەرهـاد لە بەرامـبـەر سـاکـایەکـان لەشکرێکی پێک هـێنا و هـەندێ سـەربازی یۆنانیشی کە لە شـەڕەکانی ئەنتیوکوسدا بە دیلی گرتبوون بەگەڵ سـوپاکەی خۆی دا وای لێکدایەوە کە لـە سـەرزەویـی خـۆیـانەوە زۆر دوورن و بۆ پاراسـتنی گـیـانی خـۆیان وەفـاداری دەبن دژی دوژمـن بۆی دەجـەنگن. بـەڵام لە مـەیدانـی شـەڕ کاتێک یۆنانییـەکان هـەسـتیـان بە زەبوونحـاڵی فـەرهاد کرد، پشـتیـان بـەردا و چوونە ناو سـوپای ساکایەکان.

لە ئەنجامی ئەم خوێنڕێژی و کوشت و برینە فەرهاد گیانی لەدەست دا.

پاشابوونی ئەردەوانی دووەم:

پاش ئەوەی فـەرهـاد لە شـەڕی سـاکایەکان گـیـانی لەدەست دا، ئەردەوانی مـامی بوو بە جـێنشـیـنی و کـێشـەی هێـرشـە دژوارەکـانی سـاکـایەکـانی بەم شـێـوەیە چارەسـەر کـرد کـە بە ڕواڵەت قـەبووڵی کـرد بـاجـیـان بـداتێ. بەڵام لەبـەرئەوەی سـاکایەکان ناوچـەیەکی بە پیـتی ئەشکانییـەکـانیـان داگیـر کـردبوو، ئەنجـامی کارەکەی هـەر بە شـەڕ گەیشتەوە.

ئەردەوان لە یەکێک لە قـۆڵەکانی باختەرەوە هـێرشی هێنایە سـەر سـاکایەکان، لە کـاتی شـەڕ زامـێکی کوشندە بـەر باسکی کـەوت و لەبەرئەوەی چەکەکە ژاراوی بوو گیانی دا.

کۆچی دواییی میر بەهرام براخۆیی:

میر بەهرام ٤٢ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و لە سەردەمی پیریدا کۆچی دواییی کرد. ئەردەوانی دووەمی پاشای ئەشکانی هاوچەرخی ئەو بوو و هەروەها ئەم میرانەی تیرەکانی پێنجینەی کوردە بەلوچەکانیش: میر مەهراب زەنگەنە، میر گنزان ئەدرەگانی، میر کالانچ ماملی و میر ئەستال کرمانی هاوچەرخی بوون.

میر میران میر شەهداد براخۆیی:

دوای کۆچی دواییی میر بەهرام، کوڕەکەی میر شاهداد هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران. لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەودا، هۆزەکانی ساکایەکان لە ناوچەی باختەر هێرشیان هێنایە سەر ڕۆهەڵاتی خوراسان و بەشێکی بە پیتی وڵاتی ئەشکانییەکانیان داگیر کرد. ئەردەوانیش هێرشی بردە سەریان و لە شەڕ کوژرا.

پاشان، مەهردادی دووەمی کوڕی هاتە سەر تەخت و دەسەڵاتداریی سەڵتەنەتی ئەشکانیی گرتە دەست و بۆ سەرکوتکردنی هۆزەکانی ساکایەکان تێ کۆشا.

پاشابوونی مەهردادی دووەم:

پاش ئەوەی ئەردەوانی دووەم لە شەڕی ساکایەکان کوژرا، بەرپرسانی سەڵتەنەت مەهردادی کوڕیان هێنایە سەر تەخت. مەهردادی دووەم وەکو مەهردادی یەکەم، هاوناوی گەورەی خۆی، سەردەمی پاشایەتیی بە ڕووداوی گرینگەوە بەسەر برد و ناوبانگی زۆری پەیدا کرد و بە نازناوی مەهردادی مەزن ناسرا.

مەهردادی دووەم لە سەردەمی فەرمانڕەواییی خۆیدا ڕێگریی لە پێشڤەچوونەکانی ساکایەکان کە هۆزی بیاوانیبوون کرد و بەشی سەرەکیی ئەم هۆزانەی بەرەو خواروو بۆ ناو وڵاتی هیند ڕاو نا و سەڵتەنەتی خۆی لە شەڕ و ئاژاوە و گیروگرفتی ئەوان بۆ هەموو کات ڕزگار کرد و پاش ٣٦ ساڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد.

شەڕی کوردە بەلوچەکان لەگەڵ ساکایەکان:

پاش کوژرانی پاشای ئەشکانی ئەردەوانی دووەم لە شەڕی ساکایەکان،

هۆزەکانی ساکایەکان وڕەیان بەرز بووەوە هێرشیان هێنایە سەر ناوچەی توران و سیستان. بەشێکی ساکایەکان لەژێر فەرمانی میر توخاس بەرەو توران هێرشیان هێنا. سەرۆکەکانی تیرەکانی کوردە بەلوچەکان: میر شاهداد براخۆیی، میر نوجان زەنگەنە، میر دلگین ئەدرەگانی، میر دروار ماملی و میر زرەک کرمانی لە ناوچە زیخاوییەکانی دۆڵی نشکیندا جڵەویان لە هێرشەکەیان گرت.

کاتێک ئەم دوو هێزە ڕووبەڕوو بوونەوە، شەڕ و پێکدادانێکی سەخت ڕووی دا و توخاس میری ساکایەکان شکستی خوارد و ڕێگەی هەڵاتنی گرتە بەر و گەڕایەوە باختەر.

میر میران میر فیروز براخۆیی:

میر شاهداد دوای ٣١ ساڵ فەرمانڕەوایی، جیهانی فانیی بەجێ هێشت و کوڕەکەی، میر فیروز هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران. لەو کاتە ساکایەکان بۆ جارێکی تر هێرشیان هێنایە سەر توران و مەکران و دەستیان بە داگیرکاری کرد.

شەڕ لەگەڵ ساکایەکان لە دۆڵی مساتنج:

میرانی تیرەکانی پێنجینەی کوردە بەلوچەکان بە بیستنی هاتنی ساکایەکان بۆ ڕاوێژ کۆ بوونەوە. ئەوان سەرقاڵی ڕاوێژکاری بوون کە میر موغو ساکا لەگەڵ سەربازەکانی هاتە ناوچەی کێکانان و لە دۆڵی "مساتنج" لە نزیک شاری سامپوران خێمەیان هەڵدا. میرەکانی کوردە بەلوچەکان: میر فیروز براخۆیی، میر سیامەک زەنگەنە، میر بەهرام ئەدرەگانی، میر سام ماملی و میر مهراب کرمانی بە خێرایی بە مەبەستی ڕێگرتن لە هاتنە پێشیان بە لەشکری تیرەکانیانەوە هێرشیان بردە سەر شوێنی دوژمن و لە دەوروبەری شاری سامپوران لەگەڵ دوژمن ڕووبەڕوو بوونەوە. میر موغو ساکا شکستی خوارد و داوای ئاشتیی کرد و لە سەرۆکەکانی کورد پارایەوە کە ڕێگە بە خۆی و تیرەکانی بدەن لە تەنگەی بۆلانەوە تێ پەڕن.

کوردەکان داواکەیان قەبوڵ کرد و بەم چەشنە ئەو لەگەڵ تیرەکانی خۆی چووە ناو خاکی ڕۆئاوای هیند.

پاشابوون و کوژرانی گودرزی یەکەم:

مەهردادی دووەم دوو کوڕی لە پاش بەجێ ما: گودرز و ئورود. گودرز کوڕە گەورەکەیان بوو و بەپێی دەستووری ئەشکانییەکان هاتە سەر تەختی باوکی و تا حەوت ساڵ فەرمانڕەواییی کرد. بەڵام لەبەرئەوەی لەگەڵ برایەکەی گرفتی هەبوو، ئورود بە کوشتی دا و خۆی هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی.

پاشابوون و کوژرانی ئورودی یەکەم:

پاش ئەوەی ئورود بە فێڵ گودرزی برای کوشت و لە جێگەی خۆی هاتە سەر تەخت، ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتداریی نەکرد و تا شەش ساڵ پاشایەتییەکەی درێژەی کێشا. ئەمەش لەبەرئەوەی، لایەنگران و پشتیوانانی گودرز لە تۆڵەی کوشتنی گودرز، ئورودیان کوشت و سزای کردەوەکەیان دایەوە.

پاشابوونی سەنا تورک:

دوای کوژرانی ئورودی یەکەم، لە بنەماڵەی ئەشکانییەکاندا کەسێکی وا نەمابوو کە لەسەر تەختی دابنێن تەنیا پیرەمێردێک نەبێت بە ناوی سەنا تورک کە هێشتان لە ژیاندا بوو و لە کاتی کوژرانی ئورودی یەکەم لە مێوانسەرای سەڵتەنەتەکەدا ژیانی گۆشەگیریی دەبردە سەر و تەمەنی ٨٠ ساڵ بوو.

هۆزەکانی ساکارکائو ئەویان بە میراتگری سەڵتەنەتی ئەشکانی هەژمارد. بەم شێوەیە، ئەم هۆزە کۆچەرانە هاوکاری و پشتگیرییان لێ کرد و بانگ هێشتنیان کرد کە جلەوی دەسەڵاتداری بگرێتە دەست و بارودۆخی پاشاگەردانی و ناڕێکی لە ولات کۆتای پێ بهێنێت. ئەویش کە هاتە سەر تەخت، هێمنی و ئاشتیی بۆ ولات گەڕاندەوە و دوای شەش ساڵ فەرمانڕەوایی کردن کۆچی دواییی کرد.

میر میران میر مهرداد براخۆیی:

دوای کۆچی دواییی میر فیرۆز، کوڕەکەی، میر مەهرداد براخۆیی هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران. میر مەهرداد ئەو میرانەی تیرەکانی کورد کە لە شەڕی ساکایەکان چووبوون بۆ دۆڵی مساتنج و لە پێناو داکۆکیکردن لە خاکیان لە شەڕ کوژرابوون، کوڕەکانیانی بە ڕاوێژی ئەندامانی دیوانی بولک لەسەر پلەی سەرۆک

تیرایەتیی خۆیانیانی دانا و دەستاری لەسەر کردن. لەم شەڕەدا، میر سیامەک زەنگەنە و میر سام ماملی گیانیان لەدەست دابوو و کوڕەکانیان میر بیدار زەنگەنە و میر بلفان ماملی بەپێی بڕیاری ئەندامانی دیوانی بولک بە پەلە لەسەر پلەی سەرۆک تیرایەتی دانران بۆ ئەوەی لاوازی لە ڕێژیمی هۆزایەتییان پەیدا نەبێت.

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی میر مەرداد، میری ساکایەکان "موسون" کە بە"مایوس" و "ماگا"شیان پێ دەگوت لە باختەر و ئەراسوشیا و زەرەنگیانا بناخەی وڵاتی خۆی دانا و پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ کورده بەلوچەکانی توران و مەکران بەهێز کرد.

میر مەرداد براخۆیی ١٤ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و ئەم میرانەی تیرەکانی پێنجینەی کورده بەلوچەکان: میر بیدار زەنگەنە، میر فیروک ئەدرەگانی، میر بلفان ماملی و میر ئەجبان کرمانی هاوچەرخی بوون.

پاشابوونی فەرهادی سێیەم:

دوای کۆچی دواییی سەنا تورک، کوڕەکەی، فەرهادی سێیەم هاته سەر تەختی ئەشکانییەکان و لە چاخی فەرمانڕەواییی ئەودا، هۆزەکانی ساکا لە ئەراخوسیا و زابلستان میرنشینیی خۆیان دامەزراند و لەگەڵ ئەوەشدا سەروەریی فەرمانڕەواییی ئەشکانییەکانیان قەبووڵ کرد. فەرهادی سێیەم ١١ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد.

کوژرانی فەرهادی سێیەم:

فەرهادی سێیەم دوو کوڕی بە ناوی مهرداد و ئورود هەبوو. ئەم دوو کوڕە لەگەڵ یەک دەستیان لەناو دەستی یەک نا و باوکیان زەهر دەرخوارد دا و کوشتیان. بەم شێوەیە، لەناو بنەماڵەی ئەشکانی سەرەتای نەریتی باوککوژی و براکوژییان کردەوە.

هۆزەکانی ساکا:

یوچێن تیرەیەکی هۆزی توخاری بووە و لە ناوچەی کان سیندا نیشتەجێ بوون و

لەگەڵ تیرەکانی تری توخاری دوژمندارییان هەبووە و هەردەم لە شەڕ و پێکدادان بوونە. لە ئاکام تیرە بەرهەڵستکارەکان بەسەر تیرەی یوچیندا زاڵ بوون و بەرەو باشوور ڕاویان نان. تیرەی یوچین ناچار نشینگەی باپیرانیان بەجێ هێشت و لەگەڵ سەرۆکەکانیان کە نازناوی "ئەرسک"یان هەبوو: ئەرسک موخان، ئەرسک موساس و ئەرسک توغر هاتنە ناوچەی ڕووباری سیحون. ئەم ناوچەیە نشینگەی باپیرانی ساکایەکان بوو. لەبەر ئەوە لەم ناوچەیە تووشی شەڕ و پێکدادان بوون لەگەڵ هۆزی سیتەکان واتە ساکایەکان.

تیرەی یوچین بە هۆی ژمارەوە بەسەر ساکایەکان زاڵ بوون و ناوچەکانیان هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و تیرەکانی ساکایەکانیان بەرەو ڕۆئاوا ناوچەی باختەر واتە ڕۆهەڵاتی خۆراسان ڕاو نا.

ساکایەکان ئێلێکی مەزن بوون و لە دوو تیرە: ساکارا و ماساکارا پێکهاتبوون. ئەمانە ناچار هێرشیان بردە سەر باختەر و لە "توریوا" لە ناوچەی ماوەرالنەهر مەردادی یەکەم پاشای ئەشکانییەکان ڕووبەڕووی ئەم هێرشەیان سەرە ساکایانە بووەوە و شکستی دان و هاتنە پێشیانی وەستاند.

دوای کۆچی دواییی مەردادی یەکەم، لە سەردەمی فەرمانڕەواییی فەرهادی دووەمی کوڕی، پەلامارەرە ساکایەکان جارێکی تر هێرشیان هێنایە سەر سنوورەکانی ڕۆهەڵاتی پارس. ئەم هۆزە گەورە هێرشهێنەرانەی ساکایەکان پاشماوەی میرنشینیی باختەریان بە تەواوی لەناو برد. بەڵام پاشای ئەشکانییەکان بە هەموو هێزی شەڕییەوە بەرهەڵستکاری و بەرگریی کرد. سەختی و دژواریی ئەم شەڕانە بە چەشنێک بوو کە دوو کەس لە شاکانی ئەشکانی فەرهادی دووەم و کوڕەکەی، ئەردەوانی دووەم لە شەڕی ساکایەکان کوژران و خوێنیان بە فێڕۆ چوو.

دامەزراندنی میرنشینەکانی ساکایەکان:

ساکایەکان بەر لە کۆچی گشتیی خۆیان، زانیارییان لەمەڕ سەرزەوییەکانی ڕۆهەڵاتی ولاتی ماد و پارس هەبووە. ئەمەش بەم پێییەی کە لە سەردەمی فەرمانڕەواییی یۆنانییەکان ئەوان لە باختەر هاتوچۆیان هەبووە. جگە لەمە یۆنانییەکان لە قشونی خۆیان بە سەرباز وەریان گرتوون و هەندێ لە

سەردارەکانیشیان لەسەر پلەی مەزنی سەربازیی ئەواندا دامەزراون.

بۆیە کاتێک ساکایەکان کۆچی گشتیی خۆیان دەست پێ کرد، لە باختەرەوە سەراوژێر بوون و لە ناوچەکانی زەرەنگ و کەندارا پەرت و بڵاو بوونەوە و لەو سەرزەوییانە نیشتەجێ بوون. لەگەڵ ڕەوتی سەردەمیشدا بناخەی هۆزایەتیی خۆیان پتەو کرد و کەوتنە دامەزراندنی میرنشینیی خۆیان و بوون بە خاوەنی وڵاتێکی بەهێز و بەرین.

کەوشەنی وڵاتەکەیان لە ڕۆهەڵاتەوە لکابوو بە ناوچەکانی سندان و تەنگەی بۆلان. ئەوان تەنگەی بۆلانیان بە "بی لان" ناساندووە و ناوی ولایەتی زەرەنگیش بە هۆی نیشتەجێبوونی ئەوان بە "سەکستان" ناسرا و ئێستاش هەر بەم ناوە بەناوبانگە.

مایسەس میری ساکایەکان:

مایسەس کە هەندێ مێژوونووس بە "مایوس"یش ناویان بردووە سەرداری هۆزەکانی ساکایەکان بووە و لە ساڵی ٧٥ ی پێش زاین ولایەتی "ئەراسوشیا"ی داگیر کرد و لەوێ میرنشینیی خۆی پێک هێنا و سەروەریی فەرمانڕەواییی ئەشکانیی ماد و پارسی قەبوواڵ کرد و وڵاتەکەی خۆی سەربەخۆ کرد.

پاشاکانی ئەشکانی مرۆڤانێک بوون کە لە بەکارهێنانی بارودۆخ تێ گەیشتوون و سوود و قازانجی زۆریان لە ڕۆژگاری ئاشتی وەرگرتووە. سروشێکیان هەبووە کە بە جۆرێک پەیماننامەیان لەگەڵ بەرامبەر بەستووە کە لە بەرژەوەندیی خۆیان سوودیان لێ وەرگرتووە. هەروەها، بەپێی نەریتی پارسەکان هەموو کات پەیماننامەکانیان ڕێگەی بە ئیمزاکاران داوە کە سەربەست بن لەناو وڵاتەکەیان. پاشاکانی ئەشکانی لەگەڵ میرەکانی ساکایەکانیش هەمان نەریتیان پەیڕۆ کرد.

مایسەس دوای هاتنە سەر تەختی میرنشینی، توانی میرنشینییەکەی پتەو بکات و کەوشەنەکەی بەرین بکاتەوە. لەم ڕووەوە، لە ڕۆهەڵات ناوچەگەلێکی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە کە سنوورەکانی تا تکسولان و ڕووباری سندان هەڵدەکشان.

مایسەس ٢٥ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد. ئەو بە "موسون"یش دەناسرا و هاوچەرخی سەنا تورکی پاشای ئەشکانی بووە.

یەکگرتنی کورده بەلوچەکانی توران و مەکران لەگەڵ ساکایەکانی زابلستان:

لە سەردەمی پاشایەتیی سەنا تورکی ئەشکانیدا هۆزەکانی ساکایەکان لە ئەراسوشیا، کەندارا، زابلستان و باختەر میرنشینەکانی خۆیان دادەمەزراند و سەروەریی فەرمانڕەواکانی ئەشکانیشیان قەبووڵ کرد. ساکایەکان لەگەڵ خەڵکە خۆماڵییەکانی ئەم هەرێمانە تێکەڵاو بوون بۆ ئەوەی فەرق و جیاوازی لە نێوانیاندا نەمێنێ.

لەسەر بنەمای ئەم دەستوورە، پێوەندیی خۆ بەبرازانینیان لەگەڵ کورده بەلوچەکانی توران و مەکران چەسپاند و ئەم یەکگرتنەی نێوانیان بووە هۆی پتەوی و بەهێزیی هەردوولا. میر ماییسەس ساکا لە دەستبەکاربوونی دەسەڵاتداریییەکەیەوە هۆشی دایە یەکگرتووکردنی کوردە بەلوچەکان و ساکایەکان.

میر ئیزسەس ساکا:

میر ماییسەس ساکا یەکەم پاشای میرنشینیی ساکایەکان بوو و بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد. کاتێک کۆچی دواییی کرد، دوو کوڕی لە پاش بەجێ ما بە ناوی ئیزسەس و ئازونسەس. ئیزسەسیان هاتە سەر تەختی باوکی و ناوچەی پەنج ئابەی داگیر کرد و بە وڵاتەکەی خۆیەوە لکاند و ئازونسەسی براشی کرد بە حاکمی ئەم ولایەتە.

ئیزسەس نزیکەی ٢٨ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد. لە چاخی فەرمانڕەواییی ئەودا، میر فەرهاد کوردی زەنگەنە لەگەڵ هۆزەکەی نشینگەی گواستەوە توران و دوو تیرەی ساکایەکان "سەلگور" و "ساگدی"شی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوون.

پاشابوون و کوژرانی مهردادی سێیەم:

مهردادی سێیەم دوای کوشتنی باوکی، هاتە سەر تەختی پاشایەتی و پاش ماوەیەک هەڵمەتی بردە سەر ئەرمەنستان. لە کاتی لەوێ نەبوونی ئەو، ئوروودی برای تەختی دەسەڵاتداریی داگیر کرد. مهرداد کاتێک ئەم هەواڵەی پێ گەیشت خێرا هاتە پایەتەخت و لە شەڕ شکستی دا و خەڵکێکی زۆریشی لە پشتیوانانی ئەو کوشت.

مهرداد ستەم و زۆرداریی کردە شێوازی خۆی و ئەندامانی دەوڵەت بەمە دڵگران بوون و لەسەر تەخت دەریان کرد و ئوروودی برایان هێنایە سەر تەخت. مەردادیش چووە دالّدەی عەرەبەکان و بە یارمەتیی ئەوان دووبارە هێرشی هێنایەوە سەر سەڵتەنەتی پارس بەڵام سوورن سوپاسالاری ئورود شکستی دا و کوشتی.

میر میران میر بەهمەن براخۆیی:

دوای ئەوەی میر مەرداد کۆچی دواییی کرد، میر بەهمەنی کوڕی هاتە سەر تەختی توران. لە سەردەمی دەسەڵاتداریی میر بەهمەن، میر فەرهاد زەنگەنە بە خۆی و هۆزەکەیەوە لەگەڵ دوو تیرەی ساکایەکان بە ناوی سەلگور و ساگدی لە ناوچەی زابلستانەوە نشینگەیان گواستەوە توران. میر بەهمەن براخۆیی میر میرانی توران، میر فەرهاد و هۆزەکەی لە دۆڵی گۆراندا نیشتەجێ کرد و دوو تیرەکەی ساکایەکانیشی ناردە ناوچەی غوزدار و میر ساکین سەرداری تیرەی ساگدیی لەگەڵ تیرەکەیدا لە دۆڵی گریشکان نیشتەجێ کرد و میر کودر سەرۆکی تیرەی سەلگوریشی لە تەک تیرەکەیدا لە دۆڵی پیلار نیشتەجێ کرد.

میر بەهمەن ئەم سەرۆک تیرانەی کوردە بەلوچەکان: میر فەرهاد زەنگەنە، میر بوبک ئەدرەگانی، میر میوان ماملی و میر سنهان کرمانی هاوچەرخی بوونە. میر بەهمەن بۆ ماوەی ٢٩ ساڵ لە ولایەتی توران پاشایەتیی کرد.

ئیزسەسی دووەم میر ساکایەکان:

کاتێک ئیزسەسی یەکەم کۆچی دواییی کرد، ئیسالی سەسی کوڕی بە نازناوی ئیزسەسی دووەم هاتە سەر تەختی میرنشینیی زابلستان. ون سان برای بچووکی بوو. ئیزسەسی دووەم بەردەوام بوو لە داگیرکردنەکانی لە پەنج ئابە و برای خۆی ون سانیشی بۆ ولایەتە داگیرکراوەکانی ولاتی هیند نارد بۆ ئەوەی دەسەڵاتداریی دەوڵەتی بگرێتە دەست و فەرمانڕەوایی بکات. ئەو یەکەم میری ساکایەکان بوو کە سەرەتای فەرمانڕەوای خۆی لە ولاتی هیند دەست پێ بکات. ئیزسەسی دووەم لە زابلستان ٢٢ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و کۆچی دواییی کرد.

میر میران میر بسسام براخۆیی:

پاش کۆچی دواییی میر بەهمەن، میر بسسامی کوڕی هاتە سەر میرنشینیی توران. لە سەردەمی میرنشینیی بسسام "دیوانی ملوکی توران و مەکران" دامەزرا. مەبەست لە دامەزراندنی ئەم دامەزراوەیە ئەوە بوو کە بەڕێوەبەرایەتیی ولایەتی توران و مەکران بە کاری هاوبەشی دیوانی ملوک ئەنجام بدەن.

دوای دامەزراندنی دیوانی ملوک کاروباری سەربازیی توران و مەکران لەژێر چاودێریی ئەم دیوانە ئەنجام دەدرا. ئەم سەرۆکانەی کوردە بەلوچەکان میر بسسام براخۆیی میر میرانی توران، میر مهرداد ئەدرەگانی میر میرانی مەکران، میر سیاوش زەنگەنە، میر سەمبان ماملی میر میهار کرمانی ئەندامی دیوانی ملوک بوون.

پاشابوون و گۆشەنشینیی ئوردی دووەم:

دوای مەهردادی سێیەم، ئوردی دووەمی برای هاتە سەر تەختی ئەشکانی و شەڕێکی نەڤەگێڕ لەگەڵ رۆمەکان ڕووی دا. ئەمەش لەبەرئەوەی سەڵتەنەتی ئەشکانی لەگەڵ ڕۆمەکان لە شەڕدا بوو.

دوای ئەوەی شەڕ لە نێوان ئەم دوو وڵاتە ڕووی دا، ئەشکانییەکان لە شەڕی حوڕان ڕۆمەکانیان شکست دا و ئورود هەڵسا بە ناردنی فیروزی کوڕی بە لەشکرێکی گەورەوە بۆ داگیرکردنی سووریا. لە سووریا ئەشکانییەکان پاشەکشەیان کرد و فیروزیش لە شەڕدا کوژرا. ئورود بەم زیانە خەفەتبار بوو و ژیانی گۆشەنشینیی هەڵبژارد و دەسەڵاتی تەختی ئەشکانیی دایە دەست فەرهادی کوڕی دووەمی.

گوندوس فاسان میری ساکا:

کاتێک ئیزسەسی دووەم کۆچی دواییی کرد، کوڕەکەی ، گوندوس فاسان هاتە سەر تەختی میرنشینیی زابلستان و براکەی، "گودا"ی لە ئاستی وەزارەت دامەزراند. پاش ئەوە، گوندوس خۆی دەسەڵاتداریی هەرێمەکانی هندی گرتە دەست و میرنشینیی زابلستان و ئەراسوشیایشی دا بە گودای برای.

گوندوس فاسان لە هیند زۆر ناوبانگی دەرکرد و لەوێ بەناوبانگترین شای

بنەماڵەی ساکایەکان بوو. چوارچێوەی دەسەڵاتداریی وڵاتی ساکایەکانی لە هیند بەرفراوان کرد و بە دادپەروەری فەرمانڕەواییی کرد.

پاشابوونی فەرهادی چوارەم:

فەرهادی چوارەم دوای گۆشەنشینیی باوکی هاتە سەر تەختی ئەشکانی کە مرۆڤێکی ستەمکار و زۆردار بوو. ئەو چەوساندنەوە و ستەمی کردبووە شێوەی خۆی و هەندێک لە ئەندامانی دەوڵەت نیشتمانیان جێ هێشت.

فەرهادی چوارەم شەڕ و پێکدادانی لەگەڵ سەڵتەنەتی ڕۆم دەست پێ کرد. لە ئەنجامدا، کەسێکی بنەماڵەی ئەشکانی بە ناوی تیرداد ئالای شۆڕش و یاخیگەری بەرز کردەوە و توانی فەرهادی چوارەم لەسەر تەخت لابدات. فەرهاد پاشان چووە دالدەی ساکایەکان.

پاشابوونی تیردادی دووەم:

تیردادی دووەم هاتە سەر تەخت و چەند ماوەیەک فەرمانڕەواییی کرد. لە دواییدا، فەرهاد بە یارمەتیی ساکایەکان هێرشی هێنایە سەر پارس. تیرداد توانای بەرگریکردنی لە خۆی ڕانەبینی و هەڵات. لەگەڵ خۆی دا کوڕە بچووکەکەی کە ناوی فەرهاد بوو برد و چووە دالدەی قەیسەری ڕۆم.

کوژرانی فەرهادی چوارەم:

فەرهادی چوارەم بۆ جارێکی تر هاتەوە سەر تەخت و چەند ماوەیەک فەرمانڕەواییی کرد. لە ئەنجام، فەرهادک کوڕی فەرهاد بە هاندانی دایکی زەهری دەرخواردی باوکی دا. بەم شێوەیە باوکی کوشت و خۆی هاتە سەر تەخت.

میر گودا میری ساکایەکان:

کاتێک گوندوس فاسان دەسەڵاتی پاشایەتیی هندی گرتە دەست، پاشایەتیی میرنشینەکانی کندارا و زابلستانی دایە دەست "گودا"ی برای. گوداش کوڕی خۆی "ئەبدین گاسەس"ی لەسەر دەسەڵاتداری میرنشینیی زابلستان دانا و خۆیشی هەندێک ولایەتی کرمانی لە پاشای ئەشکانییەکان سەند و هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی و میرنشینییەکەی بەرین کردەوە.

لەدایکبوونی پەیامبەر عیسا سڵاوی لێ بێ:

لە نێوان ساڵانی چوار و شەشی پێش زاینی مەسیح، حەزرەتی عیسا سڵاوی لێ بێ لە یەکێک لە گوندەکانی بەیتولوقەدەس بە ناوی بەیت لەحم لەدایک بوو. لەو سەردەمەدا دوو سەڵتەنەتی بەهێز و پڕ شکۆ لە دنیا بوونی هەبوو: سەڵتەنەتی پارس و سەڵتەنەتی ڕۆم.

ئەگستاس پاشای ڕۆم و تیردادیش پاشای پارس بوو. پاشای پارس بۆ پشتڕاستکردنی پێشبینیی ئەستێرەناسەکان کە مەسیح لەدایک بووە کۆمەڵێکی لە هاوەڵەکانی خۆی نارد بەیتولوقەدەس بۆ ئەوەی کە ئەگەر مژدەکە ڕاست بوو بچن بۆ شوێنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح و بەخێرهاتنی بکەن. ئەم دەستەیە پاش پشتڕاستکردنی لەدایکبوونی مەسیح گەڕانەوە پارس و هەواڵەکەیان بە تیردادی پاشای ئەشکانی گەیاند و گشت بارودۆخەکەیان بۆ باس کرد.

میر فیروز میری ساکایەکان و ڕووخانی میرنشینەکەیان:

دوای ئەوەی گوندوس فاسان لە هیند کۆچی دواییی کرد، کوڕەکەی، فیرۆز هاتە سەر تەختی وڵاتی هیند و میرنشینیی ئەراسوشیا و سناربار کوڕی گوداش کە کوڕە مامی بوو کردە دەسەڵاتداری میرنشینیی زابلستان.

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی میر فیروز هێز و دەسەڵاتی ساکایەکان لە زابلستان و باختەر و هیند وردە وردە بەرەو ڕووخان دەچوو. جێنشینەکانی میرەکانی ساکایەکان بێهێز بوون و هۆزە کۆشانییەکان بەسەریاندا زاڵ بوون و باڵادەستییان پەیدا کرد.

میر میران میر خەفی براخۆیی:

وێڕای کۆچی دواییی میر بسسام، کوڕەکەی، میر خەفی هاتە سەر تەختی پاشایەتیی توران و لە سەردەمی میرنشینیی ئەودا فەرهادی پێنجەم پاشای سەڵتەنەتی ئەشکانی بوو. هەر لەم سەردەمەدا، دەسەڵات و باڵادەستیی میرانی ساکایەکان لە باختەر و زابلستان و ئەراسوشیا ڕووی لە لاوازی کرد. لە دەوروبەری سەد ساڵ دوای هێمنی و ئاسایشی دوای هێرشی ساکایەکان، لە هەرێمی باختەر یەکێک لە سەرۆکەکانی هۆزەکانی کۆشانی کە ئەویش لە نەتەوەی

تیرەکانی یوچینە بەسەر ساکایەکان زاڵ بوو و باڵادەستیی پەیدا کرد و بناخەی دەوڵەتی دامەزراند کە بە ناوی کۆشانی ناوبانگی دەرکرد.

میر خەفی ٣٤ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و ئەم سەرۆکانەی پێنج تیرەی کوردی بەلوچ: میر وندان زەنگەنە، میر کیکان ئەدرەگانی، میر بۆتان ماملی و میر مەنگوڕ کرمانی هاوچەرخی بوونە.

بە خۆییکردنی تیرەکانی سەلگور و ساگدی:

میر خەفی لە سەردەمی فەرمانڕەواییی خۆیدا دابی بەخۆییکردنی تیرەکانی سەلگور و ساگدی بەڕێوە برد کە لەگەڵ میر فەرهاد زەنگەنە لە زابلستانەوە هاتبوونە توران و لەوێ نیشتەجێ بووبوون. ئەم دابە بۆیە ئەنجام درا چونکە ئەم دوو تیرەیە لە نەژادی کوردە بەلوچەکان نەبوون و پێویست بوو بەخۆیی بکرێن بۆ ئەوەی هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەوان و کوردە بەلوچەکان نەمێنێ و دوای بە ئەنجام گەیاندنی نەریتەکە بە تیرەکانی کورد بژمێردرێن.

کوردەکان نەریتێکیان هەبووە کە لە ڕێگەیەوە تیرە دەرەکییەکانیان بە کۆمەڵگەی خۆیانەوە پێوەست دەکرد و بەم نەریتەیان دەگوت "هێسک شکاندن". ئەم نەریتە بەم شێوە بەڕێوە چووە کە میر میرانی تیرەکان کە سەرۆکی دیوانی ملوک بووە، سەرۆکی تیرەکانی تری بانگ دەکرد و لە کۆڕی دیوانی ملوکدا باسی بەخۆییکردنی ئەو تیرە دەرەکییەی دەکردەوە و وتووێژی لەسەر دەکرا. دوای ئەوە، سەرۆکی دیوانی ملوک مێزەر یان دەستاری بە براژماردنی لەسەر میری ئەو تیرەیە دەبەست و سەرۆکی تیرەکەش دوای دەستاربەندی پەیمانی وەفاداریی لە تەک ئەو نەتەوەیە دەبەست کە تێیدا تێکەڵاو بووبوون. دوای ئەوە لە خوانی سەرۆکی دیوانی ملوکدا نانیان دەخوارد و پیرۆزباییان لە سەرۆکەکە دەکرد و ئەوێیان بەجێ دەهێشت. بەم شێوەیە، دوای بەجێگەیاندنی ئەم نەریتە تیرە دەرەکییەکە بە یەکێک لە تیرەکانی کوردە بەلوچەکان دەژمێردرا.

پاشابوون و کۆژرانی فەرهادی پێنجەم:

فەرهادی پێنجەم ژاری دەرخواردی باوکی دا و کوشتی. بە هۆی ئەم کردەوەیە ئەندامان و دەسەڵاتدارانی سەڵتەنەت لێی بێزار و تووڕە بوون. قەیسەری ڕۆمیش

ئەوی بە داگیرکەر دەزانی و بایەخی بە خواست و داواکانی نەدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، فەرهاد پیاوێکی زۆر ترسنۆک بوو و فەرمانڕەواییی لێ نەدەوەشایەوە. لە ئەنجامدا، گەورە و دەسەڵاتدارانی سەڵتەنەت لەسەر تەخت لایان دا و کوشتیان.

هۆزە کۆشانییەکان:

کۆشانییەکان هۆزێک بوون کە لەگەڵ ساکایەکان لە یەک ڕیشە و نەژاد بوونە و خەڵکی چین بە یوچین ناساندوویانن. ئەوانە لە دەوروبەری ١٦٠ ساڵ پێش زاین نشینگەی کۆنی خۆیان کە لە ڕۆهەڵاتی چین بووە بەجێ هێشتووە هاتوونەتە دۆڵی سەر دەریای باکوری ئامو. ساکایەکان لێرەدا نیشتەجێ بووبوون لەبەرئەوەی توانای بەرەنگار بوونەوەی هێرشەکانی ئەوانیان نەبوو ڕایان کرد و ڕوویان لە خۆرهەڵات لە باختەر و لە باشوور لە زنجیرە چیای هندوکوش کرد.

لەو کاتەدا، ئیمپراتۆری چین بە هۆی ئازاردانەکانی هۆزەکانی هوانگ نوان تەنگی پێ هەڵچنرابوو و باڵوێزی نارده لای یوچینەکان و بۆ سەرکوتکردنی هوانگ نوان داوای هاوکاری و هاوەلێتی لێ کردن. بەڵام یوچینەکان بە پیریەوە نەچوون و بەمە ئیمپراتووری چین تووڕە بوو و هێرشی بردە سەریان. یوچینەکان پاشەکشەیان کرد و لە سەرووی دەریای ئامۆوە سەرەوخوار بوونەوە و هاتنە خواروو ولایەتی باختەر کە نشینگەی تخاریەکان بوو و بە یارمەتیی ئەوان میرنشینی باختەریان هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

هۆزی کوشی یەکێک لە پێنج هۆزەکانی کوشانگ بووە. بەپێی نووسینی مێژوونووسەکانی چین میری ئەمانە کوجولە کەدفیزس چوار تیرەی تری کوشانگی لەگەڵ خۆی یەکگرتوو کرد و میرنشینیی خۆی لە باختەر دامەزراند و خۆی بە شای کوشانگ ناساند. لەبەر ئەم هۆیە، لە باسە مێژوونووسەکاندا وشەی کۆشانی جێگەی یوچینی گرت.

دوای ئەوە، کوجولە کەدفیزس پارس و کەندارا و زابلستانی داگیر کرد و سەڵتەنەتەکەی بەرین کردەوە و کوردەکانی توران و مەکرانیشی گوێڕایەڵیی خۆی کرد.

پاشابوون و کۆژرانی ئوروودی سێیەم:

دوای کـوژرانـی فـەرهادی پێنجـەم، ئـەندامـانی دەوڵەتی پارس کـەسـێکیـان لە بنەمـاڵەی ئەشکانی کە ناوی ئورود بوو و لە ترسی فەرهـاد لە گۆشـەیەک لە بزریدا ژیانی بـەسـەر دەبرد هێنـایە سـەر تەخـتـی فـەرمـانڕەوایی. بەڵام ئـەویش سـتـەم و تووندوتیـژیی کـردە شـێوەی خـۆی. دوای سێ سـاڵ فـەرمـانڕەوایی، دەسـەڵاتدار و گەورانی دەوڵەت بە فێڵ لە تەخت دەریان کرد و کوشـتیان و خۆیان لە سـتەمکاریی ئەو ڕزگار کرد.

پاشابوونی ئەنوشی یەکەم و دەرکرانی لە تەخت:

دوای کوژرانی ئوروودی سێیەم، لەنێو بنەمالەی ئەشکانیدا کەسێکی وا نەمابوو کـە شـایسـتـەی پلە و پایەی پـاشـایەتی بێت. لەبەر ئەوە، دەسـەڵاتدارانی دەوڵەت باڵوێزیان نارده لای پاشـای ڕۆم و داوایان لێ کـرد کـە ئـەنوش کـوڕی فـەرهادی چوارەم کـە لە دادەی ئەودا بـوو بنێـرێتـەوە پـارس بۆ ئـەوەی لەسـەر تەخـتـی ئەشکانیی دابنێن.

ئەنـوش لە ڕۆم هاتـەوە و هاتـە سـەر تـەخـتـی فـەرمـانڕەوایی. پاش مـاوەیەک، دەسـەڵاتدارانی سـەڵتـەنەت لـەویش دڵگران و ناشـاد بوون. لەبەرئەوەی، ئـەو بەپێی داوونەریـتی ڕۆمـی هـەڵسـوکـەوتی دەکـرد و ڕقـی لە نـەریتی پـارس بوو. هـەر ئەم هۆکارەش وای کرد شـازادەیەکی بنەمـاڵەی ئەشکانی بە ناوی ئەردەوان لێی یاخی بێت. دەسـەڵاتدارانی سـەڵتەنەت پشـتگیرییان لێ کرد و توانی ئەنوش شکست بدات و لە وڵاتی پارس دەری بکات و دەسـەڵاتداریی وڵاتی گرتە دەست.

پاشابوون و کۆچی دواییی ئەردەوانی سێیەم:

ئەردەوانی سێیەم کە هاتە سـەر تەخت جارێکی تر سوپای ئامادە کرد و هێرشی بردە سـەر ئەنوش و شکسـتی دا. ئـەنوش جگە لـە هـەڵاتن هیـچ چارەیەکی تری بۆ نـەمـا و چووە شـاری سلوسـیـە. ئەردەوان بـە شـوێنی کـەوت و زۆر لایەنـگری ئەوی لەناو برد. پاشان ئەنوش سلوسیەشی جێ هێشت و ڕای کردە ئەرمەنستان و بوو بە پاشـای ئـەوێ. بەڵام بە هۆی زۆر بۆ هـێنانی ئـەردەوان پاشـای ئەشکانـی ناچار دەستی لە فـەرمانڕەواییی ئەوێش هـەڵگرت و خۆی دایە دەست فەرمـانڕەوای ڕۆمیی

شام. له شامیش ویستی هەڵبێت بەڵام ڕۆمەکان دەستگیریان کرد و کوشتیان.

ئەردەوان پاشای ئەشکانی خۆی سەرقاڵی پتەوکردنی پێگەی دەسەڵاتی خۆی کرد و لەگەڵ ڕۆمەکان ئاشت بووەوە و دوای ٢٦ ساڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد.

کوجولە کلە کەدفیزس میری کۆشانی:

کوجولە کلە کەدفیزس میری هۆزی کۆشانی بوو و پیاوێکی زانا و وریەبەرز و بە جەرگ بوو. توانی چوار تیرەی کۆشانگ لەگەڵ خۆی یەک بخات و میرنشینی لە باختەر دابمەزرێنێ. لە ماوەیەکی درێژدا بە هەوڵ و تێکۆشان سەڵتەنەتی خۆی بەرفراوان کرد و ولایەتەکانی دەوروبەریی سەڵتەنەتی پارسی بە دەسەڵاتداریی خۆیەوە لکاند و پێگەی خۆی لە تەواوی ئەو شوێنانە بەهێز کرد کە بڕێتی بوون لە ولایەتەکانی کەندارا و کابلستان و زابلستان و خوراسانی ڕۆهەڵات.

کوجولە دوای ٣٨ ساڵ دەسەڵاتداری کۆچی دواییی کرد. ناوی خۆی کوجولە بوو کە لە دواییدا نازناوی کلە کەدفیزسی پێ چەسپاوە کە بە مانای دیندار و کوڕە شای ئاسمان دێت.

میر میران میر شاوش براخۆیی:

دوای کۆچی دواییی میر خەفی، کوڕەکەی، میر شاوش هاتە سەر تەختی میرنشینی توران. لە سەردەمی دەسەڵاتداریی ئەودا، میری مەزنی کۆشانییەکان کوجولە کلە کەدفیزس پاش دامەزراندنی دەسەڵاتداریی خۆی لە باختەر، ولایەتەکانی پارس کە بڕێتی بوون لە کەندارا، زابلستان، کابلستان و خۆراسانی ڕۆهەڵاتی داگیر کرد و بناخەی سەڵتەنەتی کۆشانیی دامەزراند.

میرەکانی تیرەکانی پێنجینەی کورده بەلوچەکانی توران و مەکران خۆیان بە دەستەوە نەدا و ملکەچی میری کۆشانی نەبوون. جگە لەمە، هاوئاهەنگیی تیرەکانی کوردی بەلوچ ئەوەندە بەهێز و پتەو بوو کە میری کۆشانی نەیدەخواست دوژمنایەتییان لەگەڵ دروست بکات. هەروەکو گوتوویانە:"ڕزگاری لە ئاشتی و هێمنیدایە". لەبەر ئەوە، میری کۆشانی ڕێگەی ئاشتیی لەگەڵ کورده بەلوچەکان گرتە بەر.

میری کۆشانی پیاوێکی هۆشمەند بوو و دەیزانی لەگەڵ کات و سەردەم ڕەفتار بکات و سوود و قازانجی لە سەردەمی ئاشتی بەدەست دەهێنا و هەموو کات پەیماننامەی وای دەبەست کە لە ڕێگەیەوە ئیمزاکارانیان لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریی خۆیاندا سەربەست دەکرد. کوجوله کله کەدفیزس لەسەر بنەمای ئەم نەریتە پەیماننامەی لەگەڵ کورده بەلوچەکانی توران و مەکران بەست و دانی بە فەرمانڕەواییەکەیانی لە توران و مەکران نا. بەم شێوەیە، بەڵێن و پەیمانی لەگەڵ بەستن و کردیانی بە هاوپەیمانی ولاتەکەی.

میر شاوش پاش ٢٥ ساڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد و ئەم سەرۆکانەی کورده بەلوچەکان میر کمبیج میر میرانی مەکران، میر شینو ماملی، میر خەفی کرمانی و میر نوزەر زەنگەنە هاوچەرخی بوون.

پاشابوونی گودرزی دووەم و دەرکرانی لە تەخت:

دوای ئەردەوانی سێیەم، کەسێک لە بنەماڵەی ئەشکانییەکان بە ناوی گودرز هاتە سەر تەختی فەرمانڕەواییی سەڵتەنەتی ئەشکانی. گودرز دوو برای بە ناوی ئەردەوان و واردان هەبوو و لێیان بە گومان بوو و باوەڕی لەسەر نەبوون. هەر بۆیە یەکەمیانی بە ژن و منداڵەوە کوشت و دووەمیشیان ڕای کرد.

هێشتان ماوەیەک بەسەر دەسەڵاتداریی گودرز تێ نەپەڕیبوو کە گەوران و کاربەدەستانی ولات واردانیان بانگهێشتن کرد بۆ ئەوەی بۆ بەدەستهێنانی پاشایەتی شۆڕش بکات. واردان دوای بڕینی دوو ڕۆژەڕێ خۆی گەیاندە پارس کە بتوانێ لە نەکاو بەسەر گودرزدا دابدات. گودرز ناچار لە پارس هەڵات و چووە لای هۆزەکانی داها و سەرقاڵی نەخشەکێشان و هاندانی بزووتنەوە دژی واردانی برای بوو. گودرز بۆ ئەم مەبەستە یارمەتیی لە هۆزەکانی داها وەرگرت و بۆ بەدەستهێنانەوەی تەخت و تاج کەوتە ڕێ.

واردان بە خۆی و هێزەوە ڕووی لە دەشتی باکتریا کرد. لە ناکاو گودرز هەواڵی پێ گەیشت کە گەوران و دەسەڵاتداران هاودەست بوونە و ڕێک کەوتوون کە تەخت و تاج لە هەردوو برا بسێنن. ئەم مەترسییە هاوبەشە هەردوو براکەی بە ناچاری لێک نزیک کردەوە لەگەڵ یەک ڕێک کەوتن کە تاجی سەڵتەنەتی پارس لای واردان بێت و گودرزیش بە دەسەڵاتداریی هەرکانیە ڕەزامەند بێت.

پاشابوون و کوژرانی واردانی یەکەم:

کاتێک واردانی یەکەم هاتە سەر تەخت، شاری سلوسیە هێشتان لەباری شۆڕش و یاخیگەریدا بوون. واردان بە یارمەتی و ڕێنوێنیی چینی گەورە پیاوانی ئەو شارە کە لایەنگری خۆی بوون هێرشی بردە سەر شارەکە و ئەوانیش ناچار خۆیان دایە دەستەوە و ئەو شۆڕشەی کە لە حەوت ساڵەوە بەردەوام بوو کۆتاییی پێ هات.

پاش ئەم سەرکەوتنە، واردان سەرکەوتنی تریشی بەدەست هێنا و سەڵتەنەتەکەی زۆر بەرین کردەوە. پاش ماوەیەکی درێژ، دووبارە لە نێوان ئەو دوو برایە واردان و گودرز شەڕ و پێکدادان دەستی پێ کردە و تا دوو ساڵ درێژەی کێشا و لە ئەنجام بە مەرگی واردان کۆتاییی پێ هات. ئەمەش بەو چەشنە کە گەوران و دەسەڵاتداران هاودەست بوون و لە ناکاو واردانیان بە کوشت دا.

پاشابوونی دووەم جاری گودرز و کۆچی دواییی:

دوای کوژرانی واردانی یەکەم، لە نێوان گەورانی پارس لەسەر میراتگری تەخت و تاجی پاشاییی ئەشکانی ناکۆکی و گیروگرفت ڕووی دا. زۆریان لایەنگری گودرز بوون و کۆمەڵێکیش مەهرداد کوڕی ئەنوش و کوڕەزای نەوەی فەرهادی چوارەمیان بۆ پاشایەتی دیاری کرد. ئەم شازادەیە لە ڕۆم گەورە بووبوو و خەڵکی پارسیش بە گشتی ڕق و نەفرەتیان لەو شازادانە بوو کە لە ڕۆم گەورە بووبوون. ڕەنگە لەبەر ئەم هۆیەش و بە تایبەت کە گودرزیش لەنێو ولّات ئامادە بوو لە ئەنجام هەموو لەسەر سەڵتەنەتی گودرز ڕێک کەوتن و گودرزیان هێنایە سەر تەختی پاشایی.

ماوەیەک بەسەر پاشایەتیی گودرز تێ نەپەڕیبوو کە لە بەرەنجامی بێبەزەیی و دڵڕەقی و کردەوەی ناشایستەی ئەو لە هەموو لایەکەوە هاواری سکالاّ بەرز بووەوە و لە ئەنجام بەرهەڵستکاران سکالاّکەیان بردە لای قەیسەری ڕۆم و داوایان لێ کرد شازادە مەهرداد بنێرێتەوە پارس. قەیسەری ڕۆم فەرمانی دا ئەو شازادەیەی کە داواکاری تەخت و تاجە تا لێواری فورات بەڕێ بکەن.

مەهرداد هاتە پارس و لە شەڕ دژی گودرز ئاکامێکی یەکلاکەرەوەی بەدەست

نەهێنا. کاتێک تەماشای کرد سوپاکەی بە تەواوی شپرزە و لێک هەڵوەشاوەتەوە، چووە داڵدەی سەردارێکی پلە خوار کە باوکی دای مەزراندبوو و ناوی پاران سەس بوو. بەڵام ئەو نامەردە گرتی و بە زنجیرکراوی ناردیە لای گودرز. گودرزیش ئەگەرچی لە گیانی خۆش بوو بەڵام فەرمانی دا هەردوو گوێی ببڕن بۆ ئەوەی جارێکی تر بیر لە بەدەستهێنانی سەڵتەنەت نەکاتەوە. پاش ماوەیەک گودرز کۆچی دواییی کرد.

پاشابوون و کۆچی دواییی ئەنوشی دووەم:

دوای کۆچی دواییی گودرزی دووەم، ئەنوشی دووەم کە پاشای ماد بوو هاتە سەر تەختی سەڵتەنەتی ئەشکانی و پاش نۆ ساڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد. لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەودا هیچ ڕووداێکی گرینگ ڕووی نەدا.

پاشابوون و کۆچی دواییی بلاشی یەکەم:

پاش ئەوەی ئەنوشی دووەم کۆچی دواییی کرد، بلاشی یەکەم هاتە سەر تەخت. بلاش دوو برای هەبوو: فیروز و تیرداد. بە تەمەن لە هەردووکیان گەورەتر بوو و لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانیش سەریان بۆ پاشایەتیی ئەو دانەواند. بلاش سەڵتەنەتی مادی دایە شازادە فیرۆزی برای. بۆیە پێویست بوو بۆ تیردادی برایشی شوێنێکی شیاو دابین بکات.

پارتەکان بەردەوام خۆیان بە خاوەنی ئەرمەنستان دەزانی و لەو کاتەش داگیرکردنی ئەو وڵاتە بۆ بلاش سەخت نەبوو. بۆیە بلاش دەرفەتەکەی بە لەبار زانی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتداریەتەکەی و بەدەستهێنانی دەسەڵاتداریەتێک بۆ برا بچووکەکەی ئەو وڵاتە بهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەو لەو کەین و بەینەدا کە هۆزە دەشتەکییەکانی باکوری بە ناوی ئالانی هێرشیان هێنایە سەر خاکی وڵاتی پارس و بەرەو مادیا سەراوژێر بوونەوە. فیروز فەرمانڕەوای ماد لە بەرامبەر هێرشەکانی ئەوان توانای بەرگریی نەبوو و ڕووەو دواوە پاشەکشەی کرد و لە شوێنێکی دووردا دامەزرا.

پاشان ئەم هۆزانە بەرەو ڕۆئاوا هێرشیان برد و ڕووبەڕووی لەشکری تیردادی پاشای ئەرمەنستان بوونەوە و لە ئەنجام ئەویشیان بە سەختی شکست دا و بە

دەسکەوتێکی زۆر گرانبەهاوە بەرەو ڕۆهەڵات گەڕانەوە.

بلاشی یەکەم دوای ٢٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد و لە سەردەمی ئەو دیاردەی ڕووخان لە سەڵتەنەتی ئەشکانییەکاندا خۆی دەنواند.

میر میران میر مرادان براخۆیی:

دوای کۆچی دواییی میر شاوش، کوڕەکەی، میر مرادان هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران. لە سەردەمی ئەودا، فەرمانڕەوای مەزنی کۆشانییەکان کوجولە کلە کەدفیزس کۆچی دواییی کرد کوڕەکەی، ویما کلە کەدفیزس بوو بە جێنشینی. کاتێک ویما کلە کەدفیزس هێرشی بردە سەر ئیمپراتۆری چین، میری سندان ئەو هەلەی قۆستەوە و هێرشی بردە سەر توران.

هێرشی میری سندان بۆ سەر توران:

میر مانیا میری مەزنی سندان بوو و لەگەڵ دوو سەرلەشکری خۆی میر گنگو و میر بندان و سەربازانی سندان لە زنجیرە چیای "کاتیر"ەوە هێرشیان هێنایە سەر خاکی توران. کاتێک ئەم هەواڵە بە سەرۆکەکانی کوردەکان گەیشت، بۆ بەرگری کردن لە هاتنە پێشیان بە خێرایی لە گەردنەکانی زنجیرە چیای کاتیرەوە سەرەوخوار بوونەوە و شارەکانی سندانیان تاڵان کرد. میری سندان کاتێک ئەم بارودۆخەی بەدی کرد تێ گەیشت کە لە دوو قۆڵەوە شەڕکردن بۆ سەربازەکانی نەشیاوە. ئەمەش بەو مانایەی لەلایەکەوە هێرشەکەی بۆ سەر توران بەردەوام بکات و لەلاکیشەوە بەرگری لە چوونە پێشی کوردەکان بۆ ناو دەشت و شارەکانی سنادان بکات. بۆیە سەرلەشکرانی سندان ناچار بوون لە خاکی توران پاشەکشە بکەن و لە ولاتی خۆیان بەرگری بکەن. واتە کورد بەلوچەکان کە هەڵڕژابوونە ناو دەشت و شارەکانی سندان دەریان بکەن. کورد بەلوچەکان سەرکەوتووانە بە دەسکەوت و سامانێکی زۆرەوە لە خاکی سندان دەرچوون و گەڕانەوە توران.

میر مرادان پاش ١٧ ساڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد و ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی پێنجینەی کورد بەلوچەکان: میر نوزەر زەنگەنە، میر شیران ئەدرەگانی میر میرانی مەکران، میر پندک ماملی و میر شولان کرمانی هاوچەرخی بوون.

ویمان کله کەدفیزس میری کۆشانی:

دوای کۆچی دواییی میر کوجوله کله کەدفیزس میری مەزنی کۆشانی، ویمان کله کەدفیزس هاتە سەر تەختی باوکی و نزیکەی نیو سەدە واتە پەنجا سالێک فەرمانڕەواییی کرد و لە ماوەی دەسەلاتداریەتیدا کەوشەنی ولاتەکەی ئەوەندە بەرین کردووەتەوە کە سنووری ڕۆهەلاتی ولاتەکەی دەگەیشتە نزیکەی ڕووباری کنگ.

ویمان لە ڕێگەی بالۆێزەوە داوای لە پاشای چین کرد کە بیکات بە زاوای خۆی و کچەکەی بە شوو بداتێ. بەلام ئیمپراتۆری چین داواکارییەکەی پەسند نەکرد. ویمان کله کەدفیزس تووڕە بوو و لەشکرێکی گەورەی کە لە ٧٠ هەزار سوار پێک هاتبوو بە سەرۆکایەتیی سوپاسالار "سیئان" بۆ داگیرکردنی ڕۆهەلاتی چین نارد. سیئان لە ڕێگەی پامیرەوە هێرشی بردە سەر ڕۆهەلاتی چین و ڕووبەڕووی لەشکری چینی بووەوە. لە ئەنجام، سوپاسالاری لەشکری چین "پانچی" شکستی دان و سیئان سەرلەشکری ویمان کله کەدفیزس داوای ئاشتیی کرد لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە میری کۆشانی لە داهاتوو باج بداتە ئیمپراتۆری چین.

ویمان کله کەدفیزس بۆ پتەوکردنی ولاتەکەی دۆستایەتیی لەگەڵ پاشاکانی ئەشکانی بەهێز کرد و لە تەمەنی ١٠٠ سالێدا کۆچی دواییی کرد.

میر میران میر شاهبورز براخۆیی:

دوای کۆچی دواییی میر مرادان، میر شاهبورزی کوڕی هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران. لە چاخی دەسەلاتداریی ئەودا، ویمان کله کەدفیزس هێرشی بردە سەر سەڵتەنەتی چین و بە سەختی شکستی خوارد و پاشەکشەی کرد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ولاتی کۆشانی لە ئاستی بەهێزی دەربچێت و دووچاری لاوازی بێت. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، ویمان کله کەدفیزس پاشایەکی بە تەگبیر بوو و بە بینینی ئەم بارودۆخە فەرمانی دا بۆ پتەوکردنی قشونی نەتەوەیی و میرنشینییە هاوپەیمانەکانی شێوازی سەربازی سەرلەنوێ ڕێک بخرێتەوە. لەم ڕووەوە کورده بەلوچەکانیش گۆڕانکارییان بەسەر شێوەی ڕێکخستنی سەربازی خۆیاندا هێنا و سەرلەنوێ لەشکرێکی بەرجەستەیان بۆ پاڕێزگاریکردنی ولایەتەکانی توران و

مەکران ڕێک خست.

ئەم سوپایە بڕێتی بوو لە دوو جۆر سەرباز: سەربازانی چەکی سووک هەڵگر و سەربازانی چەکی گران هەڵگر. سەربازانی چەکی سووک هەڵگر تەنیا زرێ و خەفتانیان پۆشیوە و قەڵغان و کەمانێکیان پێ بووە و تیردانیان پڕ بووە لە تیر. سەربازانی چەکی گران هەڵگریش زرێ و خەفتانی ئاسنینیان لەبەر کردووە و ئەندامەکانی سوار و ئەسپەکەیان سەرتاپا بە پۆشاکی ئاسنین داپۆشیوە. چەکی شەڕیان نێزەیەکی درێژ بووە کە بۆ هێرشبردنە سەر ڕیزەکانی دوژمن بەکاریان هێناوە.

میر شاهبورز پاش ٣٠ ساڵ فەرمانڕەوایی، دنیای فانیی بەجێ هێشت. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی پێنجینەی کوردە بەلوچەکان: میر بیسوت زەنگەنە، میر شادان ئەدرەگانی میر میرانی مەکران، میر زونگان ماملی و میر جوگ کرمانی هاوچەرخی بوون.

پاشابوون و کۆچی دواییی فیروزی دووەم:

وێڕای کۆچی دواییی بلاشی یەکەم، فیروزی کوڕی هاتە سەر تەختی پاشایەتی و لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەودا تیرەکانی ئالانی جارێکی تر شاڵاویان بۆ سەر پارس دەست پێ کرد. فیروز هەموو هۆشی خۆی بۆ بەرگری کردن لەوان تەرخان کرد و بۆ ماوەیەکی درێژ دژی تیرەکانی ئالانی لە سنووردکانی ڕۆهەڵات سەرقاڵی شەڕ و پێکدادان بوو.

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی فیروزی دووەم، شڵەژاوی و سستی لە سەڵتەنەتی ئەشکانیدا پەیدا بوو. شازادەکانی ئەشکانی تاکڕەوانە کاریان دەکرد و لە هەر ولایەتێک بوونایە سەربەستانە فەرمانڕەواییان دەکرد. فیروز ٢٩ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و کۆچی دواییی کرد.

پاشابوونی ئەردەوانی چوارەم و دەرکرانی لە تەخت:

دوای فیروز، ئەردەوانی چوارەم هاتە سەر تەختی ئەشکانی. هێشتان ساڵێک لە فەرمانڕەواییەکەی تێ نەپەڕیبوو کە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە تەخت دەریان کرد و لە شوێنی ئەو خەسرۆیان دانا.

پاشابوون و کۆچی دواییی خەسرۆ:

دوای ئەردەوانی چوارەم، خەسرۆ هاتە سەر تەختی ئەشکانی. خەسرۆ زاوای فیروز بوو و هەرکە بوو بە پاشا، کەسێک بە ناوی بلاش لەسەر سەڵتەنەت کەوتە دژایەتی کردنی خەسرۆ و لەمە بەدوا شەڕ و پێکدادان دەستی پێ کرد. لە کۆتایی، خەسرۆ ئاگری شۆڕشەکەی بلاشی دامرکاند. دوای ئەو، لە نێوان سەڵتەنەتی پارس و ڕۆمەکان لەسەر دەسەڵاتداریەتی ولایەتەکانی سەرسنوور شەڕ بەرپا بوو. ڕۆمەکان بەینەلنەهرەین و بابلیان داگیر کرد. پاشان قەیسەری ڕۆم هاتە شاری تسیفۆن و خەسرۆ لەوێ هەڵات، بەڵام کچەکەی بە تەختی زێڕینی شاهانە وەکو دەسکەوت کەوتە چنگی قەیسەر. جگە لەمە، قەیسەر باجێکی زۆری لە ناوچە داگیرکراوەکان بەدەست هێنا. خەسرۆش بەبێدەنگی و پشوودرێژی پێشکەوتنەکانی ڕۆمەکانی تەماشا دەکرد.

کاتێک فەرمانڕەوا ڕۆمییەکان بەرەو نیشتمانی خۆیان گەڕانەوە، خەسرۆ دەستی بە کاری دژایەتی و بەرهەڵستکاری کرد و دانیشتوانی هەرێمە داگیرکراوەکانی بۆ بەرپاکردنی شۆڕش هان دا. بەم شێوەیە، خەڵک لە هەموو شوێنێک شۆڕشیان بەرپا کرد و کاربەدەستە ڕۆمییەکانیان لە ولایەتەکانی خۆیان دەرکرد. قەیسەری ڕۆم کە چاوی بەم بارودۆخە کەوت، پەیمانی ئاشتیی لەگەڵ پاشای ئەشکانی بەست. خەسرۆ پاش ٢٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد.

میر میران میر سەرگیژ براخۆیی:

پاش کۆچی دواییی میر شاهبورز، میر سەرگیژ کوڕی هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران. لە سەردەمی سەرگیژدا، سورنسان میری سوپای خەسرۆ پاشای ئەشکانی دەیخواست ولایەتەکانی مەکران و توران بهێنێتە ژێر دەسەڵاتی وڵاتی ئەشکانی. بۆ ئەم مەبەستە، بە لەشکرێکی گەورەوە هێرشی بردە سەر "فنان بوران" پایەتەختی مەکران. کوردە بەلوچەکان بە سەرۆکایەتیی میرەکانیان میر سەرگیژ میر میرانی توران، میر مەهران زەنگەنە، میر شاوش ئەدرەگانی میر میرانی مەکران، میر بالگت ماملی و میر بیفار کرمانی بۆ جڵەو گرتن لە دوژمن هاتنە سەر ڕێگەیان و لە دۆڵی پریامان لەگەڵیان کەوتنە شەڕێکی سەختەوە. دوای

شـەڕ و پێکدادان، سـوورنسـان سـەرلەشکری سـوپای ئەشکانی زامـدار بوو و پاشـەکشـەی کرد و گـەڕایەوە نیشـتـمـانەکەی و نەیـتوانی ئەم دوو ولایەتە داگـیر بکات.

لەم شەڕەدا، میر مهران میری تیرەی زەنگەنە و میر بیفار مـیری تیرەی کرمانی کـوژران. مـیـر سـەرگـیـژ پاش ٢٠ سـاڵ فـەرمـانڕەوایی کـۆچی دواییی کـرد. ئەم سـەرۆکانەی تیـرەکانی پێنجـینەی کـورده بەلوچەکان: مـیر مـهران زەنگەنە، مـیر شـاوش ئەدرەگانی مـیر میـرانی مەکران، مـیر بالگت مـاملی و مـیر بیـفـار کرمـانی هـاوچەرخی بوون.

کەنشکین میری کۆشانی:

ویمان کله کـەدفیزس به وجـاخ کوێری کۆچی دواییی کرد، لەبـەر ئەوە کـەنشکین کـه لـه بنەمـاڵەی ئـەشکانی و خـزمـی ویمان کله کـەدفـیـزس بوو، تەخـتـی به مـیـرات وەرگـرت. ڕاوییـەکـان دەگێـڕنەوە کـه ئەو نەوەی مـامی مـیـری مـەزن کـوجـولە کله کەدفیزس بووه.

کـەنشکین بەناوبانگترین پاشـای زنجـیـرەی پاشاکانی بنەمـاڵەی کۆشـانییـەکان بوو و سـەڵتەنەتـی کۆشانی زۆر بەرین کردەوە. لـه رۆهـەڵات سنووری سـەڵتەنەتەکەی لکاوە بـه شاری "بونارس"ی هیند و لـه ڕۆئـاواش لکاوە بـه سـەڵتەنەتی پارس.

کـەنشکین لـه سـەردەمی فـەرمـانڕەوایی خـۆیدا ولایەتی سـوغدسـتـانی داگـیـر کردووە و تۆڵەی شکسـتی کـوڕە مامـەکەی، ویمان کله کـەدفیزسی لـه ئیمـپراتۆری چین سـەندووەتەوە و بەپێی پەیمانی ئاشتی باجی لێ وەرگرتووە.

کـەنشکین ئاینی "بـاوادایی"ی قـەبوول کـرد و بۆ بڵاوکـردنەوە و پـڕوپاگـەندەی دینەکە دەستبەکار بوو. بە هۆی پڕوپاگەندەکردنی ئەم دینە، دانیشتوانی ولاتەکانی دەوروبەر دینی باوادایییان قەبوول کرد و ئەم ڕێبازەیان پەیڕەو کرد.

میر میران میر شاهمیر براخۆیی:

پاش میر سـەرگیژ، شـاهمیری کوڕی هاتە سـەر تەختی میرنشـینیی توران. لە سـەردەمی فـەرمـانڕەوایی میـر شـاهمیـردا، مـیـری کۆشـانییـەکان کـەنشکین کـە میرێکی وردەکـار و ناودار بوو دنیـای فانیی بەجێ هێشت. پاشـان کوڕەکەی، میر

هوشان وشکا هاته سەر تەختی کۆشانییەکان.

میر شاهمیر پاش هاتنی بۆ سەر تەختی میرنشینیی توران، خۆی سەرقاڵی ڕاژەکاریی کورده بەلوچەکان کرد. کارێکی گرینگ که ئەنجامی داوه پەیماننامەی نێوان میری توران و میری سندان بوو لەبارەی مافی لەوەڕاندنی ئاژەڵ و مەڕومااڵتی شوان و مێگەلدارەکانی کورده بەلوچەکانەوە کە زستانان له ناوچەکانی سندان قشلاخیان کردووه.

مێگەلدار و ڕەوەدارانی کورده بەلوچەکان بۆ قشلاخ کردن زستانان سەرەوخوار دەبوونەوە و ئاژەڵ و مەڕومااڵتەکانیان دەبرده دەشتەکانی سندان. بەاڵم دەسەاڵتدارانی ئەو شوێنانه به هەاڵسوکەوتی ستەمکارانه لەگەاڵیان دەجووڵانەوە. له ئەنجامدا، له نێوان کوردەکان و نەتەوەکانی سندان گیروگرفت و شەڕ و پێکدادان ڕووی دەدا. میر شاهمیر ئەم ناخۆشییەی کۆتا پێ هێنا. ئەویش بەم شێوەیه که کەسێک له کورده براخۆییەکان به ناوی میر جگاسوران لەگەڵ کۆمەاڵێک له خەاڵکی تیرەکەیدا له سەردەمی سەاڵتەنەتی ماددا له ناوچەی "دوادان"ی وڵاتی سندان که کەتووەته داوێنی زنجیره چیای پامیر و له زستان کوردەکان دەیانکرده جێگه و دااڵدەیان بۆ هەموو کات نیشتەجێ بووبوون. میر شاهمیر ئەم میرەی بانگ کرده دەرباری خۆی و وەکو باڵوێز ناردی بۆ الی کونیال کماچه میری وڵاتی سندان و داوای لێ کرد لەبارەی ئەو خەاڵکه کوردانەی که له میرنشینیی سندانەوە قشلاخ دەکەن گفتوگۆ بکەن. میری سندان ئەم داواکارییەی پەسند کرد.

میری توران و میری سندان لەگەڵ سەردارانی خۆیان له ناوچەی "جالرین کرخا"ی سنووری خاکی توران له دانیشتنێکی میریدا لەسەر قشلاخکردنی کوردەکان پەیمانێکیان بەست و تێیدا مەرجەکانی لەوەڕاندیان دیاری کرد. دوای دانیشتنەکه، میری وڵاتی سندان بەرەو نیشتمانی خۆی گەڕایەوە.

میر شاهمیر پاش ۳۳ ساڵ فەرمانڕەوایی، کۆچی دواییی کرد و ئەم میرانەی کورده بەلوچەکان: میر بدیس زەنگەنه، میر شاجیل ئەدرەگانی میر میرانی توران، میر بەهمەن ماملی و میر خوفو کرمانی هاوچەرخی بوون.

پاشابوون و کۆچی دواییی بلاشی دووەم:

پاش کـۆچـی دواییی خـەسـرۆ، بـلاشی دووەم هاتە سـەر تـەختـی ئەشکانی. ئەو خـۆی بـە مـیـراتگری تەخت و خـاوەن مـافی پاشـایەتی دەزانـی. لەبەر ئـەوە، لە سـەردەمی فـەرمـانڕەواییی خـەسرۆدا، لەسـەر فـەرمـانڕەوایی و سـەرۆکـایەتیی ولّات لەگـەڵ خـەسـرۆ دەسـتی بە شـەڕ کرد. لە ئاکـام، لەم شـەڕ و پێکدادانەی نێوان ئەم دوو شـایـە یان بە وشـەیـەکی تر ئـەم دوو داواکـارەی سـەڵتـەنەت، بلاش بـەسـەر بەرامبەرەکەیدا زاڵ بوو و دوای مردنیشی دەسـەڵاتی تەختی گرتە دەست.

کـاتێک بـلاشی دووەم هاتە سـەر تـەخت، هۆزەکـانی ئالانـی بە هاندان و پاڵنانی فـەرمـانڕەواکـانی دەوروبـەر، لە باکوری ڕۆهـەڵاتەوە جـووڵانەوە و هێرشـیـان هێنایە سـەر هـەرێمـەکانی پارس و ولایەتەکانی سـەڵتەنـەتی ئەشکانییان تاڵان کرد. بلاش هێزی شـەڕکردنی لە خـۆیدا نـەبینی و بە زەبری هـەدیە و ڕەشوەی دارایی ڕێگەی لە پێشکەوتنەکانیان گرت و ولّاتەکەی خۆی کڕییەوە.

بلاشی دووەم لە تەمـەنی ٧٠ سـاڵی هاتبـووە سـەر تەخت و تەمـەن وەفـای لەگـەڵ نەکرد و دوای ٣٠ سـاڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد.

پاشابوون و کۆچی دواییی مـهردادی چوارەم:

دوای مـردنی بـلاشی دووەم، لە بنەمـاڵەی ئەشکانی کـەسـێک بە ناوی مـهـردادی چوارەم کە خـزمایەتیی نزیکی لەگـەڵ خەسـرۆ دەسـەڵاتی تەختی گرتە دەست و بوو بە پاشـا. لـە سـەردەمـی ئـەم فـەرمـانڕەوایەی ئەشکانیـدا، قـەیسـەری ڕۆم هـادرون کۆچی دواییی کرد و لە جێگەی ئەو ئەنتـاس پایوس بووە قەیسـەری ڕۆم. پێوەندیی ئەو لەگـەڵ پاشاکـانی ئەشکانی دۆسـتـانە بووە. لەبەر ئەوە، لە سـەردەمـی مـهـردادی چوارەم، لە نێـوان ئـەم دوو ولّاتە هـیچ جـۆرە نـاکـۆکی و دژایەتیـیـەک ڕووی نـەداوە و لەسـەر سنوورەکانیان هـیچ ڕووداوێک نـەهاتووەتە پێش.

پاشابوون و کۆچی دواییی بلاشی سێیەم:

پاش کۆچی دواییی مـهـردادی چوارەم، بلاشی سـێیـەم کـوڕی بلاشی دووەم بێ هـیـچ سـەخـتـی و کـێـشـەیـەک هـاتە سـەر تەخت. بلاشی سـێـیـەم لە سـەردەمی فـەرمـانڕەواییی خـۆیدا لەگـەڵ سـەڵتـەنەتی ڕۆم لەسـەر دوو هـۆ شـەڕی بەرپـا کـرد.

یەکەم، پاشای ئەرمەنستان لە نەژادی ئەشکانی نەبوو و دووەمیش قەیسەری ڕۆم لە سەردەمی قەیسەر تروجان تەختی زێڕینی خەسرۆی بە دەسکەوتی شەڕ بردبوو و لە ناردنەوەی نکوولێی کرد.

شەڕ لە نێوان دەوڵەتی ئەشکانی و ڕۆمییەکان دەستی پێ کرد و ڕۆمەکان لە هەموو قۆڵێکەوە ئەشکانییەکانیان شکست دا و پەرستگەکانی هەموو ولایەتەکانیان بە تاڵان برد. لەو کاتە نەخۆشییەکی درمیی وەرزی کە بە ڕواڵەت ئاوەڵە بووە لەناو هەردوو لەشکر بڵاو بووەتەوە و کوشتارێکی زۆری لێ بە ئاکام هات. بارودۆخی قشونی ڕۆم بە چەشنێ خراپ بوو کە ناچار بوون بەشێکی سەرەکیی دەسکەوتە زۆرەکانیان بەجێ بهێڵن و پاشەکشە بکەن. لە ماوەی ڕێگە سەربازێکی زۆر بە هۆی ئەم نەخۆشی و قاتوقرییە مردن و ئەوانەیشی بە زیندوویی گەیشتنەوە نیشتمانەکەیان ئەم زیان و تووڕەیی خواییەیان لە سەرانسەری خاکی وڵاتی ڕۆمدا بڵاو کردەوە و نەخۆشییەکە بە زوویی ناوچەکانی ڕۆئاوای گرتەوە.

بەم شێوەیە، شکستی ئەشکانییەکان بە سەرکەوتن کۆتاییی پێ هات و بلاشی سێیەم پاش ٤٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد.

پاشابوون و کۆچی دواییی بلاشی چوارەم:

پاش کۆچی دواییی بلاشی سێیەم، بلاشی چوارەم هاتە سەر تەختی پارس. لە سەردەمی ئەودا سێ کەس خواستیاری پاشایەتی و داواکاری تەخت و تاجی قەیسەرەکانی ڕۆم بوون. لە کاتێکدا ڕۆمەکان سەرقاڵی لێکدان و شەڕی ناوەخۆ بوون کە لە ئەنجامیشدا بووە هۆی ئەوەی خەڵکی خۆماڵیی بەینەلنەهرەین ئاڵای یاخیگەری و شۆڕش بەرز بکەنەوە و هەموو سوپای ڕۆمەکانیان لەناو ببەن.

شەڕ و پێکدادانی چەندین ساڵەی قەیسەری ڕۆم لەگەڵ پارسەکان چ لە گۆشەنیگای وڵاتەوە و چ لە ڕووی تاکەکەسییەوە بۆ ئەو بەرەنجامێکی باشی ئەوتۆی نەبوو. پارسەکانیش لەم شەڕانەدا زیان و خوسارێکی بەرفراوانیان لێ کەوت و شارە گەورە و تەختگەکانی ڕۆئاوایان جارێکی تر بوو بە شوێنی هێرش و شاڵاوی سوپای ڕۆم. ئەم وێرانکاری و کوشتارانە زیاتر یارمەتیدەر بوو لە ڕووخان و هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی پارس و زەوینەی ڕووخان و هەڵتەکانی بناخەی

سەڵتەنەتەکە کە خەریک بوو بە ئەنجام دەگەیشت زووتر ساز کرد.

بلاشی چوارەم پاش ١٦ ساڵ فەرمانڕەوایی کردن کۆچی دواییی کرد.

هوشان وشکا میری کۆشانی:

پاش کۆچی دواییی کەنشکین، هوشان وشکا هاتە سەر تەختی میرنشینیی کۆشانی. بارودۆخی وڵات لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەو زۆر ڕاحەت و پڕ ئاسایش بووە و خەڵکی ژیانێکی ئاسوودەیان هەبووە. هوشان وشکا هەموو کات سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی دینی باوادایی بوو و نزیکەی ٢٠ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و پاشان کۆچی دواییی کرد.

میر میران میر بیغ براخۆیی:

دوای کۆچی دواییی میر شاهمیر، کوڕەکەی، میر بیغ هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران. لە سەردەمی میر بیغدا، میری مەزنی کۆشانییەکان هوشان وشکا کۆچی دواییی کرد و لە جێگەی ئەو کوڕەکەی، واسان وشکا کە "واسا دیوان"یشیان پێ دەگوت هاتە سەر تەختی فەرمانڕەواییی کۆشانی.

لە سەردەمی میر بیغدا چەند پڕوپاگەندەکەرێکی دینی باوادایی بۆ پڕوپاگەندە کردن و ئامۆژگاری دان لەمەڕ دینەکەیانەوە هاتنە توران و مەکران و هەندێک خەڵک لە دانیشتوانی ئەرمابیل ناوچەی خواروویی توران و ناوچەی باکوری ڕۆهەڵاتی توران کە بە بدهان دەناسرا ئەم دینەیان قەبووڵ کرد. بەڵام کوردە بەلوچەکانی توران و مەکران لەسەر دینی خۆیان واتە زەردەشتی مانەوە و پڕوپاگەندەکەرانی دینی باوادایی هیچ کارتێکەرییەکی لەسەر دانەنان. ئەو دانیشتوانەی ئەرمابیل و بدهانیش کە ئاینی باواداییان قەبووڵ کرد، لە نەژادی کوردی بەلوچ نەبوون بگرە هاونەژادی جدگالەکانی سندان بوون.

میر بیغ ٢٢ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و پاشان کۆچی دواییی کرد. ئەم سەرۆکانەی کوردە بەلوچەکان: میر مەردان زەنگەنە، میر کلوش ئەدرەگانی میر میرانی مەکران، میر شمین ماملی و میر بەهکەر کرمانی هاوچەرخی بوون.

پاشابوونی ئەردەوانی پێنجەم لە پارس و بلاشی پێنجەم لە بابل:

کاتێک میر بلاشی چوارەم کۆچی دواییی کرد، دوو کوڕی لە پاش بەجێ ما: بلاش و ئەردەوان. بلاشی پێنجەم بوو بە جێنشینی باوکی. بەڵام ئەردەوان پاشایەتیی ئەوی نەسەلماند و دەستی بە دژایەتیکردنی کرد و خۆی بە داواکاری تەخت نیشان دا.

لە ئاکام لە نێوان ئەم دوو برایەدا کار بە شەڕ گەیشت و ئەندامانی دەوڵەتی پارس ئاشتییان لە نێواندا کردن بەو چەشنەی کە ولاتی بابلیان دایە بلاش و سەڵتەنەتی پارسیشیان دایە ئەردەوان. لەم ڕووەوە، هەردووکیان لە ولاتی خۆیان بناخەی فەرمانڕەواییی خۆیان دامەزراند.

میر میران میر شاهزور براخۆیی:

وێڕای کۆچی دواییی میر بیغ، کوڕەکەی، میر شاهزور هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران. لە سەردەمی شاهزوردا لە هەموو گۆشە و پەنایەکی سەڵتەنەتی ئەشکانیدا شۆڕش و یاخیگەری بەرپا بوو و باری پاشاگەردانی و ئاژاوە و شڵەژاوی بە خێرایی گەشەی سەند و بڵاو بووەوە.

میرەکانی کوردە بەلوچەکان پاش وردبوونەوە لە بارودۆخەکە، بۆ ڕاوێژکاری لە دەوری یەک کۆ بوونەوە و بە بیروڕای گشتی لەسەر ئەو بیر و بۆچوون و بەرژەوەندییە ڕێک کەوتن کە خۆیان لە یاخیگەری و ئاژاوەی ئەو سەردەمە دوور بگرن و بەشداریی شەڕ و پێکدادانی فەرمانڕەوایە خۆماڵییەکان نەکەن. ئەمەش بۆ ئەوەی لە زیان و خوسار دوور بن. هەڵبەتە لە سەرەتادا سەرۆکەکانی کوردە بەلوچەکان لە دژی ئەردەشێری ساسانی یارمەتی و هاوکاریی میر واسان وشکا پاشای کۆشانییان کرد بەو مەبەستەی ولاتەکەی لە زیان و خوساری گشتگیر و داماوی هەمیشەیی بپارێزن. بەڵام ئەم هەڵوێست و کردارەی کوردەکان بە ئامانج نەگەیشت، لەبەرئەوەی کاروباری دەوڵەتیی کۆشانییەکان بە ڕادەیەک شێواو و شپرزە بوو کە دەرفەتی چاکبوونەوە و وەچەرخانێکی تازە نەمابوو. کوردە بەلوچەکانیش ناچار دەستیان لە هاوکاری و پشتیوانیکردنیان کێشایەوە.

لێرەدا ئەوە جێگەی سەرنج بوو کە ڕۆحییەی نەرێینیی ڕێبازی دینی باوادایی

لەگەڵ ڕەوشی سەربازیی کۆشانییەکان نەدەگونجا و ئەو هێزەی کە بۆ بەهێزیی لەشکر و سەرکەوتن پێویست بوو بەدی نەدەکرا. هەر ئەمانەش بوونە هۆکاری شکستی کۆشانییەکان لە بەرامبەر هێزەکانی ساسانی.

میر شاهزور ٣٠ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی پێنجینەی کورد بەلوچەکان: میر روان شێر زەنگەنە، میر ئونکان ئەدرەگانی، میر نوتار ماملی و میر بەهەند کرمانی هاوچەرخی بوون.

کوژرانی ئەردەوانی پێنجەم، دوا پاشای ئەشکانی:

لە دوا سەردەمی ئەردەوانی پێنجەم پاشای بنەماڵەی ئەشکانییەکان، زنجیرەیەک شۆڕش و یاخیگەری لە ولاتی ماد و پارس دەستی پێ کرد و کۆتاییی بە ئیمپراتۆری ئەشکانییەکاندا هێنا. ئەم شۆڕشە سەرەتا لە شێوەی شەڕ و لێکدانی بچووکی خۆماڵیی نێوان میران و فەرمانڕەواکانی ویلایەتەکان لە سنووری هەرێمی پارس کە لە لەومانەدا لە ڕاستیدا سەربەخۆییان هەبوو گەاڵە بوو. ئەردەشێر کوڕی پاپک کوڕی ساسان قەڵەمڕەوی ولاتەکەی خۆی بەرین کردبووەوە و ناوچەکانی دەوروبەری یەک بە یەک داگیر کردبوو. هەروەها باوکی خۆی هان دەدا کە دژی فەرمانڕەوای پێشووتر شۆڕش و یاخیگەری دەست پێ بکات. پاپک داوای لە پاشای ئەشکانی کرد کە کوڕی ئەو شاهپور لە جێگەی فەرمانڕەوای پێشووتر کە کوژرابوو لەسەر سەڵتەنەت دابنێ. ئەم داواکارییە لەلایەن شاوە پەسند نەکرا. پاپک لەو کاتەدا کۆچی دواییی کرد و شاهپوری کوڕی بوو بە جێنشینی و ئەویش ئەوەندەی نەخایاند دیوارێک بەسەریدا ڕووخا و مرد. دوای ئەم ڕووداوە، ئەردەشێری برای خێرا خۆی گەیاندە شاری ئەستەخر و لە جێگەی ئەو هاتە سەر تەختی پاشاییی ولایەتی پارس. فەرمانڕەواکانی ماد و کوردستان و کەرکووک لەگەڵ ئەردەشێر یەکیان گرت و شەڕیان دژی بنەماڵەی ئەشکانی دەست پێ کرد.

لە درێژاییی ساڵێکدا پاشاکانی ئەم ولایەتانە هێرشیان بردە سەر چەندین شاری گەورە و داگیریان کرد. لە ئەنجامدا، ئەردەوانی پێنجەم لە ئەهواز شکستێکی سەختی خوارد و کوژرا. بەم شێوەیە، سەرتاسەری ولاتەکەی هاتە ژێر دەسەاڵتی ئەردەشێری پاپکان و سەردەمی پاشایەتیی ئەشکانیی پارس بەسەر چوو.

بەشی نۆیەم

کوردە بەلوچەکان لە سەردەمی ساسانییەکاندا

ساسانییەکان:

دەگێڕنەوە کە کاتێک بەهمەن هەخامەنشی پاشای ماد و فارس بوو، بەپێی ئاینی زەردەشتی خوشکی خۆی "هوما"ی بە ژن خواست و کوڕێکی لێی بە دنیا هاتووە و ناویان ناوە "دارا". لەدایکبوونی دارا بووەتە هۆی ئەوەی ساسان برای بەهمەن لە میراتی تەخت و تاج بێبەش بێت. ساسان لەباری پەرێشانی چووە شاخەکانی کوردستان و ژیانی گۆشەنشینیی هەڵبژارد و خۆی بە مێگەلداریەوە خەریک کرد.

پاشای ئەشکانی پاپک کوڕی ساسانی بە پلەی فەرمانڕەوای پارس هەڵبژارد و لەم ڕووەوە ئەو یەکێک لە فەرمانڕەوایە ناوچەییەکانی پاشای ئەشکانی بووە. پاش ئەوەی پاپک کۆچی دواییی کرد، شاهپوری کوڕی لە جێگەی هاتە سەر تەختی فارس. بەڵام فەرمانڕەواییی ئەو زۆری نەخایاند و دیوارێکی بەسەردا ڕما و گیانی لەدەست دا. ئەردەشێر لەو کاتەدا بە خێرایی هاتووەتە ئەستەخر کە پایەتەختی فارس بوو و لە جێگەی براکەی هاتووەتە سەر تەختی پاشایی ولایەتی پارس.

پاشابوونی ئەردەشێر:

پاش کۆچی دواییی شاهپور، ئەردەشێر کە برای ئەو و کوڕەزای ساسان بوو هاتە سەر تەختی ولایەتی فارس و بناخەی سەڵتەنەتێکی بەهێز و پتەوی لە فارس دامەزراند. کاتێک هاتە سەر ولایەتی فارس، سەڵتەنەتی ماد و پارس بەسەر ١٤٠ ولایەتدا دابەش کرابوو و هەر یەکێک لەو ولایەتانەش فەرمانڕەوایەکی تایبەتی خۆی هەبوو کە لەژێر دەسەلاتداریی پاشای ئەشکانیی ئەردەوانی پێنجەمدا بووە. کاتێک ئەردەشێر پاشایەتیی لە ئەردەوانی پێنجەم سەند و سەڵتەنەتی ئەشکانی

کۆتاییی پێ هات، هەندێک لە فەرمانڕەواکانی ولایەتەکانی ماد و پارس پاشایەتیی ئەردەشێریان نەسەلماند. لەبەر ئەوە بڕیاری دا بیانهێنێتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە. لەم ڕووەوە، فەرمانڕەواکانی ولایەتەکانی باکوری ڕۆهەلات دژی هەلگەڕابوونەوە و ئەردەشێر بەرەو ناوچەکانی خۆراسان و مەڕۆ و بەلخ و خیوا کەوتە ڕێ. ئەردەشێر سەرقاڵی داگیرکردنی ولایەتەکانی ئەم ناوچانە بوو کە باڵوێزانی فەرمانڕەواکانی کۆشان و تووران و مەکران هاتنە دەرباری پاشایەتیی ئەو و پەیامی گوێڕایەڵیکردنی فەرمانڕەواکانیان پێ ڕاگەیاند. ئەردەشێریش دوای قەبووڵکردنی گوێڕایەڵییان نوێنەرەکانی بە دیاری و خەڵاتەوە بەڕێ کرد و ئەوانیش بەرەو ولایەتەکانی خۆیان گەڕانەوە.

میر میران میر بوراک براخۆیی:

پاش کۆچی دواییی میر شاهزور، میر بوراکی کوڕی هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران و لە سەردەمی ئەودا، ئەردەشێری پاپکان دەسەلاتداریی بەسەر گشت سەڵتەنەتی ئەشکانیدا پەیدا کرد. ئەردەشێری پاپکان لە دوا شەڕ ئەردەوانی پێنجەمی لە دەشتی هورموز لە ڕۆهەلاتی ئەهواز بە سەختی شکست دا. ئەردەوانی پێنجەم لە مەیدانی شەڕ کوژرا و ئەردەشێریش جارێ پاشایەتیی خۆی لێ دا و هاتە سەر تەختی ماد و پارس.

بە بینینی ئەم گۆڕانکارییە لە بارودۆخی ولات، کوردە بەلوچەکان و سەرۆکەکانیان بە مەبەستی ڕاوێژکارییی لە دەوری یەک کۆ بوونەوە و بڕیاریان دا گوێڕایەڵی ئەردەشێری پاپکان بکەن. لە ئەنجامی ئەم بڕیار دانە، میر بوراک براخۆیی میر میرانی توران، میر سارگان ئەدرەگانی میر میرانی مەکران، میر ئیزبوک زەنگەنە و میر سلخان ماملییان وەکو نوێنەر و پەیامنێرانی هۆز و تیرەکانی کوردە بەلوچەکانی توران و مەکران نارده دەرباری ئەردەشێر بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی ئەو میرانەی پێ ڕابگەیەنن. ئەم میرانە پاش گەیاندنی پەیامی گوێڕایەڵی بەرەو توران گەڕانەوە.

میر بوراک ٣٥ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و پاشان کۆچی دواییی کرد. ئەم میرانەی کوردە بەلوچەکان: میر ئیزبوک زەنگەنە، میر سارگان ئەدرەگانی میر میرانی مەکران، میر سلخان ماملی و میر لاسکان کرمانی هاوچەرخی بوون.

هێرشی ئەردەشێر بۆ سەر خاکی هیند:

ئەردەشێر پاش مل پێ کەچکردنی فەرمانڕەوا یاخییەکانی خوراسان و مەڕۆ و بەلخ و خیوا دەستی بەتاڵ بوو و بیری داگیرکردنی هیندی کەوتە مێشک و ولایەتی کابلستان و کندارای تێ پەڕاند و شاری "پوشان پوران"ی داگیر کرد. ئەردەشێر لە شەڕ بەسەر قشونی هیند سەرکەوت. پاشای هیند "جونان" زێڕ و زیو و گەنجینە و سەروەتێکی مەزنی دایە ئەردەشێر. ئەردەشێریش دوای وەرگرتنی ئەم باجە بێ وێنەیە، ڕووەو ماد و پارس گەڕایەوە.

ئەردەشێر ١٣ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و پاش کۆچی دواییی ئەو، شاهپوری کوڕی هاتە سەر تەخت.

پاشابوونی شاهپوری یەکەم:

پاش کۆچی دواییی ئەردەشێر، کوڕەکەی، شاهپوری یەکەم هاتە سەر تەختی سەڵتەنەتی ساسانی. شاهپور لە دایکەوە نەوەی کوڕەزای ئەردەوانی پێنجەمی پاشای ئەشکانی بوو.

فەرمانڕەواکانی ئەرمەنستان و هترا بە مردنی ئەردەشێر ئامادەی یاخیگەری بوون و بە تەماحی ئەوە کەوتن کە جارێکی تر دەست بەسەر ئەو هەرێمانەدا بگرن کە لەوەپێش لە دەستیان دابوون. شاهپور کە ئاگەداری ئەمە بووەوە، تەگبیرێکی زانایانەی هێنایە کار کە سەرەتا یاخیگەری فەرمانڕەوای ئەرمەنستانی بە ئاسانی بنبڕ کرد و پاشان پایەتەختی هترای گەمارۆ دا. کچی فەرمانڕەوای هترا پەیامی بۆ شاهپور نارد کە ئەگەر ئەو بە ژن بخوازێت ئەوا لەگەڵی یەک دەگرێت و یارمەتیی دەدات. پاشا پەیمانەکەی قەبووڵ کرد و هترای داگیر کرد.

شاهپوری یەکەم ٣١ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و پاشان کۆچی دواییی کرد.

مانی و دینەکەی:

کەسێک بە ناوی مانی دانیشتووی هەمەدان بوو. باوکی ناوی پاتکا و دایکی ناوی ئوتاخیم بوو. ئەوان لە هەمەدان شوێنیان گواستەوە و چوون لە بابل نیشتەجێ بوون. مانی لە بابل لەدایک بوو و لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا سروشی بۆ

هاتووەتە خوارێ. بەڵام ڕێبازی دینەکەی لە کاتی هاتنە سەر تەختی شاهپور ڕاگەیاند. شاهپور بە ڕاگەیاندنی دینەکەی باوەڕی هێنا و دینەکەی قەبووڵ کرد و بوو بە یەکێک لە پەرستیارانی. ئەم وەچەرخانەی شاهپور لە دینی باپیرانییەوە بووە هۆی تووڕەبوون و ڕەنجاندنی پەرسگەکان و ئەندامانی دەوڵەت. ئەوان ئەوەندە زۆریان بۆ هێنا کە ناچار بوو لەم بێ دینییە (ئەتیزم) تۆبە بکات و جارێکی تر بێتەوە ناو چوارچێوەی دینی زەردەشتی کە دینی باپیرانی بوو. هەروەها، بۆ ئەوەی دڵسۆزی و ڕاستبێژیی خۆی لە بەرامبەر دینی باپیرانی ئیسپات بکات مانیشی شاربەدەر کرد.

مانی لە کاتی شاربەدەریدا گەشتی هیند و چینی کرد و دوای کۆچی دواییی شاهپور گەڕایەوە پارس. پەیڕەوکارانی مانی لەگەڵ ئەو هەموو ستەم و توندوتیژی و چەوساندنەوەیەی کە لەلایەن وڵاتەوە بەسەریان دەهات بە پشوودرێژی و ئەو هەموو تاکڕەویی و نادادپەروەرییان بەرداشت دەکرد و بە بێدەنگی و نهێنی دینی خۆیان بڵاو دەکردەوە.

دینی مانی لە بەرامبەر دینی زەردەشتی زۆر سادە و ئاسان بووە. هەر بۆیە بە خێرایی ناوبانگی دەرکرد. هەروەها جێی ئاماژەیە کە نەریتی پەیڕەوکاری بە هیچ چەشنێک وەکو نەریتی پەیڕەوکاریی دینی زەردەشتی پڕ ئازار و سەخت نەبووە.

میر میران میر مهران براخۆیی:

میر بوراک لە سەردەمی فەرمانڕەواییی شاهپوری یەکەمدا کۆچی دواییی کرد و دوای ئەو میر مهرانی کوڕی هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران. لە سەردەمی میر مهراندا، هەموو سەرنج و هۆشی وڵاتی ساسانی و فەرمانڕەوایە هاوپەیمانەکانیان بۆ داگیرکردنی ئەو ناوچانەی ماد و پارس تەرخان کرابوو کە لە دوا سەردەمی ئەشکانییەکان وڵاتی ڕۆم دەستی بەسەردا گرتبوون. هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کە ڕۆمەکان دەستیان بەسەر بەشێکی سەرەکیی وڵاتەکانی ڕۆئاوای سەڵتەنەتی ماد و پارسدا داگرتبوو.

کورده بەلوچەکانی تیرەکانی پێنجینەش بە چاودێری و پارێزگاریکردنی سنووورەکانی ڕۆهەڵاتیان کە بە وڵاتی سندانەوە لکابوو سەرقاڵ بوون. میر مهران پاش ٢٥ ساڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد. ئەم میرانەی کورده بەلوچەکان:

میر بەهرام زەنگەنە، میر ئونیز ئەدرەگانی میر میرانی مەکران، میر میردار ماملی و میر شاهار کرمانی هاوچەرخی بوون.

پاشابوونی هورموزی یەکەم:

دوای کۆچی دواییی شاهپوری یەکەم، کورەکەی هورموزی یەکەم هاتە سەر تەخت. شاهپور دوو کوڕی لە پاش بەجێ ما: هورموز و بەهرام. هورموز کوڕی گەورەی بوو، لەبەر ئەوە ئەندامانی دەوڵەت بەپێی دەستوور و نەریتی ساسانییەکان ئەویان لەسەر تەختی باوکی دانا.

هورموز پێش هاتنە سەر تەخت، دادگەری ولایەتی خوراسان بوو. هورموز وەکو باوک و باپیری دادپەروەرانە فەرمانڕەواییی کرد و لە سەردەمی دەسەڵاتداریی خۆی مانیی بانگهێشتن کرد کە دیسان بێتەوە ماد و پارس و لە کۆشکی خۆی بە مێوانی ڕای گرت. تەمەن لەگەڵ هورموز نەیار بوو و دوای یەک ساڵ کۆچی دواییی کرد.

هاتنی ئامۆژیارانی مانی بۆ سکستان و توران و مەکران:

مانی کاتێک لەلایەن هورموزی یەکەم بۆ پارس بانگهێشن کرا، هاتەوە و لە کۆشکی پاشا نیشتەجێ بوو و پەیڕەوکارانی جارێکی تر بە ئاشکرایی دەستیان بە بڵاوکردنەوەی دینی خۆیان کرد. کەسێک بە ناوی کسون کە ڕاستبێژ و باوەڕپێکراوی دینی مانی بوو هاتە سکستان و لەوێوەش چووە توران و مەکران و خەڵکانی ئەم ولایەتانەی هێنایە ناو ڕێبازی خۆیەوە.

کسون لە زانا هەڵکەوتەکانی مانی بوو و بە چەشنێک زمانخۆش و قسەخۆش بوو کە بچوایەتە هەر شوێنێک دوای بیستنی ئامۆژیارییە ئەفسووناوییەکانی، خەڵکان دەستە دەستە هاتوونەتە ناو دینی مانییەوە. کورده بەلوچەکانیش لەگەڵ سەرۆکەکانیان دینی مانییان قەبووڵ کرد.

ڕێبازی دینی مانی زۆر سادە بوو و دینەکەی لەسەر ئەم سێ بنەمایەی ژیان: بیری باش، کرداری باش و گوفتاری باش تەلقینی داوە و ڕێنوێنیی خۆ دوورگرتنی لە نەریتی بێ جێ و پڕ لە ئازار داوە.

میر میران میر شادان براخۆیی:

میر مەهران دوای ئەوەی مالّئاوایی کرد، میر شادانی کوڕی هاتە سەر دەسەلاّتداریی میرنشینیی توران. لە سەردەمی میر شادان، هورموزی یەکەم کۆچی دواییی کرد و بەهرامی برای لە شوێنی ئەو هاتە سەر تەختی ساسانی. بەهرام لەگەلّ هاوپەیمانەکانی پێوەندیی زۆر دۆستانە و دلّسۆزانە بووە.

ئەم میرانەی تیرەکانی پێنجینەی کوردە بەلوچەکان میر شێربوورز زەنگەنە، میر بازیچ ئەدرەگانی میر میرانی مەکران، میر مەهرداد مەملی و میر نوکەف کرمانی هاوچەرخی میر شادان براخۆیی بوونە.

پاشابوونی بەهرامی یەکەم:

هورموزی یەکەم لە گەنجی دوای یەک سالّ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد و ئەندامانی دەولّەت بەهرامی برایان هێنایە سەر تەخت. بەهرام پیاوێکی تەوەزەل و لە کارکردندا خاو بووە. لەبەر ئەم هۆیانە لە ولاّتەکەیدا شلّەژاوی و نائاسوودەیی سەری هەلّدا.

کوژرانی مانی:

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی بەهرامی یەکەم مانی یان کوشت. هورموزی برای بەهرام هاودەنگ و پشتیوانی مانی بوو لە سەردەمی فەرمانڕەواییی خۆیدا مانیی ئیزن دابوو دینەکەی خۆی پڕوپاگەندە بکات. لەبەر ئەم هۆیە بەهرام زۆر ڕک و کینەی لە مانی بوو. هەر بۆیە کە هاتە سەر تەخت لە پرستگە زەردەشتییەکان یەکی گرت و ئەو چەشنە ئیزنەی هێنایە ئاکام کە مانی لەناو ببەن.

بەهرام بۆ ئەم مەبەستە مانیی بۆ وتووێژ بانگهێشتن کرد و لەم وتووێژەدا پێشەوایە زەردەشتییەکان مانییان بە بێ دین و خوانەناس لە قەلّەم دا و کوشتیان. لەگەلّ ئەوەشدا، ستەم و زۆرداری و تاکڕەوییان لە ئاست پەیڕەوکاران و لاساییکەرەوانی مانی بە ڕەوا زانی.

کوردە بەلوچەکانی سکستان و توران و مەکرانیش پەیڕەوکارانی دینی مانی بوون. لەبەر ئەم هۆیە، ئەوانیش بەر گلەیی و تووڕەیی و تووندوتیژیی بەهرام کەوتن.

ئەم ڕێبـاز گـۆڕینە تەنانـەت بووە هۆکـاری ڕووخـانی مـیـرنشـینەکـانی کـوردە بەلوچەکـان لە توران و مـەکـران. بەم شێـوەیە، کـوردە بەلوچەکـان جـارێکی تر بە ژیانی هۆزایەتیی خۆیان سەرقاڵ بوون.

بەهرامی یەکەم پاش سێ ساڵ فەرمانڕەوایی کردن کۆچی دواییی کرد.

پاشابوونی بەهرامی دووەم:

دوای کـۆچی دواییی بەهرامی یەکـەم، کـوڕەکـەی، بەهرامـی دووەم هاتە سـەر تەختی باوکی. بەهرامی دووەم خەفەتباری ئەو دۆخە شڵەژاو و داماوییە بوو کە لە سـەردەمی دەسـەڵاتداریی باوکـیـدا لەناو وڵات پەرەی سـەندبوو و دەیویست بە خـێرایی ئـەم زیانکارییـانە چارەسـەر بکات. ئەو وای بـۆ دەچوو کە بـە زەبروزەنگ دەتوانێت خراپەکارییـەکـانی کـاروباری وڵات دوور بکاتەوە. لە بەکـارهێنـانی ئەم شـێـوازە تاکـڕەوییـانە، هەڵسـوکـەوتی ئەوەندە سـەرسـەخت بوو کـە گـەوران و ئەندامـانی سـەڵتـەنەت و خـەڵکی وڵاتەکـە لێی بێـزار بوون و چیی تر نەیاندەتوانی بەرداشتی بکەن. گەورانی سەڵتەنەت بۆ کوشتنی بە نهێنی پەیمانیان بەست. بەڵام یەکێک لە پێشەوایە زەردەشتییەکان کە دڵسۆزی بەهرام بوو بەم پیلانەی زانی و لە نێوان بەهرام و ئەندام و دەسەڵاتدارانی وڵات ئاشتیی بە ئەنجام گەیاند.

بەهرام لەم ڕووداوەدا پەندی وەرگرت و دەستی لە زۆرداری و ستـەم کێشایەوە و سەرەتای فـەرمانڕەوایی دادپەروەرانە و بەزەییـیانەی کردەوە. بەم شێـوەیە، خەڵک بە هـەڵسـوکـەوتی شـاد بوون و بەهرام جـارێکی تر بووەوە خـۆشـەویسـتی خـەڵکی وڵاتەکەی.

بەهرامی دووەم دوای حەوت ساڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد.

گوێڕایەڵکردنی هۆزە ساکایەکان و کوردە بەلوچەکان:

هۆزە سـاکـایەکـانی زابلسـتـان و کـوردە بەلوچـەکـانی توران و مـەکـران دینی مانییان قەبووڵ کردبوو و لە پەیڕەوکاری ئەو بوون. دوای مردنی هورمـوزی یەکەم، برایەکـەی، بەهرامـی دووەم هاتە سـەر تەخت کـە زۆر ڕک و کینـەی لە مـانی بوو و ئەوی بە خـوانەناس و بێ دین دەزانی. دوای کـوژرانی مـانی، بەهرام دەسـتدرێژیی کردە سەر پـەیڕەوکاران و لاسـاییکەرەوانی مـانی. لەبەرئەوەی کوردە بەلوچەکان و

ساکایەنیش هاوباوەڕی مانی بوون، دووچاری تووڕەیی و توندوتیژیی بەهرام بوون و لە ستەم و زۆرداری ڕزگاریان نەبوو. لە ئەنجامدا، میرەکان یەکیان گرت و شۆڕش و یاخیگەریان بەرپا کرد و هێرشیان بەرەو کرمان برد و ئەو ولاتەیان تالان کرد.

بەهرامی دووەم بە هەموو هێزی شەڕەوە لە بەرامبەر ساکایەکانی زابلستان و کورده بەلوچەکانی توران و مەکران بەرگریی کرد و هێرشی بردە سەر زابلستان. دوای شەڕێکی سەخت، یاخیگەرەکانی شکست دا.

لەم شەڕ و پێکدادانە، میری ساکایەکان میر ئەشکن سارو و میری کورده بەلوچەکان میر شێربورز زەنگەنە و میر مەهرداد ماملی کوژران. لە ئەنجامی ئەم شەڕە، بەهرامی دووەم میرانی سکستان و توران و مەکرانی دەرکرد و لە جێگەیان لەم ولایەتانە دادگەریی خۆی دامەزراند.

هاتنی زاوک بۆ دادگەریی توران و مەکران:

بەهرامی دووەم کە ئاگری شۆڕش و یاخیگەریی سەکستان و توران و مەکرانی دامرکاند و ڕەشەکوژیی پەیڕەوکارانی مانی کرد و بەسەریاندا زاڵ بوو، متمانەی بە میرەکانی ئەم ولایەتانە نەبوو. هەر بۆیە لەسەر پلەکانیانی لابردن و لە شوێن ئەوان میر زاوکی لەسەر پلەی دادگەری توران و مەکران جێگیر کرد.

پاشابوونی بەهرامی سێیەم:

بەهرامی سێیەم دوای کۆچی دواییی باوکی هاتە سەر تەخت. ئەو تەنیا چوار مانگ فەرمانڕەواییی کرد و پاشان کۆچی دواییی کرد.

پاشابوونی نارسەس:

دوای کۆچی دواییی بەهرامی سێیەم، لە بنەماڵەی ساسانی دوو کوڕی شاهپور: هورمۆز و نارسەس لە ژیاندا بوون. هورمۆز خۆی بە خاوەن مافی پاشایەتی دەزانی و کاتێ نارسەس هاتە سەر تەختی سەڵتەنەتی ساسانی دەستی بە شۆڕش و ئاژاوەنانەوە کرد. بەڵام سەرنەکەوت و شکستی خوارد و شۆڕشەکەی هەرەسی هێنا.

شەڕ لەگەڵ ڕۆمەکان:

کاتێ نارسەس هاتە سەر تەخت، ولایەتی ئەرمەنستان لەژێر دەسەڵاتی ڕۆمەکاندا بوو. نارسەس ئەم دەست بەسەرداگرتنەی بە ڕەوا نەدەزانی و هێرشی بردە سەر ئەرمەنستان و میری ئەرمەنستان تیردادی بە سەختی شکست دا.

تیرداد چووە دالّدەی قەیسەری ڕۆم و قەیسەر یارمەتیی دا و فەرمانی دایە سەرلەشکرەکەی کە هێرش بەرێتە سەر سەڵتەنەتی پارس. ڕۆمەکان شاری عەکاسان کە نارسەسی تێدا بوو گەمارۆ دا و شەڕێکی سەخت لە نێوان ئەم دوو ولاّتەدا ڕووی دا. لە ئەنجامدا، نارسەس شکستی خوارد و ڕۆمەکان هەموو سامانی شەڕ و مەنجەنیقە قەلاّشکێنەکان و کەلوپەل و ئامرازەکانی ساسانییەکانیان بە تەواوی لەناوبرد.

نارسەس لە شەڕ بریندار بوو و هەلاّت. پاش ئەوە، لە داخ و خەفەتی شکست خواردنەکەی وازی لە تەخت هێنا و ژیانی گۆشەگیریی هەلّبژارد.

بەهرامی سێیەم ١٩ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد.

پاشابوونی هورموزی دووەم:

دوای گۆشەگیری نارسەس، بە وەسێتیی ئەو، هورموزیان هێنایە سەر تەخت. هورموز لە سەردەمی منداڵی لە دەرباری ڕۆمپەروەرە کرابوو و داوونەریتی ڕۆمی زۆر لا پەسند بوو. لەبەر ئەم هۆیە، ئەندامانی دەوڵەتی پارس پەسندیان نەدەکرد.

دوای هەشت ساڵ تێپەڕبوون بەسەر فەرمانڕەواییکردنی، گەوران و کاربەدەستانی سەڵتەنەت لە تەخت دەریان کرد و لە شوێنی ئەو شاهپوری کوڕیان کە هێشتان منداڵ بوو هێنایە سەر تەخت. بەمەبەستی پەروەردەکردنیشی کۆڕێکی ئەندامانیان دامەزراند.

هاتنی ئەرشم بۆ دادگەریی توران و مەکران:

هورموزی دووەم کە بوو بە پاشا، زاوکی دادگەریی توران و مەکرانی لە کارەکەی دەرکرد و لە شوێنی ئەو میر ئەرشمی بۆ دادگەریی ئەم دوو ولایەتە نارد.

ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی پێنجینەی کورده بەلوچەکان: میر ڕۆستەم براخوێی،

میر بوراک زەنگەنە، میر گبیل ئەدرەگانی، میر ئیفداد ماملی و میر جادی کرمانی هاوچەرخی هورموزی دووەم بوون و لە توران و مەکران ژیانیان بەسەر بردووە.

ڕیشەی بنەچەی ساکایەکانی سکستان:

میر ماییسەس کە بە "موسون"ش ناویان بردووە، یەکەم میری ساکایەکان بوو کە لەگەڵ تیرەکانی هاتنە زابلستان و لەوێ نیشتەجێ بوون. بە هۆی نیشتەجێبوونیان، ولایەتی زابلستان بە ناوی سکستان ناوبانگی دەرکرد. ڕیشەی ئەو بەم شێوەی خوارەوەیە:

ماییسەس، کوڕەکەی، ئیزسەس، کوڕەکەی، ئیسالیسەس، کوڕەکەی، گودا و کوڕەکەی ئەبدین گاسەس یەک لە دوای یەک لەسەر میرنشینیی زابلستان فەرمانڕەواییان کردووە.

دوای ئەوەی کە میرنشینیی ساکایەکان دووچاری بێهێزی و لاوازی بوو، ساکایەکان وەکو هۆزێکی گەورە لە زابلستان ژیانیان بەسەر بردووە. ڕیشەی سەرۆک هۆزەکانی ساکایەکان کە لە نەوەی ئەبدین گاسەس بوونە بەم شێوەیەیە:

ئەبدین گاسەس، کوڕەکەی، کیدارسەس، کوڕەکەی، پیروسان، کوڕەکەی، تاغرتو، کوڕەکەی موغان تو، کوڕەکەی، کیدگ، کوڕەکەی، موسناسەس، کوڕەکەی، تکان تو، کوڕەکەی، تماندوس، کوڕەکەی، ئەشکن سار و دوای ئەشکن ساریش کە لە شەڕی بەهرامی دووەم کوژراوە کوڕەکەی، ئوستوان و دوای ئەویش کوڕی ئەو ئەغرتو سەرۆکی هۆزی ساکایەکان بوونە.

پاشابوونی شاهپوری دووەم:

دەسەڵاتداران و گەورانی سەڵتەنەتی پارس شاهپوریان لە تەمەنی منداڵی هێنایە سەر تەختی پاشاییی باوکی. تا تەمەنی بلۆقی، دایکی فەرمانڕەواییی بە ڕاوێژکاریی ئەندامانی دەوڵەتەوە بەڕێوە دەبرد. بەڵام کە گەیشتە تەمەنی بلۆقی، خۆی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری وڵاتی گرتە دەست و تا ماوەیەکی درێژ کە لە ٧٠ ساڵ پێک هاتبوو فەرمانڕەواییی کرد.

سەردەمی فەرمانڕەواییی شاهپور بەسەر سێ خولدا دابەش دەبێت. خولی یەکەم لە ٢٨ ساڵ پێک دێت. لەم سەردەمەدا شاهپور کاروباری ناوەخۆی وڵاتی

ڕێک خستووە و ولاتەکەی بەهێز کردووە. خولی دووەم لەگەڵ شەڕ و کێشەکانی ڕۆمەکان دەست پێ دەکات و تا ١٥ ساڵ بەردەوام بووە. لەم سەردەمەدا لە هەموو شوێنێک سەڵتەنەتی ڕۆمی شکست داوە و ترس و سامی سوپاکەی خستووەتە ناو دڵیان بە چەشنێک کە لە مەترسیی شاهپور بەردەوام لە ترس و لەرزدا بن.

دوای زاڵبوون بەسەر ولاتی ڕۆم، خولی سێیەمی شاهپور دەست پێ دەکات. شاهپور لەم سەردەمەدا هۆشی داوەتە کاروباری ولایەتەکانی ڕۆهەڵات و ئاگری شۆڕش و یاخیگەریی ئەوێی کوژاندووەتەوە و چەندین شاری گەورەی داگیر کردووە. لە یادی سەرکەوتنەکانی خۆی سکەی لێ داوە و دوای ٧٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کردن کۆچی دواییی کردووە.

شاهپور لە خولی یەکەمیدا ئەم سەرۆکانەی کورده بەلوچەکان: میر سەلەم براخۆیی، میر مهرداد زەنگەنە، میر مهراب ئەدرەگانی، میر برمبان ماملی و میر ڕۆستەم کرمانی هاوچەرخی بوون.

لەبەرئەوەی سەردەمی فەرمانڕەواییی شاهپوری دووەم دوور و درێژ بووە، لە دوا سەردەمی دەسەڵاتداریيەکەی ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر تیرداد براخۆیی، میر ڕۆستەم زەنگەنە، میر بیغ ئەدرەگانی، میر پشکین ماملی و میر بورزمهر کرمانی هاوچەرخی بوون.

هاتنی مەنوچهر بۆ دادگەریی توران و مەکران:

کاتێک شاهپور دەسەڵاتی فەرمانڕەواییی گرتە دەست، میر مەنوچهری بە دادگەریی توران و مەکران دامەزراند کە تا ماوەیەکی درێژ لەسەر پلەی دادگەری مایەوە. بەڵام پاشان شاهپور دەری کرد و لە جێگەی ئەو میر "کاویان"ی نارد.

پاشابوونی ئەردەشێری دووەم:

پاش کۆچی دواییی شاهپوری دووەم، کوڕی ئەو ئەردەشێر هاتە سەر تەخت. تەمەن وەفای لەگەڵ نەکرد و تووشی نەخۆشی هات و دوای چوار ساڵ کۆچی دواییی کرد.

هاتنی ئەربەد بۆ دادگەریی توران و مەکران:

ئەردەشێری دووەم لە سەردەمی فەرمانڕەواییی خۆیدا میر ئەربەدی بۆ دادگەریی توران و مەکران نارد.

پاشابوونی شاهپوری [سێیەم]:

ئەردەشێری دووەم بە گەنجی کۆچی دواییی کرد و هیچ منداڵی نەبوو. لەبەر ئەم هۆیە، ئەندامانی دەوڵەت کوڕی براکەی، ئەردەشێری سێیەمیان هێنایە سەر تەخت. ئەم فەرمانڕەوایەش بۆ ماوەیەکی درێژ فەرمانڕەواییی نەکرد و دوای هاتنە سەر تەخت پێنج ساڵ لە ژیاندا بوو و پاشان کۆچی دواییی کرد.

پاشابوونی بەهرامی چوارەم:

دوای کۆچی دواییی شاهپوری سێیەم، ئەندامان و کاربەدەستانی سەڵتەنەت فەرمانڕەواییی پارسیان دا بە بەهرام کە پێش هاتنە سەر تەخت فەرمانڕەوای کرمان بوو. بەهرام ١١ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و لە سەردەمی پاشایەتیکردنیدا سەربازەکانی دەستیان بە شۆڕش و یاخیگەری کرد. بەهرام بۆ سەرکوتکردنیان هەڵسا و لە کاتی هەوڵدانی کوژاندنەوەی شۆڕشەکەیان کوژرا.

ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر سیامەک براخۆیی، میر تیرداد زەنگەنە، میر شاسر ئەدرەگانی، میر مەهرداد ماملی و میر گوڵبەهار کرمانی هاوچەرخی بوونە.

پاشابوونی یەزد گوردی یەکەم:

پاش کوژرانی بەهرامی چوارەم، یەزد گوردی یەکەم هاتە سەر تەختی ساسانی. ئەم پاشایە گەلێک ئاشتیخواز بووە و لەگەڵ سەڵتەنەتی دژبەر واتە سەڵتەنەتی ڕۆم پێوەندیی دۆستانەی بەهێز کردووە. هەروەها بە چاوێکی بەزەییانە تەماشای گاورەکانی کردووە و چاکەی لەگەڵدا کردوون. دوای ٢١ ساڵ فەرمانڕەوایی کردن بارگەی لە دنیا پێچاوەتەوە.

هاتنی میر کیسون بۆ دادگەریی توران و مەکران:

کاتێک یەزد گوردی یەکەم دەسەڵاتی فەرمانڕەواییی گرتە دەست، ئەربەد دادگەریی توران و مەکران کۆچی دواییی کرد. لەبەر ئەوە یەزد گورد میر کیسونی لەسەر پلەی دادگەریی توران و مەکران دانا.

ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر منگیب براخۆیی، میر گودرز زەنگەنە، میر بەهار ئەدرەگانی، میر کودان ماملی و میر زەنگ کرمانی هاوچەرخی یەزد گوردی یەکەم بوون.

پاشابوونی بەهرامی پێنجەم:

یەزد گوردی یەکەم کە کۆچی دواییی کرد، دوو کوڕی لە دوا بەجێ ما: بەهرام و شاهپور. دەسەڵاتداران و ئەندامانی سەڵتەنەتی پارس هەردووکیانیان بە شایستەی فەرمانڕەوایی نەدەزانی. لەبەرئەوەی بەهرام لە سەردەمی مندالّی لەنێو عەرەبەکاندا گەورە بووبوو. شاهپوریش کاتێک هەواڵی مردنی [یەزد گوردی یەکەمی] پێ گەیشت، پایەتەختی ئەرمەنستانی بەجێ هێشت و بۆ بەدەستهێنانی تەخت خێرا خۆی گەیاندە پارس. لە ئاکامی ئەم پەلەکردنە، فەرمانڕەوای ڕۆم دەستی بەسەر ئەرمەنستاندا گرت. لەبەر ئەم هۆکارانە، کاربەدەستان و ئەندامانی دەوڵەت پیاوێکیان بە ناوی خەسرۆ لە بنەماڵەی ساسانی هێنایە سەر تەخت.

کاتێک بەهرامی پێنجەم کە "بەهرام گور"یشیان پێ گوتووە ئەم بارودۆخەی بینی، بە یارمەتیی عەرەبەکان هێرشی هێنایە سەر سەڵتەنەتی پارس و خەسرۆی شکست دا و خۆی هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی. بەهرام دوای جێنشینبوونی، ڕەوشتی ناشایستەی لەگەڵ گاورەکان کە دانیشتوانی ولاتەکەی بوون بەکار هێنا. ئەوانیش لەبەر ستەم و زۆرداریی ئەو ڕایان کرد و چوونە داڵدەی قەیسەری ڕۆم. بەهرام داوای گەڕاندنەوەی دانیشتوانی ولاتەکەی لە قەیسەری ڕۆم کرد و ولاتی ڕۆمیش داواکارییەکەی بەجێ نەهێنا و لە ئاکام شەڕ لە نێوان هەردوو ولاتەکە بەرپا بوو.

شەڕ لەگەڵ سەڵتەنەتی ڕۆم:

بەهرام هێرشی بردە سەر ولایەتەکانی ڕۆم و پاش چەند شەڕ و پێکدادانێکی

سەخت شکستی خوارد. بەهرام داوای ئاشتیی کرد و لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە بەهرام دادپەروەرانە هەڵسوکەوت لەگەڵ دانیشتوانە گاورەکان بکات.

هاتنی میر خیزون بۆ دادگەریی توران و مەکران:

بەهرام کە هاتە سەر تەخت، میرێکی باوەڕپێکراوی خۆی کە ناوی خیزون بوو لە پلەی دادگەریی توران و مەکران دامەزراند. کیسونیشی لەسەر ئەم پلەیە دەرکرد.

هاتنە خوارێی هۆزەکانی هیتال:

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی بەهرامی پێنجەمدا هۆزە سپی ڕەنگەکان کە لە زمانی کوردی بە هیتال و هیتل و هفتال یاد کراون لە سەرزەوییەکانی ئاسیای ناوەڕاست و دەریای ئامۆوە بەرەو دۆڵەکانی باکوری تخار و باختەر ڕووبان هێنا و لەوێشەوە بەرەو خوارووی سەراوژێر بوونەوە. کۆشانییەکان کە هەستیان بە مەترسیی هێرشی ئەوان کرد، داوای یارمەتییان لە فەرمانڕەوا ساسانییەکان کرد. بەڵام کار گەیشتە ئەو شوێنەی کە توانای بەرگریکردنیان نەما و پاشەکشەیان کرد.

هیتالەکان بەرەو خوارووو و ڕۆهەڵات بەرێ کەوتن و هاتنە پێش و دۆڵەکانی کابلستان و کەندارا و زابلستانیان داگیر کرد و میرنشینییەکانی خۆیان لەو شوێنانە دامەزراند. ئەم هۆزانە هەروەکو هۆزە کۆشانی و ساکایەکان لەگەڵ خەڵکی خۆماڵیی ئەم سەرزەوییانە تێکەڵاو بوون و ئاوێتەیان بوون.

شەڕی هیتال لەگەڵ بەهرامی پێنجەم:

تەوژمی هاتنە پێشی هۆزەکانی هیتال ئەوەندە زۆر بوو کە دەلوا سەڵتەنەتی بەهرام لەناو ببەن. میری هیتالەکان بە ٢٥٠٠٠٠ سەربازەوە ڕووی لە دۆڵی مرغاب و ڕووباری مەرۆ کرد و شەڕی لەگەڵ لەشکری بەهرام دەست پێ کرد. بەڵام چارەنووس هاوڕێیەتیی بەهرامی کرد و پاشای هیتالەکان شکستی خوارد و لە مەیدانی شەڕدا کوژرا. بەهرام حەرەمەکەی گرت و ماڵ و دەسکەوتێکی زۆری دەست کەوت. لەگەڵ ئەوەشدا، هاتنە پێشی هیتالییەکانی وەستاند.

کورده بەلوچەکان لە شەڕی هیتالەکان پشتیوانیی بەهرامی پێنجەمیان کرد و دژی هیتالەکان جەنگان. ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر جانداد براخۆیی، میر رەسان زەنگەنە، میر کێساک ئەدرەگانی، میر سیامەک ماملی و میر سارون کرمانی هاوچەرخی بەهرامی پێنجەم بوون. بەهرام ٢٠ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد.

پاشابوونی یەزد گوردی دووەم:

دوای کۆچی دواییی بەهرامی پێنجەم ناسراو بە بەهرام گور، یەزد گوردی کوڕی بچووکی هاتە سەر تەخت و چەندین جار لەگەڵ هیتالەکان کە لە سەرزەویی چول، باکوری گورگان و تالقان، ژیانیان دەبردە سەر یەخەگیر بوو. بەڵام لە ئەنجام هیتالەکان یەزد گوردیان شکست دا و لەگەڵ ئەو هەموو داماوییەدا، یەزد گورد توانی سنوورەکانی وڵاتەکەی کە بە ناوچەی هیتالەکانەوە لکابوو بەهێز بکات و ئامادەکاریی هێرشەکانیانی کرد.

لە سەردەمی یەزد گورددا پڕوپاگەندەکارانی گاورەکان بە زۆر پڕوپاگەندە کردن و ئامۆژیاری دینەکەیان لە ئەرمەنستان دەست پێ کرد و ئەمەش بووە هۆی پەرێشانبوونی پێشەوایە زەردەشتییەکانی پارس. یەزد گوردیش لە وەڵام بە زۆر خەڵکی لە چوونە ناو ڕێبازی مەسیحایەتی دوور کردەوە.

ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر شابورز براخۆیی، میر کباد زەنگەنە، میر سەلەم ئەدرەگانی، میر رەسان ماملی و میر شادین کرمانی هاوچەرخی یەزد گوردی دووەم بوون. یەزد گورد ١٧ ساڵ پاشایەتیی کرد.

هاتنی میر کراهون بۆ دادگەریی توران و مەکران:

یەزد گوردی دووەم لە سەردەمی فەرمانڕەواییی خۆیدا دادگەریی توران و مەکران میر خیزونی لابرد و لە جێگەی ئەو میر کراهونی لەسەر پلەی دادگەری دامەزراند.

پاشابوونی فیروز:

دوای یەزد گوردی دووەم، فیروزی کوڕی بە پاشایەتی گەیشت. لەو کاتەدا

سەرۆکایەتیی هیتالەکانیش بە پاشایەتی گەیشتبوو و ناوی پاشایەکان ئەخشونەواز بوو. بەم شێوەیە، دەوڵەتی هیتالی و ساسانی لە باکوری خوراسان تێک بەربوون و لە ئەنجامی ئەم لێکدانە فیروز شکستی خوارد و سەرزەویی تالقانی بە تاوانی شەڕ پێ دان. هەروەها، لەگەڵ ئەخشونەواز پەیمانی بەست کە لە هێڵی سنووریی خوراسان دەوڵەتی پارس سنووربەزێنی نەکات و تا دوو ساڵ باجێکی مەزن بداتە هیتالەکان. بەڵام فیروز پەیمانەکەی شکاند و دوای ماوەیەک لەشکری کێشایە سەریان و هەمیسان سوپای پارس لە بیاوانی باکوری خوراسان تەفروتوونا بوو و فیروز خۆی کوژرا و سەڵتەنەتی پارس بوو بە باجدەری هیتالەکان.

کاتێک شاکانی هیتالەکان لە سوغدستان و کابلستان و سکستان نیشتەجێ بوون، هۆزەکانیان زابلستانیان کردە مەڵبەندی خۆیان. هەر لەبەر ئەمەش بە خۆیان گوتووە "جابولە" واتە "زابلی".

فیروز دوای ٢٦ ساڵ فەرمانڕەوایی کردن لە شەڕی هیتالەکان کوژرا. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردە بەلوچەکان: میر کوشان براخۆیی، میر گرشاسپ زەنگەنە، میر جاف ئەدرەگانی، میر بیغ ماملی و میر تیرداد کرمانی هاوچەرخی بوون.

هاتنی کرکویی بۆ دادگەریی توران و مەکران:

کاتێک فیروز هاتە سەر تەخت، پلەی دادگەریی توران و مەکرانی دا بە میری سوپا کە ناوی کرکویی بوو.

پاشابوونی بلاش:

پاش کوژرانی فیروز لە شەڕی هیتالەکاندا، برای ئەو، بلاش کە بە "بلاس"یش ناسراوە هاتە سەر تەختی ساسانی. بلاش پیاوێکی ناشایستە و بێ کەڵک بوو و نەیتوانی شان و شکۆی سەڵتەنەتی ساسانی بەرز ڕاگرێ و وەزیرەکەی کە ناوی زرمهر بوو لە تەخت دەری کرد و چاوەکانی هێنایە دەرێ.

هاتنی میر کیارش بۆ دادگەریی توران و مەکران:

زرمهر لەبەرئەوەی فیروزی هێنایە سەر تەخت ، میرێکی باوەڕپێکراوی خۆی کە ناوی کیارش بوو لە پلەی دادگەریی توران و مەکران دامەزراند.

ئەم میرانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر رەسان براخۆیی، میر سەلەم زەنگەنە، میر ئەیلە ئەدرەگانی، میر ڕۆستەم ماملی و میر شاهداد کرمانی هاوچەرخی بلاش بوونە.

پاشابوونی کبادی یەکەم:

لە سەردەمی پاشایەتیی بلاشدا کبادی کوڕی فیروز هەوڵی دا تەختی پاشایەتی لە بلاش بسێنێ بەڵام بەسەر بلاشدا سەرنەکەوت و ناچار چووە دالّدەی سوڵتانی هیتال. کاتێک زرمهر، بلاشی لەسەر تەخت لابرد، کباد بە یارمەتیی هیتالەکان تەختی پارسی داگیر کرد و کچی سوڵتانی هیتالەکان کە لە کەمەری ئەخشونەواز و زگی کچی فیروز بوو بە ژن خواست و فەرمانڕەواییکردنی دەست پێ کرد.

سەرکوتکردنی هۆزەکانی خەزەر:

لە سەرەتای پاشایەتیی کبادا، هۆزەکانی خەزەر هەڵیان کوتایە سەر سەڵتەنەتی پارس و هێرشیان بردە سەر دۆڵی کور. کباد بەرهەڵستکاریی کردن و لە شەڕێکی سەخت شکستی دان و زۆربەیانی کوشت و دەسکەوتێکی بێ ئەندازەی هاتە دەست.

هاتنی ئیمام مەزدەک:

مەزدەک لە شاری ماوایا کە کەوتووەتە لێواری دیجلە لەدایک بوو. ناوی باوکی بامداد بوو کە لە چینی خەڵکانی مامناوەندیی پارس بووە. مەزدەک لە سەردەمی فەرمانڕەواییی کبادا پەیامبەرایەتیی خۆی ڕاگەیاند و دەیویست دینی مانی زیندوو بکاتەوە. دوای دوو سەدە ئەو ئالّای ئەم ڕێبازە باشەی بەرز کردەوە و خەڵکی بانگهێشتن کرد کە لەژێر ئەم ئالّایە کۆ ببنەوە.

مەزدەک پیاوێکی بەکردار و زمانخۆش و خۆگر و هێمن بوو. لەبەر ئەوە

بانگەکەی لە هەموو شوێنێک پێشوازیی لێ کرا. ئامۆژگارییەکانی تەنانەت کاری لە کباد پاشای ساسانیش کرد و دینەکەی قەبوولّ کرد. بەڵام گۆڕینی دینی کباد بووە هۆی ئەوەی ئەندامان و کاربەدەستانی دەوڵەت لێی بڕەنجێن. بەم شێوەیە، ئەندامان و کاربەدەستەکان لەگەڵ پێشەوایە زەردەشتییەکان یەکیان گرت و بەیداخی یاخیگەرییان بەرز کردەوە. لە ئەنجامدا، کبادیان لە تەخت دەرکرد و بەندیان کرد.

کباد پاش چەند ماوەیەک لە گرتیگە بە یارمەتیی پشتیوانانی خۆی ڕای کرد و چووە دالّدەی پاشای هیتالەکان. پاشان پەیامی بە نامە هەنارد بۆ کاربەدەستان و پێشەوایە زەردەشتییەکان کە ئەو لە دینی مەزدەک تۆبە دەکات بە مەرجێک جارێکی تر بیکەنەوە بە پاشا. بەم شێوەیە، لە نێوان ئەو و کاربەدەستان و پێشەوایە زەردەشتییەکان ئاشتی کرا و کباد هاتەوە پارس و بۆ جاری دووەم هاتە سەر تەخت و وازی لە دینی مەزدەک هێنا.

گفتوگۆی مەزدەک لەگەڵ پێشەوایە زەردەشتییەکان:

هەروەکو دەستووری شاکانی پێشوو، کباد کۆڕێکی گفتوگۆی بەست و تێیدا پێشەوایە زەردەشتییەکانی بانگهێشتن کرد کە لەگەڵ مەزدەک لەسەر کێشەی دینەکەی گفتوگۆ بکەن. کاتێک کۆڕەکە بەسترا، پێشەوایە زەردەشتییەکان دوای گفتوگۆ سووکایەتییان بە مەزدەک کرد و بە لە دین هەڵگەڕاویان لە قەڵەم دا و سووچی بڵاوکردنەوەی ئەم بێ دینییەیان لە ئەستۆی ئەو دانا و خستیانە زیندان.

پاش ماوەیەک مەزدەک لە ڕێگەی پەیڕەوکارەکانیەوە لەگەڵ دادوەرەکانی زیندان سازا و لە زیندان ئازاد بوو و هەڵات.

پاشابوونی تەهماسپ:

دوای دەرکردنی کباد لە تەخت، دەسەڵاتدارانی دەوڵەت تەهماسپی برایان کرد بە پاشا و ئەویش بۆ ماوەی سێ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد. لەو کاتەدا، کباد نامە و پەیامی بۆ ئەندامان و کاربەدەستان و پێشەوایە زەردەشتییەکان نارد و بەڵێنی دا کە لە دینی مەزدەک تۆبە دەکات و دینی باپیرانی کە ڕێبازی زەردەشتییە قەبوولّ دەکات.

دوای ئەم بەڵێن و پەیمان دانە، کاربەدەستان و ئەندامانی دەوڵەت کبادیان بانگ کردەوە و بۆ جارێکی تر لەسەر تەختیان دانایەوە.

پاشابوونی کباد – جاری دووەم:

کاتێک کباد بۆ جاری دووەم هاتەوە سەر تەخت، بەپێی ئەو بەڵێن و پەیمانەی دابووی، بە ڕاوێژکاری لەگەڵ کاربەدەستان و پێشەواکانی دینی زەردەشت، کۆڕی گفتوگۆی بەست و تێیدا ئیمام مەزدەک و پێشەوا زەردەشتییەکانی کۆ کردەوە، بۆ ئەوەی لە نێوان خۆیان گفتوگۆ بکەن و بزانن کام لایەن لەسەر ڕێگەی ڕاستە.

گفتوگۆ دەستی پێ کرد و پێشەوا زەردەشتییەکان مەزدەکیان بەبێ دین لە قەڵەم دا و خستیانە زیندانەوە. کباد جاری دووەم بۆ ماوەی سی ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و کۆچی دواییی کرد.

هاتنی میر گستم بۆ دادگەریی توران و مەکران:

لە سەردەمی یەکەمی پاشایەتیی کباد، میر کیارش دادگەریی توران و مەکران بوو. بەڵام لە سەردەمی دووەمیدا، کباد میر کیارشی لەسەر کاری دادگەریی توران و مەکران لادا و لە جێگەی ئەو میر گستمی لەسەر پلەی دادگەریی توران و مەکران دانا.

ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر کیاسر براخۆیی، میر سەران زەنگەنە، میر ئەرجان ئەدرەگانی، میر سیامەک ماملی و میر موڕا کرمانی هاوچەرخی کباد بوون.

پاشابوونی ئەنوشێروان:

دوای کۆچی دواییی کباد، کوڕە گەورەکەی، ئەنوشێروان هاتە سەر تەخت. زامیس برا بچووکی ئەنوشێروان دەستەیەکی لە میرانی سەڵتەنەتی لەگەڵ خۆی هاودەنگ کرد و پیلانی دارشت دەسەڵاتی تەخت لە ئەنوشێروان بسەنێت. بەڵام ئەنوشێروان بەم پیلانەی زانی و بە سەختی سەرکۆنەی کرد و بەمەش نەوەستا هەموو برایەکانی خۆی و کوڕەکانیانی کوشت. ئەمەش بۆ ئەوەی جارێکی تر هیچ کەس دژی ئەو شۆڕش بەرپا نەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، کوڕی زامیش کە ناوی کباد بوو لەم کوشت و کوشتارە بە هۆی ڕاکردن ڕزگاری بوو.

ڕەشەکوژیی مەزدەکییەکان و مەزدەک:

ئەنوشێروان کاتێک هاتە سەر تەخت، جارێ لێ دا کە هەر کەسێک مەزدەکی بێ دین بگرێت، خەڵاتی پێ دەدات. دوای ئەم جارە لێدانە، مەزدەک هاتە گرتن و کوشتیان و بە بێدرێغی کوشتاری باوەڕپێکراوەکانیان ئەنجام دا. نزیکەی سەد هەزار نەفەر لە پەیڕەوکارانی مەزدەکیان کوشت.

کوردە بەلوچەکانیش کە دینی مەزدەکیان قەبوولّ کردبوو، لەوانیش نزیکەی دووسەد هەزار نەفەر بەر شاڵاوی ئەم ڕەشەکوژییە کەوت. سەرۆکەکانی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر بەهرام براخۆیی، میر شاگان زەنگەنە، میر زەڕین ئەدرەگانی، میر رسوان مەاملی و میر شەمبەد کرمانی پاشماوەی خەڵکی تیرەکانیان کە لەم کوشتار ڕزگاریان بووبوو لە گەردەنەکانی کێوەکانی توران خۆیان شاردەوە. هەندێکیشیان لە زنجیرە چیاکانی توران سەراوژێر بوون و لە دەشتەکانی ولّاتی سندان دالّدەیان گرت.

هاتنی میر یەزەن بۆ دادگەریی توران و مەکران:

کاتێک ئەنوشێروان هاتە سەر تەخت، میر گەستەمی دەرکرد و ناردی بۆ کرمان. لە جێگەی ئەوی میر یەزەنی لەسەر پلەی دادگەریی توران و مەکران دامەزراند.

لەدایکبوونی پڕ لە شادمانیی حەزرەتی محەمەد مستەفا سلّاوی لێ بێ لە سەردەمی ئەنوشێروان:

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەنوشێروان پاشای ساسانیدا، محەمەد مستەفا لە خێزانی عەبدوڵلّا کوڕی عەبدولموتەڵیبی سەرداری قوڕەیش لەدایک بوو. عەبدوڵلّا چەند مانگ پێش لەدایکبوونی حەزرەتی محەمەد مستەفا کۆچی دواییی کرد. کاتێک حەزرەتی محەمەد لەدایک بوو و مژدەی لەدایکبوونیان بە عەبدولموتەڵیبی باپیری گەیاند، ئەو شادمان و خۆشحاڵ بوو و چووە ماڵی عەبدوڵلّا و تازە لەدایکبووی هەڵگرت و بردییە ماڵی کەعبە و بۆی لە خواوەندی گەورە پارایەوە. ڕۆژی حەوتەم نەریتی "عەقیقە"ی حەزرەتی محەمەد مستەفایان هەبوو و ناوی "محەمەد"یان لێ نا. ناوی دایکی محەمەد مستەفا ئامینە کچی وەهەب بوو. بەپێی

دەستووری قورەیش بە مەبەستی پەروەردەکردن حەزرەتی محەمەدیان سپاردە حەلیمە کە لە هۆزی بەنی سەعد بوو. حەلیمەش ئەوی وەرگرت و بردی بۆ بەنی سەعد. دوای چوار ساڵ عەبدولموتەلیب چوو بۆ لای و کە گەیشتە ئەوێ محەمەدی دیت. محەمەد هاتە پێش و گوتی تۆ کێی، ئەویش لە وەڵام گوتی من باپیری تۆم. پاشان عەبدولموتەلیب هاتە خوارێ و کردیە باوەش و ماچی کرد. پاشان دانیشتەوە و ئەویشی لەسەر سەری زین دانا و هێنایەوە بۆ مەککە.

لە تەمەنی شەش ساڵی دایکی حەزرەتی محەمەد مستەفا کۆچی دواییی کرد و عەبدولموتەلیبی باپیری و ئەبوتاڵیبی مامی پەروەردەیان کرد. لە تەمەنی ١٢ ساڵی محەمەد مستەفا سەفەری بەسرە و شامی کرد و لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا ژنێکی چاکەکاری بە ناوی خەدیجە کچی خوەیلدی بە ژن خواست.

یەزدانی مەزن ئەوی بە پاکی ڕاگرت و هەرگیز بتپەرستیی نەکرد و تەنیا پەرستنی خوای مەزنی دەکرد. کاتێک تەمەنی بە چل ساڵی گەیشت، لەلایەن خواوە فەرمانی بۆ هات خەڵک بەرەو تەنیایی خوا بانگهێشتن بکات و پێیان بڵێت کە بڵێن " لا اله الا الله محمد رسول الله". یەکەم کەس ئەبوبەکر بوو باوەڕی هێنا و لەبەر ئەوەش پێیان گوتووە "صدیق" [ڕاست]. یەزدانی مەزن دینەکەی سەرکەواند و سەرکەوتنەکان [داگیرکردنەکان] زۆر بوون. سەرەتا مەدینە و پاشان بەنی نەزیر، خەیبەر، فدک، دۆڵی قورا، تیما، مەککە، تایف، جەرش، دومتە الجندل، بەحران، یەمەن، عومان، بەحرەین و یەمامە هاتنە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە. دوای ئەم سەرکەوتنانە، پەیامبەر چووە مەدینە و ڕۆژی دووشەم دوازدەی "ربیع الاولی" ساڵی یازدەی کۆچی دنیای بەجێ هێشت.

ناوی خێزانە پاکیزەکانی بەم چەشنەیە: خەدیجە، سەودە، عائیشە، حەفسە، زەینەب، ئومولەساکین، ئوم سەلەمە، زەینەب، جوریە، ئوم حەبیبە، مەیمونە، سەفیە و ماریە قوبتی.

پاشابوونی هورموزی چوارەم:

پاش کۆچی دواییی ئەنوشێروان، کوڕەکەی، هورموز کە لە زگی کچی پاشای تورک بوو هاتە سەر تەختی پاشایی ساسانی. سەرەتا لە چەشنی باوکی فەرمانڕەواییی کرد بەڵام لە پاشان دادپەروەری و ویژدانی بەلا نا و ستەم و

زۆرداریی کرده شـێوەی خـۆی. خـەڵک لێی دڵ بە ئازار و ڕەنجـاو بوون. لـەو کـاتە، تورکـەکان هێرشـیان هێنایە سـەر ولاتەکـەی و لە شـەڕ کوشـتیان. هورمـوز یازدە سـاڵ فەرمانڕەواییی کرد.

هـاتنی میر ئەرشب بۆ دادگەریی توران و مەکران:

دوای کـۆچی دواییی دادگـەر مـیر یەزەن، هورمـوز مـیر ئەرشـبی بە دادگـەریی توران و مـەکـران دامـەزراند. لە سـەردەمی دادگـەریی ئـەو، مـیری ولاتـی سندان ولایەتەکانی توران و مەکرانی داگیر کرد و ئەرشبی لە دادگەری دەرکرد.

داگیرکردنەوەی ولایەتەکانی توران و مەکران لە والیی سندان:

رایی سـهـارس فـەرمـانڕەوای سندان کاتێک سـەڵتـەنەتی سـاسـانیـی لە باری شـڵەژاوی و پاشـاگەردانیدا بینی، سـوودی لەم هـەلە وەرگرت و هێرشی برده سـەر ولایەتەکانی توران و مەکران. دادگەریی توران و مەکران ئەرشبی شکست دا و ئەم ولایەتانەی داگیر کرد و بە ولاتەکەی خۆیەوە لکاند و ئەرشبیشی ولات بە دەرکرد.

ئەم سـەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکـانی پێنجینە: مـیر بیدار براخۆیـی، میر بەیکەر زەنگـەنە، مـیر یوسـو ئەدرەگـانی، مـیر بابان مـاملی و مـیر تاکول کرمـانی هاوچەرخی هورموز پاشای ساسانی و رایی سـهارسی والیی سندان بوون.

پاشابوونی خەسرۆ پەرویز:

دوای کوژرانی هورموزی چوارەم لە شـەڕی تورکەکاندا، خـەسـرۆ پـەرویزی کوڕی هاتە سـەر تەخت. خـەسـرۆ داوای کـرد بەهـرام چوبین کـە ئـامـۆزای بوو لەگـەڵی ئاشـتی بکات. بەڵام بەهرام بۆ ئاشـتی ئامـادە نەبوو و خـۆی بۆ شـەڕ ئامادە کرد و پاش شـەڕێکی سـەخت، خـەسـرۆ پەرویزی شکست دا. خـەسـرۆ پەرویز ڕای کرد و چووە دالدەی قەیسـەری ڕۆم. قەیسـەری ڕۆم، پێشوازیی لێ کرد و پاشان یارمەتیی دا و لە ئاکامی ئەم هاوکارییە خەسرۆ پەرویز جارێکی تر هێرشی برده سـەر پارس و سـەڵتەنەتەکەی خستەوە ژێر دەسـەلاتی خۆی.

شـەڕی خەسرۆ پەرویز لەگەڵ ڕۆمەکان:

کاتێک خـەسـرۆ پەرویز جارێکی تر هاتە سـەر تەخت، مارسـان قەیسـەری ڕۆمی

ڕۆهەڵات کە هاوکاریکەری خەسرۆ بوو و لەسەر تەخت درەخشان بوو و بە دەستی بەرهەڵستکارەکانی کوژرا. خەسرۆ پەرویز بە بیستنی ئەم کارەساتە زۆر دڵڕەنجاو و خەفەتبار بوو و بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە بڕیاری دا تۆڵەی خوێنی مارسان لە ناحەزەکانی بسڕێتەوە. بەم شێوەیە، هێرشی بردە سەر سەڵتەنەتی ڕۆم و شەڕی بەردەوام کرد. سەرلەشکرانی خەسرۆ پەرویز لایەنگری ئەم شەڕە نەبوون و بەندیان کرد و کوشتیان، بۆ ئەوەی لە چنگی ئەم شەڕ و پێکدادانە بێ سوودە و بێ کەڵکە ڕزگاریان بێت.

خەسرۆ پەرویز ٣٨ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد. ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر بسسام براخۆیی، میر تیرداد زەنگەنە، میر تاراب ئەدرەگانی، میر مانجان ماملی و میر ساکور کرمانی هاوچەرخی بوون.

نامەی حەزرەتی محەمەد مستەفا بۆ خەسرۆ پەرویز:

لە سەردەمی خەسرۆ پەرویز گرینگرین ڕووداو کە ڕووی دابێت ڕاگەیاندنی پەیامبەرایەتیی حەزرەتی محەمەد مستەفا بوو. لە ئەنجام حەزرەتی پەیامبەر نامەی بە ناوی خەسرۆ پەرویز نارد و بانگهێشتنی کرد کە ئیسلام قەبوڵ بکات.

پاشابوونی کبادی دووەم:

دوای کوژرانی خەسرۆ پەرویز، کوڕەکەی، کباد هاتە سەر تەخت. ئەو لەگەڵ قەیسەری ڕۆم ئاشتیی کرد و بەندییەکانی ئازاد کرد. هەروەها، چاکەکاریی لەگەڵ خەڵک کرد و باجی لەسەریان کەم کردەوە، بۆ ئەوەی خۆشحاڵ بن و ئاسایش لە وڵات بەردەوام بێت. هێشتان ساڵێک بەسەر فەرمانڕەواییەکەیدا تێپەڕی نەکردبوو کە تووشی نەخۆشیی تاعوون هات و گیانی لەدەست دا.

موسڵمانبوونی خەڵکی یەمەن:

لە سەردەمی کبادا، خەڵکی یەمەن و پاشای وڵاتەکە ملکەچی حەزرەتی محەمەد مستەفا بوون و ئیسلامیان قەبوڵ کرد. پاشای یەمەن هەمان پاشا بوو کە خەسرۆ پەرویز پاشای ساسانیی لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی خۆیدا نامەی بۆ ناردبوو کە هێرش بکاتە سەر مەدینە و محەمەد بگرێت و بینێرێت بۆ پارس بۆ لای ئەو.

سەرزەویی سندان:

هەندێک مێژوونووس هۆی پێناسەبوونی سەرزەویی سندان بەم شێوەیە باس دەکەن کە هیند و سند دوو کۆڕی حام کۆڕی پەیامبەر نوح بوون و کاتێک هاتوونەتە ئەم ناوچانە و لێی نیشتەجێ بوون ناوی خۆیان داوەتە ناوچەکان، واتە ناوچەکان بە ناوی ئەوانەوە ناوبانگیان دەرکرد.

نەوەکانی سند لە دۆڵی سندان نیشتەجێ بوون و لەگەڵ ڕەوتی سەردەم بە هۆی زیادبوونی نەژادیان بەسەر دەستە و تیرەدا دابەش بوونە و بە ناوی بنیان و تاکین و مومیدان ناساندراون. نەوەی ئەمانە نۆبە بە نۆبە لەسەر سەرزەویی سندان فەرمانڕەواییان کردووە. لە سەردەمی فەرمانڕەواییی بنەماڵەی ساسانییەکان لە پارس، بنەماڵەی راسلان لە سەرزەویی سندان فەرمانڕەواییان کردووە و ماوەی فەرمانڕەواییەکەیان تا دووسەد ساڵ بەردەوام بووە. دەڵێن یەکەم فەرمانڕەوای ئەم بنەماڵەیە راسل دیوانچ بووە.

راسل دیوانچ:

دەگێڕنەوە کە راسل دیوانچ یەکەم فەرمانڕەوای بنەماڵەی راسلان بووە و لە شاری ئەلوردن پایەتەختی ولاتی سندان دانیشتووە. ڕووبەری ولاتەکەی زۆر بەرین بووە: سنووری ڕۆهەلاتی لکاوە بە کەوشەنی قنوجان، سنووری ڕۆئاوای تا مەکران و دەریای عومان هەڵکشاوە، سنووری باکوری بە سنوورەکانی کەندارا و زەرەنگ و توران و شاخاویی کوردان لکاوە و سنووری باشووریشی بە سەرزەویی سورتین پێوەست بووە. راسل دیوانچ ئەم ولاتە پان و بەرینەی بەسەر چوار ولایەتدا دابەش کردووە: بورەهمەن ئابادان، سیوستان، ئێسکلەندون و مولتانە.

راسل دیوانچ دوای پێکهێنانی ولاتەکەی بۆ ماوەی پازدە ساڵ فەرمانڕەوایی کرد و پاشان کۆچی دواییی کرد. ئەو هاوچەرخی ئەنوشێروان پاشای پارس بووە. لەو سەردەمەدا، ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر بەهرام براخۆیی، میر شاگان زەنگەنە، میر زەرین ئەدرەگانی، میر رسوان ماملی و میر شەمبەد کرمانی سەرخێڵانی تیرەکانی کورده بەلوچەکان بوونە و لە توران و مەکران ژیانیان بەسەر بردووە.

داڵدەدانی لاساییکەرانی مەزدەک:

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی راسل دیوانچ میری سندان، ئەنوشێروان فەرمانڕەوای پارس فەرمانی ڕەشەکوژیی لاساییکەران و پەیڕەوکارانی مەزدەکی دا. لەو ڕەشەکوژییەدا ئەوانەی ڕزگاریان بووبوو ڕوویان لە ولاتی سندان کرد و پەنایان بۆ ولاتی راسل برد. راسل دیوانچ دڵفراوانە بە پیریانەوە هات و هاودەردیی لەگەڵیان نیشان دا. زۆربەی داڵدەخوازان لە تیرەکانی کوردی بەلوچ بوون.

راسل سهارس:

پاش کۆچی دواییی راسل دیوانچ، کوڕەکەی، راسل سهارس هاتە سەر تەختی فەرمانڕەواییی سندان. راسل سهارس بۆ جاری یەکەم بناخەی نەریت و کاری کشتوکاڵی لە ولاتی سندان دامەزراند و چاکەی لەگەڵ جووتیارەکان کرد و هەر پێداویستییەکیان لێی بخواستایە بۆیانی جێبەجێ دەکرد و دەیدایە پێیان.

داگیرکردنی ولایەتەکانی توران و مەکران:

کاتێک راسل سهارس هاتە سەر تەختی میرنشینیی سندان، هورموزی ساسانی فەرمانڕەوای ولاتی پارس بوو و لە سەردەمی ئەو لە ولاتەکەی شۆڕش و یاخیگەری لە هەموو لایەک بەرپا بوو و شڵەژاوی لە کاروباری ولاتی پارس دیاربوو. راسل سهارس سوودی لەم لاوازی و داماوییە وەرگرت و هێرشی هێنایە سەر توران و مەکران و بەسەر لەشکری پارسییەکاندا سەرکەوت. لە ئاکامی ئەم سەرکەوتنە، ولایەتەکانی توران و مەکرانی بە ولاتی سندانەوە لکاند. لەگەڵ ئەمەشدا دادگەری پارس کە ناوی میر ئەرشب بوو لە ولات کردە دەرەوە و دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی ولاتی دایە دەست میری خۆی.

دامەزراندنی میر لە توران و مەکران:

کاتێک راسل سهارس ولایەتەکانی توران و مەکرانی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی، میری تیرەی جونای هۆزی بنیان کە ناوی سەمەرا و نازناوی "سیوا" بوو لەسەر فەرمانڕەواییی توران و مەکران دامەزراند.

راسل سەهارس ٢٠ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و کۆچی دواییی کرد. ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر بیدار براخۆیی، میر بەیکەر زەنگەنە، میر یوسو ئەدرەگانی، میر بابان ماملی و میر تاکول کرمانی هاوچەرخی هورموز پاشای ساسانی و راسل سهارس بوونە.

سیوا سەمەرا میری توران و مەکران:

سیوا سەمەرا بە فەرمانی راسل سهارسی فەرمانڕەوای سندان بۆ فەرمانڕەواییکردنی ولایەتەکانی توران و مەکران هاتە توران و دەسەڵاتی فەرمانڕەواییی گرتە دەست. ئەو یەکەم سیوای ئەم ولایەتانە بوو و کاتێک هاتە شاری کیکانان پایەتەختی توران کوردەکان لێی ڕاپەرین. سەمەرا لەگەڵ سوپاکەی ڕووبەڕوویان بووەوە و شەڕێکی سەختیان ئەنجام دا و لە هەردوولا خەڵکێکی زۆر کوژرا. سیوا سەمەرا جگە لە داوای ئاشتی هیچ چارەیەکی تری نەبینی. راسل سهارس فەرمانڕەوای سندان بە ئاگەداربوونەوە لەم هەواڵە، تووشی قەلەقی بوو. بەڵام چونکە ئەو کەسێکی وردەکار و کارزان بوو هەستی کرد لەگەڵ دوو دوژمن واتە کوردە بەلوچەکان و پاشای ساسانی شەڕکردن کارێکی نەشیاوە. بۆیەکا پێویستە دانیشتوانی توران و مەکران کە کوردە بەلوچەکان بوون ئاشت کاتەوە و لە ئاست پاشای ساسانی لە خۆی نزیک بکاتەوە و بیانکات بە پشتوانی خۆی. لەبەر ئەم هۆیە، لەگەڵیان پەیمانی بەست کە ئەو لە ولایەتەکانی توران و مەکران بە هاوبەشیی کوردەکان فەرمانڕەوایی بکات.

سیوا سەمەرا ٢٥ ساڵ لە توران و مەکران فەرمانڕەواییی کرد و کۆچی دواییی کرد. ئەو لە سەردەمی خۆیدا "تومان"ی برای کرد بە والیی مەکران. ئەم سەرۆکانەی کوردە بەلوچەکان: میر بیدار براخۆیی، میر بەیکەر زەنگەنە، میر یوسو ئەدرەگانی، میر بابان ماملی و میر تاکول کرمانی هاچەرخی سیوا سەمەرا بوون.

بەشدارکردنی کوردە بەلوچەکان لە هێزی سەربازی:

بە بەستنی ئەم پەیمانە راسل سهارس فەرمانڕەوای سندان بە مەبەستی بەهێزکردن و بەردەوامکردنی دەسەڵاتداریی خۆی لە توران و مەکران بە پێویستی

زانی دانیشتوانی ئەم ولایەتانە کە لە هاوئاهەنگییەکی بەهێز و پێوەستداردا یەکانگیر بوون لەگەڵ خۆی هاودەنگ بکات بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەگەر و مەترسیی هێرش هێنانی ولاتی ساسانی. بۆ ئەم مەبەستەش، قشونێکی پتەو و بە توانای لە کوردە بەلوچەکان پێک هێنا.

راسل سهاسی:

دوای کۆچی دواییی راسل سهارس، کوڕەکەی، راسل سهاسی هاتە سەر تەختی ولاتی سندان و ئەو نەریتە کشتوکاڵییانەی کە باوکی دای هێنابوو لە درێژاییی و پانایی ولاتەکەیدا ڕەواج پێ دا. هەردەم دژی بەد ئەندێشان و خراپەکارانی شارستانی و دوژمنانی گوندنشینان کە کشتیار بوون جەنگاوە. راسل سهاسی دوای ۲۱ ساڵ فەرمانڕەوایی کردن کۆچی دواییی کرد.

سیوا جونین میری توران و مەکران:

دوای سیوا سەمەرا، کوڕەکەی، سیوا جونین هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران و مەکران و نەریتگەلی کشتوکاڵی لە توران و مەکران ڕەواج پێ دا. لەگەڵ کوردە بەلوچەکان چاکەی کرد و لە ئازایەتی و دڵبەرینی بێ هاوتا بوو.

سیوا جونین بۆ ماوەی ۲۰ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و کۆچی دواییی کرد. ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچ: میر بەسسام براخۆیی، میر شێردداد زەنگەنە، میر تاراب ئەدرەگانی، میر مانجان ماملی و میر ساکور کرمانی هاوچەرخی بوون.

راسل سهارسی دووەم:

پاش مانئاواییی راسل سهاسی، کوڕەکەی، راسل سهارسی دووەم هاتە سەر تەختی ولاتی سندان. ئەوەندە کات تێ نەپەڕیبوو کە پاشای نیمروز هێرشی هێنایە سەر ولایەتی مەکران. سهارسی دووەم بە لەشکرێکی گەورەوە چووە مەکران و شەڕێکی سەخت لە نێوانیاندا هەڵگیرسا و خەڵکێکی زۆر لە هەردوولا کوژران. جدگالەکان نەیانتوانی لە شەڕ بەردەوام بن و لە هێز و توانایان ترسان و هەڵاتن. هەردووک سیوا جونین میری توران و مەکرن و راسل سهارسی دووەم فەرمانڕەوای سندان کوژران.

پاشـای نیـمـروز دەسکەوتێکی فراوانی دەسـکەوت و سـەرکەتووانە بە کـۆیلە و چەک و ئەسـپێکی زۆرەوە گەڕایەوە نـیـمـروز. پاشـمـاوەی لەشکرەکەیشی کـوردە بەلوچەکـانیـان لە مـەکران ڕاو نا و ولاتـەکـەیان لێ داگیـر کـردن. ئـەم سـەرۆکانەی کوردە بەلوچەکان: میر جاد براخوێیی، میر ئەورام زەنگەنە، میر مووسا ئەدرەگانی، مـیـر سـیـنان مـاملی و مـیـر شـبـان کرمـانی هاوچەرخی راسـل سـهـارسـی دووەم و سیوا جونین و حەزرەتی محەمەد مستەفا بوون.

پاشابوونی پوران دوخت:

لە دوا سـەردەمی سـەڵتـەنەتی سـاسـانییـەکان هاوچەشـنی دوا سـەردەمـەکـانی سـەڵتـەنەتی هـەخـامـەنشی و ئـەشکانییـەکان، زنجـیـرەیەک شـۆڕش و یاخیـگەری لە ولاتی پـارس سـەری هـەڵدابوو کـە لە ئـەنجـام بووە هۆی ڕووخـانی پاشـایەتیی ساسانییەکان.

دوای کبادی دووەم، دەسـەڵاتداران و کاربـەدەسـتانی سـەڵتەنەت "پوران دوخت"ی کـچـی خـەسـرۆ پـەرویـزیان هێنایـە سـەر تـەخت و دوای دوو سـاڵ لەسـەر تـەختـیـان لابرد.

کۆچی حەزرەتی محەمەد مستەفا پەیامبەری ئیسلام و ماڵئاوایییان:

لە سـەردەمی فەرمانڕەواییی راسل سـهـارسـی دووەم، پـەیامـبـەری ئیسلام محـەمـەد مسـتـەفـا "د.خ" لە ڕۆژی دووشـەمی یەکـەمی ڕەبیـعـولئـەوەل لـە مـەککەوە بۆ مـەدینە کۆچی کرد. هۆکاری کۆچکردنەکە ئەوە بوو کە ستەم و زۆرداریی کافرەکان لەسـەر موسڵمانەکان لە مەککە زۆر سەخت بووبوو و تەنگیان پێ هـەڵچنی بوون. حـەزرەتی پـەیامـبـەر سـڵاوی لێ بێ هـیـچ ڕێگەچارەیەکی تری نەبینـی جگە لە کۆچ کردن. بـەم شـێـوەیـە، کۆچیـان کرد و لـە مـەدینە نیـشـتـەجێ بوون و تا ١٠ سـاڵ پـڕوپاگەندەی ئیسـلامی بەردەوام کرد. لە ئاکامی ئەمـەش، دوورگەی عـەرەب بە تـیـشکی ئیسـلام ڕۆشن بووەوە و حـەزرەتی محـەمـەد مسـتـەفـا "د.خ" لە ١٢ەی مانگی ڕەبیـعـولئـەوەلی ساڵی ١١ەی کۆچی ماڵئاوایی لە دنیای فانی کرد.

پاشابوونی ئارزمی دوخت:

دوای دەرکردنی پوران دوخت، ئەندامان و کاربەدەستانی سەڵتەنەتی پارس خوشکەکەیان کە ناوی "ئارزمی دوخت" بوو هێنایە سەر تەخت. بە تەختنشینی ئارزمی دوخت، شۆڕش و یاخیگەری لە باقیی ولاتی پارس بنبڕ نەبوو بگرە زیاتریش پەرەی سەند. ئەندامان و کاربەدەستانی بنەماڵەی ساسانی بۆ بەدەستهێنانی تەخت و دەسەڵات هەریەکەیان بۆ خۆی دەست بەکار بوو و لەناو یەکدا کەوتنە لێکدانی یەکتر.

لە سەردەمی ئارزومی دوخت ڕۆژی ئیسلام لە دوورگەی عەرەب هەڵاتبوو و خەڵکانی ئەوێ ئیسلامیان قەبوڵ کردبوو.

راسل سهاسی دووهم:

راسل سهاسی دووهم لە شەڕی پاشای نیمروز کوژرا. ئەو وجاخ کوێر بوو لەبەر ئەوە دەسەڵاتداران و کاربەستانی ولاتی سندان برایەکەیان کە ناوی راسل سهاسی دووهم بوو هێنایە سەر تەخت.

راسل سهاسی دووهم خووڕەوشت باش بوو و چاکەی لەگەڵ خەڵک کرد و باجی لەسەر کەم کردنەوە. چاکسازیی کشتوکاڵی ئەنجام دا و دوای ١٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد.

سیوا ئەسیار میری توران و مەکران:

کاتێک سیوا جونین لەگەڵ راسل سهارسی دووهم لە شەڕی پاشای نیمروز گیانی لەدەست دا، کوڕەکەی، سیوا ئەسیار هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران و مەکران. لە سەردەمی سیوا ئەسیار، پاشای سندان راسل سهاسیی دووهم بە وجاخ کوێری کۆچی دواییی کرد و وەزیرەکەی چەچ کوڕی سیلایچ کە پیاوێکی زیرەک و زانا و هۆشمەند بوو و دەسەڵاتی فەرمانڕەواییی گرتە دەست و ئەندامان و کاربەدەستانی دەوڵەتی هان دا کە گوێڕایەڵی دەسەڵاتداریی ئەو بکەن.

سیوا ئەسیار ١٥ ساڵ فەرمانڕەواییی کرد و کۆچی دواییی کرد. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی بەلوچ: میر جان بێگ براخوێی، میر سوید زەنگەنە،

میر لادین ئەدرەگانی، میر کویان ماملی و میر وان کرمانی هاوچەرخی راسل سهاسی دووەم و سیوا ئەسیار بوون. ئەم سەرۆکانەی کورد هاوچەرخی میری موسڵمانانیش ئەبوبەکر خوا لێی رازی بێت بوون.

بەشی دەیەم

[کوردە بەلوچەکان لە سەردەمی ئیسلامدا]

خیلافەتی میری موسڵمانان ئەبوبەکر (خ):

کاتێک حەزرەتی محەمەد مستەفا مالّئاواییی کرد، ڕۆژی سێشەم میری موسڵمانان ئەبوبەکر هاتە سەر سەقیفەی بەنی ساعدە.[١٥] بەر لە هەموو کەس عومەری کوڕی خەتاب گوێڕایەڵی خەلیفایەتیی بوو. ئینجا ئەنسارەکان بەر لە ناشتنی ڕەسوولّ گوێڕایەڵی خەلیفایەتیی بوون.

ئەبوبەکر لەسەر کردەوە و ڕەوشتی پەیامبەر محەمەد "د.خ" ڕۆیشت و فەرمانەکانی خیلافەتی لەسەر بنەمای قورئان و شەریعەت دەر دەکرد. دژی لە دین هەڵگەڕاوەکان جەنگا و دووبارە گەڕاندیانیەوە بۆ سەر دینی ئیسلام و دینی ئیسلامی لەسەر بنەمای بەهێزدا وەستاند.

کاتێک نزیکی دوا هەناسەکانی ژیان بووەوە، عومەری کوڕی خەتابی بە جێنشینی خۆی هەڵبژارد و ددانی بە خەلیفایەتیکردنی نا و نوسخەی ئەم فەرمانەی بۆ هەموو شوێنێک نارد. بەم شێوەیە، دوای دوو ساڵ و دوو مانگ لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا کۆچی دواییی کرد و عومەری کوڕی خەتاب، عوسمانی کوڕی عەفان، تەلحەی کوڕی عوبێدوڵڵا و عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی بەکر تەرمەکەیان لەلای گۆڕی مستەفا "د.خ" دا ناشت.

خیلافەتی میری موسڵمانان عومەری کوڕی خەتاب "خ":

دوای کۆچی دواییی میری موسڵمانان ئەبو بەکر "خ"، پەنابەرەکان و ئەنسارەکان گوێڕایەڵی دەسەڵاتداریی عومەر بوون. عومەر ئیسلامی لەسەر بنەمای شەریعەت و خووڕەوشت و ئاکاری پەیامبەر محەمەد "د.خ" پەیڕەو کرد و

---

١٥. میمبەری دیوانی بەنی ساعدە.

یەزدانی مەزن شاری زۆری بە دەسی ئەو داگیر کرد و مالّ و داراییی فراوان لە بەیتولمالی موسلّمانان کۆ بووەوە. بە هەلّسانی ئەو بلّێسەی لە ڕێ دەرچوون کوژایەوە و دواکەوتوویی دواییی هات.

یەکەم جار "جەسەر"ی داگیر کرد و پاشان سوپای نارد شام داگیر بکەن. ئیسلام بەهێز بوو و سەرکەوت و کوفر لەناوچوو. عەتبەی کوڕی غەزوانی نارد ئوبلە و فورات داگیر بکات، سەعد کوڕی ئەبی وەقاسی نارده قادسیە. ڕۆستەم سوپاسالاری یەزد گوردی شای عەجەم بە سوپایەکی گەورەوە بۆ ئەوێ هات. بەلّام شکستی خوارد و سەعد عەجەمی داگیر کرد.

دوای ئەوە، فەرمانی دا کوفە و بەسرە داگیر بکەن. دەسەلّاتدارەکانی قەنسرین، رەها، سمیسات، حمس، جەندی شاپور، سوس، رام هورموز، تەستەر، سوپاهان، قوم و قاشانیان چ بە نامە و ئاشتی و چ بە شەڕ داگیر کرد. ئینجا مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانی نارد قەیساریە و ڕەملّلّا داگیر بکات، نامەی بۆ عەمری کوڕی عاسی نارد ئەسکەندەرونە داگیر بکات و نوعمان کوڕی مەقرونی نارد نەهاوەند داگیر بکات. پاشان عەمری کوڕی عاسی نارده بەرقە بۆ ئەوەی بەرقە و ئەترابلس داگیر بکات و موغەیرە شەعبەی نارد ئازەربادجان داگیر بکات.

دوای ئەوەی کار بەو شوێنە گەیشت، بەیانیی ڕۆژی چوارشەمی مانگی زیلحەجە لەسەر نوێژ ویستی تەکبیر بلّێ کە "لوئلوء" خزمەتکاری موغیرەی کوڕی شوعبە سێ جار خەنجەری لێ دا، عومەر ژانێکی سەخت دای گرت و عەبدوڕەحمان عەوفی بەدەست گرت تا نوێژەکەی تەواو کرد. ئینجا عوسمان و عەلی و تەلّحە و زوبێر و سەعد و عەبدوڕەحمانی بانگ کرد و پێیانی گوت لەنێو خۆتاندا چەند کەس پێشنیاز بکەن و ئەوەی ڕای هاوڕێیانی بەدەست هێنا بیکەن بە خەلیفە.

عومەر دوای ئەوە کۆچی دواییی کرد. تەمەنی ٦٥ سالّ بوو و سەردەمی خیلافەتیشی لە دە سالّ و شەش مانگ پێک هاتبوو. سوعەیب نوێژی لەسەر خوێند و عوسمانی کوڕی عەفان و عەبدولّلّای کوڕی لە سەرای عائیشە لای گۆڕی ئەبوبەکر ناشتیان.

ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر مهرداد براخۆیی، میر

سەوید زەنگەنە، میر پاتاک ئەدرەگانی، میر بەرزنج مالی و میر جودک کرمانی هاوچەرخی میری موسڵمانان حەزرەتی عومەر بوون

پاشابوونی یەزد گوردی سێیەم:

دوای دەرکردنی ئارزومی دوخت، ئەندامان و کاربەدەستانی سەڵتەنەتی ساسانی یەزد گوردیان کرد بە پاشا. هێشتان چارەکە سەدەیەک بەسەر دەرکەوتنی ئیسلام تێ نەپەڕیبوو کە میری موسڵمانان خەلیفە ئەبوبەکر سدیق کۆچی دواییی کرد و میری موسڵمانان حەزرەتی عومەر هاتە سەر تەختی خیلافەت و لەشکری جیهانگر و دلێری عەرەب شاهەنشای دێرینەی ساسانییەکانی پارسیان لەناوبرد.

یەزد گوردی سێیەم دوا پاشای ساسانییەکان پاش شەڕەکانی قادسیە، مەدایین، جەلەولا و نەهاوەند هاتە خوراسان و داوای یارمەتیی لە پاشای ماوەرالنەهر کرد، بەڵام هیچ هاوکارییەکی لێوە بەدی نەکرد. ئەحنەف کوڕی قەیس بە فەرمانی خەلیفە عومەر بە دوایدا چوو و توانی سەرزەویی خوراسان داگیر بکات. یەزد گورد ناچار لەبەر بەدواکەوتنی ئەحنەف چووە مەڕۆ و پەنای بۆ ماهوا سوری برد. ماهوا سوری دەسەڵاتداری خوراسان بوو و لە بەهێزبوونی پێوەندیی یەزد گورد لە تەک دەسەڵاتدارەکانی پشت ئامویە دەترسا. بۆیە بە دەست ئاشەوانێک لە مەڕۆ بە کوشتی دا و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتداریی خۆی تا بەلخ و هیرا و بوخارا فراوان کردەوە. بوخارا بە دەستی کریسون سوپاسالاری ماهوا سوری داگیر کرا.

لەملاوە ئەحنەف ماهوا سوریی لە خوراسان و مەڕۆوە تا ئەوبەری جیحون کشاندە دواوە. هەر لەو کاتە، لەلای باشوورەوە لەشکری عەرەب بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵڵا کوڕی بەدەیل خەزاعی تا گەرمیان هاتبوونە پێش. دەستەیەکی تری لەشکری عەرەب بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵڵا کوڕی عامر پاش داگیرکردنی کرمان، هێرشیان بردە سەر سەجستان. دادوەری سەجستان لە شاری زەرەنگ کە ناوەندی سەجستان بوو خۆی دالّدە دا. بەڵام لەبەرئەوەی لەشکری ئیسلام تا قەندەهار و هیند و سند و توران و مەکران هاتبوونە پێش، ناچار ئاشتیی کرد و زەرەنگ کەوتە دەست موسڵمانان.

عاسم کوڕی عەمر جێگری سالاری عەبدوڵڵا کوڕی عامر سەجستانی داگیر کرد. میرێکی تری سوپای عەرەب بە ناوی حەکەم کوڕی عەمر سەعلەبی هێرشی هێنایە سەر مەکران و لەگەڵ راسل فەرمانڕەوای سندان و توران و مەکران لە دۆڵی هلمەند ڕووبەڕوو بووەوە و توانی بیکوژێت و مەکران داگیر بکات.

راسل چەچ کوڕی سیلایج:

راسل سهاسی دووەم بە وجاخ کوێری کۆچی دواییی کرد. لەبەر ئەوە، چەچ کوڕی سیلایج کە وەزیری راسل سهاسی دووەم بوو خەڵکی هان دا کە ملکەچی دەسەڵاتداریی ئەو بن. کاتێک لەم هەوڵەدا سەرکەوت، ژنی سهاسی دووەم "سوهندیان"ی خواست و جارِی پاشایەتیی خۆی لێ دا و هاتە سەر تەخت.

شەڕ لەگەڵ رانون مهرتون:

وڵاتی چتور پوران هاوسێی وڵاتی سندان بوو. فەرمانڕەوای ئەم وڵاتە رانون مهرتون لەگەڵ راسل سهاسی دووەم خزمایەتیی هەبوو و خۆی بە مافداری وڵاتی سندان دەزانی. لەبەر ئەم هۆیە چوو بۆ شەڕی سندان. چەچ کوڕی سیلایج خۆی بەشداری شەڕی کرد. پیاوێک بوو هیچ کەس نەیدەتوانی لە بەرامبەری ڕاوەستێ و زۆری کوشت و تەنانەت بە نێزە لە رانون مهرتونیشی دا. لێدانەکەی بە چەشنێک بەهێز بوو کە رانون لەسەر پشتی هەسپەکەی کەوتە خوارێ و لە بەردەم چەچ ڕای کرد. بەم شێوەیە شکستی خوارد و لە هەمان کات نوێنەری نارد و ئاشتیی کرد.

چەچ دوای چل سالّ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد و لە دوای خۆی دوو کوڕی بە ناوی "داهرو" و "هەرسینە" بە جێ هێشت.

سیوا مایین میر توران و مەکران:

سیوا ئەسیار بە وجاخ کوێری کۆچی دواییی کرد و برایەکەی، سیوا مایین هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران و مەکران. لە سەردەمی مایین، سهاسی دووەم کۆچی دواییی کرد و وەزیرەکەی، چەچ کوڕی سیلایج بوو بە پاشای سندان. چەچ سوهندیانی ژنی سهاسی دووەمی بە ژن خواست و فەرمانڕەواییی سیوا مایینی لە توران و مەکران بەردەوام کرد.

سیوا مایین لە دۆڵی هلمەند لە شەڕی لەشکری ئیسلام کوژرا و لە جێگەی ئەو سیوا زوراک هاتە سەر تەخت.

هێرشی لەشکری ئیسلام بۆ سەر سەجستان و مەکران:

لە دوا سەردەمی میری موسڵمانان عومەری کوڕی خەتاب، دەستەیەک سەربازانی عەرەب بە سەرۆکایەتیی حەکەم کوڕی عەمر سەعلەبی دوای داگیرکردنی سەجستان هێرشیان هێنایە سەر مەکران. فەرمانڕەوای مەکران سیوا مایین لەگەڵ لەشکری خۆی و لەشکری راسل چەچ کوڕی سیلایج فەرمانڕەوای سندان لە دۆڵی هلمەند ڕووبەڕووی لەشکری ئیسلامی بوونەوە. لەم شەڕە خوێناوییەدا، سەرلەشکری راسل چەچ کوڕی سیلایج کە ناوی مونا بوو و والیی توران و مەکران سیوا مایین شکستیان خوارد و کوژران.

لەشکری ئیسلام لەشکرەکانیشیان لەناوبرد و ولاتی مەکرانیان داگیر کرد و بناخەی ڕێژیمی ئیسلامییان دامەزراند. دوای ئەوە لەشکری ئیسلام سەرزەویی مەکرانیان گۆڕی بە مەڵبەندی سوپای ئیسلامی.

ئەم سەرۆکانەی کورده بەلوچەکان: میر تیرداد براخۆیی، میر سەوید زەنگەنە، میر تاپاک ئەدرەگانی، میر بەرزنج ماملی و میر جودک کرمانی هاوچەرخی چەچ کوڕی سیلایج فەرمانڕەوای سندان و میرسیوا مایین والیی توران و مەکران و میری موسڵمانان خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب بوون.

گوێڕایەڵبوونی کورده بەلوچەکان بۆ میری موسڵمانان حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب:

لە سەردەمی خیلافەتی میری موسڵمانان حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب، سەرلەشکری ئیسلامی حەکەم کوڕی عەمر سەعلەبی مەکرانی داگیر کرد و هەر لە مەکران بوو کە میرانی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر مهرداد براخۆیی، میر سەوید زەنگەنە، میر پاتاک ئەدرەگانی، میر بەرزنج ماملی و میر جودک کرمانی هەڵسان بە ناردنی میر سیاوش برای میر مهرداد براخۆیی وەکو نوێنەر بۆ لای حەکەم کوڕی سەعلەبی و ئەویش مەرجەکانی کوردی بەلوچی بۆ گوێڕایەڵکردن خستە بەرچاوی.

مەرجەکانی کورده بەلوچەکان ئەمانە بوون: کە کورده بەلوچەکان دینی ئیسلام قەبوولّ دەکەن و هاوکاریی عەرەبەکان دەکەن، لە وەلّامی ئەم هاوکاریکردنەش دەبێ عەرەبەکانیش ئەوان لەو دۆلّانەی کە لێی نیشتەجێن دەرنەکەن و بەرەو دەشتەکانی تر نەگوازنەوە. حەکەم کوڕی عەمر سەعلەبی ئەم مەرجانەی لە نامەیەکدا نووسی و بە یەکێک لە تەرەکانی نارد بۆ مەدینە بۆ لای خەلیفەی ئیسلام عومەری کوڕی خەتاب. میری موسلّمانان عومەری کوڕی خەتاب پەیماننامەکەی قەبوولّ کرد و کورده بەلوچەکان لە دۆلّەکانی توران و مەکران و سەجستان کە نشینگەی باپیرانیان بوو مانەوە و دینی ئیسلامیان قەبوولّ کرد.

خیلافەتی میری موسلّمانان عوسمان کوڕی عەفان:

پاش ناشتنی عومەر، عەلی کوڕی ئەبی تالّیب و زوبێر کوڕی عەوام و تەلّحە کوڕی عەبدولّلاّ و عەبدورەحمان کوڕی عەوف و سەعد کوڕی ئەبی وەقاس و عوسمان کوڕی عەفان لەسەر خیلافەت ڕاوێژکارییان کرد. عوسمان بە عەبدورەحمانی گوت تۆ دەسەلاّتی خیلافەت بگرە دەست. بەلاّم عەبدورەحمان گوتی من ناتوانم. پاشان عەبدورەحمان پێشنیازی کرد سێ ڕۆژ مۆلّەت دابنێن بۆ دەستنیشانکردنی کەسێکی چاک. پاش ئەوەی ڕاپرسی هاوکارانیان کرد و ماوەکە بەسەر چوو، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە عوسمان هەلّبژێرن.

عوسمان لە دین و دادپەروەری و دادڤانی و دابەشکاری دا بە شوێن پێی خەلیفەکانی پێش خۆی داچوو. یەکەم ناوچە کە لە سەردەمی خیلافەتی عوسمان دا داگیر کرا هەمەدان بوو. هەرچەند هەمەدان لەسەردەمی عومەر دا داگیر کرابوو بەلاّم دیسان هەلّگەڕابوونەوە. بۆیە عوسمان هەرلە ڕۆژگاری مردنی عومەر دا، موغەیرە شەعبەی نارد کە ئەوێ داگیر بکات. پاشان موسا ئەشعەری نارد ڕەی داگیر بکات. عوسمان پاشان موسا ئەشعەری لە دەسەلاّتداری بەسرە و عوسمان کوڕی ئەبی ئەلعاسی لە دەسەلاّتداری فارس دەرکرد و دەسەلاّتداری بەسرە و فارسی دایە عەبدولّلاّ کوڕی عەمر کوڕی کریز.

عەبدولّلاّ تەمەنی ٢٥ سالّ بوو و سەرەتا هاتە بەسرە و چەند ڕۆژێک لێرە مایەوە و چووە پارس. لە بەسرە زیاد کوڕی ئەبیەی بەجێ هێشت کە لەوە پێش جێگری بوو و عەبدولّلاّ کوڕی موعەمەر تەمیمی سوپاسالاری بوو.

پاش تێپەڕبوونی سییەم ساڵ بەسەر کۆچەکەی محەمەد مستەفا "د.خ"، عەبدوڵڵا کوڕی عەمر کوڕی کریز "مجاشع"ی بۆ سیستان نارد و شەڕیان کرد و موسڵمانێکی زۆریان کوشت و پاشان مجاشع گەڕایەوە.

حەزرەتی عوسمان کوڕی عەفان یازدە ساڵ لە تەختی خیلافەت مایەوە و پاشان بەرهەڵستکارەکانی شەهیدیان کرد. ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر مەروان براخۆیی، میر خەلەف زەنگەنە، میر ئالاک ئەدرەگانی، میر تاکول ماملی و میر ئاکول کرمانی هاوچەرخی بوون.

شۆڕشی خەڵکی کابلستان و زابلستان:

لە سەردەمی خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەفان خەڵکی زابلستان شۆڕش و یاخیگەرییان بەرپا کرد. میری زابلستان عەبدوڵڵا کوڕی عومەیر شۆڕشەکەیانی لەناوبرد و شکستی دان و کابولی دیسان داگیر کردەوە.

مجاشع کوڕی مەسعوود دەسەڵاتداریی کرمان لەگەڵ هۆزەکانی کێوەکانی قەفەس کە کوردی بەلوچ بوون و بە تیرەی کوچ و بەلوچ بەناوبانگ بوون تێک هەڵچوو و دوای چەندین شەڕی سەخت گوێڕایەڵی کردن. کورد بەلوچەکانی توران و مەکران لەگەڵ ئەوەیشی کە بووبوونە موسڵمان، لە شەڕی کێوەکانی قەفەس یارمەتیی کوردەکانی خۆیان دا، بەڵام سەرنەکەوتن.

هاتنی عەبدوڕەحمان کوڕی سەمەرە بۆ مەکران:

کاتێک میری موسڵمانان حەزرەتی عوسمان کوڕی عەفان هاتە سەر تەختی خیلافەت، عەبدوڕەحمان کوڕی سەمەرەی نارد بۆ مەکران. عەبدوڕەحمان لێرە چەند ماوەیەک مایەوە و چاکەی لەگەڵ خەڵک کرد. لەو کاتە، فەرمانڕەوای سندان چەچ کوڕی سیلایج قشونی خۆی هێنابووە سەر سنوری مەکران و هەڕەشەی هێرشی بۆ سەر مەکران کرد.

عەبدوڕەحمان کوڕی سەمەرە کاتێک ئاگەرداری ئەم هەواڵە بووەوە، هێرشی هێنایە سەر دوژمن و لە شەڕێکی سەخت شکستیانی دا و لە سنورەکانی مەکران دەریانی کرد. پاش ئەوە چووە کابل بۆ ئەوەی ئەو شۆڕشەی لەوێ بەرپا بووبوو لەناو ببات.

هاتنی عوبێدوڵڵا کوڕی موعەمەر بۆ مەکران:

دوای عەبدوڕەحمان کوڕی سەمەرە، میری موسڵمانان عوبێدوڵڵا کوڕی موعەمەری بۆ مەکران نارد. ئەو هاتە مەکران و فەرمانڕەواییی کرد. بە ئازایی و جوامێریی خۆی چەندین ناوچەی داگیر کرد و تا سنووری ولاتی هیندەکان چووە پێش.

خیلافەتی میری موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب:

دوای شەهیدبوونی حەزرەتی عوسمان کوڕی عەفان، عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب هاتە سەر تەختی خیلافەت. ئەو هەموو کاربەدەستانی عوسمانی کوڕی عەفانی لە سەڵتەنەتی ئیسلامی دەرکرد و لە جێگەی ئەوان کاربەدەستانی خۆی نارد.

عوبێدوڵڵا کوڕی موعەمەر کاتێک هەواڵی عوسمانی پێ گەیشت، لەگەڵ هاوڕێیانی خۆی ڕاوێژی کرد و گوتی ناچارە بچێت بۆ لای عەبدوڵڵا کوڕی عامر. عوبێدوڵڵا پاشان "ئەمیر کوڕی ئەلئەحسەر ئەلتیکری"ی کرد بە دەسەڵاتداریی مەکران و خۆیشی چوو بۆ لای عەبدوڵڵا کوڕی عامر. کاتێ گەیشتە بەسرە، شەڕی "جەمل"یان دەکرد و عەلی سەرقاڵی ئەو شەڕە بوو. عوبێدوڵڵا کاتێ ئەمەی بینی خۆی شاردەوە تا ئەو کاتەی عەلی لەو شەڕە دەست بەتاڵ بوو. پاشان بەو مااڵ و داراییەی کە پێی بوو چوو بۆ شام بۆ لای مەعاویە و دیارییەکی زۆری دایە مەعاویە و لەوێ مایەوە. کاتێک میری موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب بیستی کە ئەو هاتووە و چووە بۆ لای مەعاویە، " ساغر کوڕی زەعر "ی بۆ مەکران نارد. پاش ئەوە، میری موسڵمانان عەلی بە دەستی عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلجەم کوژرا. تەمەنی ٦٢ ساڵ بوو و ماوەی خیلافەتەکەی لە چوار ساڵ و نۆ مانگ پێک هاتبوو.

سیوا زوراک میری توران:

دوای کوژرانی سیوا مایین لە شەڕی دۆڵی هلمەند، کوڕەکەی، سیوا زوراک هاتە سەر تەختی میرنشینیی توران. لە سەردەمی فەرمانڕەواییی زوراک، کاربەدەستانی ئیسلامی ولایەتی مەکرانیان هێنابووە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. لەبەر ئەوە میر زوراک تەنیا میری توران بووە.

لە سەردەمی میر زوراک، ساغر کوڕی زەعەر هێرشی هێنایە سەر کیکانان. میر زوراک توانی شکستی بدات و بەرەو دواوە پاشەکشەی پێ بکات.

هاتنی ساغر کوڕی زەعەر بۆ مەکران:

میری موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب ساغر کوڕی زەعەری بۆ مەکران نارد. ساغر چەند ماوەیەک لێرە مایەوە و کاروباری ئێرەی چاک کردەوە و پاشان لە زنجیرە چیای کوردانەوە هێرشی هێنایە سەر خاکی توران و هاتە ناو شاری کیکانان. سیوا زوراک بە لەشکرێکی بیست هەزارییەوە هاتە پێش و شەڕێکی سەختی لەگەڵیاندا کرد. موسڵمانەکان زۆریان لێ کوژرا و بە دیل گیران و هەندێکیش رزگاریان بوو.

لەو کاتە، ساغر کوڕی زەعەر ئاگەدار کرایەوە کە میری موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب بە دەستی عەبدورەحمان کوڕی مەلجەم لێی دراوە و بریندار بووە و پاشان مردووە. لەبەر ئەوە لە مەیدانی شەڕ پاشەکشەی کرد و چووە مەکران.

ئەم میرانەی کوردە بەلوچەکان: میر شیراک براخۆیی، میرا بەکر زەنگەنە، میر بازوک ئەدرەگانی، میر جورکان ماملی و میر حوسە کرمانی هاوچەرخی سیوا زوراک و میری موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب بوونە.

بەنی ئومەیە:

بەنی هاشم و بەنی ئومەیە بەرەی دوو برا بوونە و باپیرە گەورەیان هاشم و عەبدولشەمس کوڕی عەبدولەناف بوونە. ئومەیە کوڕی عەبدولشەمس و عەبدولموتەلیب کوڕی هاشم هاوتەمەن و هاوچەرخی یەک بوونە.

بەنی ئومەیە وەکو بەنی هاشم لە تیرە بەرجەستە و کاریگەرەکانی قورەیش بوونە. لەوە پێش ماوەیەکی درێژ لە نێوان ئەم دوو تیرەیە لەسەر سەرپەرشتیی ماڵی کەعبە و مەککە کێشە دروست بووبوو بەڵام بە هۆی ناوبژیوانیی سەرداران و ریشسپیانی تیرەکانی تری قورەیش لە نێوانیاندا ئاشتی کراوە. ئەمەش لە ئەنجامی ڕێک کەوتن لەسەر دابەشکردنی ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی ماڵی کەعبە و مەککە بە چەشنێک کە سەرکردایەتیی سەربازی واتە پلەی سوپاسالاری قورەیشیان ڕاسپاردە میری تیرەی بەنو ئومەیە و ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ماڵی

کەعبەشیان داوە بە میری بەنی هاشم.

ئومەیە کوڕی عەبدولشەمس و عەبدولموتەلیب کوڕی هاشم هاوچەرخی یەک بوونە و بە هەمان شێوە پەیامبەری ئیسلام حەزرەتی محەمەد مستەفا "د.خ" و ئەبوسۆفیان نەوەی کوڕی ئومەیە هاوچەرخی یەکتری بوونە. لەو شەڕوانەی لە نێوان موسڵمانەکان و قوڕەیشی مەککە ڕووی داوە لە سەردەمی سەرەتاییی ئیسلامدا، ئەبوسۆفیان میری ڕێژیمی لەشکری قوڕەیش بووە و قوڕەیش لەژێر ڕێبەرایەتیی ئەبوسۆفیان دژی موسڵمانەکان جەنگاون. بەڵام پاش ئەوەی موسڵمانەکان مەککەیان داگیر کرد، ئەبوسۆفیان بووە بە موسڵمان و محەمەد مستەفا "د.خ" مەعاویەی کوڕی ئەبوسۆفیانی کردووە بە نووسیاری سروش.

لە سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدە، میران و سەرداران و گەورانی بەنی ئومەیە بۆ سەرفرازی و سەرکەوتنی ئیسلام ڕاژەکاریی شایانی ستایشیان ئەنجام داوە. عومەری کوڕی خەتاب لە سەردەمی خیلافەتی خۆیدا یەزیدی کوڕی ئەبوسۆفیانی بە نوێنەری دیمەشق داناوە و پاش کۆچی دواییی ئەو مەعاویە لەسەر ئەم پلەیە جێنشین بووە. دوای شەهیدبوونی عوسمان کوڕی عەفان، میر مەعاویە سەربەخۆ بووە و لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب بووە شەڕ و کێشەی و پاش شەهیدبوونی عەلی بنەمای فەرمانڕەواییی بنەماڵەی بەنی ئومەیەی دامەزراندووە.

دانیشتنی مەعاویە لەسەر تەختی خەلیفایەتی:

دوای شەهیدبوونی میری موسڵمانان عەلی، خەڵکی کوفە گوێڕایەڵی دەسەڵاتداریی حەسەن کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب دەبن. کاتێک هەواڵی کوژرانی عەلی گەیشتە شام، خەڵکی شام گوێڕایەڵی دەسەڵاتداریی مەعاویە بوون. مەعاویە لە "بایلیا"وە هاتە دیمەشق و لەوێشەوە هاتە کوفە. حەسەن کوڕی عەلی لە کوفە چووە دەرێ و لە ئەنبار لەگەڵ مەعاویە بە یەک گەیشتن و لەسەر چەند مەرجێک ئاشتییان کرد. حەسەن دەستی لە دەسەڵاتدارێتی هەڵگرت و مەعاویە پاشایەتیی بە تەنیا بۆ مایەوە و دوای ئەوە چوو بۆ مەدینە.

هاتنی عەبدوڵڵا سوار ئەلعەبدی بۆ مەکران:

کاتێک مەعاویە دەسەڵاتی گرتە دەست، عەبدوڵڵای کوڕی سوار ئەلعەبدی بە

چوار هەزار سوارەوە لە ولایەتی مەکران دامەزراند و پێی گوت لە ناوچەی توران شاخاوییەک بە ناوی کیکانان هەیە و لەوێ هەسپی بەرز و ڕێک ئەندام هەیە و لەو هەسپانە بنێرەوە ئێرە. هەروەها، ئاگەداری کردەوە کە خەڵکی ئەم ناوچانە بە هۆی سروشتی ناوچە شاخاوییەکەیان یاخیگەری و سەرسەختی دەکەن.

عەبدوڵڵای کوڕی سوار ئەلعەبدی بە چوار هەزار لەشکری سوارەوە هاتە مەکران و لێرە چەند ماوەیەک مایەوە. مەعاویە پاشان عومەری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عومەری بۆ داگیرکردنی ئەرمابیل نارد و ئەویش هاتە مەکران.

هێرش بۆ سەر توران:

عەبدوڵڵا کوڕی سوار ئەلعەبدی بە هاوەڵیی عومەری کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی عومەر ڕووی کردە توران و لە کاتی سەفەردا لەناو لەشکرەکەیدا هیچ کەس بۆی ئاگر بکاتەوە، لەبەرئەوەی توێشە و خواردنی دروستکراو و ئامادەکراویان پێ بوو. شەوێک لە شەوەکان بڵێسەی ئاگر لەناو لەشکردا پەیدا بوو. پشکنینیان ئەنجام دا و دەرکەوت کە ژنێکی دووگیان مندااڵی بووە و پێویستی بە ئاگر بووە و عەبدوڵڵاش ئیزنی دا.

کاتێک گەیشتە ناوچەی کیکانان، سیوا زوراک بە لەشکرێکی سی هەزار نەفەرییەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان هاتە پێش. لەشکری ئیسلام بەسەریاندا زاڵ بوو و شکستیانی دا و دەسکەوتێکی زۆریان گرت. لەشکری زوراک کۆ بوونەوە و دەوی کێوەکانیان گرت و شەڕ تیر تر بووەوە و کیکانییەکان شەڕی چەپاولیان دەست پێ کرد.

عەبدوڵڵا کوڕی سوار ئەلعەبدی لەگەڵ کۆمەڵی سەربازە چەکدار و تایبەتەکان وەستا و هاواری کرد " ئەی کوڕانی ئیسلام! لە کافرەکان هەڵنەگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی بڕواتان زیانی پێ نەگات و شەهید ببن". لەشکری ئیسلام لە دەور بەیداخ و ئاڵای عەبدوڵڵا کوڕی سوار کۆ بوونەوە و پیاوێک لە بەنی عەبدولقەیس لە سوپا هاتە دەر و داوای شەڕکەرێکی لە دوژمن کرد. سەرۆکی دوژمن لە بەرامبەری وەستا. "یاسر کوڕی سوار"یش لەگەڵ بەنی عەبدولقەیس چوو و هێرشیان بردە سەر ئەو سەرۆکە و کەواندیان. لەشکری زوراک هەموو دەرکەوتن و لەشکری ئیسلام شکستی خوارد و هەموو کۆسارەکان لە مردووی سوپا پڕ بوو.

عەبدوڵڵای کوڕی سوار ڕووبەڕووی گەنجێک بووەوە. هەرچەند ئەسحابەکانی هێرشیان کرد و زۆریان لە دوژمنان کوشت، عەبدوڵڵا دوای ژانێکی زۆر شەهید بوو. دوای شەهیدبوونی ئەویش، موسڵمانەکان گەڕانەوە مەکران.

سیوا زوراک دوای سەرکەوتن بە تەپڵ لێدانەوە هاتەوە قەڵای کیکان و دەسکەوتە فراوانەکەی لە نێوان سەربازانی لەشکرەکەیدا دابەش کرد.

هاتنی سەنان کوڕی سەلەمە بۆ مەکران:

دوای ئەوەی عەبدوڵڵا کوڕی سوار ئەلعەبدی شەهید بوو، مەعاویە نامەی بۆ زیاد نارد و داوای لێ کرد پیاوێک هەڵبژێرێت کە شایستەی سنووری هیند بێت. زیاد لە وەڵامدا بۆی نووسی کە پەسندکراوی من و شایستەی ئەو سنووڕە دوو پیاون، ئەحنەف کوڕی قەیس و سەنان کوڕی سەلەمە ئەلهەزلی. مەعاویە سەنان کوڕی سەلەمە ئەلهەزلی پەسند کرد و ئەویش کوڕی سەلەمە ئەلهەزلی دیاری کرد. سەنان چوو بۆ مەکران و ماوەی دوو ساڵ لەوێ مایەوە و پاشان دەرکرا.

هاتنی ڕاشد کوڕی عەمر بۆ مەکران:

دوای ئەوەی زیاد هەڵسا بە دەرکردنی [سەنان] کوڕی سەلەمە، مەعاویە ڕاشد کوڕی عەمری نارد بۆ دەسەڵاتداریکردنی ولایەتی مەکران و کردی بە نوێنەر. راشد کردەوەی چاکی ئەنجام دا و زۆری بۆ خەڵک هێنا تا فێری زانستی قورئان و تەفسیر بوون. دادپەروەریی پتەو کرد و بە هۆی ڕەوشت باشیی زۆرێک لە گەبرەکان[١٦] بوون بە موسڵمان.

کاتێک ڕاشد کوڕی عەمر هاتە مەکران، ماڵ و داراییی کێوی "کوردەکان"ی بە دەست هێنا. پاشان چووە کیکان و سیوا زوراک شەڕی لەگەڵ کرد و شکستی خوارد و گەڕاوە ولاتی سندان. ڕاشد لە کیکان مایەوە و ماڵ و داراییی پێشوو و تازەی بەدەست هێنا. دەسکەوت و "بەردە"کانی دوژمن کە بە تالانی بردبوون بە چنگ هێنا و دوای یەک ساڵ لەوێ گەڕایەوە. لە سیستان تێ پەڕی تا گەیشتە چیای مەنزەر و بەهرج. خەڵکانی ئەم ناوچەیە گەلەکۆمەیان کرد و نزیکەی پەنجا هەزار پیاو کۆ بوونەوە و ڕێگەیان لێ گرتن و لە بەیانی تا نوێژی عەسر شەڕیان

١٦. ئاگرپەرستەکان

کرد و له ئەنجام ڕاشد شەهید بوو.

هاتنی جارێکی تری سەنان کوڕی سەلەمە بۆ مەکران:

کاتێک ڕاشد کوڕی عەمر شەهید بوو، زیاد جارێکی تر سەنان کوڕی سەلەمەی کرد بە نوێنەر و ناردی بۆ مەکران. فەرمانی پێ دا کە کاتێک گەیشتە ئەوێ توران داگیر بکات و هەموو بتخانە و پەرستگەی ئاگری ئاگرپەرستەکان وێران بکات. لەبەرئەوەی پەیامبەری ئیمە "د.خ" هیچی لێ نەهێشتوونەتەوە و هەموو کوفر و دینێک جگە لە دینی ئیسلام ڕیشەکێش کردووە و ئەوەیشی ڕیشەکێشی نەکردبێ لەگەڵیان بە سەرانە ئاشتیی کردووە.

سەنان کوڕی سەلەمە ماوەیەک لە مەکران مایەوە و هەندێک لە ولایەتەکانی بەهێز کرد تا گەیشتە ولایەتی کیکانان و شەڕی لەگەڵ سیوا بەرپا کرد. سیوا زوراک بە لەشکرێکی فراوانەوە هاتە پێش و شەڕێکی سەختی لەگەڵ کرد و یەزدانی مەزن موسڵمانەکانی سەرکەواند. سیوا زوراک خۆی کوژرا و کوڕەکەیشی کە ناوی سیوا سەنگین بوو هەڵات و لە کێوەکانی نورگان و بلبلان خۆی شاردەوە. سەنان بە دوای کەوت و قەڵای نورگانی گەمارۆ دا. سوپای سەنگین هاتنە پێش و شەڕێکی سەختیان کرد. سەنان ئەو ڕۆژە خۆی بەو شێوەیە دەجەنگی کە ڕۆستەم لە ڕۆژگاری خۆی جەنگابوو تەنانەت سیوا سەنگینیشی کوشت.

سەنان بۆ هەر شوێنێک بچووبایە، نەریت و ڕەوشتی باشی بەجێ دەهێشت تا گەیشتە ناوچەی بودها و خەڵکی بودها غەدریان لێ کرد و شەهید بوو.

راسل چەندەر برای چەچ:

دوای کۆچی دواییی چەچ، راسل چەندەری برای هاتە سەر تەختی ولاتی سندان لەبەرئەوەی کوڕی چەچ داهر بچووک بووە.

راسل چەندەر کەسێکی بە دین بووە و پەیڕەوکاری دینی باوادایی بووە. لە سەردەمی چەندەر، موسڵمانەکان توران و مەکرانیان داگیر کردبوو و ئەم ولایەتانە بە سەڵتەنەتی ئیسلامییەوە لکابوون. دواین فەرمانڕەوای توران و مەکران سیوا زوراک و کوڕی ئەو سیوا سەنگین بوونە کە لەگەڵ سەنان کوڕی سەلەمەی والیی

مەکران کەوتوونەتە شەڕی سەختەوە و کوژراون.

سەنان کوڕی سەلەمە ولایەتی تورانی داگیر کردو بە قەڵەمڕەوی ئیسلامییەوە لکاند. راسل چەندەر بە هۆی لەدەستدانی ولایەتەکانی توران و مەکران زۆر خەفەتبار بوو و دوای حەفت ساڵ فەرمانڕەوایی کۆچی دواییی کرد. ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر شیراک براخۆیی، میر بەکەر زەنگەنە، میر بازوک ئەدرەگانی، میر جورکان ماملی و میر حوسە کرمانی هاوچەرخی راسل چەندەر و میر مەعاویە خەلیفەی بەنی ئومەیە بوونە.

هاتنی مەنزەر کوڕی جارود کوڕی بشر بۆ مەکران:

دوای شەهیدبوونی سەنان کوڕی سەلەمە، مەعاویە ولایەتی مەکرانی بە مەنزەر کوڕی جارود کوڕی بشر ڕاسپارد. ئەویش هاتە مەکران و چەند ڕۆژێک لێرە مایەوە و دەسەڵاتی میرنشینییەکەی گرتە دەست و پاشان بۆ شەڕ بەڕێ کەوت. ئەمەش وەکو ئەوە وایە جلەکەی بە دارەوە ئاوێزان بکات و بیدڕێنێ واتە عوبێدوڵڵای کوڕی زیاد خەفەتبار بوو و گوتی ئەم هەنگاوەی مەنزەر باش نییە و مالْئاواییی لێ کرد و بە دەم گریانەوە گوتی مەنزەر لەم سەفەرە ناگەڕێتەوە و دەکوژرێ.

پاش ئەوە، مەنزەر لەوێ بەڕێ کەوت و گەیشتە ولایەتی دوژمنان و لە سنووری توران نەخۆش کەوت و گیانی لەدەست دا. لەو کاتە کوڕی ئەو، حەکەم کوڕی مەنزەر لە کرمان بوو و مەنزەر بە نامە لەبارەی نەخۆشییەکەی خۆیەوە ئاگەداری کردبووەوە. برای مەنزەریش کاتێک ئاگەداری مردنی مەنزەر بووەوە، داوای لە عەبدولعەزیز کرد کە دەسەڵاتداری ئەو ولایەتەی بداتێ. حوجاج گەیشتە بەردەرگە و دەنگی بانگی نوێژ بەرز بووەوە. حوجاج ڕووی کردە عەبدولعەزیز و گوتی ئەگەر ئاوازی بانگ بەرگوێم نەکەوتایە برایەکەیم سزا دەدا، لەبەرئەوەی یەکێک لە گەوران و پیاوماقوولانی ئێمە گیانی خۆی لە ڕێگەی خوای مەزن بەخت کردووە و کوڕەکەی لە شوێنەتی و تۆش داوای ولایەت دەکەی.

هاتنی حەکەم کوڕی مەنزەر بۆ مەکران:

کاتێک حەکەم کوڕی مەنزەر گەیشت و عوبێدوڵڵای کوڕی زیادیان ئاگەدار

کردەوە، عوبێدوڵڵا گریا و خەفەتبار بوو و ئەوی بە کوڕی خۆی هەژمارد و سێ سەد هەزار درهەمی پێی دا. ئەو پیاوێکی ئازا و دلێر بوو و دوای ئەم ڕێز لێگرتنە چووە مەکران و بۆ ماوەی شەش مانگ ولایەتی مەکرانی لەژێر دەسەڵاتدا بوو.

هاتنە سەر تەختی خەلیفایەتیی عەبدولمولک کوڕی مەروان:

دوای مەروان کوڕی حەکەم، نۆبەی خەلیفایەتی بە عەبدولمولک کوڕی مەروان گەیشت. ئەو "عێراق" و "سندان" و "هندان"ی دا بە حوجاج کوڕی یوسف و پاشان "حوجاج سەعید کوڕی ئەسلەم کلابی" بۆ مەکران نارد.

هاتنی سەعید کوڕی ئەسلەم کلابی بۆ مەکران:

سەعید کوڕی ئەسلەم کلابی گەیشتە مەکران و چەند ماوەیەک لە مەکران مایەوە. ڕۆژێک سەفەوی کوڕی لام ئەلحەمامی کە لە هۆزی " ئەزەد " بوو هات بۆ لای سەعید. سەعید لێی پرسی کە دەچمە خوارێ بۆ ئەو شوێنە و یارم بە و لەگەڵم وەرە. لە وەڵامدا گوتی دەست و پێوەندم نییە. پێی گوت "لە دیوانی خیلافەت فەرمان دەگرم". لە وەڵام گوتی " بە خوا! ناتوانم لە ڕاڕەی تۆدا بم و نەنگیم دێ". سەعید گرتی و کوشتی و لە پێستی دەرهێنا و سەریشی بۆ لای حوجاج نارد. پاشان لە مەکران بۆ کۆکردنەوەی مالّ و دارایی باوەڕپێکراوانی خۆی دامەزراند و بە بەکارهێنانی شێوازی نەرم و میهرەبان مالّ و دارایی زیاتریی لە مەکران و توران بە دەست هێنا.

بەرەنگاربوونەوەی [سەعید] لەگەڵ عەلافییەکان:

ڕۆژێک کەلیب کوڕی خەلەف ئەلوغەنی و عەبدوڵڵا کوڕی عەبدوڕەحیم ئەلعەلافی و محەمەد کوڕی مەعاویە ئەلعەلافی لەگەڵ یەک ڕاوێژیان کرد و گوتیان کە سەفەوی کوڕی لام لە ولایەتی ئێمە و دانیشتووی عومان بووە و ناوچەی ئێمە و ئەو تێکەڵاوە و سەعید کێیە خزمی ئێمە بکوژێت. لەم بەینە، سەعید بۆ وەرگرتنی باج دەهاتە مرج. بۆیە بەرەنگاری بوونەوە و دەستیان بە گفتوگۆ کرد و کار بە شەڕ گەیشت. عەلافییەکان زاڵ بوون و سەعیدیان کوشت و لە مەکران دانیشتن.

هاتنی مەجاعە کوڕی سعەر کوڕی یەزید کوڕی حەزیفە بۆ مەکران:

دارودەستەی سەعید چوون بۆ لای حەجاج. حەجاج لێیان تووڕە بوو و پرسی "میرەکەتان لە کوێیە؟" لەبەرئەوەی کەس هیچی نەدرکاند، چەند کەسێکی لێیان سەر بڕی و ئینجا درکاندیان کە عەلافییەکان خیانەتیان لێ کردووە و کوشتوویانە.

حوجاج پاشان فەرمانی بە کەسێک لە بەنی کلاب دا و سوڵەیمان عەلافی بە کوشت دا و سەری نارده مااڵی خزمان و دەستوپێوەندی سەعید و دڵنەوایی دانەوە و نەوازشی خزمەکانی کرد.

حوجاج پاشان مەجاعە کوڕی سعەر کوڕی یەزیدی نارده مەکران. کاتێک مەجاعە هاتە مەکران، عەلافییەکان ڕایان کرد. مەجاعە خواستیانی و ئەوانیش چوونە لای داهر کوڕی چەچ پاشای سند. مەجاعە یەک ساڵ لە مەکران مایەوە و گیانی سپارد.

خەلیفەبوونی وەلید کوڕی عەبدولەلیک کوڕی مەروان:

کاتێک وەلید کوڕی عەبدولەلیک هاتە سەر تەختی خیلافەت، دەسەاڵتداریی ولایەتی مەکرانی دا بە محەمەد کوڕی هارون. هەروەها، دەسەاڵتداریی هەردوو "عێراقی"ی دایە دەست حوجاج و حوجاجیش دەسەاڵتداریی خوراسان و سیستانی دایە دەست قوتەیبە کوڕی موسلم.

هاتنی محەمەد کوڕی هارون بۆ مەکران:

حوجاج کوڕی یوسف هەاڵسا محەمەد کوڕی هارونی وەکو والی لە مەکران دامەزراند و وەکو خۆی لە دەسەاڵتاریکردندا سەربەستی کرد و لە وەرگرتنی ماڵ و داراییدا پێی ڕاگەیاند کە عەلافییەکان داوا بکات و بە هەر لەونێک بێت بە دەستیان بهێنێت و لە تۆڵەی سەعید بیان کوژێت.

پاشان محەمەد کوڕی هارون کەسێکی لە عەلافییەکان پەیدا کرد و لەسەر فەرمانی خەلیفە کوشتی و سەری بۆ لای حوجاج نارد و نامەیەکیشی لەبارەی ئەوەوە لە خزمەت حوجاجدا نووسی کە یەکێک لە عەلافییەکانم سەر بڕیوە و ئەگەر تەمەن هاوڕێم بێت و بەخت لەگەڵمدا بێت ئەوا هی تریش دەگرم و دەینێرم.

محەمەد کوڕی هارون تیرەکانی کوردی بەلوچی لەناو لەشکری خۆی وەرگرتووە. ئەم سەرۆکانەی کوردی بەلوچی تیرەکانی پێنجینە: میر ئەسەد براخۆیی، میر بەکەر زەنگەنە، میر بشر ئەدرەگانی، میر خیزان ماملی و میر مودان کرمانی هاوچەرخی محەمەد کوڕی هارون بوونە.

وێنەکان

– میرانی میرنشینی کوردە بەلوچەکان لە بەلوچستان
– وێنەی کولتووری

میری براخۆیی – کوردی بەلوچ – توران

میری ئەدرەگانی – کوردی بەلوچ – مەکران

میر ئەحمەدی سێیەم – ناسراو بە ئەحمەدی مەزن کەمبەرانی
بەلوچ – میری بەلوچستان ١٦٦٦ز تا ١٦٩٥ز

میر مهرابی یەکەم – ئەحمەد زەیی بەلوچ – میری بەلوچستان
١٦٩٥ز تا ١٦٩٧ز

میر سەمەندەر ئەحمەد زەیی بەلوچ – نازناوی سەخی
سەمەندەر – میری بەلوچستان – ١٦٩٧ز تا ١٧١٤ز

میر ئەحمەدی چوارەم ئەحمەد زەیی بەلوچ – نازناوی ئەحمەد
پارسا – میری بەلوچستان – ١٧١٤ز تا ١٧١٦ز

ئەعلا حەزرەت میر عەبدوڵڵا خان، نازناوی هەڵۆی شاخی،
میری بەلوچستان، ١٧١٦ز تا ١٧٣١ز

میر موحەبەت خان ئەحمەد زەیی بەلوچ
میری بەلوچستان – جاری یەکەم ١٧٣١ز تا ١٧٣٣ز
جاری دووەمی ١٧٣٦ز تا ١٧٤٩ز

میر ئەلتاز خانی سێیەم – میری بەلوچستان
١٧٣٦ز تا ١٧٣٨ز

غازی میر نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ – میری بەلوچستان
١٧٤٩ز تا ١٧٩٤ز

میر مەحموود خانی یەکەم – میری بەلوچستان
١٧٩٤ز تا ١٨١٧ز

میر مهراب خانی دووهم ئەحمەد زەیی بەلوچ (شەهید)
میری بەلوچستان ١٨١٧ز تا ١٨٣٩ز

شەڕ لە نێوان شەهید میر مەراب خانی دووەم و سەربازانی حکوومەتی بەریتانیا لە هیند
١٣ نۆڤەمبەری ١٨٣٩ز

میر شانەواز خان ئەحمەد زەیی بەلوچ – میری بەلوچستان
١٨٣٩ز تا ١٨٤١ز

ئەعلا حەزرەت میر نەسیرخانی دووەم ئەحمەد زەیی
بەلوچ – میری بەلوچستان – ١٨٤١ز تا ١٨٥٧ز

ئەعلا حەزرەت میر خودادادخان ئەحمەد زەیی بەلوچ – میری
بەلوچستان
جاری یەکەم ١٨٥٧ز تا ١٨٦٣ز
جاری دووەم ١٨٦٤ز تا ١٨٩٣ز

پەیماننامە لە نێوان حکوومەتی بەریتانیا و میری بەلوچستان میر خودادادخان ئەحمەد زەیی بەلوچ – لە مەستونگ، ١٣ جولای ١٨٧٦

میر شێردل خان ئەحمەد زەیی بەلوچ – میری بەلوچستان –
١٨٦٣ز تا ١٨٦٤ز

میر مەحموود خانی دووەم ئەحمەد زەیی بەلوچ – میری ولایەتی
بەلوچستان – ١٨٩٣ز تا ١٩٣١ز – کاتی تاج لە سەر نان

میر مەحموود خان لەگەڵ بەلوچەکانی هۆزی رەئیسانی



میر محەمەد ئەعزەم خان – کاتی تاج لە سەر نان لە کوێتە – ١٩٣٢



ئەعلا حەزرەت میر محەمەد ئەعزەم خان – میری
ولایەتی بەلوچستان – کاتی تاج لە سەر نان لە کوێتە
ساڵی ١٩٣٢ ئەنجام درا

ئەعلا حەزرەت میر ئەحمەد یار خان – میری ولایەتی
بەلوچستان. جاری یەکەم ١٩٣٣ز تا ١٩٥٨ز
جاری دووەم ١٩٦٢ز تا ١٩٧٧ز

میر داود خان ئەحمەد زەیی بەلوچ – میری ولایەتی بەلوچستان
جاری یەکەم ١٩٦٢ز تا ١٩٥٨ز
جاری دووەم ١٩٧٧ز تا ١٩٩٨ز

بەربەست

بەربەست

ئەسکەندەری مەقدۆنی

پەیامبەر زەردەشت



ئاگردان – پەرستگەی زەردەشتی

کاروانی حوشتری ڕەوەندەکانی بەلوچ

شوان و مێگەلە مەڕی بەلوچ

پیاوانی بەلوچ

منداڵانی بەلوچ یاری بە هێسک دەکەن

منداڵانی بەلوچ



منداڵانی بەلوچ لەژێر داری توو

منداڵانی بەلوچ لە گوند

شەڕەکەو



وێنەیەکی شاری کۆیە

گۆلی هینا لە کۆیە

چایخانەی بەلوچ

دوکانی میوە

دوکانی جلی فۆلکلۆریی ژنانه

سرۆنز – سازی بەلوچ

گلّکۆی میر مستەفا خان لە بهاگ، کەچهی، بەلوچستان

قەلّای کۆنی خوزدار

تونێڵی بۆڵان ١٨٩٢ – ١٨٩٣ دروست کراوە

قەڵای میر چاکەرخان لە نزیک شاری سیبی بەلوچستان

گوندنشینی بەلوچ



ئەسپی بەلوچ

گۆشتی برژاوی ساجی